# ڕۆژنامە ٧

لە ئێستادا هەفتانە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

No.577 Tue 13/ 4/ 2010 | نرخ 750 دینار | ژمارە 577 سێشەممە 13/ 4/ 2010





**لەگەڵ ئەم ژمارەیەدا پاشکۆی (ئەنفال)و (ڕای گشتی) بخوێنەرەوە**

# پڕۆژەیاسایەک بۆ دەستبەرداربوونی سەرۆکی هەرێم لە پۆستی حیزبیی دەدرێتە پەرلەمان

**ڕۆژنامە**

ژمارەیەک پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان پڕۆژەیاسایەک بۆ دەستبەرداربوونی سەرۆکی هەرێم لە پۆستی حیزبیی‌و هەڵوەشاندنەوەی پۆستەکانی جێگری سەرۆکی هەرێم‌و جێگری سەرۆکی حکومەت دەدەنە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان.

د.زانا ڕەئوف، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان‌و ئامادەکاری پڕۆژەکە، ئاماژەی بەوەکرد: لەو پڕۆژەیەدا هەوڵدراوە ئەو بڕگانەی تایبەتن بە پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێم‌و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بەوپێیەی دەرهاویشتەی قۆناغی دووئیدارەیین لە هەرێمی کوردستاندا، هەڵبووەشێنرێنەوە.

وتیشی: «لە خاڵی دووەمی ئەو پڕۆژەیەدا، پێشنیازی ئەوەکراوە، بەو حوکمەی سەرۆکی هەرێم لەڕێی خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت‌و ئەو خەڵکەش تەنیا سەر بە لایەنێک‌و حیزبێک نین بۆئەوەی هاوڵاتییان لە کوردستاندا سەرۆکی هەرێم بەهی خۆیان بزانن، پێویستدەکات لەکاتی دەستبەکاربوونییەوە دەستبەرداری پۆست‌و ئەرکە حیزبییەکانی خۆی بێت».

**لە ل ٤دا دەقی پڕۆژە پێشنیازکراوەکەو ڕاپۆرتێک بڵاوکراوەتەوە**

## سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی، بەتوندیی ڕەخنە لە پەرلەمان دەگرێت

ل ٦-٧



**پاش ٢٢ ساڵ، کەسوکاری ئەنفال مەینەتبارترینن**

# «گۆڕان» تاڵەبانی بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار کاندید ناکاتەوە

**ڕۆژنامە**

بزووتنەوەی گۆڕان ئامادە نییە تاڵەبانی بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار کاندید بکاتەوە، بەڵام ئەو پۆستە بە ئیستیحقاقی کورد دەزانێت، هەروەک ڕەتیدەکاتەوە هەڵوێستی لەسەر سزای سیاسیی ببەستێتەوە بە بڕیاری سیاسیی دیکەوە.

شۆڕش حاجی، ئەندامی هەڵبژێردراوی پەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنی گۆڕان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «پۆستی سەرۆک کۆمار بە ئیستیحقاقێکی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان دەزانین، بەڵام پشتگیریی لە کاندیدکردنەوەی تاڵەبانی ناکەین بۆ ئەو پۆستە».

لە دووەم کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێم ڕۆژی (٢٠١٠/٤/٦) لەگەڵ نوێنەری لیستە کوردییە براوەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا، لیستی گۆڕان جەختی لەسەر نەهێشتنی سزای سیاسیی کردووەتەوە لە هەرێمی کوردستان، سەرۆکی هەرێمیش بەڵێنی ئەوەی بە بزووتنەوەی گۆڕان داوە «کە نەهێشتنی سزای سیاسیی دەخاتە ئەستۆی خۆی‌و خۆی چارەسەری ئەو کێشەیە دەکات»، بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان کاتێکی دیاریکراوی دەوێت بۆ یەکلاییکردنەوەی نەهێشتنی ئەو سزایەو وەک شۆڕش حاجیش دەڵێت: «ئەگەر تا پەرلەمانتاران دەچنە بەغدا سزای سیاسیی لە کوردستان چارەسەرنەکرێت، ئەوا لە پەرلەمانی بەغدا باسی دەکەن، چونکە ئەو هاوکێشەیەمان قبووڵ نییە لە کوردستان وەک دوژمن تەماشابکرێین‌و مامەڵەمان لەگەڵ بکرێت‌و لە بەغدا ئەوان بە برای خۆمان بزانین».

هەرچەندە پێشتر باس لەوەدەکرا کە لە بەرامبەر دەنگدانی گۆڕان بە تاڵەبانی بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار، کار بۆ نەهێشتنی سزای سیاسیی دەکرێت‌و نانبڕاوەکان دەگەڕێنرێنەوە، بەڵام شۆڕش حاجی، کە یەکێک بوو لە نوێنەری بزووتنەوەی گۆڕان لە کۆبوونەوەکەدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە بە بڕوای بزووتنەوەی گۆڕان نەهێشتنی سزای سیاسیی مەسەلەیەکی مرۆییەو پەیوەندیی بە مافی مرۆڤەوە هەیەو ڕازی نابن بە بەستنەوەی ئەو سزایە بە مەسەلەی سیاسی دیکەوە، یاخود ئەم هەڵوێستە لەسەر نەهێشتنی سزای سیاسیی ببەستینەوە بە بڕیاری سیاسیی دیکەوە.

# ئۆپۆزسیۆن دەنگ بە بودجە نادات

**بەرهەم خالید**

فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی کوردستان، ڕایدەگەیەنن: ئەگەر پێشنیازەکانیان لەسەر مادە جیاوازەکانی بودجە، وەکو مادەیەکی مولزەم لە یاساکەدا ڕەچاو نەکرێت، ئەوا ئەمڕۆ دەنگ بە پڕۆژەیاسای بودجەی ئەمساڵ نادەن.

ئارام قادر، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵ لە پەرلەمانی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لە دانیشتنی دوێنێی پەرلەماندا گفتوگۆی زۆر لەسەر کۆمەڵێک پێشنیازی ئەندامانی پەرلەمان کراوە، کە ئایا ئەو پێشنیازانەی ئۆپۆزسیۆن وەک ڕاسپاردە بن، یاخود بکرێنە مادە لە یاساکەدا.

ئارام وتی: «پێشنیازەکان زۆرن‌و ئەوەش گفتوگۆی زۆر هەڵدەگرێت، بەڵام ئەگەر بودجەکە بخرێتە دەنگدانەوە، ئەوا دەنگ بە بودجەکە نادەن، لەبەرئەوەی هەر لە سەرەتاوە داوایانکردبوو جارێکی دیکە پڕۆژەکە بگەڕێنرێتەوە بۆ حکومەت، چونکە کەموکورتی زۆری تێدایە».

عومەر عەبدولعەزیز، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەوان پێشوەخت هەڵوێستی خۆیان لەسەر بودجە دەربڕیوەو تێبینیی زۆریان لەسەری هەیە لەڕووی ناشەفافیی‌و بڕی داهات، هەروەها ناهاوسەنگیی زۆر لەنێوان بودجەی کارپێکردن‌و بودجەی وەبەرهێنان‌و تەرخانکردنی بودجە بۆ حیزبەکان‌و دووبارەبوونەوەی پڕۆژەکان‌و چەند کەموکوڕییەکی زۆر، هەربۆیە دەنگی پێنادەن، «ئەگەر ئەو پێشنیازانەی لەلایەن هەندێک لە پەرلەمانتارانەوە دیاریکراوە نەکرێنە مادەی مولزەم بۆ حکومەت، ئەوا دەنگی پێنادەین لەبەرئەوەی بەرپرسیارێتی مێژوویی‌و شەرعیی خۆمانەو قسەمان لەسەر کردووە، بەڵام گوێمان لێنەگیراوە».

سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو، بەدووریزانی پێشنیازەکانیان ببنە بڕیاری مولزەم، لەبەرئەوەی لیستی کوردستانیی زۆرینەیەو سەرەڕای ڕوونکردنەوەی کەموکورتیی‌و خاڵە سلبییەکانی مادەکانی بودجە لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە، بەڵام ئەوان دەنگی پێدەدەن‌و بەهۆی زۆرینەوە تێدەپەڕێت.

بۆچوونی فراکسیۆنی گۆڕانیش، هاوتایە لەگەڵ دوو فراکسیۆنەکەی دیکەی ئۆپۆزسیۆن‌و پێناچێت دەنگ لەسەر بودجەکە بدەن، لەبەرئەوەی تێبینیی زۆریان لەسەر مادەکانی بودجەکە هەیە.

# ئاژانسی پاراستن: ئاسایش بە میزاج‌و قسەی ئەم‌و ئەو یەکناگرێتەوە

**ڕۆژنامە**

ئاژانسی پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، ڕایگەیاند: پێویستە حکومەت‌و پەرلەمانی کوردستان پەلە لە پەسەندکردنی هەموارکردنی یاسای ئاسایش‌و پاراستن بکەن، چونکە ئاسایش بە میزاج‌و قسەی ئەم‌و ئەو یەکناگرێتەوە.

ئاژانسەکە دوێنێ لە ڕوونکردنەوەیەکدا پرسی یەکنەگرتنەوەی هەردوو ئاسایش‌و دەزگاکانی زانیاریی‌و پاراستنی هەولێرو سلێمانی وەبیرهێناوەتەوەو پرسیویانە: «کوا ئەو یاسایەی، کە دەیانەوێت یەکگرتنەوەی ئاسایشەکانی پێ بکەن؟».

لە ڕوونکردنەوەکەدا هاتووە: ئەگەر بڕوامان وابێت ئەم دەزگایانە هی هەموو خەڵک‌و هەموو کوردستانە، دەبێت یاسای هەموارکراو پەسەندبکرێت، ئێمە دەپرسین؛ لەکاتی کابینەی پێنجەمەوە، ڕەشنووسی ئەو یاسایە دراوەتە حکومەت‌و پەرلەمانی کوردستان، بەڵام بۆچی تائێستا پەسەندی ناکەن تا بتوانین هەنگاوە عەمەلییە پێویستەکان بۆ یەکخستنەوەی ئاسایشەکان دەست پێ بکەین؟ چۆن باس لە پەسەندکردنی یاسای هەموارکراو ناکەن، بەڵام باس لە وادەی یەکگرتنەوەکان دەکەن؟ ئایا دەکرێت بەم شێوازە مامەڵە لەگەڵ ئاسایشی سەروماڵی هاوڵاتییان بکرێت؟ دەپرسین ئایا پاراستنی ژیانی خەڵکی گرنگترە، یان دەستکەوتی حیزبیی؟


بۆل٢

# لەیلا زانا بەیاسای دژە تیرۆر حوکمدرایەوە

شاڵاو فەتاح

لەیلا زانا سیاسەتمەداری کورد، بۆ مـاوەی سێ ساڵ بە پاساوی «بـڵاوکـردنـەوەی پڕوپاگەندەی تیرۆریستی» حوکمدرا.

پێنجشەممەی رابردوو دادگای تورکیا سیاسەتمەدارو چالاکوانی نـاوداری کـورد، لەیلا زانـای بۆ ماوەی سێ ساڵی دیکە حوکم دا، پێشووتر لەیلا زانا بۆ ماوەی (١٠) ساڵ حوکمدرابوو، ئەمەش دوای ئەوەی لەساڵی (٢٠٠٨)داو بەپێی یاسای دژەتیرۆری تورکیا، لەسەر دوو وتار لە دیاربەکرو لەبەردەم خۆپیشاندانێکی جەماوەریی کوردەکاندا حوکمدرا.



لـەیـلا زانـــا یـەکـەمـیـن ژنی کوردبوو کە لەساڵی (١٩٩١)دا بۆ پەرلەمانی تورکیا هەڵبژێردرا، بەڵام ئەوکاتیش بۆ ماوەیەکی کەم داوای دەستگیرکردنی کرا، دوای ئەوەی سوێندی یاسایی بە زمانی کوردی خـوێـنـدەوە، دواتـــرو لـەسـاڵی (١٩٩٤)دا بـڕیـاری (١٥) ساڵ زیندانیکردنی بەسەردا درا، لەگەڵ چەندین هاوڕێی دیکەی لە پارتی دیموکراسی (دەپ)و بۆ ماوەی (١٠) ساڵ لە زینداندا مایەوەو لەساڵی (٢٠٠٤)دا ئازاد کرا.

بەهۆی کارکردنی بەردەوامی‌و داواکردنی چارەسەری کێشەی کـورد بـە ئاشتییانە، لەساڵی (١٩٩٥و ١٩٩٨)دا بۆ خەڵاتی نۆبڵ کاندیدکراوەو لەساڵی (١٩٩٥)دا خەڵاتی ساخارۆفی بەدەستهێناوە.

لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵێک رۆژنامەنووسی هەرێمی کوردستان لەبەیاننامەیەکدابڕیارەکەی‌دادگایان «مەحکوم» کـردو بە «بڕیارێکی سیاسیی»یان لەقەڵەمداو داواشیان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی‌و یەکێتیی ئەورووپا کرد پێش بە جێبەجێکردنی بڕیارەکە بگرن.

# بودجەی بڕدراوی حیزبەکان ئەم مانگە ناگەڕێتەوە

بەرهەم خالید

وتەبێژی کۆمەڵی ئیسلامیی رایـگـەیـانـد، گـەرانـدنـەوەی ئەو بڕە پارەیەی کە لە بودجەی ئەم مانگەی حیزبەکان بـڕدرابـوو، لەم مانگەدا ناگەڕێتەوەو بەرپرسێکی حیزبی زەحمەتکێشانیش ئاماژە بۆ ئـەوە دەکـات، کە بڕینی بودجەکە، کاریگەریی خراپی کردووەتە سەر چالاکیی حیزبو گوزەرانی ئەندامو کادیرەکانیان.

سەرەتای ئەم مانگە، بودجەی حیزبە کوردستانییەکان جگە لە یەکێتیو پارتی بە رێـژەی (٥٠٪) بـڕدراو دواتـریـش لـە دانیشتنی سەرۆکی هەرێمدا لەگەڵ لیستە براوەکان، مەسعود بارزانی بڕیاریدا بودجەکەیان بۆ بگەڕێنرێتەوە، بەڵام تا ئێستا ئەو پارەیە نەدراوەتەوە بەو حیزبانە.

عەبدولستار مەجید، وتەبێژی کۆمەڵی ئیسلامیی، بە رۆژنامەی راگـەیـانـد، سـەرۆکـی هـەرێـم بەڵێنی پێداون کە ئەو پارەیەیان بـۆ بـگـەڕێـنـرێـتـەوە، بـەڵام وەک پێیانگەیشتووە، گەڕاندنەوەی پارەکە لە ئێستادا نابێتو لەگەڵ بودجەی مانگی داهـاتـوودا سەرفدەکرێتو وتی: «دوای پەسەندکردنی بودجە، بودجەکەمان وەک خۆی بـەردەوام دەبێت هەتا یاسای بودجەی حیزبەکان پەسەند دەکرێت».

هــەروەهـــا ســەعــد خـالـیـد، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی زەحـمـەتـکـێـشـانـی کـوردسـتـان



رایگەیاند: «بڕینی ئەو بڕە بودجەیە، کاریگەریی زۆر خراپی کردووەتە سەر کارو چالاکیی حیزبو ئەندامو پێشمەرگەکانمان، چونکە ئێمە لە دەسەڵاتدانەبووینو پێشمەرگەکانمان لە حکومەتدا دانەمەزراونو مووچەی کادیرەکانمان لەسەر ئەو بودجەیەیەو هیچ سەرچاوەیەکی داهاتی دیکەمان نییە».

# زنجیرەیەک خۆپیشاندانو مانگرتن بەڕێوەدەچێت

هەولێر: پەیامنێرانی رۆژنامە
سلێمانی: شکار موعتەسەمو سۆکار عەبدوڵڵا

لەماوەی چەند رۆژی رابـردوودا سێ خۆپیشاندانی خوێندکارانو دوومانگرتنی خـوێـنـدکـارانـی دوو کـۆلـێـژی زانستە رامیارییەکانو خۆپیشاندانێکی خەڵکی شارۆچکەی کفری لە هەولێرو سلێمانی ئەنجامدراوەو پێشتریش لە خۆپیشاندانێکی خوێندکارانی ئامادەییەک لە هەولێر، توندوتیژیی لێکەوتەوەو لە ئەنجامدا خوێندکارێک بریندارکرا.

دوێـنـێ دووشـەمـمـە ژمـارەیـەک لە خوێندکارانی ئامادەییەکانی سلێمانی خۆپیشاندانێکیان بۆ بەردەم بەڕێوەبەرێتیی پەروەردەی سلێمانی رێکخستو داوایانکرد، نمرەکانی پۆلی دەیەمو یانزەیەم بۆ دوانزەو دوا قۆناغی ئامادەیی ئەژمارنەکرێت، چونکە بە بـڕوای ئـەوان ئەم سیستمە نوێیە لە بەرژەوەندیی خوێندکاراندا نییەو لە زۆر لایەنی دیکەوە زیانیان پێدەگەیەنێت.

ئەحمەد، خوێندکاری ئامادەیی سلێمانی کوڕان بە رۆژنامەی راگەیاند: ئێمە داواکارین نمرەکانی قۆناغی دەیەمو یانزەیەمی ئامادەیی بە هــەردوو بەشی وێژەییو زانستییەوە بۆ قۆناغی دوانزە ئەژمارنەکرێت، چونکە ئـەو سیستمە لە وڵاتانی پێشکەوتووی جیهانەوە هێناویانە، لەگەڵ بارودۆخی ئێستای کوردستان ناگونجێت، چونکە هەر پۆلێک لێرە نزیکەی (٥٠) خوێندکاری تێدایە، بـەڵام لەو وڵاتانەی ئەم سیستمەی تێدا پەیڕەودەکرێت (٢٠-٢٥) خوێندکاری تێدایەو پاشان مامۆستاکانی ئەوان پرۆفیشناڵترو راهێنراوترن وەک لەوانەی خۆمان، هەر بۆیە بەهیچ جۆرێک بەرژەوەندیی خوێندکاری تێدا نییە.

بە وتەی شاگوڵ خەلیل، خوێندکاری قۆناغی یانزەی زانستیی ئەو سیستمە، داوای لە بەرپرسانی وەزارەتی پەروەردە کرد بەپەلە چارەسەرێک بۆ ئەم کێشەیەی خوێندکاران بدۆزنەوە.

دواتر مامۆستا کەمال نوری، بەڕێوەبەری پـەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی، داوای لە خوێندکاران کرد بڵاوە بە مانگرتنەکەیان بکەنو پێیڕاگەیاندن، کە لەگەڵ نوێنەری سەرۆکی حکومەتی هەرێم قسەمان کردووەو داواکارییەکەتانمان گەیاندووەتە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانو ئەمڕۆ سێشەممەش لەگەڵ سەرۆکی حکومەتو وەزیری پەروەردە قسەدەکەینو لێکۆڵینەوە لە داواکارییەکانتان دەکەینو پشتگیریی داواکارییەکانتان دەکەین، کەمال نوری هەروەها وتیشی: دواتـر بڕیاری گونجاو لەوبارەیەوە دەدەینو لەماوەی چوار رۆژدا وەڵامی داواکارییەکانتان دەدەینەوە، ئەگەر وەڵامەکە زانستییانە بوو لە بەرژەوەندیی خـوێـنـدکـارانـدا بـــوو، ئـــەوا ئێمەش بە خۆشحاڵییەوە پشتگیریتان دەکەین، چونکە ئەم بڕیارە دەبێت بە بڕیار هەڵبوەشێتەوە.

هـەر دوێـنـێ خوێندکارانی کۆلێژی زانستە رامیارییەکانی زانکۆی سلێمانی وەک نارەزاییەک بەرامبەر دیارینەکردنی ناونیشانێکی پیشەیی گونجاو و لەکاتی دامەزراندنیاندا، خۆپیشاندانێکیان لەبەر دەرگـــای زانـکـۆی سلێمانی ئەنجامداو بڕیاریاندا تا داواکارییەکانیان جێبەجێنەکرێت، ناچنەوە ناو هۆڵەکانی خوێندن، پێشتریش سەرلەبەیانی دوێنێ خوێندکارانی کۆلێژی زانستە رامیارییەکانی چەمچەماڵ بۆ هەمان مەبەست مانگرتنیان راگەیاند.

رۆژی یەکشەممە خوێندکارانی گەرمیان (چەمچەماڵ، کەلار، کفری) لە زانکۆی سلێمانی خۆپیشاندانێکیان بۆ بەردەم نووسینگەی سلێمانی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامداو بۆ گەیاندنی داواکاریی‌و داخوازییەکانیانو لەلایەن پەرلەمانتارانی گۆڕانەوە پێشوازییان لێکراو یاداشتێکیان ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان کرد،

لە یاداشتنامەکەیاندا هاتووە؛ «لەبری یـادکـردنـەوەی بێسوودو ئامادەبوونی بەرپرسان لە یادەکەو رشتنی فرمێسکی تیمساحی‌و خەرجکردنی ملیۆنەها دینار لەیادی ئەنفالو خـواردنـی پـارە بەسەر یـادەکـەوە، داواتـــان لێدەکەین کـار بۆ خزمەتکردنی گەرمیانییەکانو باشترکردنی ژیانو گوزەرانی کەسوکاری شەهیدانو ئەنفالکراوەکان بکەن».

لە بەشێکی دیکەی یاداشتەکەدا داوادەکەن، کاربکرێت لەسەر بڕیاری دادگـای باڵای تاوانەکان، کە ئەنفالی بە جینۆساید ناساندو قـەرەبـووکـردنـەوەی لـەلایـەن حکومەتی عێراقەوەو دادگاییکردنی ئەو کۆنەجاشو موستەشارانەی دەستیان هــەبــووە لە تاوانی ئەنفالدا کە لەلایەن دادگـای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە داواکراون، هەوڵبدرێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش کارەساتەکە بە جینۆساید بناسێنرێتو ساڵانە یادی ئەنفال بە گەورەترین شێواز بکرێتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش سەرۆکی وڵاتانو سەفیرو کەسایەتییە نێودەوڵەتییەکان بانگهێشت بکرێن.

هــەر لە یاداشتەکەدا، کە ئاراستەی سەرۆکایەتی حکومەتو هەرێمو پەرلەمانو لایەنە پەیوەندیدارەکانو رای گشتیی کراوە، چەندین داواکاریی دیکەی گەرمیانییەکان خراوەتەڕوو بۆ گرنگیدان بە ناوچەکەیانو بووژاندنەوەیو باشترکردنی بارو گوزەرانی کەسوکاری شەهیدانو ئەنفالکراوەکان.



هــەر لە درێـــژەی خۆپیشاندانەکانی هەرێمی کوردستاندا رۆژی سێشەممە (٤/٦)، ژمارەیەک لە هاوڵاتییانی شارۆچکەی کفری خۆپیشاندانێکیان بۆ بــەردەم پەرلەمانی کوردستان ئەنجامداو داوایانکرد، ئاوڕی جدیی لە شارەکەیان بدرێتەوەو بۆ پشتگیریی داواکەشیان فراکسیۆنی گۆڕان داوایکرد، بەشێک لە (٥٠٠) ملیۆن دۆلارەکەی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان بۆ ئاوەدانکردنەوەی قەزای کفری تەرخان بکرێت.

عەبدوڵڵا مەلا نوری، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: «پشتگیریی داوای خەڵکی قەزای کفری دەکەینو پێمانوایە پێویستە هەرچی زووترە داواکانیان جێبەجێبکرێت». ئاماژەی بەوەشکرد؛ لە بودجەی ساڵی (٢٠١٠)ی هەرێمی کوردستاندا هیچ بودجەیەک بۆ ئەو قەزایە تەرخاننەکراوە، لەکاتێکدا ئەو قەزایە زۆرترین قوربانیی داوە، تائێستاش رەنگی ئەنفالی پێوە ماوە.

وتیشی: «هاوپێچ لەگەڵ یاداشتەکەی خەڵکی کفریدا وەکـو فراکسیۆنی گۆڕان یاداشتێکمان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردو داوامانکردووە ئەو بڕە پارەیەی لەلایەن وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانەوە پێشنیازکراوە، کە بڕەکەی (٥٠٠) ملیۆن دۆلارە، بەشێکی بۆ خزمەتگوزاریی ئاوەدانکردنەوەی کفری تەرخان بکرێت».

ئەم زنجیرە خۆپیشاندانە لەکاتێکدایە، کە رۆژی (٤/١) خوێندکارانی خوێندنگەی شەمامکی تیکەڵاو لە گوندی مامزاوە بەهۆی نەبوونی مامۆستای بیرکارییەوە، خۆپیشاندانیان بۆ بەردەم بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی هەولێر ئەنجامدا، کە ژمارەیان (٢٠٠) خوێندکار دەبـوو، دوای ماوەیەک خۆپیشاندانەکە ئاڵۆزیی تێکەوتو پۆلیس دەستیکرد بە تەقەکردنو خوێندکارێک بریندارابوو.



# پەرلەمانتارانی گۆڕان داوادەکەن پێشینەی خانووبەرە بکرێتە (٣٠) ملیۆن

**ڕۆژنامە**

فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان داوادەکات پێشینەی خانووبەرەی هاوڵاتییان بۆ ٣٠ ملیۆن دینار زیادبکرێت، ئەو پێشینەیەش بە یەکسانی خەڵکی قەزاو ناحیەکانیش بگرێتەوە.

پێشەوا تۆفیق، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لە دانیشتنی سەرلەبەیانی دوێنێی پەرلەماندا، کە تایبەت بوو بە گفتوگۆکردن لەسەر مادەی (٢١)، بڕی (٣٥٠) ملیار تەرخانکرا بۆ کەرتی نیشتەجێبوون و (٥٠) ملیار دیناریش بۆ کەرتی کشتوکاڵ و (٣٠) ملیار دیناریش بۆ کەرتی پیشەسازیی، کە بڕیارە لەڕێگەی هەردوو بانکی کشتوکاڵیی و پیشەسازییەوە پارەکە خەرج بکرێت.

ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد، لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاردرا بڕی ئەو پارەیەی وەک پێشینەی خانووبەرە لەماوەی ڕابردوودا دراوە بە هاوڵاتییان، وەک خۆی بمێنێتەوە، بەڵام ئێمە وەکو فراکسیۆنی گۆڕان لەگەڵ ئەو خاڵەدا نەبووین و پێشنیازمان کرد، بڕەکەی وەک ئەو بڕە پارەیەی لێبێت، کە حکومەتی ناوەندی بۆ ئەو مەبەستە تەرخانی کردووە، کە بریتییە لە (٣٠) ملیۆن دینار.

پێشەوا تۆفیق، ئاشکراشیکرد: وەکو فراکسیۆنی گۆڕان داواشمانکرد سەرجەم گوندەکانی کوردستان ئەو پارەیە بیانگرێتەوەو ئەم پێشنیازانەشمان لەچوارچێوەی کۆمەڵێک پێشنیازی دیکەدا بوو، کە سەبارەت بەو مادەیە کراوە.



فۆتۆ: ڕۆژنامە

# دەسەڵات لە بریکاری وەزیری دارایی سەندرایەوە

**ڕۆژنامە**

وەزیری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەسەڵات لە دڵشاد عوسمانی بریکاری وەزارەتی دارایی دەسێنێتەوەو لەمەودوا هیچ ڕێنماییەک لە ئیدارەی سلێمانییەوە بۆ دامودەزگاکانی حکومەت دەرناچێت.

دوو وەزارەتەکەی دارایی حکومەتی هەرێم کە ئێستا یەک وەزیریان هەیە، بەڵام لەپەرلەمانی کوردستان یاسایەک بۆ ڕێکخستنی کارەکانی دەرنەچووەو وەزیری دارایی چاوەڕوانی دەرچوونی یاساکەی نەکردووەو بڕیاریداوە گشت مامەڵەکانی وەزارەتی دارایی لە ڕێگەی هەولێرەوە ئەنجامبدرێن.

ڕەشید تاهیری بریکاری وەزارەتی دارایی لە هەولێر، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە ئاماژەی بەوەدا، کە وەزارەت لیژنەیەکی هاوبەشی پێکهێناوە تا ئەو ڕێنماییانەی لە هەردوو ئیدارە دەرچوون، یەکبخرێنەوەو ئێستاش توانراوە (٩٥٪) یان یەکبخرێنەوە.

بە وتەی بریکاری وەزارەتی دارایی، وەزیر ڕەزامەندیی لەسەر ئەنجامی کارەکانی ئەو لیژنەیە دەربڕیوەو لەمەودوا هیچ ڕێنماییەک لە ئیدارەی سلێمانییەوە دەرناچێت بۆ دامودەزگاکانی حکومەت، بەڵکو هەمووی دەچێتەوە هەولێرو لە هەولێرەوە دەردەچن بە ئیمزای وەزیری داراییەوە.

لەبەرامبەردا، سەرچاوەیەکی ئاگادار لە ئەنجومەنی وەزیران بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند، لەژێر فشاری حیزبیداو بەبڕیاری وەزیری دارایی، دڵشاد عوسمانی بریکاری وەزارەتی دارایی لە سلێمانی، دەسەڵاتەکانی لێسەنراوەتەو دەسەڵاتەکانی وەزارەت لە سلێمانییەوە کێشراونەتەوە بۆ هەولێرو بەپێی ئەو بڕیارە بێت، دەبێت لەمەودوا هاوڵاتییان بۆ هەموو مامەڵەیەکی وەزارەتی دارایی بچنە هەولێر، ئەمەش ڕەنگە لەچوارچێوەی هەوڵەکانی پارتی بێت بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی وەزارەتی دارایی.

سەبارەت بەوەش کە ئەرکی بریکاری وەزارەتی دارایی لە سلێمانی چی دەبێت؟، کاتێک هەموو دەسەڵاتەکان بچنەوە هەولێر، ڕەشید تاهیر وتی: «ئەرکی بریکاری وەزارەتی دارایی لە یاسای وەزارەتی دارایی کە بڕیارە لە پەرلەمان دەربچێت، دیاریدەکرێت و ئەرکەکەی تەنیا سەرپەرشتیکردنی ئەو فەرمانگانە دەبێت کە لە سنووری پارێزگای سلێمانیدان».

# «پارتیو یەکێتی کورسییە قەرەبووەکە نادەنە لایەنەکانی هاوپەیمانیی»

**بەرهەم خالید**

ئەو کورسییە قەرەبووەی لەلایەن کۆمسیۆنەوە درا بە لیستی هاوپەیمانیی، لەلایەن پارتییەوە درایە د. فوئاد مەعسوم کاندیدی یەکێتی لە شاری هەولێرو ئەوەش لەکاتێکدایە کە ژمارەیەک لە حیزبەکانی ناو هاوپەیمانیی، داوای ئەو کورسییە دەکەن.

د. مەحمود عوسمان، کاندیدی سەربەخۆی سەرکەوتوو بۆ پەرلەمانی عێراق، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: یەکێتیو پارتی ڕێکەوتوون بۆئەوەی ئەو کورسییە قەرەبووەی کە بەر لیستی هاوپەیمانیی کەوتووە، بدرێتە د. فوئاد مەعسوم، کاندیدی دەرنەچوی یەکێتیی نیشتمانیی لە شاری هەولێرو وتی: «پارتیو یەکێتی، ئەو کورسییە نادەنە هیچ لایەنێکی دیکەو پێدەچێت پارتی ڕازیبووبێت لەسەر ئەوەی کورسییەک بدرێتە یەکێتی».

لەلایەکی دیکەوە سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەو مەسەلەیە یەکلایی بووەتەوە لەنێوان یەکێتیو پارتیداو کورسییەکە دراوەتە د. فوئاد مەعسومو وتیشی: «د. فوئاد ئەزموونێکی باشی هەیە لە بەغداو شایستەی ئەوەیە کە ببێتەوە بە سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانیش لە پەرلەمانی عێراق، بەوپێیەی شارەزای کاروبارەکانی ناو پەرلەمانەو لێهاتووە».

# ئەندامانی ئەنجومەنی کەرکوک بایکۆتی کۆبوونەوەکان دەکەن

**پشتیوان سەعدوڵڵا**

بەهۆی دابیننەکردنی پاسەوان بۆیان، ماوەی دوو هەفتەیە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بایکۆتی دانیشتنەکانی ئەنجومەنیان کردووە.

ڕێبوار تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ماوەی دوو ساڵە داوای دابینکردنی پاسەوان دەکەین بۆ ئەندامانی ئەنجومەن، بەڵام تائێستا بڕیارەکە جێبەجێنەکراوە، لەکاتێکدا بەپێی بڕیاری وەزارەتی ناوخۆی عێراق، دەبێت بۆ هەر ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگا (٥) پاسەوان دابنرێت.

وتیشی: «هۆکاری بایکۆتکردنی دانیشتەکانی ئەنجومەنی پارێزگا لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنەوە، دەگەڕێتەوە بۆ جێبەجێنەکردنی داوای دابینکردنی پاسەوان بۆ ئەندامانی ئەنجومەن، زۆربەی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لە هەموو لیستەکان بایکۆتی دانیشتنەکانی ئەنجومەنیان کردووەو نزیکەی دوو هەفتەیە ئەنجومەن کۆنەبووەتەوە، لەئێستاشدا ئەنجومەن چۆڵە.

هەروەک پێیوایە؛ دەوامنەکردنی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاو کۆنەبوونەوەی ئەنجومەن، زیان بە هاوڵاتییانی شارەکە دەگەیەنێت.

هاوکات لیوا تورهان محەمەد، جێگری بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکوک ئەوەی بۆ ڕۆژنامە ڕوونکردەوە، ئەو کێشەیە پەیوەندیی بە ئێمەوە نییەو چارەسەرکردنی لە سەڵاحیاتی ئێمە نییە، بەڵام چەند ڕۆژێک پێش ئێستا ئێمە لە بەڕێوەبەریتی پۆلیسی کەرکوک نووسراوێکمان بۆ وەزارەتی ناوخۆ ناردووەو داوای چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەمان لێکردوون.

# زیاتر لە (٣٢٠) ملیار دینار، بودجەی سەرۆکایەتی هەرێمو پەرلەمانو حکومەتە

**شارا عەبدولڕەحمان**

بودجەی هەرسێ سەرۆکایەتی (هەرێم، ئەنجومەنی وەزیران، پەرلەمان)ی کوردستان، (٤٪)ی بودجەی هەموو هەرێمە، بودجەی دەسەڵاتی دادوەریش لە بودجەی هەرسێ سەرۆکایەتییەکە کەمترە، کە «پێویست بوو لە هەموویان زیاتری بۆ تەرخانبکرایە».

سەرهەنگ فەرەج، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لەکاتی گفتوگۆی بودجەدا لەسەرەتادا، کە هاتە پەرلەمان، ئێمە تێبینیمان لەسەر بودجەی هەرسێ سەرۆکایەتی (هەرێم، ئەنجومەنی وەزیران، پەرلەمان)، هەبوو داوامانکرد، کە(٣٠٪)ی بودجەی بەکاربەرەکانی ئەو سەرۆکایەتییانە کەمبکرێتەوە، بەڵام ئەو خاڵە کەمترین قسەی لەسەرکراو بەزۆرینەی دەنگی پەرلەمانتاران وەک خۆیان هێڵرانەوە».

بەپێی ئەو بودجە ئامادەکراوە، کە لە سەرەتاداو پێش پرۆژەیاسای بودجەی هەرێم لە پەرلەمان گفتوگۆی لەبارەوە کرا، بودجەی سەرۆکایەتی هەرێم بریتییە لە (٥٠,٩٣٥,٠٠٠,٠٠٠) واتە: (٥٠ ملیارو ٩٣٥ ملیۆن دینار)، بەوپێیەش (٠,٦٥٪)ی بودجەی هەرێمی بۆ تەرخانکراوە، هاوکات بودجەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، کە بریتییە لە (٥٢,٩٩٢,٠٠٠,٠٠٠) واتە: (٥٢ ملیارو ٩٩٢ ملیۆن دینار)، بەو پێیەش (٠,٦٧٪)ی بودجەی هەرێمی بۆ تەرخانکراوە، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانیش کە بودجەکەی بریتییە لە (٢١٨,٧٨٨,٠٠٠,٠٠٠)، واتە: (٢١٨ ملیارو ٧٨٨ ملیۆن دینار)، بەوپێیەش (٢,٧٧٪)ی بودجەی هەرێمی بۆ دانراوە، بەوپێیەش ئەو سێ سەرۆکایەتییە (٤٪)ی بودجەی هەرێمیان پێدەدرێت، کە بە وتەی سەرهەنگ، «ئەوە بودجەیەکی زۆر زەبەلاحەو دەکرا بڕێکی لێ کەمبکرێتەوەو بخرێتە بواری پرۆژە خزمەتگوزارییەکانەوە».

هەر بەپێی ئەو بودجەیەی، کە بۆ هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانانو جێبەجێکردنو دادوەریی دانراوە، دەسەڵاتی دادوەریی لە هەموویان کەمتری بۆ دانراوە، کە بریتییە لە (٣٩,٨١٤,٠٠٠,٠٠٠) واتە: (٣٩ ملیارو ٨١٤ ملیۆن دینار)، کە دەکاتە (٠,٥١٪)ی بودجەی هەرێم، بەڵام سەرهەنگ فەرەج پێیوابوو؛ کە پێویستە بودجەی ئەو دەسەڵاتە لە بودجەی هەردوو دەسەڵاتەکەی دیکە زیاتربێت، «چونکە ئەوە مەرجەعی دادپەروەرییە».

## پاشماوەی... ئاژانسی پاراستن: ئاسایش بە میزاجو...

ئاژانسی پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، ئەوەشیان بڵاوکردووەتەوە؛ کە «پێیانوایە، یاسای ژمارە (٤٦)ی (٢٠٠٤/١١/٢٠) هەیە، بەڵام هەندێک لایەن پێی ڕازی نییە. کەواتە، با دوای ئەو هەموو کۆبوونەوانە، یاسایەکی نوێ لە پەرلەمان پەسەند بکرێتو ئەرکو مافی هەموو دەزگایەک دیاریی بکاتو ڕێ خۆش بکات بۆ یەکگرتنەوە».

هەروەها لە ڕوونکردنەوەکەدا هاتووە: ناکرێت تەنیا باسی یەکگرتنەوەی ئاسایش بکرێتو بیر لە یەکگرتنەوەو ڕێکخستنەوەی دەزگاکانی دیکەش نەکرێت، پێمانخۆشبوو ئەم بابەتە زووترو لە کۆبوونەوەکاندا باسکرابان، بەڵام بەداخەوە هەمیشە هەوڵێکی چەواشەکارانە هەیەو نایانەوێت ڕاستییەکان بگاتە هاوڵاتییان، بۆیە ئێمەش لەمجۆرە هەوڵانە بێدەنگ نابینو ڕاستییەکان وەک خۆی بۆ هاوڵاتییانی ئازیزی کوردستان ڕووندەکەینەوە».

لەبارەی ڕاستییەکانیشەوە نووسیویانە: «ڕاستیش ئەوەیە، کە پێویستە حکومەتی هەرێمو پەرلەمانی کوردستان پەلە بکەن لە هەموارکردنو پەسەندکردنی یاسای نوێ، ئەوکات پرۆسەی یەکگرتنەوە بە ئاسانی دەکرێت. دەبێت هاوڵاتییانی ئازیزی کوردستان بزانن، کە نابێت لەبەر مەبەستێکی سیاسییو بەرژەوەندیی هیچ لایەنێک، ئاسایشی هاوڵاتییان بخرێتە مەترسییەوەو فەراغی ئەمنیی دروست بکرێت».

# ٩٠ ملیاری بودجە بەگۆترە دەدرێتە حیزبو ڕێکخراوەکان

ڕاپۆرتی: بەرهەم خالید

سەرەڕای دیاریکردنی بڕێک پارە بۆ بودجەی حیزبو ڕێکخراوەکانی هەرێم لە پڕۆژە یاسای بودجەدا، بەڵام تا ئێستا نازانرێت بودجەکە بە چ شێوەیەکو لەسەر چ بنەمایەک دابەشدەکرێت، پەرلەمانتارانی فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانیش باس لەوە دەکەن، کە پێویستە دیاریکردنی بودجەی حیزبەکان بەپێی یاسا بێت نەک بەپێی میزاجو پەیوەندییە حیزبیەکانو داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمانیش دەکەن لە دوای پەسەندکردنی بودجە بە زوویی پڕۆژەیاسای حیزبو ڕێکخراوەکان کە ئێستا لە پەرلەمانن، پەسەندبکرێن.

لە مادەی (١٨)ی پەسەندکراوی پڕۆژە یاسای بودجەی هەرێم، کە تایبەتە بە دیاریکردنی بودجە بۆ حیزبو قەوارە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بڕی (٩٠) ملیار دینار بۆ حیزبو ڕێکخراوەکان تەرخانکراوە، بەڵام تا ئێستنا نازانرێت ئەو پارەیە چۆنو لەسەر چ بنەمایەک دەدرێت بەو لایەنانە.

حەمە سەعید حەمەعەلی، ئەندامی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامیی لە پەرلەمانی کوردستان، ڕایگەیاند؛ کە ئەوان وەک ئۆپۆزسیۆن پێیانباشە کۆی دامەزراوەکانی حکومەت بە یاسا ڕێکبخرێت بۆ ئەوەی پرۆسەو سیستمی سیاسییو ژینگەی دیموکراسی هەرێمی کوردستان گەشە بکات.

وتیشی: «یەکێک لەو پرەنسیپو یاسایانەش ئەوەیە، کە پێویستە بودجەی حیزبەکان بەشێوەیەکی یاسایی ڕێکبخرێتو ئاشکرا بێتو دادپەروەری تێدا بێت، نەک بودجەیەکی زۆر تەرخان بکرێت بۆ حیزبێکی دیاریکراو و حیزبەکانی دیکەش بێبەش بن لە بودجە».

ئەندامەکەی پەرلەمانی کوردستان ڕوونیکردەوە؛ کە لە دانیشتنی هەفتەی ڕابردووی پەرلەماندا داوایانکردووە بودجەی حیزبەکان بە یاسا ڕێکبخرێت نەک بەپێی میزاج و پەیوەندییە حیزبیەکانو جیاوازی نەمێنێت لە نێوان حیزبە سیاسیەکاندا، دەربارەی بودجەی ڕێکخراوەکانیش وتی: «پێویستە بەپێی یاسا بودجە بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیو سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە دابینبکرێتو بوونی ئینتیمای حیزبی ئەو ڕێکخراو و سەنتەرانە لە بەرچاو نەگیرێتو هەژموونی حیزبە دەسەڵاتدارەکان بەسەر هیچ سەنتەرو ڕێکخراوێکەوە نەمێنێت».

پێشتر هەریەکە لە فراکسیۆنی گۆڕانو کوردستانیی دوو پڕۆژە یاسایان بۆ پشتیوانی حیزبو ڕێکخراوەکان دایە سەرۆکایەتی پەرلەمانو دواتر هەردوو پڕۆژەکە یەکخران، کۆدەنگییەک لەسەر ئەوە هەیە، کە بودجەی حیزبەکان لەسەر بنەمای ژمارەی کورسی بدرێت، بەڵام تا ئێستا نارِوونیی لە بودجەی ڕێکخراوەکاندا هەیەو نازانرێت چ ڕێکخراوێک دەگرێتەوەو لەسەر چ بنەمایەک پارەیان پێدەدرێت.

کاردۆ محەمەد، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە لیژنەی دارایی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات؛ کە تا ئێستا یاسایەک نییە بۆ ڕێکخستنی ئەو بودجەیەی بە حیزبو ڕێکخراوەکان دەدرێت، هەرچەندە پێدەچێت بودجەی حیزب لەسەر بنەمای کورسی بێت، بەڵام دیارینەکراوە بۆ هەر کورسییەک چەند بودجە تەرخاندەکرێت، هەرچەندە لە پڕۆژەی بودجەدا هاتووە کە (٩٠) ملیار دینار تەرخانکراوە بۆ یارمەتیدانی حیزبو ڕێکخراوەکان، ئەوەش بە ڕێوشوێنی یاسای کاتیی جێبەجێدەکرێت هەتا یاسایەک لە پەرلەمانەوە دەردەچێت.

وتیشی: «پێموایە ئەم مادەیە دەبێت ڕوونتر بێتو دیاریبکرێت بودجە بە چ ڕێکخراوێک دەدرێت، چونکە سیستمی چاودێریکردنمان نییەو پێویستە پشتیوانی دارایی ڕێکخراوەکان لەسەر بنەمای چالاکییەکانی بێت، بۆئەوەش دەبێت ڕێکخراوەکان لەلایەن پەرلەمان یاخود وەزارەتێکەوە چاودێری بکرێن، چونکە ئێستا ژمارەیان زۆرەو بەشێکیان بوونەتە سەرچاوەی گەندەڵیی».

لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری هەرێم (یەکێتیو پارتی) چەندین ڕێکخراویان لە ژێر ناوی جیاجیا بۆ بوارەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دروستکردووە، کە پارەیەکی زۆریان بۆ تەرخانکراوە، بەبێ ئەوەی لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکرێت، بۆیە ئۆپۆزسیۆنی هەرێم لە ئێستادا دەیەوێت بە پێی یاسا بودجە بدرێت بەو ڕێکخراوانەو چاودێریی کارەکانیان بکرێت.

ئارام قادر، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی کۆمەڵ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە بڕگەی (١٨) تەنیا باس لە بڕی پارەکە دەکات، بەڵام دەربارەی چۆنێتی دابەشکردنی هیچی تێدانییە ئەگەرچی پێشتر پرۆژە یاسایەک هاتووەتە پەرلەمان بۆ ڕێکخستنی بودجەی ئەو حیزبو ڕێکخراوانە دەربارەی ڕێکخراوە مەدەنییەکان دەڵێت؛ کە پێویستە ئەو ڕێکخراوانەی بەهۆی دوو ئیدارەییەوە دوو کەرت بوون بە زوویی یەکبگرنەوەو ئەوکاتە لەسەر بنەمای چالاکیو پرۆژەکانیان بودجەیان پێبدرێت، وتیشی: «پێویستە ئەو ڕێکخراوانە ڕێکبخرێنەوەو بکرێنە ڕێکخراوی پیشەیی دوور لە دەستێوەردانی حیزبییو بە یاسا ڕێکبخرێنو بودجەیان پێبدرێت، بە تایبەت ئەو ڕێکخراوانەی حیزبەکان دروستیان کردوون، بۆیە دەبێت سەرۆکایەتی پەرلەمان بە زوویی دوای پەسەندکردنی بودجە ئەو پڕۆژەیاسایانە پەسەند بکات کە پەیوەندی بە بودجەی حیزبو ڕێکخراوەکانەوە هەیە».



فۆتۆ: ڕۆژنامە

پێشانگای گەورەی کتێب لە کەلار
هۆڵی کتێبخانەی گشتی کەلار
٪٥٠ داشکاندن
ڕۆژانی ٢٠١٠/٤/١٧ تاکو ٢٠١٠/٤/٢٣
بە چاودێری حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی‌پـــەروەردە
بە هاوکاری‌کۆمپانیای هوما بە بەشدار بوونی چەند دام و دەزگای
ناوخۆ و دەرەوەی هەرێمی کوردستان. ڕۆژانـــی ٢٠١٠/٤/١٧
تـــاکو ٢٠١٠/٤/٢٣ لە هۆڵی کتێبخانەی گشتی کەلار کـــە
نـــزیکەی ١٥٠٠٠ ناونیشان لە کتێبی کوردی، عربی. انگلیزی،
فـــارسی لە خۆ دەگرێت بە داشکاندنی ٥٠٪ لە نرخی کتێبەکان.
بۆ پەیوەندی کردن :
٠٧٥٠٤٨٣٦٩٠٠
٠٧٥٠٤٨٣٦٨٠٠
٠٧٧٠٦٤٤٤٠٠٨
٠٧٧٠٤٤٥١٧٢٥
لێژنە سەرپەرەشتی پێشانگا

## پۆستی جێگرانی سەرۆکی حکومەتو هەرێم لادەبرێن

# پرۆژەیەک بۆ دەستبەرداربوونی سەرۆکی هەرێم لە پۆستە حیزبییەکەی ئامادەدەکرێت

**راپۆرتی:**
**دلێر عەبدولخالق**

ژمارەیەک پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان پرۆژەیاسای هەمواركراوی، یاسای سەرۆکایەتی هەرێم پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان دەکەن، کە تێیدا پێشنیازکراوە؛ پۆستەکانی جێگری سەرۆکی هەرێمو جێگری سەرۆکی حکومەت هەڵبوەشێندرێتەوەو سەرۆکی هەرێمیش دەستبەرداری پۆستو پلە حیزبییەکانی بێت.

لە پرۆژەیاساکەی فراکسیۆنی گۆڕان، کە تایبەتە بە هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، تەرکیزکراوەتە سەر هەمواری یەکەمی یاساکە «ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٦)»، کە تێیدا دوو بڕگە بۆ مادەی یەکەم زیادکراوەو تایبەتە بە هەبوونی جێگرێک بۆ سەرۆکی هەرێمو هەندێک لە دەسەڵاتەکانی، هاوکاتیش بڕگەی دوانزەی مادەی دەیەمیش لە تەکلیفکردنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ پێکهێنانی کابینەی حکومەت گۆڕاوە بۆ دەستنیشانکردنی سەرۆک وەزیرو جێگرەکەی بۆ پێکهێنانی حکومەت، کە بەپێی بۆچوونی چاودێران ئەو گۆڕانکارییە بۆ هاوسەنگیی ڕاگرتنی پۆستەکانی پارتیو یەکێتی بووەو بەردەوامدانە بە سیستمی دووئیدارەیی لە هەرێمدا.

د.زانا رەئوف، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕانو ئامادەکاری پرۆژەکە، ئاماژەی بەوەکرد: لەو پرۆژەیەدا هەوڵدراوە ئەو بڕگانەی تایبەتن بە پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێمو جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بەوپێیەی دەرهاویشتەی قۆناغی دووئیدارییین لە هەرێمی کوردستاندا هەڵبوەشێنرێنەوە.

وتیشی: «خاڵی دووەم لەو پرۆژەیەدا پێشنیازی ئەوەکراوە، بەو حوکمەی سەرۆکی هەرێم لەڕێی خەڵکەوە هەڵدەبژێرێتو ئەو خەڵکەش تەنیا سەر بەلایەنێکو حیزبێک نین بۆئەوەی هاوڵاتییان لە کوردستاندا سەرۆکی هەرێم بەهی خۆیان بزانن، پێویستدەکات لەکاتی دەستبەکاربوونییەوە دەستبەرداری پۆستو ئەرکە حیزبییەکانی خۆی بێت».

لەوەڵامی ئەو پرسیارەی لە هەبوونی یاسایەکی لەو شێوەدا، لەمپەری یاسایی بۆ حیزبە سیاسییەکان دروست نابێت بۆ پاڵاوتنی کەسێک بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم، یان پشتگیریکردن لێی، پەرلەمانتارەکەی فراکسیۆنی گۆڕان کە هاوکات ئەندامی لیژنەی یاساییشە وتی: «هیچ ڕێگرییەکی یاسایی نییە لە پاڵاوتنی کەسەکان لەلایەن هەر پارتێکی سیاسییەوە بۆ سەرۆکی هەرێم، یان پشتیوانیکردن لێی، بەڵام ئەو مامەڵەکردنە بۆ سەرۆکی هەرێمەو لەسەر بنچینەی بوون بەسەرۆکی هەرێم دەبێت، نەک بنەمای حیزبیی، ئەمەش گەورەیی نواندنە بۆ پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمو سەلماندنی ئەو ڕاستییەشە، کە سەرۆکایەتی هەرێم بەتەواوەتی لەڕووی فیعلیو یاساییەوە دەبێتە نوێنەری سەرجەم هێزو پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان، ڕەنگە نزیکترین نموونەش لەو ڕووەوە فەرەنسا بێت، کە دوای هەڵبژاردنی سەرۆک ڕایدەگەیەنێت: ئەندامو نوێنەری ئەو پارتە نیم منی پاڵاوتووە، بەڵکو سەرۆکی سەرجەم فەرەنسیەکانم.

د.زانا رەئوف جەختی لەوەشکردەوە، ئەو پرۆژەیە لەخزمەتی پرۆسەی بەدیموکراتیزەکردنی دەسەڵاتو سیستمی پەرلەمانییە لەهەرێمدا. لەوڕووەوە هەڵوەستەی کردو ڕایگەیاند: «سیستمی پەرلەمانی دونیاو تەنانەت ئەگەر سەیری دەقی ئەسڵی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم پێش هەموارکردنی یەکەمو دووەمی بکەین، دەبینین سەرۆکی هەرێم لەحاڵەتی ئامادەنەبوونی خۆیدا سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران جێگای دەگرێتەوە، کەواتە لەڕووی عەمەلییەوە ئالیەتێک هەیەو لەڕووی یاساییشەوە پشتگیری ئەو حاڵەتە کراوە، ئەمە کە پێشتر هەبووە وەک بارودۆخێکی سیاسیی تایبەت بە یاسایی کراوەو دەبێت چاکبکرێتەوە».

ئەو پرۆژەیاسایەی ئامادەکراوە ڕێژەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان واژۆیان لەسەر کردووەو بڕیارە ڕۆژی سێشەممە پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان بکرێت، د.زانا رەئوف گرنگترین فاکتەرەکانی هاتنە کایەی ئەو پرۆژەی گەڕاندەوە، بۆ نەهێشتنی ئاسەواری دووئیدارەییو خەمخۆریی بۆ سەرکەوتنی ئەزموونی هەرێم.

لەوبارەیەوە وتی: «لەکاتی متمانەبەخشین بەسەرۆکو جێگری سەرۆکی حکومەتی کابینەی شەشەم، ئێمە داوامانکرد تەنیا سەرۆکی حکومەت تەکلیف بکرێت بۆ متمانە پێبەخشینو نابێت جێگری لەگەڵدابێت، بەڵام دواتر وترا بەپێی یاسا بەوشێوەیەو پێشنیازکرا ئەگەر پرۆژە یاسایەک هەبێت هەموویان پشتگیری دەکەین، بۆیە ئومێدەوارین سەرجەم هێزو فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان پشتگیریمان بکەن، چونکە قسە لەسەر ئەوەیە چۆن بتوانین سەرجەم ئاسەوارەکانی دووئیدارەیی کۆتایی پێبهێنین».

د. زانا رەئوف بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە، ئەو پرۆژە یاسایە بەراوردکراوە بەهاوشێوەی سیستمە پەرلەمانییەکانی دیکە. هەبوونی جێگری سەرۆکی هەرێم کە لە ساڵی (٢٠٠٦) هاتەکایەوە تەنیا بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە بوو کە لە قۆناغی دووئیدارەییدا لەنێوان دوو حیزبەکە هاتەکایەوەو بەپێی یاساکە ئەو جێگرە تەنیا هاوکاری سەرۆک دەبێت بۆ هەندێک کاروبار.

بۆ پاساوی نەهێشتنی جێگری سەرۆکی حکومەتیش وتی: «لەسیستمی هاوشێوەی هەرێمدا، جێگری سەرۆکی حکومەت وەک پۆستی سەربەخۆ نییە، بەڵکو جێگر وەزیرێکی فعلیی حکومەتەو لەگەڵیدا کاری جێگریش دەکات».



بارزانی، بەرهەم ساڵحو ئازاد بەرواری بۆ پێکهێنانی حکومەت رادەسپێرێت ٢٠٠٩/٨/٢٧

## پێشنیازی یاسای هەموارکردنی سێیەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٠٥

• ماددەی یەکەم: یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٠٥ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق، ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٠٦ هەڵدەوەشێتەوە.

• ماددەی دووەم: سەرۆکی هەرێم وەک فەرماندەیی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان-عێراق دەمێنێتەوە.

• ماددەی سێیەم: ناکرێت پۆستی سەرۆکایەتیکردنی هەرێمی کوردستان-عێراق وەک پۆستێکی باڵای دەسەڵاتی جێبەجێ کردن لەگەڵ گرتنە دەستی ئەرک یاخود پۆستی حیزبی یان پەیوەندیکردن بە ڕێکخستنی حیزبیەوە کۆ بکرێتەوە .

• ماددەی چوارەم: کەسی پاڵێوراوی هەڵبژێردراو بۆ گرتنە دەستی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق بە دەستلەکارکێشاوە دادەنرێت لە سەرجەم ئەرک و پۆستە حیزبیەکانی لە کاتی سوێندخواردنیەوە وەک سەرۆکی هەرێم.

• ماددەی پێنجەم: جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە ڕێگری ناکات لە پاڵاوتنی پارتێک یاخود قەوارەیەکی سیاسی بۆ پاڵێوراوێک بۆ پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان یاخود گەلاڵە کردنی پشتگیری ئەو پارتە یاخود ئەو قەوارەیە سیاسیە بۆ ئەو پاڵێوراوە تەنانەت لە پاش هەڵبژاردنی.

• ماددەی شەشەم: ئەم یاسایە لە ڕۆژی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت یاخود هەڵبژاردنی سەرۆکی نوێی هەرێمەوە جێبەجێ دەکرێت.

### هۆکارەکانی دەرچواندنی ئەم یاسایە

لەبەر ئەوەی هیچ پاساوێکی یاسایی نیە بۆ بونی پۆستی جێگری سەرۆکی وڵات لە سیستەمە پەرلەمانیەکاندا کە لە بنچینەدا لەسەر بونی سەرۆکێک پێکدێت کە تەنها چەند سەلاحیەتێکی جێبەجێکاری دیاریکراوی هەیە بۆ خۆی نەک بۆ جێگرەکەی، وە لەبەر نەبونی پێویستی بۆ ناونانی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە لایەن پەرلەمانەوە و ڕاسپاردنی لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە، وە کورت کردنەوەی پڕۆسەکە بە ناونان و ڕاسپاردنی تەنها کەسی سەرۆک وەزیران. وە لەبەر ئەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق لە بەندی (١٢) ی ماددەی (١٠)دا جەخت دەکاتەوە سەر ناونان و ڕاسپاردنی تەنها کەسی سەرەک وەزیرانی نەوەک جێگرەکەی، وە هەروەها لەبەر ئەوەی هەموارکردنی یەکەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە ناوەرۆکیدا تەنها وەک پیادەکردنێک وابوە بۆ بونی دوو ئیدارەیی لە هەرێمی کوردستاندا ، وە لە پێناو هاندانی پێکهێنانی دەسەڵاتێکی جێبەجێکاری پێکهاتوو لەسەر بونی سەرۆکێک بۆ هەرێم کە چەند سەلاحیەتێکی جێبەجێکاری دیاریکراوی هەبێت و خۆی پیادەیان بکات نەوەک کەسی تر لەپاڵ بونی حکومەتێکی بەهێزی یەکگرتوی پێکهاتوو لەسەر بنچینەی زۆرینەی پەرلەمانی بەدوور لە دابەشکاری حیزبی و گونجاو لەگەڵ پێداویستیەکانی سیستەمی پەرلەمانیدا. وە بۆ تێپەراندنی قۆناغی دوو ئیدارەیی لە هەرێمدا و بەرجەستە کردنی ئەو ڕاستیەی کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەبەر ئەوەی لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی هاوڵاتیانەوە هەڵدەبژێردرێت پشت بەست بە ماددەی دووەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٠٥ ،کەواتە سەرۆکی هەرێم سەرۆکی هەموو هاوڵاتیانی هەرێمە نەوەک تەنها لایەنگرانی پارتەکەی جا هاوڵاتیان دەنگیان پێدابێت یان نا، وە بۆ پاساو هێنانەوە بۆ هەموو ئەمانە، ئەم یاسایە دانرا.

*** ژمارەی یاسایی پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی گۆڕان.**

# دەرکردن لەسەر گۆڕان بەردەوامە

**شارا عەبدولڕەحمان**
**شاسوار مامە**

بەگومانی ئەوەی کە کاری بۆ لیستی گۆڕان کردووە، ئەنجومەنی باڵای ناحیەی پیرەمەگرون لە کارەکەی دەردەکرێتو هاوکات ئەو شەهیدانەی ڕاپەڕین کەئێستا کەسوکاریان لایەنگری گۆڕانن، ناویان لە لیستی شەهیدانی ڕاپەڕیندا هێنرایە دەرەوە.

عەبدولباقی قادر، ئەنجومەنی باڵای ناحیەی پیرەمەگرون، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ڕۆژی (٤/٨) ئاگادارکرامەوە کە چیتر من وەک ئەنجومەنی ناحیەی پیرەمەگرون نەماوم‌و لەبری من موختاریان داناوە بۆ ناحیەکە، ئەمە لەکاتێکدایە کە ئەنجومەنی ناحیەکانی (بنگرد، سورداش، خدران، خەلەکان)ی سەر بەقەزای دوکان وەک خۆیان ماونەتەوەو لانەبراون.

ئەنجومەنی ناحیەی پیرەمەگرون ئاماژەی بەوەکرد، کە ئەو بەگومانی پەیوەندیی بەبزووتنەوەی گۆڕانو کارکردن بۆ سەرکەوتنی لیستەکەی، لە کارەکەی لابراوەو وتی: «هەرچەندە لە سەردەمی ڕژێمی پێشوودا زیندانی سیاسیی بووم‌و خاوەنی چەندین شەهیدم، بەڵام ئەو شتانە ڕۆڵیان نەبینیو بەهۆی بیروڕای جیاوازەوە لەسەر کارەکەم لابرام».

هاوکات، سەباح مەعروفی بەڕێوەبەری ناحیەی پیرەمەگرون ئەوەی ڕەتکردەوە، کە ئەو ئەنجومەنە لەسەر گۆڕان دەرکرابێتو وتی: «لەدوای یەکگرتنەوەی وەزارەتی ناوخۆوە، یەکێک لە بڕیارە تازەکان، دانانی موختارە بۆ ناحیەکانو ئەو حاڵەتەش هیچ پەیوەندییەکی بەگۆڕانو ئەو شتانەوە نییە، ئەو ئەنجومەنەش لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوەو کار بە مۆرەکەی دەکرێت، بەڵام لەهەمانکاتدا موختاریش دادەنرێت».

وتەکانی بەڕێوەبەری ناحیەی پیرەمەگرون لەکاتێکدان کەبەپێی نووسراوی ژمارە (١٩٩) کە لە ڕۆژی (٢٠١٠/٤/٨) بۆ ئەنجومەنی باڵای پیرەمەگروون نێردراوە، هاتووە «ئاگادارتان دەکەین کە لە ڕۆژی یەکشەممە(٤/١١)ەوە پشتگیریی بۆ هیچ هاوڵاتییەکی سەر بە سنووری ناحیەی پیرەمەگرونو فەرمانگەکان مەکەن، چونکە مۆرەکەتان کاری پێناکرێتو مۆری موختار کاری پێدەکرێت»، نووسراوەکەش مۆرو ئیمزای بەڕێوەبەری ناحیەی پیرەمەگرونی بەسەرەوەیە.

لەلایەکی دیکەوە ناوی ئەو شەهیدانەی ڕاپەڕین کە ئێستا کەسوکاریان پشتگیری لە لیستی گۆڕان دەکەن لەلیستی شەهیدانی ڕاپەڕین دەرهێنران.

ئیسماعیل عومەر کە برای شەهید ئەرسەلان عومەرە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ناوی شەهید ئەرسەلانی برام لەگەڵ ناوی (٤)شەهیدی دیکە لە بریتین لە شەهیدان (مستەفا ئەبوبەکر، عەبدوڵڵا عومەر، دەروێش مستەفا، حەمەد خدر) لەلیستی شەهیدانی ڕاپەڕین لابراون لەلایەن ئیدارەی ناوچەکەو یەکێتییەوە، چونکە ئێمە وەک بنەماڵەی ئەو شەهیدانە، پشتگیریمان لە لیستی گۆڕان کردووە.

برای شەهیدەکەی ڕاپەڕین ئەو کارەی یەکێتیو ئیدارەی شارەکە بەبێوەفایی بەرامبەر شەهیدانی ڕاپەڕین دەزانێتو وتیشی: «هەرکەسێک لە خەمی نیشتمانو نەتەوەکەیدا بێت، بەو شێوەیە وەفای شەهیدان ناداتەوە».

# ـــەمانی کوردستان بـە نادروست دەزانێت


Kurdistan Parliament- Iraq
Office of the General Director
of Divan
No:
Date:

پاراستووە، هەروەک چەند جاریش لە میدیاکاندا ئەمەمان ڕاگەیاندووەو بە فیعلیش جێبەجێمان کردووە، لێرەدا دەپرسین، دەشێت دەزگایەکی کە بەمجۆرە بێت لەبری پشتگیریکردن لێی بە ناشەرعی لەقەڵەم بدرێتو کار بە ڕاپۆرتەکانی نەکرێت؟! بۆیە بەو هیوایەین، کە دانو نەدانی ڕاپۆرتەکانمان بە ئەندامانی پەرلەمانو لیژنەی نەزاهەی پەرلەمان، نەبێت بە حوجەیەکو نەخرێتە ململانی سیاسییەوە.

٧. ئەگەر (وەک لیژنەی یاسایی پەرلەمان دەڵێت) ئەو دوو دەزگایە ناشەرعی بن، کەواتە هەرچی تێبینییەک کە لە ڕاپۆرتەکانی ئەو دوو دەزگایەدا هاتوون لەدوای بەرواری (٢٠٠٨/٥/٢٦) دەبێت ناشەرعی بنو کاریان پێنەکرێت، بەپێی ئەو بنەما یاساییەی، کە دەڵێت: (**ما بنی علی الباطل فهو باطل**)، بەوپێیەش هەرچی ئەو کاری تەزویرو ئیختلاسانەی، کە دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی دەستنیشانی کردوون لە ئەنجامی کاری وردبینیی لە وەزارەتو دامودەزگا حکومییەکان دراون بە لێکۆڵینەوەو بەشێکی زۆریان دراون بە دادگا، هەروەها هەموو ئەو ملیار پارانەی (لە دینارو دۆلار) کە بە نایاسایی خەرجکراونو لەلایەن ئەو دەزگایەوە دەستنیشانکراونو داوای وەرگرتنەوەیان کراوە، کە بەشێکی زۆریشیان وەرگیراونەتەوە، هەموو ناشەرعین، چونکە لەلایەن دەزگایەکی ناشەرعییەوە دەستنیشانکراون؟! کەواتە ئەگەر بۆچوونەکەی ئەو لیژنە یاساییە ڕاستو یاسایی بێت، دەبێت پەرلەمان بڕیارێک دەربکات، کە هەموو ئەو داوایانەی پاڵپشت بە ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی لە دادگا تۆمار کراون لەسەر هەموو ئەو تەزویرو ئیختلاسانە، یاخود ئێستا لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدان ڕەتبکرێنەوە، هەروەها هەموو ئەو پارانەی وەرگیراونەتەوە بۆ خەزێنەی حکومەت بگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسانەی، کە بە نایاسایی خەرجیانکردووە، لەهەمان کاتدا ئەو پارانەش کە ئێستا وەرنەگیراونەتەوە، کاری بەدواداچوونیان لەسەر ڕابگیرێتو لە سەرپێچیکاران وەرنەگیرێتەوە؟!

٨. دیوانی چاودێری دارایی (سلێمانی)، کە تائێستا خاوەنی (٢٦٣٦) ڕاپۆرتەو لەدوای دەرچوونی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٨) تا بەرواری (٢٠١٠/٣/٣١)، (٣٥٠) ڕاپۆرتی لەسەر وەزارەتو دامودەزگا حکومیو کۆمەڵەو ڕێکخراوەکان ئامادە کردووەو لەو ژمارەیەش (١٠٥) ڕاپۆرتی ناردووە بۆ پەرلەمان، جگە لە چەندین نووسراو بە مەبەستی وەرگرتنی ئیجرائاتی پێویست (چونکە تەنیا ئەو ڕاپۆرتە گرنگانە ئاراستەی پەرلەمان دەکەین، کە تەزویرو ئیختلاس، یاخود سەرپێچییەکی زۆر گەورەو زەقیان تێدا تۆمارکراوە)، کەواتە ئەگەر ئەو دەزگایە ڕەوایەتی نەبووە (وەک لیژنەی یاسایی پەرلەمان وتەنی)، ئەی بۆچی پەرلەمان تەنیا جارێکیش ڕاپۆرتێکی لەو ڕاپۆرتانە، یاخود نووسراوێکی بۆ نەناردینەوە؟! یاخود بۆچی ئاگاداری نەکردینەوە، کە ئەو ڕاپۆرتە ناشەرعیانەیان بۆ نەنێرن؟! بەڵکو بە پێچەوانەوە پەرلەمان لەسەر فەرمانی خودی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لەدوای ئەو بەروارەوە بە (١٥) نووسراو لە بەرواری جیاوازدا مامەڵە لەگەڵ دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی دەکاتو داوای ڕاپۆرتو ئەنجامی لێکۆڵینەوەی ڕاپۆرتەکان دەکات لە سەرۆکایەتی دیوانمان، هەروەک بە نووسراویان ژمارە (٣) تایبەت لە (٢٠٠٩/١٠/٦) (کە وێنەیەکی هاوپێچە) بەپەلە داوای ڕەوانەکردنی ڕاپۆرتی تایبەت بە حساباتی کۆتایی (بەڕێوەبەرێتی گشتیی کارەبای سلێمانی) بۆ ساڵی دارایی کۆتا لە (٢٠٠٨/١٢/٣١)، وە ماوەی نێوان (٢٠٠٨/١/١ تا ٢٠٠٨/٧/٣١) دەکەن بۆ پەرلەمانو بە نووسراوەکانیان ژمارە (٦، ٧، ٨، ٩، ١٠، ١١، ١٢، ١٤، ١٥، ١٦، ١٧، ١٩، ٢٠، ٢١) لە (١٠/٨، ١٠/٢٦، ١٠/٢٦، ١٠/٢٨، ١٠/٢٨، ١٠/٢٨، ١٠/٢٨، ١١/٥، ١١/٥، ١١/١٨، ١١/١٨، ١١/٢٣، ١٢/٨، ٢٠٠٩/١٢/٨) داوای ئەنجامی لێکۆڵینەوەمان لێ دەکەن لەسەر چەندین ڕاپۆرتی سەرۆکایەتی دیوانمان، بۆ نموونە دەقی نووسراوی سەرۆکایەتی پەرلەمان ژمارە (١٧) لە (٢٠٠٩/١١/١٨) (کە وێنەیەکی هاوپێچە) بەمجۆرە هاتووە:

٩. ئەرکی پەرلەمان بەگشتیی، چاودێری ئەدای حکومەتو

**ئەگەر ئەو دوو دەزگایە ناشەرعی بن، ئەی پەرلەمان بۆچی داوای کرد لە دیوانی چاودێری دارایی هەولێر، بۆئەوەی کاری چاودێری دارایی لەسەر کارە داراییەکانی پەرلەمان ئەنجام بدات، وەک زانیاریمان هەیە دیوانی چاودێری دارایی (هەولێر) ئەو کاری وردبینییەشی ئەنجامداوە؟!**

بەربەرەکانی گەندەڵییە، ئەویش بە بانگهێشتکردنی ئەو کەسو بەرپرسانەی سەرپێچیی دەکەن لەیاساو گومانی گەندەڵییان لێدەکرێت، تەنانەت لەسەر داوای هاوڵاتییەکی ئاسایی، یاخود هۆکارێکی ڕاگەیاندن دەبێت پەرلەمان بێتە دەنگو لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات، چونکە پەرلەمان نوێنەری هەموو چینو توێژەکانی میللەتە، ئینجا چ جا ئەگەر ئەو داوایە ڕاپۆرتی دەزگایەکی چاودێریی دارایی بێت، کە بە بەڵگەو دۆکیومێنتەوە ئامادەکرابێت، نەک بە پێچەوانەوە فەتوای نارەوایی (ناشەرعیەت) بدات بە ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی، کە لەپێناو لەناوبردنو کەمکردنەوەی گەندەڵیی کاردەکات، چونکە ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی لە هەموو وڵاتانی جیهاندا سەرەکیترین سەرچاوەن بۆ چاودێری ئەدای حکومەت، کە پەرلەمان سوودیان لێ وەردەگرێت بۆ ئەو مەبەستە؟! جارێکی کەش بۆ مێژوو دەمانەوێت بە ئەندامانی لیژنەی یاسایی پەرلەمان بڵێین: کە سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی زۆر بە پەرۆشەوەیە بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو دیوانەکە، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە دەڵێین، کە سەرۆکی پێشووی پەرلەمان بەڕێز (عەدنان موفتی)، وە هەروەها بەڕێز (کاک عومەر فەتاح) جێگری سەرۆکی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێم، وە هەروەها بەڕێز (د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح) سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کابینەی شەش زۆر بە ئیلحاحەوە داوایان لە سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی کردووە کە قبووڵی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری هەرێم بکات، بەڵام سەرۆکی دیوان بەشێوەیەکی ڕەهاو قبووڵی ئەو داوایانەی نەکردووە جگە لەوەی کە زیاتر لە شەش جار داوای دەست لەکار کێشانەوەی کردووە.

لە کۆتاییدا دەڵێین، کە هەر لەهەمان ڕۆژنامەدا بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لەو دیمانەیەدا کە لەگەڵیدا ئەنجامدراوە، ئاماژەی کردووە بەوەی کە دوای یەکگرتنەوەی هەردوو دەزگاکان سەرجەم ڕاپۆرتەکان دەخرێنەوە کارو بەدواداچوونیان بۆ دەکرێت لەلایەن لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی کوردستانو ئەو دەستەی نەزاهەیەی، کە لەداهاتوودا پێکدەهێنرێت، هیواداریـن ئەم بۆچوونە کاری لەسەر بکرێتو لەدوای یەکگرتنەوەی هەردوو دیوانەکە دیوانێکی چاودێری نەترس، کە لەسەر بنەمای عەدالەتو نەزاهەتو سەربەخۆیی دوور لە حیزبایەتی پێکبهێنرێت، نەک پێچەوانەکەی.

*** سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی/ سلێمانی ٢٠١٠/٤/٨**

ئایا فەرامۆشکردنی ڕاپۆرتەکانی دیوانمان، بە هەر بیانوویەکی یاسایی یان نایاسایی بێت، لەگەڵ دروشمە بریقەدارەکانی بانگەشەی هەڵبژاردندا دەگونجێت؟! لەگەڵ ڕێزماندا..

**ئەگەر ئەو دوو دەزگایەش (وەک لیژنەی یاسایی پەرلەمان وتەنی) ناشەرعی بن، کەواتە بۆچی لەکاتی دانانی بودجەی ساڵانی (٢٠٠٨، ٢٠٠٩، ٢٠١٠) بودجە تەرخانکراوە بۆ هەردوو دەزگاکە بەجیا بۆ هەریەکەیان، جگە لە ساڵی (٢٠١٠)، کە تائێستا لە مناقشەدایە؟!**

وێنەیەک بۆ:
- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان / نووسینگەی تایبەت
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / نووسینگەی تایبەت
- نووسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان /

تکایە بۆ ئاگاداریتان و ئایا فەرامۆش کردنی ڕاپۆرتەکانی دیوانمان بە هەر بیانوویەکی یاسایی یا نایاسایی بێ، لەگەڵ دروشمە بریقەدارەکانی بانگەشەی هەڵبژاردندا ئەگونجێ؟ لەگەڵ ڕێزماندا.




مەم بورهان قانع

## پەرلەمانو میدیا

ڕاستییەکی بەڵگەنەویستە (وەکچۆن لەهەر سیستمێکی دیموکراسیدا کە تیایدا ڕەچاوی مافی زانین کرابێتو میدیا بووبێتە دەسەڵاتی چوارەم)، پێویستە هاوڵاتییان ئاگاداری وردەکاریی ئەو گفتوگۆیانەبن کە لەنێو هۆڵی پەرلەمانداو سەبارەت بەپڕۆژە یاساکان بەڕێوەدەچن.

لەدوو مانگی ڕابردوداو کاتێک سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان داوای لەنوێنەرانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن کرد، هۆڵی دانیشتنی پەرلەمان بەجێبهێڵنو وێنەگرەکانیش کامێراکانیان بکوژێننەوەو دانیشتنەکەی پەرلەمان تۆمارنەکەن کە تایبەتبوو بە پڕۆژەیاسای بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی(٢٠١٠)، ئەم داوایەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان، نیگەرانیی لەلای هەندێک لە ڕۆژنامەنووسان لێکەوتەوەو بۆ خۆیشم یەکێک بووم لەو ڕۆژنامەنووسانەی بەنووسین نیگەرانییەکەم دەربڕی، سەبارەت بەوەی پێشێلکردنی یەکێک لە مافە سەرەتاییەکانی کاری میدیاییە لەکوردستاندا، هەروەکچۆن بەگوێرەی یاسای ڕۆژنامەگەریی ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧)یش، ڕۆژنامەنووس مافی ئەوەی هەیە، لەهەموو ئەو چالاکییانەدا ئامادەبێت کە پەیوەندیی بە پیشەکەیانەوە هەیە. بەمانایەکی تر، دەبێت زەمینەسازیی بۆ ڕۆژنامەنووسان بکرێت، تاکو لەدانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا ئامادەبنو ئازادانەو چۆنیان دەوێت، هەواڵو ڕاپۆرتو بابەتی تری ڕۆژنامەنووسیی لەبارەی دانیشتنە جیاجیاکانی پەرلەمانەوە بڵاوبکەنەوە.

هەر لەم چوارچێوەیەداو لەچەند ڕۆژی ڕابردودا، ڕاوێژکاری ڕاگەیاندن لەپەرلەمانی کوردستان، ڕایگەیاند: ڕۆژنامەنووسان ئازادن وەک ڕۆژنامەنووسو لەکاتی دانیشتنەکانی پەرلەماندا، بێنە نێو هۆڵی پەرلەمانەوە، بەڵام پێویستە لەسەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن، تەواوی دانیشتنەکان بگوێزنەوە، نەک هەندێکیان (ئەوانەی کە بەدڵیانە).

دوابەدوای ئەمەیش، شەوی یەکشەمەی ڕابردوو، لە مێزگردێکی کەناڵی (KNN)دا، کە بۆ دوو پەرلەمانتار، لە لیستەکانی کوردستانیو گۆڕان سازکرابوو، سەرەڕای تێبینیی زۆرم لەسەر قسەکانی هەردووکیان (کە ئێرە شوێنی قسە لەسەرکردنیان نییە)، پەرلەمانتارەکەی کوردستانی، هەمان قسەکەی ڕاوێژکارەکەی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستانی دووپاتکردەوە، کە «پێویستە لەسەر ڕاگەیاندنەکان، کە ئامادەی دانیشتنەکانی پەرلەمان دەبن، تەواوی دانیشتنەکە بگوێزنەوە»و پێشکەشکاری بەرنامەکەیش یەکسەر وتی «ئێمە، ئەمڕۆ سێ سەعاتو (٤٥)دەقیقە، دانیشتنەکەی پەرلەمانمان گواستوەتەوە» (وەک ئەوەی لەبەردەم دادوەرێکدا وەستابێتو لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکاتو مافیش لای دادوەرەکە بێت!).

ئەم بۆچوونانە سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندندا، بۆچوونگەلێکن، تەواو ناکۆکن لەگەڵ کاری ڕۆژنامەنووسیداو بنەمایەکی زانستییان نییەو نایشکرێت ئامادەبوونی ڕۆژنامەنووسان لەنێو دانیشتنەکانی پەرلەماندا، یان پێدانی شریتی دانیشتنەکانی پەرلەمان بە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن لەهەرێمی کوردستاندا، بە پێشمەرجێکەوە گرێبدرێتەوە کە دەبێت تەواوی دانیشتنەکە بگوێزنەوە. ئەم پێشمەرجە، یان بانگەشەکردن بۆ ئەمجۆرە مامەڵەکردنە لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندندا لەلایەن ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتیی پەرلەمانو هەندێک پەرلەمانتارەوە، بێبایەخکردنی ڕۆڵی گرنگو سیاسەتی میدیاییو پلانی هەر دەزگایەکی ڕاگەیاندنە، لە چۆنێتیی مامەڵەکردندا لەگەڵو ڕوداوو زانیارییەکاندا.

بۆیە، هەر داوایەکی لەمجۆرە، پێشێلکردنی یاسای ڕۆژنامەگەرییە، کە لەلایەن خولی پێشوی پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەندکراوە (سەرباری بوونی لێشاوێک تێبینی لەسەر ئەم یاسایەیش کە پێشتر لەچەند شوێنێکدا ئاماژەم پێکردون)و هەر دەزگایەکی ڕاگەیاندنیش ئازادە لەوەی چۆن مامەڵە لەگەڵ زانیاریو ڕوداوو کۆبوونەوەو دانیشتنەکانی پەرلەماندا دەکات، بە مەرجێک زانیاریی ناڕاست بڵاونەکاتەوە، بەڵام دەشێت سیاسەتی ڕۆژنامەنووسیی کەناڵەکەی، داوا لەڕۆژنامەنووسەکە بکات، لەنێو دانیشتنێکی (٣-٤)سەعاتی پەرلەماندا، تەنها چەند لێدوانێکی دانیشتنەکە، لەنێو ڕاپۆرتێکدا بگوێزێتەوە، کە پێیوایە تەنها ئەم چەند لێدوانەی نێو ئەو چەند سەعاتەی دانیشتنەکەی پەرلەمان، بەهای هەواڵیان هەیەو بەکەڵکی کەناڵەکەیان دێتو لەگەڵ سیاسەتی ڕۆژنامەنووسیی کەناڵەکەیشیاندا یەکدەگرێتەوە.

هەربۆیە، پێویستە ڕۆژنامەنووسان لەمبارەیەوە هاوڕابنو سەرۆکایەتیی پەرلەمان ناچاربکەن بە ڕێگاپێدان بەهەر ڕۆژنامەنووسێک، سەبارەت بەئامادەبوونی لەدانیشتنەکانی پەرلەمانو پێدانی شریتی دانیشتنەکانیش بەهەر کەناڵێکی تەلەفزیۆن، بەبێ بوونی پێشمەرج لەبڵاوکردنەوەی دەقی دانیشتنەکەدا، کە داوایەکە لەگەڵ سەربەخۆیی کاری میدیاییدا یەکناگرێتەوە، هەروەکچۆن لەم هەرێمەدا ئیدیعای بۆ دەکرێت.

# سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی بۆچوونەکانی پەرلـ

**دوای ئەوەی ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە) لە ژمارە (٥٧٦)دا ڕاپۆرتێکی لەبارەی ناشەرعیبوونی هەردوو دەزگای دیوانی چاودێری دارایی بڵاوکردەوە، جەلال سام ئاغا سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی (سلێمانی) وەڵامی ڕاپۆرتەکە بەم شێوازە دەداتەوە**



جەلالی عومەری سام ئاغا*

**لەڕووی عەمەلیو ئەرزی واقیعەوە ئەوەندەی پەیوەندیی بە دیوانی چاودێری دارایی سلێمانییەوە هەیە، دەیان ملیار دینارو دەیان ملیۆن دۆلاری بۆ بودجەی حکومەت گێڕاوەتەوە، هەر بۆ نموونە، ئەو پارانەی لەدوای دەرچوونی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٨) لەڕێگەی ڕاپۆرتەکانی ئەو دیوانەی، کە پێیدەڵێن؛ (ناشەرعی) وەرگیراونەتەوە، بریتییە لە (٢٧٩٨٠١٤٤١٣٩) دینار (تەنیا بیستو حەوت ملیارو نۆسەدو هەشتا ملیۆنو سەدو چلو چوار هەزارو سەدو سیو نۆ دینار)، جگە لەوەی چەندین کەس لە فەرمانبەران بە پلە بەرزەکانیشەوە لەسەر گەندەڵیی دراون بە دادگا بەبێ گوێدانە پلەوپایەی وەزیفییو حیزبییان.**

**بەپێی مادەی (٥) لەهەمان یاسادا سەرۆکی دیوان دەبێت لەلایەن پەرلەمانەوە بپاڵێورێت بۆئەوەی لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە مەرسومی پێدەربچێت، کەواتە لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە، ئایا پەرلەمان لەو ماوەیەدا هیچ کەسێکی پاڵاوتووە بۆ ئەو پۆستەو ڕێگرییەک هەبووە لەو کارە؟! ئەگەر نا، واتە پەرلەمان خۆی بەرپرسیارە؟!**

بەڕێوەبەرێتی کاروباری پەرلەمان بە نووسراویان ژمارە (١٢٠)ی ڕۆژی (٢٠١٠/٣/١٧)، کە ئاراستەی لیستی گۆڕان کراوەو لە ژمارە (٥٧٦)ی ڕۆژی (٢٠١٠/٤/٦)دا لاپەڕە (٤)ی ڕۆژنامەی ڕۆژنامەدا بڵاوکراوەتەوە، بە چاوپۆشین لەو هەموو هەڵە ڕێنووسو زمانەوانییەی، کە لەو چەند دێڕەی ئەو نووسراوەدا هاتوون، سەبارەت بە ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی، ئەوە پیشاندەدەن؛ کە بەڕای لیژنەی کاروباری یاسایی پەرلەمانی کوردستان، دیوانی چاودیری دارایی هەولێرو سلێمانی ڕەوایەتی (شەرعییەت)یان نەماوە! ئێمە ڕایدەگەیەنینو دەڵێین: ئەو ڕایەی لیژنەی کاروباری یاسایی، بەبێ دراسەو گەڕانەوە بۆ هەموو بەراییەکانی ئەو بابەتە بووەو لەهەمان کاتدا هیچ ڕوویەکی دروستو بنەمایەکی یاساییو عەمەلی نییە لەسەر ئەرزی واقیع، بەپێی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١. لەڕووی یاساییەوە بەپێی مادەی بیستو پێنج لە یاسای دیوانی چاودێری دارایی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٨)، یاسای ئاماژە پێدراو لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە وەقائعی هەرێمدا، کە بەرواری (٢٠٠٨/٥/٢٦)ە جێبەجێ دەکرێتو کاری پێدەکرێت، ئەو مادەی (٢٢)ەش، کە نووسراوەکەی بەڕێوەبەرێتی ناوبراو ئاماژەی بۆ دەکات، بە تەنیا یاسای دیوانی چاودێری دارایی ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠٠٠)و پەیڕەوی دیوانی ژمارە (٢١٢)ی ساڵی (١٩٩٩)ی هەڵوەشاندووەتەوە، نەک دیوانی چاودێری دارایی لە هەولێر، یا لە سلێمانی هەڵوەشاندبێتەوە، تاکو پەرلەمان مامەڵە لەگەڵ ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی نەکات!!

٢.بڕیاری ژمارە (٢٤)ی (٢٠٠٢/١١/١٦) بڕیارێک بووە لە بارودۆخێکی نائاسایی دەرکراوە، بۆئەوەی ڕەوایەتی بدرێت بە مامەڵەکردن لەگەڵ هەردوو ئیدارەی هەولێرو سلێمانی، تا یەکگرتنەوەی ئەو دوو ئیدارەیە، یاخود تا ئەنجامدانی هەڵبژاردن، کامیان زووتر بوو، واتە ئەوەی لەو دەقەدا هاتووە زۆر ئاشکرایەو دەڵێت: مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو دوو ئیدارەیە کە هەریەکەیان ئەو کاتە تەواوی وەزارەتو دامودەزگاکانی بەڕێوەبردنی حکومەتی هەبووە، واتە ئەو بڕیارە مەبەستی دوو ئیدارەیی بووە، نەک دوو دەزگا، لەهەمان کاتدا لەڕووی عەمەلییەوە ئەو بڕیارە پشتگوێخراوە، چونکە لەدوای هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠٠٥)و لەدوای یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەولێرو سلێمانی پەرلەمان مامەڵەی لەگەڵ وەزارەتەکانی داراییو ناوخۆو پێشمەرگەو هەردوو ئاسایش بەردەوام بووە، لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە، ئایا لە چ ئیدارەیەک دوو وەزارەت بۆ هەریەک لە داراییو ناوخۆو پێشمەرگە هەبووەو دەبێت؟! ئایا ئەمەیان بە چ یاسایەک لیژنەی یاسایی پەرلەمان شەرعیەتی پێداون؟! ئیتر بۆچی ئەم حوکمە هەر بەسەر دیوانی چاودێریدا جێبەجێ بکرێت؟! لەکاتێکدا دیوانی چاودێری دارایی لەپێناوی پاراستنی دارایی گشتییو سەلامەتی سیستمی داراییو سەلامەتی خەرجکردنەکاندا دامەزراوە.

لەڕووی عەمەلیو ئەرزی واقیعەوە ئەوەندەی پەیوەندیی بە دیوانی چاودێری دارایی سلێمانییەوە هەیە، دەیان ملیار دینارو دەیان ملیۆن دۆلاری بۆ بودجەی حکومەت گێڕاوەتەوە، هەر بۆ نموونە، ئەو پارانەی لەدوای دەرچوونی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٨) لەڕێگەی ڕاپۆرتەکانی ئەو دیوانەی، کە پێیدەڵێن؛ (ناشەرعی) وەرگیراونەتەوە، بریتییە لە (٢٧٩٨٠١٤٤١٣٩) دینار (تەنیا بیستو حەوت ملیارو نۆسەدو هەشتا ملیۆنو سەدو چلو چوار هەزارو سەدو سیو نۆ دینار)، جگە لەوەی چەندین کەس لە فەرمانبەران بە پلە بەرزەکانیشەوە لەسەر گەندەڵیی دراون بە دادگا بەبێ گوێدانە پلەوپایەی وەزیفییو حیزبییان.

٣. ئەگەر ئەو دوو دەزگایە ناشەرعی بن، وەک لیژنەی یاسایی پەرلەمان ڕایانگەیاندووە، بەڕای ئێمە، یەکەم لایەن کە بەرپرسیارە لەو کارە، پەرلەمان خۆیەتی، بەحوکمی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

أ- بەپێی مادەی (٣)ی یاساکە، دیوانی چاودێری دارایی پەیوەستە بە پەرلەمانەوە.

ب- بەپێی مادەی (٥) لەهەمان یاسادا سەرۆکی دیوان دەبێت لەلایەن پەرلەمانەوە بپاڵێورێت بۆئەوەی لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە مەرسومی پێدەربچێت، کەواتە لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە، ئایا پەرلەمان لەو ماوەیەدا هیچ کەسێکی پاڵاوتووە بۆ ئەو پۆستەو ڕێگرییەک هەبووبێت لەو کارە؟! ئەگەر نا، واتە پەرلەمان خۆی بەرپرسیارە؟!

ج- وەک پێشتر ئاماژەمان بۆکردووە، لە مادەی (٢٥)ی یاساکەدا هاتووە: کە ئەو یاسایە لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە وەقائعی کوردستاندا، کە (٢٠٠٨/٥/٢٦)ە کاری پێدەکرێت، وە لەو بەروارەوە تائێستا نزیکەی (٢) ساڵ تێپەڕیوەو یاساکەش جێبەجێ نەکراوە؟! ئەمە لەکاتێکدا هەر لەگەڵ دەرچوونی یاسای چاودێری دارایی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٨)و بڵاوکردنەوەی لە وەقائعی کوردستاندا لە (٢٠٠٨/٥/٢٦)، دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی دوای مانگێکو سێ ڕۆژ نووسراوێکی ڕەسمیی بە ژمارە (١٢٩٠) لە (٢٠٠٨/٦/٢٩) (کە وێنەکەی هاوپێچە) ئاراستەی پەرلەمان کردووەو وێنەیەکی داوە بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ چۆنیەتی ڕاپەڕاندنی ئیشو کارەکانی دیوانو جێبەجێکردنی یاساکە، لەو کاتەوە تائێستا، کە نزیکەی (٢) ساڵە هیچ وەڵامێکی ڕەسمیمان پێنەگەیشتووە؟!


هەر بۆ مێژوو و ئاگاداری میللەتەکەمان، سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی لەڕووی نەتەوەییەوە زۆر بەپەرۆش بووە، نەک بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو دیوانەکە، بەڵکو بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە (هەولێرو سلێمانی)، هەربۆیە لە ساڵی (٢٠٠١) بەڕێز (د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح)، کە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی ئیدارەی سلێمانی بوو، داوای لە سەرۆکی دیوانمان کرد لیژنەیەک پێکبهێنێت لە پسپۆڕی ئیدارییو سیاسیی شارەزا بۆ دانانی ئالیەتێکی گونجاو بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە، بەڵام بەداخەوە ئەو کارە هەرچەندە پێوەی ماندووبوون جێبەجێ نەبوو، بەهۆی هەندێک زروفی سیاسییو بارودۆخی ئەو کاتەوە، هەر درێژەی ئەو کارە بوو، کە شوکر بۆ خوا لە ساڵی (٢٠٠٦)دا دوو ئیدارەکە یەکیانگرتەوە.

کەواتە لێرەدا ئەم چەند پرسیارە دێنە ئاراوە، ئایا کێ بەرپرسیارە لە جێبەجێ نەکردنی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٨) لەو ماوە زۆرەدا؟! ئایا دەکرێت هەرێمێک سەرۆکایەتی هەرێمو پەرلەمانو ئەنجومەنی وەزیرانو ئەنجومەنی دادوەریی هەبێت، بەڵام لیژنەی یاسایی پەرلەمان بیەوێت بۆ ماوەی دوو ساڵ دەزگایەکی وەک چاودێری دارایی، کە بەرپرسە لەکاری چاودێری خەرجو داهاتی حکومەتەکەی پەکبخات بەناوی ناشەرعییەتەوە؟! ئایا لەبری ئەو دوو دەزگایە، لیژنەی یاسایی پەرلەمان هیچ بەدیلێکی دیکەیان هەبووە لەو ماوەیەدا بۆ چاودێری ئەدای حکومەت؟!

٤. ئەگەر ئەو دوو دەزگایەش (وەک لیژنەی یاسایی پەرلەمان وتەنی) ناشەرعی بن، کەواتە بۆچی لەکاتی دانانی بودجەی ساڵانی (٢٠٠٨، ٢٠٠٩، ٢٠١٠) بودجە تەرخانکراوە بۆ هەردوو دەزگاکە بەجیا بۆ هەریەکەیان، جگە لە ساڵی (٢٠١٠)، کە تائێستا لە مناقشەدایە؟!

٥. ئەگەر ئەو دوو دەزگایە ناشەرعی بن، ئەی پەرلەمان بۆچی داوایکرد لە دیوانی چاودێری دارایی هەولێر، بۆئەوەی کاری چاودێری دارایی لەسەر کارە داراییەکانی پەرلەمان ئەنجام بدات، وەک زانیاریمان هەیە دیوانی چاودێری دارایی (هەولێر) ئەو کاری وردبینییەشی ئەنجام داوە؟!

٦. ئەو دەزگا چاودێرییەی، کە لیژنەی یاسایی پەرلەمان بە ناشەرعی دادەنێت، لەدوای بەرواری (٢٠٠٨/٥/٢٦)ەوە تا (٢٠١٠/٣/٣١) لەسەر ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی بڕی (٥٤٧٨٤١٩٧٣٩) دینار (تەنیا پێنج ملیارو چوارسەدو حەفتاو هەشت ملیۆنو چوارسەدو نۆزدە هەزارو حەوت سەدو سیو نۆ دینار) لەگەڵ بڕی (٤٣٧ ٧٥١ ١٨) دۆلار (تەنیا هەژدە ملیۆنو حەوت سەدو پەنجاو یەک هەزارو چوارسەدو سیو حەوت دۆلار)، واتە بەکۆی گشتیی بڕی (٢٧٩٨٠١٤٤١٣٩) دینار (تەنیا بیستو حەوت ملیارو نۆسەدو هەشتا ملیۆنو سەدو چلو چوار هەزارو سەدو سیو نۆ دینار) وەرگیراونەتەوە لە سەرپێچیکاران، کە بە نایاسایی بۆیان خەرجکراوە، ئەمە جگە لەوەی کە هەر لەو ماوەیەدا بڕی (٢٤٤ ٦٥٩ ٥٨٥ ١٢) دینار (تەنیا دوانزە ملیارو پێنج سەدو هەشتاو پێنج ملیۆنو شەش سەدو پەنجاو نۆ هەزارو دووسەدو چلو چوار دینار) قەرزو پێشینە وەرگیراونەتەوە، جگە لە دەیان ملیار دیناری دیکە، کە لە ڕاپۆرتەکانماندا تۆمارکراوەو داوای وەرگرتنەوەیان کراوەو هێشتا لە قۆناغی بەدواداچووندایەو وەرنەگیراونەتەوە، (کە بە چەند خشتەیەک ئاماری ئەو پارانە هاوپێچ دەکەین)، جگە لەوەی لەڕووی سیاسیشەوە ئەم دەزگایە هەمیشە توانیویەتی بەشێوەیەکی ڕەها خۆی بپارێزێت لە سیاسەتو تەدەخولکردن لە کارەکانیداو سەربەخۆیی خۆی


هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی
بۆ / سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق
ب/ ڕوونکردنەوە
لەگەڵ ڕێزماندا ....
وێنەیەک بۆ/
جلال عمر سام آغا
سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی
٢٠٠٨/٦/٢٩

# ـێت چـی بـکـات؟

## بزووتنەوەی گۆڕان کاردانەوەبوو بۆچی؟



ئاسۆ عەلی

کوردستان بە واتایەکی فـراوان کە پێناسەبێت بۆ گەل‌و خاک‌و بزووتنەوەکەی، لـەمـێـژە کـەنـارکـەوتـووی مـێـژووی مرۆڤایەتی‌و هەرێمە نێودەوڵەتییەکەیەتی. لە هەر وەرچەرخانێکی جیهانی‌و هەڵێکی رەخساوی مێژووشدا، سەرباری کاریگەرییە بونیادییەکان‌و لە دەرئەنجامیشیاندا بەهۆی نەهاتنە ئـارای رێبەرایەتییەکی روونبینی دووربینەوە، ئەم قەوارە دانپێدانەنراوە لە دۆخێکی هەڵواسراوی نیگەران بۆ خۆی‌و نیگەرانکەر بۆ دەوروبـەرو ژینگەکەیدا مـاوەتـەوە. لـەدوا گۆڕانکارییە گـەورەو ریشەییەکانی جیهان‌و پـەرەسـەنـدن‌و بەرجەستەبوونی جیهانگیریشدا، جارێکی دیکە زەمینەی رزگاربوون لەو کەنارکەوتنە هاتووەتەوە ئارا، هەرچەند بەداخەوە دیسان هێندەی گەورەیی گۆڕانکارییەکان لێیان بەهرەمەند نەبووین، بەڵام لە دەرئەنجامی کاریگەربوون بە شەپۆلەکانی جیهانگیریی لە رووی گەیاندن‌و کرانەوەوە، گۆڕانێکی گەورە لەرووی‌سیاسی‌وکەلتووری‌وکۆمەڵایەتییەوە هاتووەتە دی، کە لەگەڵ ئەوەی لەسەر بنەمای گەشەی سرووشتی هەلومەرجی ناوخۆیی کوردستان نییەو زۆر دەرهاویشتەی ئەرێنی‌و نەرێنی لێکەوتووەتەوە، بەڵام دارشتنەوەیەکی نوێی سیستمی بەڕێوەبردنی لە بوارەکانی ئابووریی‌و سیاسیی‌و کارگێڕی بەگشت رەهەندەکاندا کردووەتە پێویستی قۆناغەکە. لەو بارەیەوە سـەرەڕای لەبەردەستبوونی دەرفـەت‌و موستەلزەماتی راستکردنەوەو گەشەپێدانی ئابوورییەکی هاوتا بەو گۆڕانە کلتووریی‌و کۆمەڵایەتیانە، کەچی تائێستا جگە لە ئابوورییەکی بەکاربەرانەی چاولەدەستی داهاتی نەوت، هیچ بنەمایەکی ئابووریمان بەدینەهێناوەو باری‌کۆمەڵایەتیشمان‌لەدەستی قەدەردایە، لە روویەکی دیکەوە کە ئەمەیان جێگا باسی ئێمەیە، سیستمێکی فەرمانڕەوایی هاوتا بە ئاستی گەشەکردنی سیاسیی‌و هۆشیاریی کۆمەڵگەی کوردستانمان نییە، هێشتا ژیانی سیاسیی بە سیستمێکی سیاسیی‌و حیزبی تەقلیدی‌و ناجۆرو ناهاوتاو بەسەرچوو بەڕێوەدەبرێت.

بە بـڕوای من بزووتنەوەی گـۆڕان لە رووی بابەتییەوە کاردانەوەو وەڵام بوو بەو ناهاوسەنگییە، نەک وەک نەیارانی بزووتنەوەکەو هەندێک لە لایەنگرانی بزووتنەوەکەش لە نائاگاییەوە بۆ ئاستی کـاردانـەوەی ململانێ حیزبییەکانی بچووکدەکەنەوە.

### وەڵامێک بە رابردوو، پرۆژەو هەنگاوی بەکردەوە بۆ داهاتوو

هاوشانی پێویستی‌و هیوا بە گۆڕان‌و گۆڕانکاریی، ئاخۆ بزووتنەوەی گۆڕان لە کوێی وەڵامدانەوە بە خواست‌و پێویستی بابەتی ئەو گەشەپێدانە سیاسیی‌و کلتووری‌و رێکخراوەییدایە؟ ئایا هەردوو سەرکەوتنە رێـژەیـیـەکـەی هـەڵـبـژاردنـەکـانـی (٧/٢٥و٣/٧)ی پەرلەمانی کوردستان‌و ئەنجومەنی‌نوێنەرانی‌عێراق،بەئەنجامگەیاندنی پەیامی گۆڕان بوون؟ یان سەرەتای کارکردن بەو ئاراستەیەدا؟

ئاخۆ ئەو ئەنجامانە لە رووی چەندایەتی‌و چۆنایەتییەوە، سەقفی مومکینی بەدیهێنان بوون، یان دەتوانرا بەرزو باڵاتربن؟ ئایا هەمان میکانیزم‌و شێوازی کارکردن‌و کەرەستە دەتوانن بۆ خولەکانی دیکەی کێبەرکێ‌و ململانێی بەسوودو سەرکەوتوو بن؟

ئایا تەنیا هاتنە ئارای هێزێکی دیکەی سێیەم لەنێوان یەکێتی‌و پارتیدا، کلیلی چارەسەری دۆخـەکـەو کـردنـەوەی گرێکوێرەکانی دۆخی سیاسیی‌و کارگێڕیی‌و سەربازیی کوردستانە؟ تەنیا ئەو فاکتەرە بەسە بۆ هێنانە ئارای سیستمێکی نوێی گونجاو لەگەڵ دۆخی نوێ؟، یان زۆر گۆڕانکاریی پشوودرێژانەی هەنگاو بە هەنگاوی تێگەیشتن‌و لێکگەیشتن‌و گونجاندن لەگەڵ دۆخی نوێی پێویستە؟

ئایا ئەو هێزە نوێیە چۆن دەتوانێت تەنیا زیادکردنێکی ژمارەیی نەبێت، بەڵکو فاکتەرو نوێهاتێکی چۆنایەتی بێت بۆ گۆڕانێکی چۆنایەتی لە رەوتـی گەشەپێدانی گشتیی کۆمەڵگەدا؟

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانەدا دەتوانین بڵێین لە سنووری کاردانەوەی خۆڕسکی بـزووتـنـەوەکـە بـۆ هـەلـی هـەڵـکـەوتـوو، بەشێوەیەکی رێژەیی لە هێنانە ئارای شێوازی نوێی بەڕێوەچوونی پرۆسەی سیاسیی لە کوردستانداو لەم هەنگاوانەیدا سەرکەوتوو بووە:

• بەرجەستەکردنێکی رۆشنتری رۆڵی ئۆپۆزسیۆن.

• فـراوانـکـردنـی بنەمای کـرانـەوەو روونکاریی‌و گەشەپێدانی سیاسیی.

• زیندووکردنەوەی هەستی ئینتیما بۆ نیشتمان‌و مافی هاوڵاتیبوون‌و ژیاندنەوەی هیوا بە داهاتوویەکی باشتر لە ناخی کۆمەڵگە بەگشتیی‌و توێژی لاوان بەتایبەتی.

• گـەرمـوگـوڕکـردنـەوەی پرۆسەی سیاسیی.

• فراوانکردنی چاودێریی‌و دەنگهەڵبڕین بەرامبەر بە گەندەڵیی‌و کەموکورتییەکان، تا ئیتر هیچ تاک‌و لایەنێکی گەندەڵکار نەتوانێت لە بڕیارو رەفتارەکانیدا بێدەربەست بێت.

• کردنەوەی دەرگای کێبەرکێی ئیجابیی نێوان لایەنە سیاسییەکان بەرامبەر ئامانج‌و خواستە نەتەوەیی‌و خزمەتگوزارییەکان‌و گۆڕینی رێساکانی گەمەی سیاسیی لە داشکاندن(موناقەسە)ەو بەکەمتر رازیبوونەوە بۆ لێزیادکردن بە ئاڕاستەی بەرژەوەندییە گشتییەکان.

•کۆتاییهێنان بە چەقبەستوویی سیاسیی‌و گرێی پەنجا بە پەنجا.

ئەم دەستکەوتانەو چەندینی دیکەش چۆن جێگای بە خۆنازینی بزووتنەوەکەو هەڵسوڕاوەکانیەتی، ئـاوەهـاش جێگای نیگەرانییەکی ئیجابی‌و بارگرانییە بە ئەستۆیانەوە، دەستپێکێکی لەوجۆرە ســەرەڕای نـارێـکـی‌و کورتهێنانەکان، لەبەردەم بەرپرسیارێتی مێژووییدا راگرتنی بزووتنەوەکەیە، بەوپێیە بزووتنەوەی گـۆڕان لـەبـەردەم دووڕیـانـێـکـدایـە کە یەکەمیان: بەرنامەی سەرکەوتووانەی بەئەنجامگەیاندنی پەیامەکەیەتی، دووەمیان: پاشەکشەو هیوابڕاوکردنی کۆمەڵگەو جێپێقایمکردنی گەندەڵیی‌و گەندەڵکارانە، هەنگاوی یەکەمیش بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەم دوو ئەگەرە لە چۆنێتی ستراکچەرو میکانیزمی خۆڕێکخستن‌و سیستمی ناوخۆیی بزووتنەوەکەدا بەرجەستەدەبێت.

### چ رێبازێک؟

هیچ پێکهاتەو یەکەیەکی کۆمەڵایەتی‌و سیاسیی بەبێ ئامانج‌و بەرنامەیەکی رۆشنی خـاوەن شـەرعـیـەت‌و چوارچێوەیەکی بەرجەستەی رێکخراو، ناتوانێت داهاتووی هەبێت، بزووتنەوەی گۆڕانیش لە بەرامبەر بەدیهێنان‌و کامڵکردنی ئەو دوو بنەمایەو شکڵگرتن‌و خۆڕێکخستندا، لەژێر کاریگەریی دوو پێشینەی ئاڵۆزدایە، کە بریتین لە:

یەکەم: دەسەڵات لە هەرێمی کوردستاندا زهنیەتێکی کورتبینی چاوچنۆکی پاوانخوازیی لەبەرامبەر زۆربەی چین‌و توێژەکان‌و لەگشت بوارەکاندا هەیە، بەجۆرێک نە لێدەگەڕێت دەوڵەمەندی نیشتمانپەروەر کارو قازانج بکات‌و نە فەقیریش بژی، نە نـەوەی نوێ بێتە مەیدان‌و تواناکانی نیشانبدات، نە نەوەی پێشوو بەری ئەزموون‌و رەنجی رابردووی بگەیەنێتە مەنزڵ، هەربۆیە ئەم بزووتنەوەیە وەڵامدانەوەیەکی فراوانی فرەبۆچوون‌و فرە بەرژەوەندیی چین‌و توێژە جیاوازەکانە، کە ئەمە لەلایەک هێزو چەندایەتییەکی دەوڵەمەندی پێبەخشیوە، لەلایەکی دیکەشەوە ئاڵۆزیی بۆ دروستکردووە.

دووەم: پێشینەی حیزبایەتی‌و رێکخستنی سیاسیی لە کوردستاندا بەگشتیی، کۆپییەکی ئـاڵـۆزو شێواو و بەسەرچووی حیزبی خۆرهەڵاتی ستالینییە، کە بە بنبەستگەیشتن‌و قێزەونیی‌و بە رێگربوونی گەشەی سیاسیی‌و هۆشیاریی‌و ئـابـووریـی‌و کۆمەڵایەتی بەرهەمهێناوەو دووبارەکردنەوەیان، نەک هەر هیچ بیانوویەک بۆ هاتنەمەیدانی بزووتنەوەکە ناهێڵێتەوە، بگرە تا داهاتوویەکی نادیاریش دەبێتە هۆی لەباربردنی زەمینەی گۆڕان‌و ترس لەو ئەگەرەش روانینێکی ئاڕاستە پێچەوانەی لێکەوتووەتەوە، کە بریتییە لە پێکهاتەیەکی تارمایی ئاساو تەجەموعێکی هەرکەس بۆ خۆی، کە مەترسییەکەی هیچی لە مەترسی یەکەم کەمتر نییە.

ئـەم دۆخـە ئەرکی بـەکـردەوە نوێ‌و جیاوازبوونێکی وەهـای خستووەتە پێش بزووتنەوەکە، کە جیاوازبوون لە ئامرازەوە نەکاتە ئامانج‌و گــرەوی سەرکەوتن‌و شکستیشی گرێدراوی ئەم بنەمایەیە، کە بە روانینی من وەڵامـی ئەم پرسیارانە هێڵی راستی ناوەڕاستی خۆلادان لەو دوو مەترسییە دیاریدەکەن:

• ئایا ئەم بزووتنەوەیە تاکەی بەبێ بەڕێوەبەرێتی یان رێبەرایەتییەکی روونکارو دەستەجەمعی دەتوانێت بگوزەرێنێت؟ ئەو رێبەرایەتییە دەبێت لە کێ‌و چۆن پێکبێت؟ بە هەڵەداچوون لەم دیاریکردنەدا باجەکەی چی دەبێت؟

• هەنگاونان بۆ ئەو مەبەستە بە پچڕان لە رابردوو یان موتوربەی نێوان ئەزموونی کۆن‌و وزەو خوێنی نوێ ئەنجامدەدرێت؟ ئایا ململانێی سرووشتی کۆن‌و نوێ چۆن بەڕێوەدەبرێت؟ بە یەکتر پەراوێزخستن یان یەکتر تەواوکردن؟

• گواستنەوە لە عەقڵیەت‌و میکانیزمی کاری رابردووەوە بۆ شێوازێکی نوێ کوتوپڕو ریشەیی دەکرێت، یان هەنگاو بەهەنگاو؟ کامیان سەرکەوتووەو سوودو زیانی هەر شێوازێکیان چییە؟

•ئاخۆ لەنێوان بزووتنەوەیەکی جەماوەریی بێ سەرو سیماو رێکخراوێکی دیسپلینداری ستالینیدا، دۆزینەوەو پەیڕەوکردنی هێڵێکی راست‌و ناوەڕاست کارێکی لەکردن نەهاتووە؟ ئەگەر وانییە بۆ ناکرێت؟! مەگەر بۆشاییەکی لەوچەشنە نییە کە بـە سەرکەوتنێک بابیبوون‌و بە پاشەکشەیەک دۆشدامان بەدیدێنێت؟ ئایا کێبەرکێکردنی گۆڕان بەپلەی یەکەم کێبەرکێیەکی چەندایەتییە لەگەڵ هاوشێوەکان، تا تەنیا بە ژمارە پێوانە بکرێت؟ یان کێبەرکێیەکی زانستیانەی چۆنایەتی کە لەگەڵ هەر سەرکەوتنێکدا نیگەرانی پاراستن‌و وەبەرهێنانی سەرکەوتنەکەو لەگەڵ هەر پاشەکشەیەکیشدا لە هەڵوەستەو ویستی بەخۆداچوونەوە بەدیدێنێت؟

• ئەگەر لە قۆناغی پێش هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان‌و گۆڕینی شەرعییەتی جەماوەری بە شەرعیەتی یاسایی دا نادیاریی جەستەو ستراکچەری رێکخراوەیی بۆ خەباتێکی نیمچە نهێنی‌و خۆپاراستن لە کاردانەوەکانی دەســەڵات، ناچاریی‌و بە سوود بووبێت، ئاخۆ دوای ئـەوەو دوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، مانەوە لەو دۆخـەدا چ سوودو چ زیانێکی هەیە؟ ئایا داهێزران‌و پەرتبوون‌و پاشەکشەی لێناکەوێتەوە؟ ئایا کاتی ئـەوە نەهاتووە بەرگریی لەبەرامبەر تاوانە سیاسییەکانی دەسەڵاتدا بگۆڕدرێت بۆ هێرشی مەدەنیانەو یاسایی؟ ئەوەش بەبێ بوونی پەیکەرێکی هاوچەرخی زیندوو چالاک ئەنجامدەدرێت؟

•ئاخۆ دیسان لاساییکردنەوەو کۆپیکردنی ستراکچەرو میکانیزمە حیزبییەکانی دەرەوەو ئەمجارەیان لە خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوا، هاوشێوەی ئەزموونەکانی سەدەی رابردوو بە شکست کۆتایی نایەت؟ ئایا بزووتنەوەی گـۆڕان رێکخراوێکی سیاسیی دەبێت بۆ هەڵبژاردن‌و تەنیا هەڵبژاردنەو هەڵبژاردن دێتەوە مەیدان؟ یان رێکخراوێکی سیاسیی دەبێت بۆ ژیان بەگشتیی‌و رۆڵگێڕان لە گشت کێبەرکێ‌و ململانێ بەردەوامەکانی کۆمەڵگەو لە گشت بوارەکاندا؟

• ئایا بزووتنەوەی گـۆڕان خاوەنی رێبازو رەفتارێکی رادیکاڵانەی ریشەیی یان ریفۆرمخوازانەو هەنگاو بەهەنگاو دەبێت؟ یـان نەخێر، خــاوەن ستراتیژو ئامانجی رادیکاڵانەی ریشەیی‌و تاکتیک‌و هەنگاوی ریفۆرمخوازانە؟.

### چۆن پەیکەرێکی رێکخراوەیی؟

بۆ ئەوەی بزووتنەوە بابەتی‌و روو لە گەشەکەی گۆڕان نەبێتە کێڵگەی ئەزموونی دوور لە توێژینەوەو شکستخواردووی یەک لـەدوای یەک، ئەم هەنگاوانە بە پێویست دەزانم:

• پێکهێنانی (ئەنجومەنی بەڕێوەبەرێتی کاتیی) لە (٣٠-٥٠) هەڵسوڕاوی بزووتنەوەکە، کـە دابـــەش ببێت بـۆ دوو دەســتـەی (راوێژکاران)و (هەڵسوڕێنەران) بۆماوەی (شەش مانگ تا ئەوپەڕی ساڵێک).

• ئەم ئەنجومەنە لانیکەم مانگی جارێک لەکاتی دیاریکراودا کۆبوونەوەی فراوانی هاوبەش ئەنجامبدات، بڕیارو رێنمایی‌و راسپاردەکانی بە دەنگدان‌و مولزەم بن، پەیڕەو لە لێپرسراوێتی دەستەبەرەیی بکات.

• کاری (دەستەی راوێژکاران) بریتی بێت لـە بەرنامەڕێژیی پێشوەخت بۆ هـەر پرۆسەو ئەرکێکی پەیوەندیدار بە بزووتنەوەکەو گوێگرتن لە پێشنیازو رەخنەو کەموکورتییەکان‌و دوای توێژینەوە بە فەرمیی ئاڕاستەکردنی بۆ(دەستەی هەڵسوڕێنەران) بۆ بەدواداچوون‌و کارلەسەرکردن.

• (دەستەی هەڵسوڕێنەران) ئەرکی بـەڕێـوەبـردنـی سـەربـەسـتـانـەی کـارە پسپۆڕییەکانی بزووتنەوەکە بەپێی بڕیارەکانی (ئەنجومەنی بەڕێوەبەرێتی) لە چوارچێوەی پەیڕەوێکی کاری کاتیدا بگرێتەئەستۆ.

• رێکخستنێکی نەرمی خۆڕسکانەی چوارچێوەروون بەمیکانیزمی هاوسەنگکردنی ماف‌و ئەرکەکان‌و بەپێی هەڵبژاردنی بە خولی بەرپرسیارێتی خۆبەخشانەی دوور لە مۆنۆپۆڵکردن‌و تۆمارکردنی هەموو ئەوانەی ئامادەن هەڵسوڕاوی بزووتنەوەکە بن، دابڕێژرێت.

• بە دامەزراوەییکردن لە رێگەی دوو میکانیزمی هەم جیاواز، هەم تێهەڵکێش‌و هەم تــەواوکـاریـی (پـیـشـەیـی‌و جـوگـرافـی)ەوە، یەکەم: پەیکەربەندکردنی توێژو پیشە دیارو کاریگەرەکان بەپێی شوێنکاریان وەک یـەکـەی بنچینەیی‌و پێکەوەگرێدانیان لە یەکە سەرەکییەکانی (گـەڕەک، ناحیە، قـەزا، پارێزگاو پاشان سـەرانـسـەری هـەرێـم)دا، لـە نموونەی مامۆستایان یان خوێندکاران لە ئاستی خوێندنگەوە تا رابەڵەی گشتیی مامۆستایان یان خوێندکاران لەسەر ئاستی هەرێم، کە میکانیزمێکی روون‌و پێکەوە گونجاو دەبێت بۆ تێگەیشتن لە خواست‌و کێشەو داواکانی هەر توێژێک‌و بەشدارکردنیان لە پرۆسەی سیاسیی‌و تێگەیشتن لە خاڵە لاوازو بەهێزەکان‌و سازدانیان لە پرۆسە پیشەیی‌و چالاکییە سیاسیی‌و کۆمەڵایەتییەکاندا. دووەم: لەسەر ئاستی جوگرافی هەر گەڕەک‌و ناحیەو قەزاو پارێزگایەک، چوارچێوەیەکی دەستەی کاری هاوبەشی رێکخستن‌و تێهەڵکێشکردنی یەکەی توێژو پیشە جیاوازەکانی سنوورەکە پێکبهێنرێت، بۆ هەماهەنگی خواست‌و ویست‌و کێشەکانی تایبەت بەو سنوورەو سازدانیان لە پرۆسەکانی هەڵبژاردنە گشتییەکان‌و هەر چالاکییەکی بە کۆمەڵدا.

• میکانیزمی یـەکـەم کـە پیشەییە، هاوشێوەی کاری وەزارەتە تایبەتمەندەکان دەبێت، بۆ نموونە لە سەرانسەری هەرێمدا لە بنکەی تەندروستی گوندێکی بچووکەوە تـا دەگـاتـە گـەورەتـریـن نەخۆشخانەی پایتەخت لەڕێی وەزارەتی تەندروستییەوە سـەرۆکـاری دەکـرێـت‌و بـەوەش ئاستی لێپرسراوێتی سەرکەوتن‌و شکستیان دیارو ئاشکرا دەبێت، میکانیزمی دووەمیش، کە جوگرافییە، هاوشێوەی یەکە کارگێڕییەکانی ناحیەو قەزاو پارێزگاکانە، کە بەڕێوەبەرێتی ناحیە لە سنووری ناحیەکەدا سەرۆکاری نەخۆشخانەو خوێندنگەو بنکەی پۆلیس‌و سەرجەم فەرمانگەکانی سنوورەکەی دەکات‌و لەگەڵیاندا لە پەیوەندییەکی گەرموگوڕو رۆژانـــەدایـــە. بـوونـی نووسینگەکانی بزووتنەوەکە لە هەر یەکەیەکی کارگێڕیی‌و جوگرافیدا ئەو رۆڵە هەماهەنگکارە دەگێڕێت، میکانیزمی هەماهەنگی نێوان ئـەو دوو میکانیزمەش بەشێوەیەکی نەرم‌و زانستیانە وەک ئەو هەماهەنگییەی نێوان چەتربازانی نمایشکارە، کە لە ئاسمان بەپێی بەرنامەو پلانی کار بە دەستگرتن‌و دەستبەردان شێوە هونەرییە جۆراوجۆرەکان دروستدەکەن‌و هەڵدەوەشێننەوە.

• جێبەجێکردنی مۆڵەتی رەسمیی‌و کردنەوەی نووسینگە شارستانییەکان بە شێوازێکی نوێ‌و جیاواز لە بارەگا زۆرو زەبەندە ناشرین‌و بێزارکەرە باوەکان.

• لـەدوای شەش مانگ یان ئەوپەڕی سـاڵـێـک بەپێی بـڕیـاری (ئەنجومەنی بەڕێوەبەرێتی کاتیی) کۆنگرەی دامەزراندن ببەسترێت‌و رێبازو سیماو پەیکەرو میکانیزمی بڕیارلێدراوی شەرعیی بزووتنەوەکە دەقی خۆی بگرێت.

# بزووتنەوەی گۆڕان دەب

هەڵبژاردنی (٢٠٠٩/٧/٢٥)ی پەرلەمانی کوردستان پێکهاتەی سیاسیی کوردی گۆڕی. بەدرێژایی (١٨) ساڵ ئەزموونی حوکمرانی هەرێم، هاتنەکایەو دروستبوونی هێزی سێیەم بە فاکتەری رزگاربوونی دۆخە سیاسییە چەقبەستووەکەی کوردستان دەزانرا، بەڵام ئێستا نەک هەرهێزی سێیەم دروستبووە، بەڵکو پێدەچێت بە هاتنەکایەی هێزێکی نوێ بەناوی (بزووتنەوەی گۆڕان)، ریزبەندیی هێزی دووەمیشی گرتبێت.

هەرچەندە بزووتنەوەی گۆڕان تائێستا بەشێوازێکی جەماوەریی‌و نارێکخراو (عەفەوی) کاردەکات‌و چوارچێوەیەکی روون‌و دیاریکراوی نییە، بەڵام ئەم بزووتنەوەیە توانی دوو هەڵبژاردنی گرنگی پەرلەمانی کوردستان‌و عێراق تێپەڕێنێت‌و لە ئەزموونی حوکمرانی هەرێمدا واقیعی بەرهەڵستکاریی (ئۆپۆزسیۆنبوون) بچەسپێنێت، بەبێ ئەوەی ئەم هێزە ستراکچەرێکی رێکخراوەی دیاریکراوی هەبێت.

بزووتنەوەی گۆڕان لەماوەی دروستبوونیدا تائێستا چەند هەنگاوێکی گەورەی لە گۆڕەپانی سیاسیدا هاویشتووەو چووەتە پێشەوە. ئێستا ئەم بزووتنەوەیە پێویستی بە خۆڕێکخستنەوە هەیە.

* ئایا چی بکرێت بۆئەوەی ئەم بزووتنەوەیە بەشێوەیەکی مۆدێرن ئۆرگانیزە بکرێت؟ * گۆڕان بۆئەوەی فۆرمێکی مۆدێرن، جا لەشێوەی قەوارەی سیاسیدا بێت یاخود حیزبی سیاسیی، پێویستە چی بکات؟

* ئایا گۆڕان تەنیا بۆ وێستگەیەکی کایەی سیاسیی‌و حوکمرانی هەرێم پێویستبوو یان پێویستە ئەم بزووتنەوەیە بەهەمان شێوە دروستەکەی بەردەوامیی بە هەوڵی گۆڕین لە سیستم‌و عەقڵی رامیاریی‌و حوکمڕانیی بدات بە رێگەی ململانێی سیاسیی‌و دیموکراسی‌و هەڵبژاردن؟.* ئایا لەکاتی ئۆرگانیزەکردنیدا، چی بکرێت بۆ ئەوەی گۆڕان نەبێتە حیزبێکی ستالینیی؟

* ئەم هێزە کە ئێستا بووە بە دیفاکتۆو نکوڵی لە کاریگەربوونی ناکرێت، پێویستە لێرە بەدواوە چۆن کاریگەرتر ماستەرپلانی خۆی بەمەبەستی دیاریکردنی ستراتیژی کارکردنی رەنگرێژ بکات؟

کردنەوەی ئەم تەوەرەیە بەئامانجی بەرەوپێشبردنی پرۆسەی سیاسیی‌و دیموکراسییەتە لە هەرێمی کوردستان‌و عێراقداو دروستبوونی هێزێکی سیاسیی مۆدێرنە، کە خزمەت بە دیموکراسییەت‌و حیزبایەتییەکی مۆدێرن‌و دەستاودەستکردنی دەسەڵات بکات، نەک بەرژەوەندیی تەسکی حیزبیی. ئەم تەوەرەیە بە کراوەیی دەهێڵرێتەوەو سیاسەتکاران‌و رووناکبیران‌و نووسەران دەتوانن بەشداریی تێدا بکەن.

**ئامادەکردنی تەوەر: سیروان رەشید**

## سۆران کۆستە، نووسەرو رۆشنبیر:

# گۆڕان ئەگەر بە عەقڵێکی دیکەوە نەیەتە پێشەوە، تەمەنی کورت دەبێت



**رۆژنامە: بە رای تۆ، لەئێستادا بزووتنەوەی گۆڕان چییە؟ راپەڕینێکی نیمچە عەفەوییە، یان خواستێکە لەناخی خەڵکەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

*یادەوەریی سیاسیی خەڵکی کوردستان، زۆر بەخراپیی کاری لەسەر کراوەو تەنانەت کەلتوورێکی سیاسیی کاریگەریی لەسەر هەیە کە بە کەلتووری نۆستالجیا کاردەکات. کەلتووری نۆستالجیا لەو کۆمەڵگایانەدا بەدیدەکرێت کە پێشکەوتنیان بەخۆیانەوە نەبینیوە لە رووی فیکری سیاسییەوە. لەکوردستاندا عاتیفەی سیاسیی کاریگەریی گەورەی لەسەر بڕیاری سیاسیی هەیە، چ لەسەر ئاستی تاکو چ لەسەر ئاستی گرۆو کۆمەڵ. گۆڕان ئەگەر راپەڕینێکی عەفەوی، نیمچە عەفەوی یان رێکخراویش بێت، لەخواستی خەڵکەوە سەرچاوەی گرتووەو هاتووەتە مەیدانی سیاسییەوە! گرفتەکە لەوەدایە کە ئەگەر ئەم خواستە بەپێی چەند بنەمایەکی زانستی سیاسیی فۆرمولە نەکرێت، ئەوا دووچاری هەڵەشەیی زیاتر دەبێتەوەو نزیکتر دەبێتەوە لەعەفەوییەت. عەفەوییەتی سیاسیی لەسەردەمی تەکنۆلۆجی نوێدا، مەرگی سیاسییە! مێژووی سیاسیی کوردستان شاهیدە کە راپەڕینی سیاسیی هەموو (١٠ - ١٢)ساڵ جارێک روودەدات‌و پاشان شێوازبەندییەک وەردەگرێت‌و مل دەنێتەوە بەرەو کەلتوورە کۆنەکە. ئەمەش پێویستی بە نەشتەرگەرییەکی قورسە، بۆیە ئەگەر پێناسەی گۆڕان بکەم لەئێستادا، دەڵێم: «بریتییە لەو بزووتنەوە سیاسییە مەدەنییەی کە لە سەرئەنجامی رقی خەڵکی کوردستان لەسیاسەتە چەوتەکانی یەکێتی‌و پارتی‌و نەبوونی ئەڵتەرناتیڤێکی سیاسیی سەریهەڵدا، وەک هەموو جارێکیش ناوچەی سلێمانی مەڵبەندی بزواندنی ئەم بزووتنەوەیە بوو، ئێستاش بەدۆخی شڵۆقی خۆیدا تێدەپەڕێت‌و لەماوەی کەمتر لەساڵێکدا ئاسۆکانی بەدیار دەکەون».

**رۆژنامە: کاتێک باس لە نەشتەرگەریی دەکەیت، مەبەستت چییە؟ یان کاتێک دەڵێیت لەماوەی کەمتر لەساڵێکدا ئاسۆکانی بەدیار دەکەون، بۆچی ساڵێک؟**

* سەرەتا، ئەگەر بمانەوێت گۆڕان مل نەنێتەوە بۆ کەلتوورە کۆنەکە، دەبێت ئەو نەشتەرگەرییە بکات. سرووشتی پێکهاتەی عاتیفەی سیاسیی کوردی، ئاسان راپێچی راپەڕین دەکرێت، بۆیە دروستکردنی بزووتنەوەکە عەفەوی نییە، بەڵام لەخۆیدا کەلتووری سیاسیی ئێمە یەکێکە لەخەسڵەتەکانی، عەفەوییەتە، چونکە ئێمە تا ئێستاش خاڵیین لە مەتریالیزەکردنی خواست‌و فیکرو تیۆری سیاسیی خۆمان. ئەمەش پێویستیی سەرەکیی نەشتەرگەرییەکەیە، بەپێچەوانەوە گۆڕان دیالەکتێکە بەردەوامەو عەفەوییانەش، جار جار راپەڕین سازدەکات. جارێکی دیکە دەڵێم، نەفەسی سیاسیی خەڵکی کوردستان کورتە، بۆیە درێژترین ماوە ساڵێک دەبێت. باپرسیارێک بکەین، ئایا هەموو ئەو خەڵکەی هەڵوێستیان وەرگرت‌و گۆڕانیان بەرهەمهێنا، یان بەشدارییان لەگۆڕاندا کرد، سەرئەنجامی فیکرێکی سیاسیی هات‌و ئەم بڕیارەیان دا؟ یان، بەهێزی عاتیفەی سیاسیی شوێن گۆڕان کەوتن؟ بەڵێ، بەشی زۆری خەڵک لە بێزاریی‌و عاتیفەی سیاسییەوە ئەم بڕیارەیان دا، ئەمەش ئەو سەرەتانەیە کە دەبێت لەسیاسەتی کوردیدا چارەسەر بکرێت. لەپای ئەم سیاسەتەدایە کە لەبری ماندێلاو غاندی لەکورددا تاڵەبانی‌و بارزانی‌و ئۆجەلان هەڵدەکەون کە باوەڕم وایە، پاش مردنیش حوکم دەکەن. دەبێت نەشتەرگەریی قورس بۆ ئەمە بکرێت، بۆنموونە (نەوشیروان مستەفا) بەباشترین شێوە رابەرایەتی سەرهەڵدانی بزووتنەوەکەی کرد، بەڵام چۆن نەچووە پەرلەمان، باشترین شتیش ئەوەیە کە لەمەوپاش، لەپشت کەوالیسی پرۆسەکەوە ئەزموونی خۆی بخاتە خزمەت بزووتنەوەکە، تا ببێتە نموونەی حەز لە کورسی نەکردن، چۆن چووە بەردەم دادگا، چۆن بەتەنیاو بەکەمترین پاسەوانەوە دەسوڕێتەوە، دەبێت هەندێک هەنگاوی گرنگی دیکەیش بنێت. ئەمانە تێکڕا بەشێکن لە نەشتەرگەرییەکە، بۆیە لێرەدا باس لەکەسی یەکەمی بزووتنەوەکە دەکەم، دەمەوێت هەموو کەسایەتی‌و سەرکردەکانی دیکەیش هەمیشە لەژێر پرسیاردا بن.

**رۆژنامە: ئایا، چی بکرێت بۆئەوەی ئەم بزووتنەوەیە بەشێوەیەکی مۆدێرن رێکبخرێت‌و بەرەو ئەو ئاقارە سیاسییە دروستە بڕوات کە خەونی پێوە دەبینرێت؟**

* وەک باسمانکرد، ئێمە لە جووڵەی سیاسیی بزووتنەوە ئاسادا، زۆر سەرکەوتوو دەبین، چونکە کورت نەفەسە، ئەمەش پەیوەندی بە یادەوەریی‌و سیستمی راهاتنی مێشک‌و پەروەردەی سیاسییمانەوە هەیە. باوەڕم نییە، گۆڕان وەک بزووتنەوەیەک بتوانێت ئەم گرفتە چارەسەر بکات، بەڵام دەتوانێت قۆناغێک بیباتە پێش‌و بردنەپێشی ئەم پرسەش لەخۆیدا ئامانجێکی گەورەیە، ناکرێت ئێمە تەنیا سەیری بڕی ئەو کورسی‌و دەسەڵاتانە بکەین کە گۆڕان بەدەستیاندەهێنێت. بەلامەوە زانستیترە سەیری کۆی پرۆسە سیاسییەکە بکەین.

گرفتی سەرەکیی ئێمە، لەدۆخی رێکخستندایە، چونکە لەم دۆخەدا تووشی کۆمەڵە گرفتێک دەبین کە بەشی هەرە زۆری ئەو گرفتانە گرفتی سیاسیی رێکخراوەیین‌و گرفتی رێکخراوەیی لەلایەک پەیوەستە بە کەلتووری رێکخراوەییەوەو لەلایەک پەیوەستە بە زانستی رێکخستن‌و کاری رێکخراوەییەوە. بزووتنەوە، بەپێناسەی خۆی، ئەرکی سەرەکیی دورووستکردنی وەرچەرخانەو بزووتنەوەی گۆڕانیش توانی سەرکەوتووانە وەرچەرخانێک دروست بکات‌و شتێکی نوێ بهێنێتە کایەوە، کە ئەویش بەرجەستەکردنی ئۆپۆزسیۆنەو یەکێکە لەپێویستییە سەرەکییەکانی دیموکراتیزەکردنی ژیانی سیاسیی لەکوردستان. لەم خاڵە بترازێت، ناتوانین بزووتنەوە بۆ ماوەی درێژ سەرکەوتوو بکەین، چونکە لەئێستای جیهاندا گۆڕانەکان خێرابوون‌و ناتوانرێت بەدەستووری پەنجاو شەستەکانی رابردوو بزووتنەوەی درێژخایەنمان هەبێت. ئەگەر لەناوی بزووتنەوەکەشەوە بڕوانینە کارەکانی (گۆڕان)، ئەوا گۆڕان پرۆسەیەکی بەردەوامە لەکۆمەڵگاداو گرنگ ئەوەیە نابەسترێتەوە بەناوی بزووتنەوەیەکەوە، دەبێت ئەرکی بزووتنەوەکە، تەنیا بەرکەماڵکردنی گۆڕانکارییەکە بێت.

ئەم بزووتنەوەیە لەخۆیدا بزووتنەوەیەکی مۆدێرن بوو لە کوردستاندا، (گرنگە بزانین، ئێمە چۆن سەیری وشەی مۆدێرن دەکەین)، گرنگە رێگەنەدەین، بزووتنەوەیەکی مۆدێرن ببێتە مایەی سەرهەڵدانی رێکخراوێکی نامۆدێرن! بزووتنەوەی گۆڕان مۆدێرنە، بەئاماژەی جەماوەریبوون‌و ئاشتیخوازێتی، کە ئەم دوو پێکهاتەیە لەکۆمەڵگای سیاسیی دواکەوتوودا زەحمەت پێکەوە دەبەسترێنەوە. دەزانین، بزووتنەوەکە ناتوانێت بەمجۆرەی ئێستای بەردەوام بێت‌و دەبێت بچێتە قاڵبی رێکخراوێکەوە، ئەم رێکخراوەش مادام لەکایەی سیاسیدا کاردەکات، دەبێتە رێکخراوێکی سیاسیی، لەبەرئەوەی هەوڵی گرتنە دەستی دەسەڵاتیش دەدات، دەبێتە حیزبی سیاسیی، ئیتر ئێمە هەر پێناسەیەکی بکەین (حیزبی سیاسیی) پێناسەکەیەتی بەپێی واقیعیبوونی خۆی‌و بەپێی زانستێک کە لە رووی ئەکادیمییەوە سەلمێنراوە. من بەلامەوە سەیرە کە هەندێک را دەبیستم‌و دەڵێن: «گۆڕان دەبێت خۆی بپارێزێت لە بەحیزببوون»، بە ڕاستی ئەمەش لەخۆیدا کاڵفامییەکی دیکەی سیاسییە، ئێمە خۆمان ناتوانین تەجاوزی کەلتووری سیاسیی بکەین‌و شەڕ بەناو دەفرۆشین، پرسیاری سەرەکیمان ئەوەیە، دەبێتە چۆن حیزبێک؟ پرسیاری سەرەکیمان ئەوەیە، ئایا کورد خۆی حەزی لە فەوزایە، بۆیە نایەوێت لەهیچ قاڵبێکدا رێکبخرێت؟ یان هەر لەبنەڕەتەوە نازانین پرەنسیپەکانی رێکخراوبوون چین؟

**رۆژنامە: بۆئەوەی گۆڕان رێکخراوێکی سیاسیی پێشکەوتوو بێت‌و بەپێی پێویستییەکانی سەردەم، وەڵامی خواستی خەڵکی کوردستان بداتەوە، دەبێت چی بکات؟**

*ئەوەی گۆڕان جیابکاتەوە لە حیزبەکانی دیکە، دەبێت لەدونیابینییەوە دەستپێبکات.. سەرەتا ناوی گۆڕان بۆ حیزب نابێت‌و ئەوە دروشمی قۆناغێک بوو، دەبێت ناوێکی دیکەی هەبێت پڕ بەپێستی دونیابینی ئەم حیزبە بێت، پاشان دەبێت ئامانجی ستراتیژیی‌و کورتخایەنی هەبێت کە بەهۆی ئامانجە کورتخایەنەکانییەوە بەشێوەیەکی هارمۆنی دەزوولەیی، ئامانجە ستراتیژییەکانی خۆی بچنێت. ئەمەش زانستێکە پێیدەوترێت داڕشتنی ستراتیژیی کە پێویستە زۆرترین بیرمەندو هۆشمەندی سیاسیی‌و فیکریی‌و زانستی تێیدا بەشداری بکەن، نەک هەر کەسێک هات‌و چوار پەرەگرافی نووسیبێت، یان (٢٠)ساڵ پێشمەرگە بووبێت، ئیتر ئێمە بێین‌و بیکەینە بار بەسەر ئەم داڕشتنە ستراتیژییەوە. دواتر، پێویستە بەرنامەو پێڕەوی رێکخراوەکە بنووسرێتەوەو بۆ هەموو ساڵەکانی ئایندەی ئەو ستراتیژەش چەند نەخشەڕێیەکی سیاسیی هەبێت‌و ئەمانە دەبنە کەتەلۆک‌و دەستوورو دەتوانرێت بەهۆی ئەمانەوە سنوور بۆ سەرکردەو کادیرەکانی ئەو حیزبە دابنرێت، دەبێت ئەم دۆکیۆمێنت‌و پلانانە سەروەر بن‌و بەبێ هەڵسەنگاندن، گۆڕانیان تێدا نەکرێت. بەمجۆرە رێکخراوی سیاسیی دروستدەکرێت‌و ئایدیۆلۆژیای تایبەت بەخۆی دەبێت کە لە پرەنسیپ‌و ستراتیژیدا رەنگدەداتەوە. ئیتر ئەو سیاسەت‌و نەخشانە، فەشەل بە تەکەتولبازیی دەهێنن، فەشەل بەرۆتینی کوشندەی حیزبی دەهێنن..تاد، لەو شوێنەوە کە ئەم نەخشانە بەکاردەهێنرێن، دەبێت چارەسەری گرفتەکان بکرێت. ئیتر بەقسەی بریقەدار نابێت، خەڵکێک بێت‌و بڵێت باوی ئایدیۆلۆژیا نەماوە، باوی حیزب نەماوە، باوی رێکخستنی سیاسیی نەماوە. ئەمانە هەمووی تەسلیمبوونە بەکۆمەڵە خەیاڵێک کە لەدنیای سیاسەتدا شوێنی عەمەلییان نییە. تا ئێستاش هەموو حیزبێک، رێکخراوێکی سیاسییەو هەوڵ بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات دەدات‌و خاوەنی ئایدیۆلۆژیایەکی خۆیەتی‌و ئایدیۆلۆژیاش کفر نییە، بەڵکو شێوازی مومارەسەی سیاسییەو ئەم چەمکانە دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

**رۆژنامە: ئایا، گۆڕان تەنیا بۆ وەرچەرخانێکی سیاسیی هەرێم پێویست بوو، یان پێویستە ئەم بزووتنەوەیە بەردەوامی بە هەوڵی گۆڕینی سیستم‌و عەقڵی رامیاریی‌و حوکمڕانیی بدات؟**

* ئەگەر گۆڕان وەک بزووتنەوەیەک هەڵنەسێت بە بونیادنانی ئەڵتەرناتیڤێکی سیاسیی؟ ئەڵتەرناتیڤێک لەسەر بنەمای گۆڕینی سیستم‌و عەقڵی سیاسیی، ئەوا ئەگەر حوکمیش بگرێتە دەست، هێشتا پێویستیی دروستکردنی ئەو ئەڵتەرناتیڤە بەردەوامە، ئەوا ناچار، دەبێت خەڵکی نوێ بیربکەنەوە لە دروستکردنی ئەو ئەڵتەرناتیڤەدا، چونکە خەونی خەڵک تەنیا بزووتنەوەو وەرچەرخانێکی کاتیی نییە. خواستی خەڵک، خواستێکی درێژخایەنە بۆ ژیانێکی باشتر کە بە رۆژو دوو رۆژ بەدی نایەت کە بەبێ نوێنەرێکی شەرعی بەدی نایەت، دەبێت گۆڕان ببێتە ئەو نوێنەرە شەرعییە، بۆیە دەبێت بە ئەقڵێکی دیکەوە بێتە پێش‌و ئەو نوێنەرایەتییە بکات، ئەگەرنا گوڕی تەمەنی گۆڕان زۆر کورت دەبێت‌و مەرگێکی گەنجانەی وەک بزووتنەوەی شووراکان، چارەنووسی دەبێت.

**رۆژنامە: ئایا، لەکاتی ئۆرگانیزەکردنیدا، چی بکرێت بۆ ئەوەی گۆڕان نەبێتە حیزبێکی ستالینی؟**

* دەبێت گۆڕان: ببێتە حیزبێکی سیاسیی جیاوازو سنووری سلێمانی تێپەڕێنێت، پێکهاتەو پەیکەرێکی رێکخستنی لیقی هەبێت‌و بە ئاسانی نەگیرێت، بیر لەستراکچەرێکی جیاواز بکاتەوە، ماوەی کۆتایی هەڵبژاردنی سکرتێرو سەرۆک دیاری بکات‌و ئیلتیزامی پێوە بکات لەهەموو ئاستەکاندا..تاد، زۆر شتی دیکەیش کە بە باشی نازانم هەموویان باس بکەم، بەڵام گرنگترین خاڵ ئەوەیە، خۆی پێناسە بکات. لەم پێناسەکردنەدا قەوارەو پشتیوانییەکانی کەم دەکەن، بەڵام سەقامگیرتر دەبێت. بۆنموونە، دەبێت هەڵوێستی خۆی لەمەڕ دابەشبوونی چینایەتی‌و رەگەزیی‌و ئایینیی‌و نیشتمانیی‌و پەیوەندیی نێوان هەرێم‌و فیدراڵ...تاد دیاریی بکات. ناکرێت گۆڕان وەک پارتی‌و یەکێتی بمێنێتەوەو لەفەزای گشتیدا خۆی نمایش بکات. دەبێت هەڵوێستی جیاواز بانگەشە بکات‌و داکۆکی لێ بکات. ناکرێت لەپێناوی هەڵبژاردن‌و کۆکردنەوەی دەنگدا، هەڵوێست لەدەست بدەین‌و ناکرێت لەپێناو ئەندامگیریدا سازش بکەین... ئەم میکانیزمانە حیزب بەرەو حیزبی ستالینی دەبەن.

دەبێت گۆڕان پشت ببەستێت بە رێکخستنی موگناتیسی، نەک کارەبایی، چونکە تێچوونی کەمتر دەبێت، دەتوانێت کاراترو چالاکتربێت، چارەسەری گرفتی بەیەکدادانی نەوەکان ئاسانتر دەکات. دەبێت زۆرترین بەشداریی بەخەڵک بکات‌و رۆڵی رای گشتیی دیاریی بکات، نابێت گۆڕان پشت بەهیچ فراکسیۆنێکی ناوخۆی ببەستێت بەتەنیاو فراکسیۆنەکانی دیکە فەرامۆشبکات. باشترین نموونەش ئەوەیە کە بتوانێت هەرلایەن‌و کەسێک ئەرک‌و گرنگی‌و رۆڵی خۆی هەبێت‌و بەپاداشت کارنەکات‌و حیزبێکی لەمجۆرە، لەهەموو کوردستاندا بە (٢٠٠ - ٣٠٠)کارمەندی پرۆفیشناڵ بەڕێوەدەچێت‌و دەتوانێت سەدان هەزار ئەندامی کارای هەبێت‌و هەریەکەشیان رۆڵی خۆی هەبێت.

## پرۆفیسۆر رۆد مۆنگەر، مامۆستای زانکۆی ئەمریکیی لە سلێمانی:

# دەستبەسەرداگرتنی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان لەلایەن حیزبەوە جێی سەرسوڕمانە

سازدانی: شاڵاو فەتاح

**لەم چاوپێکەوتنەدا پرۆفیسۆر رۆد مۆنگەر، خاوەنی دکتۆرا لە بریاری ئیداریی و مامۆستای ئێستای زانکۆی ئەمریکی لە (عێراق – سلێمانی)، باس لە دیدی خۆی دەکات دەربارەی پێشکەوتنەکانی هەرێم، هەرچەندە مۆنگەر ئەوەی نەشاردەوە کە پێشکەوتن هەیە، بەڵام «نائومێد» بوو دەربارەی ئاستی پێشکەوتنەکان و پێیوابوو: کە پێویستە زیاتر بیر لە پێویستییەکانی ئەم هەرێمە بکرێتەوەو هەوڵبدرێت سەرچاوەکانی دارایی هەرێم بەشێوەیەکی بەسوودتر بەکارببرێت، مۆنگەر چەندین پێشنیازی بۆ عێراقییەکان بەگشتیی و لاوانی هەرێم بەتایبەت هەبوو، ئەم چاوپێکەوتنە بووە هەلێک بۆ ئەو تا دەریانببڕێت.**

**رۆژنامە: وەک بیانییەک رات چییە لەسەر دۆخی هەنووکەی کوردستان، لەبارەی ئەو پێشکەوتن و گەشەکردنەی، کە ئێستا لەم هەرێمە روودەدات؟**

* پێموایە نائومێدکەرە، رەنگە ئەمە عادیلانە نەبێت وابلێم، لەبەرئەوەی پێشکەوتن لەئێستادا قورسە لەبەر بوونی باکگراوندی شەڕی ناوخۆو ئەوەی، کە کوردستان بەشێکە لە عێراق، هەرچەندە لێرە توندوتیژیی نییەو بەغدا هەیەتی، بەڵام هێشتا کاریگەریی بۆ سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەرێمەکە هەیە، بەڵام راستییەکەت پێبڵێم، بەراورد بەو پارەیەی دەڕژێتە کوردستانەوە، پێشکەوتنەکان نائومێدکەرن، ئەگەر قسە لەسەر لیستی ئەو پێداویستییانە بکەین، کە نەتەوە پێویستییەتی، رەنگە پێویستی سەرەکیی و زاڵ پەروەردەو فێرکردن بێت، لە عێراق نیوەی خەڵک گەنجەو (٣٩٪)ی خوار تەمەن (١٥)ساڵە، بەڵام وەک دەزانین زۆرێک لەم گەنجانە رۆژانە دوو تا سێ سەعات خوێندنیان هەیەو ئەمەش تەنانەت لە پێوەری نێودەوڵەتییەوە نزیک نییە. هەروەها کێشەی مامۆستاو کۆلێژو کوالیتی خوێندنیشمان هەیە لە کوردستان، لەمەیاندا کوردستان پێویستیی زۆری بە یارمەتی نێودەوڵەتی هەیە، ئەوە راستە کە یارمەتی لە دەرەوە وەردەگرن، بۆ نموونە کونسوڵی بەریتانیا یارمەتی کوردستان دەدات لە خوێندنی زمانی ئینگلیزیدا، بەڵام ئەمە هەر وەک پەندێک هەیە لە ئەمریکا دەڵێین، (دڵۆپێکە لە دەریایەک)، بەراورد بەوەی پێویستتانە، لەبەرئەوە خوێندن یەکێکە لە کێشە گەورەکان، ئەمە بۆ خوێندنی باڵاش راستە. زانکۆی ئەمریکی لێرە لە سلێمانی هەنگاوێکی گەورەیە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو کێشەیە. «زانکۆی کوردستان لە سلێمانی» کە لەماوەی دوو ساڵی داهاتوودا دەکرێتەوەو تایبەتە بە زانست و تەکنەلۆژیا، هەنگاوێکی گەورەیە، بەڵام ئەمە هێشتا ئەگەر قسەکانم زۆر دووبارە نەکەمەوە دڵۆپێکە لە دەریایەک بەراورد بەوەی کوردستان پێویستی پێیەتی.

**رۆژنامە: فاکتەری راستەقینەی نائومێدبوون لە دۆخی کوردستان چییە؟**

* دڵنیا نیم، زۆر زانیاریم لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و سیاسەتی کوردی نییە، تا هۆکارەکەی بزانم، بەڵام ئەوەی دەیزانم ئەوەیە پارە دەڕژێتە ئەم هەرێمەوە، پێشکەوتنیش روویداوە، بەڵام ئەمە هەمووی پەیوەندیدارنییە بە حکومەتی هەرێمەوە، ئەوەش عادیلانە نییە تەنیا باسی کوردستان بکەین، بەشدارییەکی زۆری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەیە لەم هەرێمە، جیهان دەیەوێت سوودێکی زۆر لە عێراق ببینێت، وڵاتانی دەرەوە سوودیان هەیە لە بیناکردنەوەی عێراقدا لە بەرامبەر سامانە سرووشتییەکانی، بەڵام ئەمەش دەبێت زیاتر بێت، ئەگەر ئەو وڵاتانە دەیانەوێت سوودی زیاتر لە سەرچاوە سرووشتییەکانی عێراق وەربگرن، دەبێت لەئەستۆگرتنێکی زیاتریان هەبێت دەربارەی عێراق و کوردستانیش، تا لەسەرپێی خۆیان بوەستن و بتوانن خوێندنێکی باشتریان هەبێت، تا سیستمێکی بانکیی باشتریان هەبێت، تا هەموو ئەو شتانەی کە وڵات پێویستییەتی بەشێوەیەکی باشتر هەیانبێت. بەشێک لەمەش ئەوەیە: چۆن یارمەتی عێراقییەکان بدەین، کە گەشت بکەن بۆ دەرەوەو کاتێکی زیاتر لە ژینگەیەکی نێودەوڵەتیدا بەسەر بەرن، بۆ ئەوەی لە ستانداردە نێودەوڵەتییەکان تێبگەن و بیهێننەوە بۆ وڵات، لەبەرئەوە بەشێک لە کێشەکە پێموایە: تەنیا پەیوەندیدار نییە بە حکومەتەوە، بەڵام دواجار هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ حکومەت، ئەوەیە چۆن عێراقییەکان، گەنجەکان بەتایبەت، تێبگەن لە جیهانی دەوروبەریان، چونکە راستییەکەی ئەوەیە، کە نایزانن، گەشتی زۆریان نەکردووە، چوونەدەرەوە زۆر نەبووەو پێویستیان بە زیاتر هەیە، بەڵام دووبارەی دەکەمەوە پێویستە خوێندن گرنگییەکی زیاتری پێبدرێت، چونکە ئەوە هۆکاری سەرەکییە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت هەوڵبدرێت میدیای سەربەخۆ دروستبکرێت، پێموایە: ئەمە کێشەیەکی گەورەی عێراقە، چونکە پێموایە: بەبوونی میدیایەکی سەربەخۆ، شەفافیەتی زیاتر لە حکومەتدا دەبێت، بەڵام لەئێستادا من ئەوە نابینم، ئەگەر ئەمە حکومەتێکەو بەڕاستی نوێنەرایەتی خەڵک دەکات، ئەوا خەڵکیش مافی ئەوەیان هەیە دەستیان بە کۆمەڵێک زانیاری بگات، لەوانەیە لەبەرئەوەی کوردی نازانم ئەو شتانە زۆر درک پێنەکەم، بەڵام من ئەمە نابینم.



**رۆژنامە: تەنیا لە دۆخی، پەروەردەیی، میدیایی هەرێم رازی نیت، یاخود پێتوایە کێشەی دیکەش هەیە؟**

* کێشەی ئابووریش کێشەیەکی دیکەیە، تۆ پارەیەکی زۆری سامانی نەوتت هەیەو دەبێت ئەم پارەیە لە بوارو کەرتەکانی دیکەی ئابووریدا وەبەربهێنرێت و یاریدەی گەشەکردنی دۆخی ئابووری کوردستان بدات، هەرچەندە نابێت لە عێراق تەنیا پشت بە سامانی نەوت ببەستێت، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە، کە پارەی سامانی نەوتیش نابێت راستەوخۆ بخرێتە دەستی خەڵکەوە، بەڵکو لە بوارەکانی دیکەدا خەرجبکرێن و ئابوورییەکی فرەجۆری پێ بەرهەمبهێنرێت، ئەمەش تەنیا شتێکە، کە وڵاتانی دوورگەی عەرەبی بەتایبەت دوبەی کردوویەتی. بۆ نموونە لە سعودیەی عەرەبییش، ئێستا زانکۆی شاعەبدوڵڵا بۆ زانست و تەکنەلۆژیا دەکرێتەوە. ئەمە دەبێتە سەرچاوەی داهێنان و نوێکردنەوە، لەم نوێکردنەوەیەشدا کۆمپانیاکان دروستدەبن و بەمشێوەیەش کار بۆ خەڵک پەیدادەبێت، ئەمە ئەوەیە کە لێرە پێویستتانە، ئەمەش پرۆسەیەکی زۆر ئاڵۆزە لە دەستپێکدا، بەڵام کوردستان پێویستی بەوەیە بەم پرۆسەیەدا بڕوات.

## دۆخی کوردستان نائومێدم دەکات

**رۆژنامە: کەواتە تۆ لەگەڵ میکانیزمی بەکارهێنانی ئەو داهاتەدا نیت، کە لەم هەرێمەشدا هەیە؟**

* نەخێر لەگەڵیدا نیم، چونکە لە دیدگای ئێمەدا، بیرۆکەی دەستبەسەرداگرتنی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان لەلایەن حیزبێکی سیاسییەوە زۆر جێی سەرسوڕمانە، خەڵک لە ئەمریکاو ئەوروپا لەوە تێدەگەن، کە کەسێک دەتوانێت لە کەرتی تایبەتدا دەست بەسەر هۆکارەکانی بەرهەمهێناندا بگرێت، تۆ ئەمە دەزانیت بەهۆی وانەی «بنەڕەتەکانی ئابووری»یەوە، خەڵک لەوەش تێدەگات کە لە چین و لە کۆمۆنیزمدا هۆکارەکانی بەرهەمهێنان بەدەست حکومەت و کەرتی گشتییەوەیە، لەوەش تێدەگەن کە لە سۆشیالیزمدا بەڕێژەیەک کۆنترۆڵی حکومەت بەسەر هۆکارەکانی بەرهەمهێنانەوە هەیەو بەشی زۆریشی بەدەست کەرتی تایبەتەوەیە، بەڵام بوونی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان بەدەست حیزبە سیاسییەکانەوە بۆ خەڵک زۆر جێی سەرسووڕمانە، ئەمە ئەگەر لە دیدگایەکی ئابووریی و بازرگانی رووتەوە سەیری بکەین مانای ئەوەیە، کە هۆکارەکانی بەرهەمهێنان، جا کارگە بن، یان هەر شتێکی دیکە، لە خزمەتی چوستی ئابووریدا بەکارناهێنرێن، بەڵکو وەک سیستمی بەخشش بەکاردێن بۆ ئەو کەسانەی، کە پاڵپشتیی و لایەنگریی حیزبە سیاسییەکان دەکەن. لەبەرئەوە ئەگەر ئابوورییەکەت چووست نەبێت، ناتوانیت لەسەر ئاستی جیهانییش رکابەریی بکەیت، لەبەرئەوە دیدگای من، کە پێویستە دیدگای حکومەتیش بێت ئەوەیە، کاربکەن تا ئابوورییەکی پێشبڕکێی دابمەزرێنن، لەبەرئەوە پێموایە: عێراق و کوردستانیش بەتایبەت دەبێت کار بۆ ئەوە بکەن کە بگەنە ئاستی جیهان، هەروەک ئەمریکیی و بەریتانیی و چین و هەر کەسێکی دیکە.

**رۆژنامە: تۆ باسی کۆمۆنیزم و سۆشیالیزم و کاپیتالیزمت کرد، با بەڕاشکاویی پرسیارێکت لێبکەم، تۆ لە سیستمی ئابووریی ئەم هەرێمە تێدەگەیت؟**

* مەگەر کەس هەیە تێیبگات؟! رەنگە هەڵەش بم، بەڵام وەک من دەیبینم زۆرێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان وەک کۆمپانیاکان هی حیزبەکانن، رەنگە لەڕووی هونەرییەوە سەربەخۆ بن، بەڵام لەڕاستیدا هی حیزبە سیاسییەکانن، لەبەرئەوە پێموایە: ئەمەش هەر پاڵپشتی ئەو خاڵە دەکات، کە پێشتر باسمکرد. بەڵام ئێوە کێشەیەکی دیکەشتان هەیە، ئەویش ئەوەیە بزنسی زۆر بچووک هەیە، کاتێک لە زانکۆ دەهاتمەوە بینیم پیاوێک دووکانێکی هەیە، کە زۆر لە قەنەفەیەک گەورەتر نییە، پرسیارم لەخۆم کرد چۆن کەسێک دەتوانێت بەمە بژی؟ بەڵام کاتێک کۆمپانیا گەورەکان دێنە ناوەوە بۆ سلێمانی چی بەسەر ئەمجۆرە دوکانانەدا دێت؟ بێگومان ئەو کۆمپانیایانە ئیختیاری زۆر زیاتر دەبەخشنە کڕیاران و بە هەرزانتریش، بۆیە پێموایە ئەم بزنسە بچووکانە نامێنن، بەڵام پرسیاری سەرەکیی لێرەدا ئەوەیە، ئەو خەڵکانە چی بکەن، کە ئەو دوکانانەیان هەیە؟ بۆیە پێویستە پلانێکی ئابووریی هەبێت، کە بزنسی بچووک و گەورەش رێکبخات، پێویستە پلانی ستراتیژیتان هەبێت بۆ دروستکردنی وەها ئابوورییەک، بەڵام من پلانێکی ستراتیژیی وەهام نەبینیوە لە کوردستان، تەنیا چەند دۆکیۆمێنتێکی جیاواز لە رێکخراوی جیاوازەوە دەردەچن بە حکومەتیشەوە، باس لە داهاتووی ئابووریی دەکەن، بەڵام هیچ پلانێکی راستەقینەی گەشەپێدانم نەبینیوە بۆ داهاتووی ئابووریی، دەکرێت ئەم پلانە لەسەر ئاستی عێراقی فیدراڵیش بێت، هەرچەندە ئێستا مەحاڵە، بەڵام بۆ ئاستی کوردستان دەکرێت هەبێت، بۆیە دەبێت حکومەتی هەرێم خۆی بگەیەنێتە ئاستی ستانداردی نێودەوڵەتیی و پەیوەندییە دەرەکییەکان بەکاربێنێت بۆ ئەم مەبەستە، هەرچەندە تارادەیەک ئەمەیکردووە، بەڵام تەنیا نائومێد دەبیت، کە سەیری دەکەیت، بۆ ئەوەی وا لە خەڵک بگەیەنێت کە کوردستان شتێکە جیاواز لە عێراق.

**رۆژنامە: وای دانێ سیستمێکی ئابووریی نوێمان هەیەو پێشکەوتنی باشمان لەو رووەوە لە هەرێمی کوردستاندا بەدەستهێناوەو هەولێریش بووە بە دووەمین دوبەی، بەڵام پێتوایە، کێشەکانی ئەم هەرێمە تەنیا ئابووریین و کەلتووریی نین؟**

* دەزانیت دوبەی نەوتی نییە، کەچی بووەتە سەنتەری دارایی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. دەکرێت هەولێریش ئەوە بکات، بەڵام ئەوە بۆ سلێمانی ئەگەرێکی لەبارترە، کە ئەوە بکات. هۆکارەکەش پێموایە: ئەو وشەیەیە کە بەکارتهێنا «کەلتوور»، هێندەی من تێبگەم ئێرە شوێنی کۆمەڵگە هونەرییەکان و رۆشنبیرییەکانە، زانکۆی سلێمانی بەشێک بوو لەمە. پێویستە بیر لە داڕشتنی پلانی ستراتیژیی ئابووریی نیشتمانیی بکرێتەوە. ئەمەش بەو مانایەی پرسیاری ئەوە بکرێت: دەتەوێت وڵاتەکەت ببێت بەچی و ئابوورییەکەی پشت بەچی ببەستێت لە داهاتوودا، پێویستە یەکێک هەبێت لیستی ئەو شتانە بنووسێت، کە وڵات پێویستی پێیەتی، ئەوەی کە شێخ محەمەد لە دوبەی کردی، کردنی شارەکەی بوو بە سەنتەری خزمەتگوزاریی هەمەجۆری دارایی، وەک لەنگەری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ئامانجی ئەوان ئەوەبوو، کە ببنە گرنگترین سەنتەری دارایی لە جیهاندا، پێموایە: ئەگەری ئەوەش هەیە کە ببن لە داهاتوودا، ئێستا پێویستە پرسیاری ئەوە بکرێت، ئایا دەتەوێت عێراقیش وای لێبێت؟ وەڵامی سەرنجڕاکێشیش ئەوەیە، کە هەر داهاتوویەکت بوێت دەتوانیت بە نەوت بۆی بکڕیت، بەڵام ئەگەر نەزانیت چیت دەوێت، بەلاشتەوە گرنگ نابێت چیت دەستدەکەوێت. پێموایە: ئەمە کێشەیەکی گەورەیە لە کوردستان. یەکێک لە جیاوازییەکانی دوبەی و کوردستان ئەوەیە، کە دوبەی پێشبینی بۆ داهاتووی خۆی هەیە، ئەم پێشبینییەش لەلایەن شێخ محەمەدەوە بەجوانیی دەردەبڕێت، بەڵام لێرە تەسەور بۆ داهاتوو نییە، دەتانەوێت ببن بەچی کاتێک گەورەبوون؟ ئەمە پێموایە: کێشەیەکی گەورەیەو عێراق پێویستە بیری لێبکاتەوە، بەتایبەت جیلی گەنج، ئەمە ئەوەیە کە دوبەی زۆر زیرەکانەو بەجوانیی ئەنجامیداو عێراق نەیکردووە، بڕوانە هێڵی ئاسمانیی دوبەی، دەتوانیت لە دوبەی بیت و بچیتە هەر سووچێکی ئەم جیهانەش لە ئاسیا، ئەفریقا، ئەوروپا تەنیا لەماوەی تاقێکدا، هەشت نۆ سەعات، بۆیە ئەوان ئەو هێڵەیان دروستکردووە تا یارمەتییان بدات ببنە سەنتەری دارایی، تۆ باس لە کەلتوور دەکەیت لەکاتێکدا ئێوە جێگرەوەی ئاشووریی و میزۆپۆتۆمییەکانن، دووان لە رەسەنترین شارستانێتییەکانی جیهان، بۆیە ئێوە لەسەر سامان دەژین، مەبەستم سەروەت نییە، بەڵکو مەبەستمە بڵێم؛ کەلتوورێکی مێژوویی زۆر دەوڵەمەندتان هەیە، ئەمەش تەنیا پاشماوەی چەند ئەنتیکێک نییە لە بابل و نەینەواو ئەو شوێنانە، بەڵکو لە کەلتووری ئیسلامیشدا میراتگری گرنگترین مەزارەکانی جیهانن، جیا لە مەککە ئێوە نەجەف و کەربەلاتان هەیە، بۆیە هەر هێندەی ئاشتی بەرقەراربوو ملیۆنان گەشتیار روودەکەنە ئێرە.

پێموایە: کێشەی سەرەکی ئێوە فەرمانڕەواییە. ئەگەر ئێوە خۆتان لە نفوزو دەسەڵاتە دەرەکییەکان رزگاربکەن و بڕیار لەسەر داهاتووی خۆتان بدەن، گران دەبێت لەم حاڵەتەدا پێشکەوتن روونەدات، دیارە ئەمەش تەحەدی زۆرتان رووبەڕوو دەکاتەوە، ئەو سامانە زۆرەی هەیە لەپێناوی چەند خەڵکێکی کەمدا بەکاردێت، یان بۆ گشت خەڵک، ئەگەر ئەوەی یەکەمیان بێت، ئەوە گرانە کاربکات.

# پاشکۆیەتیی



شاڵاو فەتاح

کاتێک سیاسییەکانی عێراق دەیانەوێت مانۆڕی خۆیان بدەن، هەڵپە بۆ رازیکردنی ئێران و تورکیاو وڵاتانی عەرەبی و ئەمریکا دەکەن، ئەمەش سەری لێشێواندوون و هەندێک کات کێشەی گەورەی بۆ دروستکردوون، سادەترینیان کۆبوونەوەی کوردو ئیئتیلافی شیعەو دەوڵەتی یاسا نارەزایی وڵاتانی عەرەبی سوننەی لێکەوتەوەوە، سەردانەکەی تاریق هاشمی، کە بڕیاربوو بۆ هەرێم بکرێت هەر رووینەداو سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانیش بۆ تاران و ئەنقەرە کێشەیەکی ناوخۆیی لە کوردستاندا دروستکردووە، کە تائێستاش بەردەوامە، سەیر لەوەدایە زۆربەی هاوکێشەکان پێچەوانە دەبنەوەو تەنانەت عەللاویش ئامادەیە لەپێناوی بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆک وەزیراندا، نوێنەری خۆی بنێرێتە تاران و ئوسامە نوجەیفییش ئامادەیە بە مەرج بێتە هەولێر!

کاتێک سەیری کۆشکی سپییش دەکەین بەدگومان دەبین، ئەوەی جێی سەرسوڕمانە، پێگەی واشنتۆن لەم مشتومڕە سیاسییەدا وەک جاران نەماوەو نزمترە، تا پێش هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵ، واشنتۆن زۆرینەی گەمەکانی بەهەر جۆرێک بێت یەکلایی دەکردەوەو بە ناردنی بەرپرسێکی باڵای وەک جۆزێف بایدن، پارتەکانی لەدژی رای شەقامی خۆیان رازیدەکرد، چ هێزێک بوو ئەم کفرە سیاسییەی پێدەکردن؟ هەر خواو سیاسەتی عێراق دەزانن، بەڵام ئەوەی ئێستا دەیبینین ئەمریکا بێدەنگەو دیارە بێدەنگیشی دەبێت حساب و خوێندنەوەی زیاتری بۆ بکرێت، چونکە گەر ئەمریکا هەر بێدەنگ بمێنێتەوە، مانای پشتگوێخستنی زیاتری عێراق و بەسەبرەوە چاوەڕێکردنی ئابی ئەمساڵە بۆ کشانەوەی هێزەکانی، پرسیاریش لە چارەنووسی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و «بەها خۆرئاواییەکان»؟ هەڵیگرە بۆ چارەنووس.

ئەوەی لە سیاسەتی عێراقدا بووە بە دیاردە «پاشکۆیەتی»یە، ئەو شتەی رژێمی پێشوو دەیکردە مەدالیای بەرۆکی هەر ئۆپۆزسیۆنێک و سادەترین مۆدێلی تەخوین و باشترین پاساوی لەناوبردن و سڕینەوە بوو، گەر بەشێوەیەکی واقیعی سەیری دۆخەکە بکەین، ئاساییە عێراق و سیاسییەکانی حسابێکی زۆر بۆ چەند وڵاتێکی وەک ئەمریکاو ئێران بکەن و لەهەموو پرۆسەیەکدا سەیری بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتانە بکەن، سروشتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەمڕۆدا ئەمە دەسەپێنێت، ئەوەی ئاسایی نییە، کردنی عێراقە بە «پاشکۆیەکی پەتی»و گەڕانەوەی بەردەوام و رەهایە بۆ ژێر فەرمانی جێنتڵمان و ئایەتوڵڵاو سوڵتانە نوێیەکان، بە منداڵێک کە دوور لە مامان و باوەپیارەو براگەورەکانی (ئەمریکاو ئێران و دراوسێکانی دی) ناژی، هەڵپەکردن بۆ دەسەڵات کۆمەڵێک بەهای سیاسیی سڕیوەتەوە، کە هەر وڵاتێکی خاوەن سەروەریی پێویستی پێیەتی. وابڕوات، لەدوای دیکتاتۆرییەت و تیرۆریزم، هێشتاش دەبێت شەرم لەوە بکەین، کە عێراقین چونکە ناوەکەی لە سایەی سیاسەتی سیاسییەکانییدا بارگاویی بووە بە مۆدێلێک لە نیۆ – کۆیلەیی.

## ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک:

# ساڵی رابردوو (٤٠) ملیار دیناری کەرکوک گەڕاوەتەوە بۆ بەغدا

**کەرکوک: رێباز محەمەد**

شێخ عەبدوڵڵا سامی عاسی، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لە کوتلەی عەرەبی، رایگەیاند: «لایەنی تەنفیزیی وردبین نییە لە جێبەجێکردنی پرۆژەکان، بەهۆی نەبوونی پلان بۆ دانانی پرۆژەو گەندەڵیی ئیداریی لە فەرمانگەکان، ناتوانن پرۆژەکان بە رێکوپێکی بەڕێوەببرێن»، ئەو ئەندامەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک وتیشی: «پێویستە حکومەت لێپرسینەوەی هەبێت بەرامبەر بەو فەرمانبەرانەی دەستدرێژیی دەکەنە سەر ماڵی حکومەت».

لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ رۆژنامە شێخ عەبدوڵڵا سامی عاسی، ئاماژە بە کەمیی بودجەی ئەمساڵی پارێزگای کەرکوک دەکات‌و دان بەوەدا دەنێت، کە بەهۆی بێپلانیی سەرفکردنی بودجەی کەرکوک، ساڵی (٢٠٠٩) بڕی (٤٠) ملیار دینار گەڕێنراوەتەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت «(٤٠) ملیار دینار گەڕێنرایەوە بۆ بەغدا، چونکە پلانێک نەبووە بۆ سەرفکردنی تا بزانرێت پرۆژەکان چۆن دابەشبکرێت، لەبەرئەوە بڕیارە کە هەر پارەیەک سەرفنەکرا، دەبێت بگەڕێنرێتەوە بۆ خەزێنەی دەوڵـــەت، بۆیە هەموو فەرمانگەکان بەرپرسن، لەبەرئەوەی وەکو وتم نەیانتوانیوە ئامادەکاریی بۆ پرۆژەکان بکەن تا ئەو بڕە پارەیە گەڕایەوە بۆ بەغدا».



عەبدوڵڵا سامی عاسی

ئەم لێدوانەی ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لەکاتێکدایە، کە پێشووتر سەرۆکی لیژنەی ئابووریی‌و دارایـی لـە ئەنجومەنی پـارێـزگـای کەرکوک لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەدا رەتیکردەوە، کە بودجە بۆ کەرکوک دابینکرابێت‌و گەڕێنرابێتەوەو لەکاتێکدا دانیشتووانی شارەکە، نیگەرانن لەوەی شارەکەیان لەڕووی خزمەتگوزارییەوە پشتگوێخراوە، لەوبارەیەوە عەبدوڵڵا سامی وتی: «کەمیی بودجە کاریگەریی لەسەر ئەو بارودۆخە هەیە، کە ئەو بودجەیە بەشی پـرۆژەکـان ناکات، ئەوەشی کە سەرفدەکرێت دەکەوێتە سەر لایەنی تەنفیزیی، کە وردبین نییە لە جێبەجێکردنی پرۆژەکان». هەروەها دەڵێت: «هەرچەندە بودجەی ئەمساڵی کەرکوک کەمەو بەشی پرۆژەکان ناکات، داوامـان لە حکومەت کردووە بودجەی کەرکوک زیـاد بکات، ئەگەر سەیری بودجەی شارەکە بکەیت لەگەڵ کەمیی خزمەتگوزاریی لە کەرکوک بەشی هیچ ناکات، بەڵام ئەمساڵ ئامادەکاریی کراوەو پێموانییە بودجە بگەڕێنرێتەوە بۆ بەغدا».

سـەبـارەت بە شەرعییەت نەمانی ئەنجومەنی پارێزگای کـەرکـوک، کە بەهۆی تێپەڕبوونی چوارساڵ بەسەر تـەمـەنـی ئـەنـجـومـەنـەکـە، عـەبـدوڵـڵا سامی وتـی: «یاساکان لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک دەمێنێتەوەو کاری خۆی دەکـات تا ئەو کاتەی بڕیارێک دەردەچێت بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، تا ئەو کاتە سەڵاحیەتی هەیە پرۆژەکان ئەنجامبدات‌و کارەکان لە پارێزگاکە بەڕێوەبەرێت، لە ئێستادا قبووڵی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک ناکەین، چونکە داوامانکردووە وردبینیی بکرێت لـە سەرژمێریی دانیشتووان‌و تـۆمـاری دەنـگـدەران، ئەویش پەیوەستکراوە بە خولی نوێی پەرلەمانی عـێـراق، کە لیژنە بۆ ئەو وردبینییە پێکدەهێنن، دوای ئەوکاتە هەڵبژاردن دەکرێت، ئێمە زانیاریمان هەیە لەسەر ئەوەی تەزویراتێکی زۆر هەیە لە «سجیلاتی نفوس» داوامانکردووە ئەو وردبینییە بکرێت‌و ئەو تەزویرانە لاببرێت، کەی ئەو وردبینییە تەواوبوو، ئەوکاتە ئامادەی هەڵبژاردنین».

شێخ عەبدوڵڵا سامی سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی هێزی هاوبەش کە پێکهاتووە لە هێزی فرەنەتەوەو هێزی پێشمەرگەو پۆلیسی عێراق وتی: «ئێمە سـەیـری (س)و (ص) ناکەین، ئێمە سەقامگیریمان دەوێت، ئەوەی ئاسایشی کەرکوک رادەگـرێـت ئێمە دەستی بۆ دەکەینەوە، ئێمە داوامانکرد پۆلیسی کـەرکـوک، کە لە هەموو نەتەوەکان پێکهاتووە ئـەوان ئاسایشی شارەکە بپارێزن، بڕیارمان وابوو سەقامگیریی شارەکە بە خەڵکی شارەکە بدرێت، ئەگەر بەشی نەکرد، دەرگا بکەینەوە بۆ خەڵکی کەرکوک کە بەشداریی زیادبوونی هێزەکە بکەن، کە ئەمە دەبـووە هۆی ئـەوەی ئاسایشی شارەکە دەدرایـەوە بە خەڵکی شارەکەو هەم دەبووە هۆی کەمبوونەوەی بێکاریی لە کەرکوک».

سەبارەت بەوەی کوتلەی عەرەبی پشتگیریی لە مانەوەی پێشمەرگە دەکەن لە کەرکوک، بە تەنیا وشەیەک وتی: «نەخێر».

---

# کورد سەرۆکی ئەنجومەن‌و جێگری پارێزگاری موسڵ وەردەگرێت

**راپۆرتی، ئارام شێخ وەسانی**

پاش ئەوەی هەریەکە لە لیستی حەدباو لیستی برایەتی نەینەوا لە تورکیا بەشداریی خولێکی رێکخراوێکی ئەمریکیان کردو هەندێک گفتوگۆی سەرەتاییان ئەنجامدا، دواتر لەبەغدا بە چاودێری نەتەوەیەکگرتووەکان‌و حکومەتی عێراق کۆبوونەوە، ئەگەرچی پێشتریش کـۆبـوونـەوەی لەوجۆرە ئەنجامدراوە، بەڵام ئەمجارە بەهۆی ئەوەی، کە لیستە سەرکەوتووەکان پێویستیان بەیەکە بۆ پێکهێنانی حکومەت لیستی حەدبا نەرمیی نواندووە لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستانەی، کە لە رابردوودا هەیبوو.

سەباح بابیری، بەرپرسی مەڵبەندی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە موسڵ بە رۆژنامەی راگەیاند: «لەمێژە گفتوگۆو دانیشتن‌و نزیکبوونەوە هەیە لەنێوان لیستی حەدباو لیستی برایەتی بەچاودێری ئەمریکاو حکومەتی عێراق‌و تورکیاو نەتەوەیەکگرتووەکان‌و چەندین دەستپێشخەری دیکە، بەڵام ئەمجارە جیاوازە، چونکە لەسەروبەندی پێکهێنانی حکومەتداین، لیستی عێراقییە دەیەوێت ئەو گرفتەی کورد نەهێڵێت، بۆیە هەست دەکەم لەئێستا هەردوو لیست دەیانەوێت رێکبکەون».

پاش ئەنجامدانی چەند دانیشتنێک خەسرەو گـۆران، سـەرۆکـی لیستی برایەتی نەینەوا لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند: «وتووێژەکان گرنگ بوون، هەروەها لێک تێگەیشتنی باش هەیە لەنێوان هەردوو لا، هەروەها باسی هەموو خاڵە ناکۆکەکان کـراوە، بەشێوەیەکی باش لە ئەنجام نزیکبووینەتەوە، بەڵام پێویستمان بەدانیشتن‌و گفتوگۆی زیاترە».

بەپێی ئەو زانیارییانەی، کە بڵاوکراونەتەوە هەریەکە لە لیستی حەدباو لیستی برایەتی هەندێک داواکاریی‌و مەرجیان خستووەتە روو بۆئەوەی دانیشتنەکان بەرهەمدارو ئیجابی بن، داواکارییەکانی لیستی حەدبا بریتییە لە ئازادکردنی بەندکراوە عەرەبەکانی زیندانی سوسێ، لە هەمان کاتدا لیستی برایەتی داوای پۆستی سەرۆکی ئەنجومەن‌و جێگری پارێزگار دەکات، هەروەها داوای مانەوەی هێزی پێشمەرگە دەکات، داواش دەکات سنوورەکان بگەڕێندرێنەوە بۆ پێش ساڵی (٢٠٠٣)، هەروەها قەرەبووی ئاوارەکانیش بکرێتەوە، سەبارەت بە داواکارییەکانی لیستی برایەتی دەرمان خەتاری، وتەبێژی لیستی برایەتی نەینەوا رایگەیاند: کە هیچ رێکەوتنێکی نووسراو واژۆ نەکراوە لەنێوان هەردوولا، دەرمان خەتاری، وتیشی: «پارێزگاری موسڵ نەرمیی نواندووە سەبارەت بە بەڕێوەبردنی کاروباری موسڵ بەشێوەیەکی هاوبەش هەروەها رەزامەندیی نیشانداوە بۆمانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە، لەلایەکی دیکەوە رافیع عیساوی، نوێنەری لیستی عیراقییە کارنامەیەکی پێشکەشکردووە، هەوڵدەدرێت ئەو کارنامەیە وەگەڕبخرێت».

هـەروەهـا لـەدوا کـۆبـوونـەوەدا بـڕیـاردراوە لیژنەیەک پێکبهێنرێت بـۆ بـەدواداچـوون‌و چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە مـاون، قاسم ساڵح ئەندامی لیستی برایەتی نەینەوا سەبارەت بە دواترین کۆبوونەوەو رێکەوتنەکان بۆ رۆژنامە وتی: «لەدوای چەند کۆبوونەوەیەک بە بەشداریی سەرۆکی هەردوو لیست‌و رافع عیساوی وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێم لەسەر کۆی خاڵەکان گەیشتینە رێکەوتن لەگەڵ لیستی حەدبا».

سەبارەت بە ناوەڕۆکی رێکەوتنەکە وتیشی: «ئێمە لەگەڵ لیستی حەدبا دوو لیژنەی هاوبەشمان پێکهێناوە، لیژنەیەکی ئیداریی‌و لیژنەیەکی ئەمنیی، بۆ بەدواداچوونی کارەکان، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە تائێستا رێکەوتنەکە تەنیا بەشێوەی زارەکیی‌و گفتوگۆبووە، بەشێوەی نووسراو هیچ رێکەوتنێک نەکراوە، واتا تەنیا ئەوە ماوە رێکەوتنەکە بکرێـتە نووسراو».

سەبارەت بە خاڵە بنەڕەتییەکانی لیستی برایەتی، کە داوای کـردووە، لیستی حەدباش رازیبووە، ئەو ئەندامەی لیستی برایەتی وتی: «ئێمە داوای پۆستی سەرۆکی ئەنجومەن‌و جێگری پارێزگارمان کردووە، هەروەها مانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە، گەڕانەوەی سنوورەکان بۆ پێش ساڵی (٢٠٠٣)، قەرەبووکردنەوەی ئاوارەکان، بەگشتیی ئەوان رازیبوون لەسەر داواکارییەکانی ئێمەو جەختیان لەسەر ئازادکردنی بەندکراوەکانیان کردەوە، کە لە هەرێمی کوردستانن».

---

# سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک داوای دامەزراندنی خەڵکی «غەیرە کەرکوکی» دەکات

**رۆژنامە**

بەپێی نووسراوێک، کە لە نووسینگەی رزگار عەلی، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکەوە دەرچووە ناوبراو، رەزامەندیی لەسەر دامەزراندنی (٢٨) هاوڵاتی بۆ فەرمانگەی تەندروستی پیشاندەدات، لەکاتێکدا بەپێی نووسراوی پارێزگار (٨) لەو کەسانە کوردنین‌و دانیشتووی کەرکوک نین‌و لە هەمانکاتدا پارێزگاری کەرکوک دامەزراندنی ئەو (٨) کەسە رەتدەکاتەوە.

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک (نووسینگەی سەرۆکی ئەنجومەن)، بە نووسراوی ژمارە (٨٥٨) لە (٢٠٠٩/٣/١٩)، کە کۆپییەکی لای رۆژنامەیە، بەئیمزای رزگار عەلی، سەرۆکی ئـەنـجـومـەن، نـووسـراوێـک بـەنـاونـیـشـانـی دامەزراندن ئاراستەی فەرمانگەی کـەرکـوک دەکـــات، کە وەڵامـــە بۆ نـــووســـراوی ژمـــارە (٤٧٨٠)ی فـەرمـانـگـەی تـەنـدروسـتـی لە (٢٠٠٩/٣/٨)، تێیدا دەنـووسـێـت: هیچ رێـگـریـیـەکـمـان نییە ئـەوەنـدەی پەیوەندیی بەئێمەوەیە بۆ دامەزراندنی ئەو کەسانەی ناویان هاتووە لـە فەرمانگەکەتان بەپێی رێنمایی‌و مەرجە یاساییەکان.

رەزامـەنـدیـی سـەرۆکـی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، لە کاتێکدایە بەپێی نووسراوێکی پارێزگاری کەرکوک (٨) لەو کەسانە غەیرە کەرکوکین‌و بەو هۆیەشەوە دانامەزرێنرێن.



هەروەک نووسینگەی پارێزگاری کەرکوک، بە نووسراوی ژمارە (١٠٢١/٨) لە (٢٠٠٩/٣/١٦)، کە بۆ فەرمانگەی تەندروستی کەرکوکی ناردووەو ئیمزای عەبدولڕەحمان مستەفای پارێزگاری پێوەیە، دەڵێت: «رەزامەندین لەسەر دامەزراندنی ئەو کەسانەیان ناویان هاتووە بەپلەی (ممرضين فنيين متدربي)، لەسەر میلاکی فەرمانگەکەتان لەبەرئەوەی دانیشتووی راستەقینەی پارێزگای کەرکوکن، بەڵام ناوەکانی ژمارە (٨و١٧و١٩و ٢٠و ٢٣و ٢٥و ٢٦و ٢٧)، بەپێی رێنماییەکان نارازین لەسەر دامەزراندنیان، لەبەرئەوەی ئەسڵەن دانیشتووی کەرکوک نین».

ئەو هەشت کەسەش، بریتین لە: قەیس نسار عوبێد، هەیسەم عیزەدین عەبدولباقی، لیقاو حافز حەیدەر، مەروان ئەحمەد جادوڵا، عەدنان داود سەلمان، حسێن غالیب حسێن، عیسام عەباس جاسم، زوهێر حسێن ساڵح.

عەبدولڕەحمان مستەفا، پارێزگاری کەرکوک ئەوەی بۆ رۆژنامە روونکردەوە، کە لە سنووری پارێزگای کەرکوک خەڵکی غەیرە کەرکوک دانامەزرێنن. وتیشی: «دوای ئـەوەی فەرمانگەی تەندروستی داوای دامـەزرانـدنـی ئـــەو (٢٨) کەسەی کرد، رەزامەندییمان لـەسـەر (٢٠) کەسیان دەربڕی، بەڵام (٨) کەسیان خەڵکی کەرکوک نەبوون، بۆیە رەتمانکردنەوە».

# کونسوڵی تورکیا: گڵۆپی سەوز بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان داگیرساوە

# پەکەکە: گومانمان هەیە لەکردنەوەی کونسوڵخانەی تورکیا لە هەولێر

راپۆرتی: رۆژنامە*

لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا، ئایدن سەلجەن، کونسوڵی گشتیی تورکیا لە هەرێمی کوردستان رایگەیاند: «لە ئایندەیەکی نزیکدا کونسوڵخانەکەیان لە هەولێر دەکەنەوە». لە بەرامبەریشدا بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەکەکە، ئاماژە بەوەدەکات؛ گومانیان لە ئامانجە شارەواکانی دەوڵەتی تورکیا لە هەرێم هەیە.

لەگەڵئەوەی تائێستا دەوڵەتی تورکیا بە فەرمیی دان بەئیدارەی هەرێمی کوردستانی عێراق نانێت، بەڵام ئێستا هەستدەکرێت ئاهێک بەبەر پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی ئەو دەوڵەتەو هەرێمدا کراوەتەوە، هەرچەندە نازانرێت هەبوونی هێزەکانی پەکەکە لەناوچە شاخاوییەکانی هەرێم چارەنووسی ئەو پەیوەندییە کەمە بەچی دەگەیەنێت؟ هاوکاتیش چاودێران جەخت لەوە دەکەنەوە، تورکیا بەرژەوەندیی گەورەی لە عێراق هەیەو ئەو بەرژەوەندییەش وادەخوازێت پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێم بەرەوپێش ببات، لەو ناوەندەشدا بەرپرسانی پەکەکە ئەوە ناشارنەوە، هەبوونی ئەو کونسوڵخانەیە لە هەولێر کاریگەریی بۆ سەر جموجۆڵەکانی گرووپەکەیان دەبێت.

ئەحمەد دەنیز، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەکەکە، بە رۆژنامەی راگەیاند: «دژی هیچ پەیوەندییەک نین، بەتایبەت ئەگەر هەوڵبدرێت لەرێگەی دیموکراتیی‌و دیالۆگەوە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی کورد بدرێت، بەڵام دەوڵەتێک کە تائێستا نایەوێت بەرەسمیی کورد بناسێت‌و لە فەرهەنگی بەرپرسانی ئەو دەوڵەتە ناوی کوردستان قەدەغەبێت، بێگومان ئەو هەوڵە دیبلۆماسیانە بۆ چارەسەری کێشەی کورد راست نین‌و ئامانجی شارەوەیان لەپشتە، هەربۆیە ئێمە بەگومانەوە سەیری کردنەوەی ئەو کونسوڵخانەیە دەکەین».

ئەم قسەیەی ئەو بەرپرسەی پەکەکە لەکاتێکدایە، ئایدن سەلجەن، کونسوڵی گشتیی تورکیا لە هەرێمی کوردستان لە کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەی هەولێر، کە رۆژی پێنجشەممە (٢٠١٠/٤/٨) بەرێوەچوو، سەبارەت بەناوهێنانی کوردستان رایگەیاندبوو: «ئەگەر نووسراوم بۆ بێت‌و لەسەرەوەی نووسرابێت هەرێمی کوردستانی عێراق، واتە ناوی عێراقی لەسەربێت واژۆی دەکەم».

کونسوڵەکەی تورکیا لە هەرێم ئاماژەی بەوەشکردبوو حکومەتی هەرێم لەکردنەوەی ئەو کونسوڵخانەیە زۆر هاوکاریان بوون‌و کردنەوەی کونسوڵخانەکەشی وەک گڵۆپی سەوز وەسفکرد بۆ چارەسەرکردنی کێشە سنوورییەکان‌و بۆردوومانی وڵاتەکەی بۆ خاکی هەرێم، وتیشی: «هیچکاممان بۆ خێری یەکتر کارناکەین، تورکیا دەیەوێت لەرووی دیموکراسییەوە بەرەوپێشبچێت‌و بۆ هەرێمیش هانی زیاتری کۆمپانیا تورکییەکان دەدەین بۆ وەبەرهێنان‌و کردنەوەی ناوچەیەکی بازرگانیی ئازاد لە باکووری عێراق».

کردنەوەی کونسوڵخانەی تورکیا لە هەولێر بە چوارەم کونسوڵخانەی ئەو وڵاتە دێت، دوای هەبوونی هەریەک لە کونسوڵخانەکانی بەغداو بەسرەو موسڵ، بەمەش تورکیا دەیەوێت بە هەژموونێکی دیبلۆماسی بەهێزەوە لە جومگە سەرەکییەکانی عێراقدا بەرگریی لە بەرژەوەندیی خۆی بکات بەرامبەر دەوڵەتەکانی دیکەی ئیقلیمیی.

لەوبارەیەوە ئەحمەد دەنیز، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەکەکە وتی: «کێشەی کەرکوک‌و موسڵ بەلای تورکیاوە مێژووییە، هێزەکانی دیکەش وەکو ئێران‌و سوریاو ئەمریکا لەسەر خاکی عێراق‌و هەرێم بەرگریی لە ئامانجەکانی خۆیان دەکەن‌و هەر لایەنێک دەخوازێت ئامانج‌و بەرژەوەندیی‌و کاریگەریی تایبەتی خۆی لەعێراقدا هەبێت، لەو چوارچێوەیەشدا تورکیا واز لە موسڵ‌و کەرکوک ناهێنێت، بۆیە ئەوان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان دێن، نەک بەرژەوەندیی عێراقیی، یان کوردی».

ئەحمەد دەنیز، بڕوای وایە؛ کردنەوەی ئەو کونسوڵخانەیە لە هەرێمدا، کاریگەریی لەسەر جموجۆڵەکانی گەریلاکانی پەکەکە دەبێت، بەتایبەتیش لە دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانیش دانیشتنی سێ قۆڵی (ئەمریکا، تورکیاو عێراق) دژ بە جموجولەکانی پارتەکەیان ئامادەیی هەیە، وتیشی: «دوای کردنەوەی ئەو کونسوڵخانەیە بێکار دانانیشێت، بەڵکو کارێک دەکات، بۆ ئەو کارەشی دەوڵەتی تورکیا پەیوەندیی بە هەر کەسێکەوە دەکات بۆ ئەوەی پەکەکە بێهێز بکات، بیریشتان نەچێت ئەم پەیوەندییەی تورکیا لەگەڵ هەرێمدا دوای ئەوە دێت، حکومەتی ئەردۆغان بێ ئەمەل بوون لەوەی بەهێزی چەکداریی سەرکەوتن بەسەر پەکەکەدا بەدەستبهێنن، بۆیە ئێستا بەرێگەیەکی دیکە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ باشوور درێژە پێدەدەن».

*** دلێر عەبدولخالق، ئارام شێخ وەسانی‌و ئاوارە حەمید بەشدارییان لە ئامادەکردنی ئەم راپۆرتەدا کردووە**



ئایدن سەلجەن، کونسوڵی تورکیا لە هەولێر



ئەحمەد دەنیز

# وەرزێکی نوێی ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا لە سنووری هەرێم

راپۆرتی: ئارام شێخ وەسانی



یەکەم ئۆپەراسیۆنی سوپای تورکیا دژ بە پەکەکە لەساڵی (١٩٨٣)دا بووە، بەپێی زانیاریی سایتە تورکییەکان، کە راستەوخۆ لە سایتی ملیلتەری تورکی وەرگیراون، لەوکاتەوە تائێستا تورکیا زیاتر لە (٢٥) ئۆپەراسیۆنی ئەنجامداوە، دواجار لە پەسەندکردن‌و رێگەدان بە سوپا بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن لە پەرلەمانی تورکیا، لە (٢٠٠٧/١٠/١٦) بە زۆرینەی دەنگ بڕیاری ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای تورکیا دژ بە چەکدارانی پەکەکە لە خاکی هەرێمی کوردستان پەسەندکرا، دوای بەسەرچوونی ئەو ماوەیە جارێکی دیکە لە (٢٠٠٨/١٠/٨) پەرلەمانی تورکیا بە زۆرینەی (٤٩٧) دەنگ ماوەی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکانی درێژکردەوە، جگە لەم بڕیارەی پەرلەمان، تورکیا رەزامەندیی ئەمریکاشی وەرگرتووە بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکانی، بەمجۆرە سوپای تورکیا لەماوەی رابردوودا چەندینجار سنووری هەرێمی کوردستانی بەزاندووە، ئێستا دوای ئەوەی چەندین گۆڕان لە ئاستی سیاسیی ناوچەکەدا روویداوە، تورکیا هێزو سوپایەکی زۆری لە سەر سنووری هەرێمی کوردستان کۆکردووەتەوە، بەپێی لێدوانی بەشێک لە بەرپرسان‌و شرۆڤە سیاسییەکان، تورکیا نیازی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێکی هەیە لەم بەهارەدا.

لە ئێستادا وێڕای ئەو پەیوەندییە گەرموگوڕانەی نێوان عێراق‌و تورکیاو هەرێمی کوردستان‌و تورکیا، سوپای تورک بە ژمارەیەکی زۆرەوە لەسەر سنووری هەرێمی کوردستان کۆبووەتەوەو رێژەیەکی تەواوی پێداویستی سەربازیی لە ئامادەباشیدایە، لە لایەکی دیکەوە پەیوەندیی دیبلۆماسی نێوان هەرێمی کوردستان‌و تورکیا لە لوتکەدایە، هەم لە رووی رۆشنبیرییەوە هەم لە رووی بازرگانیی‌و سیاسییەوە، لەلایەکی دیکەوە بەشێوەی داخراو کوبوونەوەو راگۆڕینەوەو لێکنزیکبوونەوە بەردەوامە لەنێوان سیاسییەکانی هەرێم‌و ئەنقەرەدا، بەڵام ئەمساڵیش بەهەمانشێوەی ساڵی پار کۆبوونەوەی ئەو هێزانە مەترسی دروستکردووە، ئەگەرچی لە ئێستادا ئەردۆغان‌و حیزبەکەی لە بارودۆخێکی تایبەتدان، کە هەوڵی گەورە هەیە بۆ هەمواركردنی دەستووری وڵات، لەناو ئەو هەموارکردنانەشدا هەوڵ هەیە بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی سوپا، بۆیە لە ئێستادا پەیوەندیی نێوان سوپاو حکومەت یاخود سوپاو ئەردۆغان لە ئاستێکی ناجێگیردایە.

هێمن میرانی، مامۆستای زانکۆو شارەزا لە کاروباری تورکیا، بۆ رۆژنامە وتی: «کۆکردنەوەی سوپا لەم وەرزەدا بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە، یەکەمیان نیشاندان‌و خۆدەرخستنی سوپایە لەمکاتەدا، کە چەندین گۆڕانکاریی سیاسیی لە تورکیا لە ئارادان، بەتایبەت هەموارکردنی دەستوور, واتە سوپا بەردەوام دەیەوێت هەیمەنەی خۆی بپارێزێت، هۆکارێکی دیکە ئەوەیە، کە لە وەرزی زستاندا سوپا ناتوانێت وەک پێویست شەڕ بکات، لەم وەرزەدا بارودۆخ لەبارترە بۆ رووبەڕووبوونەوەی چەکدارانی پەکەکە».

بەهاری ئەمساڵیش سوپای تورکیا بەشێوەیەکی چڕ کەوتووەتە جموجۆڵ‌و چالاکیی دژ بە چەکدارەکانی پەکەکە، ئەمساڵیش وەک ساڵانی رابردوو رێژەیەکی زۆر لە سوپای تورکیا بە درێژایی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا کۆبوونەتەوە، سەرچاوەکانی هەواڵ لە تورکیا ئەوەیان بڵاوکردەوە، کە زۆرترین ئەو هێزانە بە درێژایی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ شاری هەکاریی‌و دەوروبەری کۆبوونەتەوە، شارەزایانیش بۆچوونیان وایە سوپای تورکیا دەکەوێتەوە شەڕێکی توند لەگەڵ چەکدارەکانی پەکەکە.

سەرچاوەیەک لە هێزی پاسەوانی سنووریی ئەوەی بە رۆژنامەی راگەیاند: «لەچەند رۆژی رابردوودا چەند فڕۆکەیەک بۆردومانی چەند ناوچەیەکی نزیک لە شاری زاخۆیان کرد، بەڵام هیچ زیانێکی گیانیی لێنەکەوتەوە، ئێمە وەک هێزەکانی پاسەوانی سنوور ئاگاداری بارودۆخەکەین».

لەماوەی هەفتەی رابردوودا دووجار بەخەستی تۆپبارانی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان دەستیپێکردووەتەوە لە ناوچەی گوندەکانی سنووری زاخۆو دەوروبەری، بەڵام حکومەتی هەرێم لێدوانی رەسمیی سەبارەت بە دەستپێکردنەوەی بۆردومانکردنی سنوورەکانی هەرێم نەداوە.

# وەزارەتی دارایی مووچەی مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتی لەچی دەدات؟

راپۆرتی: رۆژنامە

وەزارەتی دارایی بەدەر لە هەر رێنمایی‌و یاسایەک‌و لە دەرەوەی ئەو بەخشینەی بۆ حیزبەکانی سەرف دەکات، مووچەی کارمەندانی ناوەندی راگەیاندنی یەکێتی دەدات، شارەزایەکی ئابووریش پێیوایە؛ ئەمە گەورەترین گەندەڵییە بە بودجەوە دەکرێت‌و داوا لە پەرلەمانتاران دەکات هەڵوێستیان هەبێت و بزانن کە وەزارەت ئەو بودجەیە لەچی سەرف دەکات..

بەڕێوەبەرێتی کاروباری رێکخراوەکان، کە لە رێگەیەوە حکومەت بودجەی رێکخراوەکان‌و ناوەندی راگەیاندنی حیزبەکانی دەدات، لەو کاتەی عومەر فەتاح، جێگری سەرۆکی حکومەت بوو هەڵوەشێنرایەوەو دواتر، کە عیماد ئەحمەد، بووە جێگری سەرۆکی حکومەت ئەو بەڕێوەبەرێتییە دروستکرایەوەو خرایەوە سەر حکومەت، دواتر لەکاتی پێکهێنانی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم جارێکی دیکە دووبارە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەو بەڕێوەبەرێتییە درا.

لەدوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو بەڕێوەبەرێتییە لە مانگی نیسانی (٢٠٠٩) دا ئەو حیزب‌و رێکخراوانەی بودجەیان لە بەڕێوەبەرێتی رێکخراوەکان وەردەگرت، هەموو بودجەکەیان راگیرا، بەڵام تائێستا مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی یەکێتی، هەر لە وەزارەتی دارایی بودجە وەردەگرن.

سەرچاوەیەکی بەرپرس لە وەزارەتی دارایی ئەوەی بۆ رۆژنامە ئاشکرا کرد، کە لە ئێستادا وەزارەتی دارایی لەڕێگەی لیژنەیەکی تایبەتەوە مووچەی کارمەندانی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی یەکێتی سەرف دەکات‌و کارمەندەکانیش بەناو کراونەتە فەرمانبەری حکومەت‌و پلەی تایبەتیشیان پێدراوە، بەڵام هیچ مافێکی فەرمانبەری حکومییان نییە.

سەبارەت بە هۆکاری سەرفکردنی ئەو مووچانە بەتەنیا بۆ فەرمانبەرەکانی راگەیاندنی یەکێتی، سەرچاوەکەی وەزارەتی دارایی بە رۆژنامەی وت: «لەبەر ئەوەی دارایی گشتیی یەکێتی ئامادە نەبووە پارەی کارمەندەکانی بدات، وەزارەتی دارایی بڕیاریداوە وەک یارمەتی مووچەکانیان بۆ سەرف بکات، تا ماوەیەکی دیاریکراو».

هاوکات، یەکێک لە کارمەندەکانی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان بە رۆژنامەی راگەیاند: ئەوان پێیان وتراوە بوونەتە فەرمانبەری حکومەت‌و مانگانەش خانەنشینییان لێدەبڕدرێت‌و لەگەڵ هەر قەرزێکی حکومەت، کە لایان بێت وەک سلفەی عەقار»، ئەمە جگە لەوەی لەماوەی رابردوودا، کە هەر بەناو کرابوونە فەرمانبەری حکومەت، مانگانە خانەنشینییان لێدەبڕدرا کەس نازانێت ئەو پارەیە بۆکوێ چووە، چونکە دوای گەڕانەوەیان بە مانگێک بۆسەر بودجەی حیزب‌و دواتر خستنەوەیان دووبارە بۆ سەر حکومەت ئەو خانەنشینیەی چەند ساڵ داویانە، فەوتاوەو ئێستا لە سەرەتاوە دەستپێدەکەنەوە».



فۆتۆ: PUK Media

بە فەرمانبەر ناساندنی ئەو کارمەندانەی راگەیاندنی یەکێتی لە کاتێکدایە، کە هیچ بەڵگەنامەو نووسراوێکیان بۆ دامەزراندن لێداوانەکراوە، واتە بەپێی یاسای خزمەتی مەدەنی دانەمەزراون‌و ئەو پلەیەی هەیانە هی حیزبەو بەرامبەر کراوە بە بەپلەیەکی حکومیی‌و مووچەیان بۆ سەرف دەکرێت، ئەمە لە کاتێکدا کە سەرچاوەکەی وەزارەتی داراییش جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە بەهیچ شێوەیەک ئەو کارمەندانە حکومیی نین.

لە هەمان کاتدا، سەدان کەسی دیکەیان هەیە لەنێو مەکتەبەکانی یەکێتی کە مووچەخۆری حکومەتن‌و بۆ حیزب تەفەروغیان پێکراوەو سەیر لەوەدایە کە خۆشیان نازانن چارەنووسیان چی لێدێت‌و مووچە لە کوێ وەردەگرن‌و چەندە؟

ئازاد تۆفیق ئەندامی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە لێدوانێکدا جەختی لەوەکردەوە، کە نازانێت مووچەکەی چەندەو لە کوێ مووچەکەی پێدەدرێت لە بەڕێوەبەرێتی رێکخراوەکانە، یان مەکتەبی رێکخستن.

ئەو ئەندامەی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی یەکێتی وتیشی: «خۆم مامۆستام و بۆ کاری حیزبیی تەفەروغم پێکراوەو نازانم ئەگەر لەم مەکتەبە دەرچم ئەو چەند ساڵەم وەک خزمەتی مامۆستایی بۆ سەرف دەکرێت یان نا».

هاوار شێخ رەئوف، شارەزای ئابووری پێیوایە، ئەو کارەی وەزارەتی دارایی، بەکارهێنانی بودجەی گشتییە بۆ بەرژەوەندیی حزبیی‌و، بە گەندەڵییەکی گەورە دادەنرێت‌و وتی: «یەکێتی‌و پارتی کە حکومەتیان پێکهێناوە، پێگەی خۆیان بەکارهێناوە تا مووچەی کادیرەکانیان لە بودجەی گشتیی دەوڵەت بۆ سەرف بکرێت، ئەمە لەڕووی یاسایی‌و داراییەوە گەورەترین گەندەڵیی داراییە، چونکە مەرجی خەرجکردنی بودجەی گشتیی بریتییە لە هێنانەدی بەرژەوەندیی‌و سوودی گشتیی، نەک هێنانەدی سوودی حیزبێک، هەربۆیە کاتێک وەزارەتی دارایی، کە وەزیرەکەی یەکێتییەو ئەو بودجەیە بۆ کادیرانی راگەیاندنی یەکێتی بەناوی فەرمانبەری حکومەتەوە سەرف دەکات، کە ئەو فەرمانبەرە سوودی بۆ یەکێتی هەیەو لە خزمەتی حیزب‌و بۆ بانگەشەکردنی حیزب بەکاردەهێنرێت، ئەوا جێگەی خۆیەتی لێپێچینەوە لەم مەسەلەیە بکرێت».

بەخشینی بودجەی ساڵانەی حزبەکان‌و دواتر بەخشینی (٩٠) ملیار دیناری بودجەی حکومەت لەسەرەتای ئەمساڵەوە بۆ حیزبەکان‌و مامەڵەکردن بە دیاریکردنی رێژەکەی لەنێوان یەکێتی‌و پارتی، لەکاتێکدایە کە هێشتا نە یاسای بودجەی حیزبەکان‌و نە بودجەی (٢٠١٠) پەسەند نەکراوە.

سەرەڕای ئەو بەخشینەش کە یەکێتی‌و پارتی لە حکومەت وەریدەگرن، مووچەی کارمەندانی راگەیاندنیان بە حکومەت دەدەن، کە پارتی‌و یەکێتی نزیکەی (٢٠) هەزار کارمەندی راگەیاندنیان هەیەو هەموویان کراونەتە فەرمانبەری حکومەت. وەزارەتی دارایی «بەناو»ی فەرمانبەرەوە مووچەکانیان بۆ سەرفدەکات.

سەبارەت بە پێدانی مووچەی کارمەندانی راگەیاندنی حزب لەسەر بودجەی وەزارەتی دارایی، رۆژنامە پەیوەندیکرد بە لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستانەوە کە تاچەند ئەوان تاچەند ئاگاداری ئەو بەهەدەربردنەی بودجەی حکومەتن، بەڵام هیچ ئاگاداری‌و بەرچاوروونییەکیان لەبارەیەوە نەبوو.

هاوار شێخ رەئوف، شارەزای ئابووریی دەڵێت: «دەکرێت بپرسین، کوان ئەو پەرلەمانتارانەی بە دەنگی هاوڵاتییان چوونە پەرلەمان، بۆ پەرلەمانتاران بە لیستە ئۆپۆزسیۆنەکانیشەوە لەئاست ئەم بەهەردەربردنە ئاشکرایەی پارەی حکومەت بێدەنگن؟! کوا لیژنەی نەزاهەی پەرلەمان، کەی هەڵوێستان دەبێت بەرامبەر ئەو دەسەڵاتەی، کە بودجەی خەڵکی هەژار بۆ بەرژەوەندیی حیزبی بەهەدەر دەبەن»..

---

## ئیبراهیم محەمەد:

# ئەوانەی لەبەغدا پۆستیان وەرگرتووە، وەک کورد کاریان نەکردووە

سازدانی: هەنگاو هاشم

**ئیبراهیم محەمەد، مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سەلاحەدین، پێیوایە؛ لە رابردوودا دەسەڵاتدارانی کورد لە بەغدا ئەوەندەی گوتارێکی حیزبییان هەبووە، گوتارێکی نەتەوەییان نەبووە. ئاماژە بەوەشدەکات؛ ئەو کوردانەی پێشتر پۆستیان لەبەغدا وەرگرتووە، وەک عێراقییەک کاریانکردووە نەک وەک کوردێک کە بەرپرسیارێتی مافەکانی لەئەستۆدا بێت.**

**رۆژنامە: چوونی کورد بۆ بەغدا بە یەکگرتوویی تاچەند کاریگەریی دەبێت لە داکۆکیکردن لە مافەکانی؟**

* کورد بۆ ئەوەی زۆرترین مافەکانی بەدەستبهێنێت لە بەغدا، پێویستە یەکگرتووبێت‌و لەیەک سەنگەردا هەموو لیستەکان داکۆکیی لە مافی کورد بکەن، بۆئەوەی بەرامبەرەکان لە پارت‌و لایەنە عێراقییەکان، لەوە تێبگەن جیاوازی لیستەکان لە هەرێمی کوردستان نابێتە هۆی سازشکردن لەسەر مافەکانیان، نموونەی لەمجۆرەمان هەیە، کاتێک پارتێک لەسەر مێزی گفتوگۆ بووە لەگەڵ بەغدا، تاکلایەنانە بەبێ پارت‌و لایەنەکانی گۆڕەپانەکەو لەهەمانکاتدا جگە لەو پارتە پارتەکانی دیکە لە سەنگەری شەڕدا بوون لەگەڵ رژێمی بەغداو کاریگەریی نێگەتیڤی هەبووە لەسەر داخوازیی رەوای نەتەوەکەمان.

**رۆژنامە: لە چ کاتێکدا پێویستە کورد یەک گوتاری سیاسیی هەبێت، کەی پێویستە جیاواز بێت؟**

* هیچ کاتێک نییە فرەگوتاریی لە بەغدا خزمەت بە نەتەوەی کورد بکات، بەڵام لیستە براوەکان هەریەکەیان لیستی جیاوازیان هەبووە، کەواتە لەهەندێک رووەوە لەیەک جودان، بۆیە دەبێت ئەم جوداییە لەچوارچێوەی کێبڕکێدا بێت‌و نەگاتە ئاستی ململانێ‌و پاکتاوکردنی یەکتری، بۆیە دەبێت پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان لەبەرامبەر کارەکانی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار لەناو هەرێمی کوردستان جیاواز بن‌و هەوڵی ئەوە بدەن باشترین کارو باشترین نموونەی ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمدا پێشکەش بکەن‌و پرۆسەی دیموکراسی بەرەوپێش بەرن، بەڵام بۆ مەسەلە چارەنووسسازەکان پێویستە هەمیشە کورد یەکدەنگ بێت‌و نەهێڵێت جیاوازییان ببێتە هۆی ئەوەی نەیارەکانی کورد سوودی لێوەربگرن.

**رۆژنامە: ئەو پۆستانە کامانەن کە پێویستە کورد هەوڵی بەدەستهێنانیان بدات، چۆن دەتوانێت پێگەی خۆی بەهێز بکات لە عێراق؟**

* گومان لەوەدا نییە دەبێت کورد بەشداریی بکات لە پێکهێنانی حکومەتداو هەموو لایەنە عێراقییەکان ئەو راستییە دەزانن، بە بەشدارینەکردنی کورد لە پێکهێنانی حکومەتدا بارودۆخی وڵات بەرەو خراپیی دەڕوات، بۆیە هەموو لایەنەکان هەوڵی ئەوە دەدەن پشتگیریی کورد بۆ خۆیان بەدەستبهێنن لەپێکهێنانی حکومەتدا، لێرەوە پێویستە کورد داوای ئەو پۆستانە بکات کە کاریگەریی لەسەر مافەکانی کورد هەیە، بەتایبەت دەبێت یەکێک لە سەرۆکایەتییەکان بەدەستبهێنێت، ئەوەی ئێستا کورد جەختی لەسەر دەکاتەوە، بریتییە لە سەرۆکایەتی کۆمار، بەڵام لێرەدا دەبێت سەرکردایەتی کورد لەپێناو ئەو پۆستەدا سازش لەسەر بەدەستهێنانی مافەکانی نەکات، چونکە پێویستە هەموو پۆستەکان لەپێناو بەدەستهێنانی مافەکاندا بن، ئەگەر بەپێچەوانەوە بێت‌و بەدەستهێنانی پۆستەکان ئەولەویەتی زیاتری پێبدرێت لەبەرامبەر مافەکاندا، ئەوا زیانێکی گەورە لە کورد دەدرێت، بۆیە ئەگەرهاتوو کورد ئامانجی ستراتیژیی خۆی لەبەرامبەر پۆستەکان نەگۆڕییەوە، ئەوا پێگەی بەهێزدەبێت، بۆیە پێویستە هاوسەنگی بکرێت لەنێوان چەسپاندنی مافەکان‌و جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)و پۆستە گرنگەکان.

**رۆژنامە: لە رابردوودا کورد لە رێگای ئەو پۆستانەی هەیبووە توانیویەتی چی بکات‌و چی بەدەستبهێنێت؟**

* لە سەرەتاوە دەمەوێت ئەوە روونبکەمەوە ئەوانەی پۆستیان وەرگرتووە لە بەغدا، وەک عێراقییەک کاریانکردووە نەک وەک کوردێک، کە بەرپرسیارێتی مافەکانی لەئەستۆدا بێت، کاتێک کەسێک لەناو حکومەتێکدا دەبێت، ئەگەر نەتوانێت لەناو ئەو هەموو گۆڕانکارییانەدا هاوسەنگی رابگرێت‌و لە خزمەت پرۆژەی کوردیدا بێت، ئەوا پێویستە پێداچوونەوەیەک بۆ خودی خۆی‌و پۆستەکەی بکاتەوە، بۆیە ئەوەی بینیمان لەو بەڕێزانەی پۆستی گرنگیان بەهۆی کوردەوە وەرگرت، تەنانەت نەیانتوانی مەسەلە هەڵواسراوەکانی نێوان بەغداو هەرێم بە ئاڕاستەی باشدا بەرن‌و کاریگەریی ئیجابیی لەسەر ئەو کەسانە دروستبکەن کە رێگرن لەبەردەم جێبەجێکردنی ئەو بەندە دەستوورییانەی کە لە بەرژەوەندیی گەلی کوردایە.



**رۆژنامە: پێتوایە کورد لە رابردوودا گوتارەکانی حیزبیبوون زیاتر، یان گوتارێکی نەتەوەیی بوون؟**

* ئەوەی جێگەی داخە ئەوەیە تائێستا کورد خاوەن گوتارێکی یەکگرتوو نییەو نەیتوانیوە گوتارێکی وەها دروست بکات گوزارشت بێت لە خۆزگەو داواکارییەکانی نەتەوەی کورد، لەبەرامبەردا گوتاری حیزبیی زۆر زاڵ بووە لەو ناوەندانەی کە کەسایەتی کوردی تێدا بووە، دوای تێپەڕبوونی حەوت ساڵ بەسەر رووخانی رژێمی بەعس‌و دروستبوونی بارودۆخێکی سیاسیی نوێ لە عێراقدا، دەبینین پارتە دەسەڵاتدارەکان هێندەی گوتارێکی حیزبییان هەبووە، هێندە گوتاری نەتەوەییان نەبووە، بەڵێ بەناوی هاوڵاتییانی هەرێمەوە هەردووک پێکەوە بەیاننامەی سێ قۆڵیی‌و چوارقۆڵییان لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی عێراقدا واژۆکردووە، بەڵام ئەوە گوزارشت بووە لە بیروبۆچوونی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار، ئەگەر گوتاری نەتەوەیی بوایە، دەبوو پەرلەمانی کوردستان کە نوێنەری راستەقینەی کوردە بەندەکانی ئەو رێکەوتننامەیەی تاووتوێ بکردایەو پاشان بە زۆرینەی دەنگ پەسەند بکرایە، ئەوکات دەبوو بە گوتاری یەکگرتووی کوردی، لەسەرو ئەمەشەوە ئەوە نەبێت هەردوولا پێکەوە یەک گوتاریان هەبووبێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە گوتاری پێچەوانەیان هەبووە، بۆیە دەتوانم ئەوە بڵێم لە رووانگەی ئەو بارودۆخەی لەماوەی دوای رژێمی بەعس هاتووەتە بوون، کوردو پارتە کوردییەکان نەیانتوانیوە بیسەلمێنن کە خاوەن گوتاری یەکگرتوون‌و بەرژەوەندیی گەل لەپێش بەرژەوەندیی حیزب‌و کەسەکانەوەیە.

# (٢٠٠) پەرلەمانتاری عێراق بە (٧) ملیۆن دینار خانەنشین دەکرێن

راپۆرتی: سەنگەر جەمال

**زیاتر لە (٢٠٠) پەرلەمانتاری عێراق بە مووچەی (٧) ملیۆن‌و (٥٠٠) هەزار دینار خانەنشین دەکرێن، ئەندامێکی خولی پێشووش دەڵێت: «دەبێت یاسایەکی تایبەت دەربچێت بۆ دیاریکردنی مووچەی پلە تایبەتەکان، چونکە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بڕیار لەسەر ئەو مووچەیەی ئێستا دراوە، جگە لەوەش دەبێت یاسایەکی دیکە دابنرێت بۆ مووچەی سەرۆک کۆمارو سەرۆک وەزیران‌و سەرۆکی پەرلەمان، کە یەک پلەن».**

سامی ئەتروشی، ئەندامی لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە رایگەیاند: «لە کۆی (٢٧٥) ئەندام، زیاتر لە (٢٠٠) ئەندامی پەرلەمانی پێشوو، کە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەراندا خۆیان کاندید نەکردەوە، یان دەرنەچوون، بە مووچەی (٧) ملیۆن‌و (٥٠٠) هەزار دینار خانەنشین دەکرێن، ئەوەش بەپێی یاسای ژمارە (٥٠)ی ساڵی (٢٠٠٧) کە لە پەرلەمان دەرچووەو پشت بە یاسای جەمعیەی وەتەنی دەبەستێت.

ئەتروشی، وتیشی: «یاسایەکی تایبەت نییە مووچەی پەرلەمانتاران‌و پلە تایبەتەکان دیاریی بکات، پێموایە؛ کەمتەرخەمییەک هەیە لەلایەن پەرلەمانەوە، کە یاسایەکی تایبەت بۆ دەستنیشانکردنی مووچەی پەرلەمانتاران دەرنەچووەو تائێستا پشت بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران‌و دەستوور دەبەسترێت، کە مووچەی ئەندام پەرلەمانی عێراقیی وەک وەزیر دەبێت».

لەوادەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران‌و لە (٣/١٥)ی ئەمساڵەوە مووچەی ئەندامانی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق وەستێنراوەو مامەڵەکانیشیان بۆ خانەنشینی راگیراوە، ئەندامەکەی لیژنەی دارایی لەوبارەیەوە وتی: «تائێستا تەعلیمات دەرنەچووە بۆ خانەنشینکردن‌و پێدانی مووچە، چونکە جیاوازیی لەوەدا هەیە، ئایا لەوادەی (٣/١٥)وە، کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێی نوێنەران کۆتایی پێدێت، یا نا، ئەوە ساغ نەبووەتەوە، بۆیە مووچەی پەرلەمانتاران تا ئەو وادەیە خەرجکراوە».

هۆکاری ئەوەشی بۆ دەستبەکارنەبوون‌و سوێند نەخواردنی ئەندامانی نوێی پەرلەمان گەڕاندەوەو ئەوەی خستەڕوو؛ کە چاوەڕێی دادگای فیدراڵیی دەکەن‌و وتیشی: «ئەوە هۆکاری راگرتنەکەیە تائێستا، بەڵام بڕیاردراوە یەکلایی ببێتەوەو لە ئەنجومەنی نوێنەرانەوە نووسراو بۆ بەڕێوەبەرێتی خانەنشینی بکرێت، کە دەست بە مامەڵەی خانەنشینی پەرلەمانتارەکان بکات».


دانیشتنێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی پێشووی عێراق

لەماوەی رابردوودا رەخنە لە زۆریی مووچەی پلەتایبەت‌و پەرلەمانتاران کرا، بەراورد بە فەرمانبەرانی ئاسایی‌و ئێستاش لە چەند لایەکەوە هەوڵی کەمکردنەوەی ئەو مووچانە دەدرێت، بەشێکی پەرلەمانتارانیش ئەو رێکنەخستنانە بۆ نەبوونی یاسایەکی تایبەت دەگەڕێننەوە.

سامی لەوبارەیەوە دەڵێت: «ئێمە لەگەڵ ئەوەین مووچەی پەرلەمانتاران تەعدیل بکرێت، بەڵام تائێستا یاسا نییە بۆ دیاریکردن‌و چۆنێتی مووچەی پەرلەمانتاران‌و بەمووچەی وەزیر بەراورد دەکرێت، من لەگەڵ ئەوەم یاسایەکی تایبەت دابنرێت بۆ دیاریکردنی مووچەی وەزیرو پەرلەمانتارەکانیش بەشێوەیەک سەرجەم پەرلەمانتارە تازەکان‌و ئێمەش بگرێتەوە، لەگەڵ جەمعیەتی وەتەنی، بەڵام پێموایە؛ دەرکردنی ئەو یاسایە دوادەکەوێت، چونکە ئێمە تەجروبەی رابردوومان هەیە، جگە لەوەی دەبێت بە پێشنیازێکی ئەنجومەنی وەزیران ئەو داوایە بێت بۆ پەرلەمان، کە ئەوانیش لەو رووەوە جدیی نەبوون».

هەروەک وتیشی: «دەبێت یاسایەکی دیکەش دابنرێت بۆ مووچەی سەرۆک کۆمارو سەرۆک وەزیران‌و سەرۆکی پەرلەمان، کە یەک پلەن، بەڵام گرفت‌و ناکۆکییە سیاسییەکان رێگرە، چونکە ئێمە یاساشمان لەبەردەستبوو، گەیشتە قۆناغی دەنگدانیش، بەڵام بەداخەوە بەهۆی ناکۆکیی سیاسییەوە مسادەقەی لەسەر نەکرا، لەبەرئەوە زۆر بڕوام نییە، کە لەماوەیەکی کورتدا پەرلەمانی داهاتووش بتوانێت ئەوە بکات، هەرچەندە شتێکی دەستوورییە».

# بودجە لە مەنگەنەی پەرلەماندا

راپۆرتی: سەنگەر کوردە

**دوای پەسەندکردنی بودجەی حیزب‌و رێکخراوەکان، گفتوگۆکان لەسەر بودجە درێژەیان هەیەو پەرلەمانتارێکیش پێیوایە، ئۆپۆزسیۆن رۆڵی بەرچاوی هەبووە لە گەڕاندنەوەی بڕێکی زۆری پارەداو دەڵێت: «پرۆژەی بودجەی ساڵی (٢٠١٠)ی هەرێمی کوردستان (٤)مانگە لە پەرلەمانی کوردستانەو دوای وەستانی گفتوگۆکان لەسەری، لەماوەی مانگی رابردوودا، تاووتوێکردنی مادەکانی دەستپێکردەوەو بڕیاریشە چەند رۆژی داهاتوو گفتوگۆکانی بودجە درێژەیان هەبێت».**


دانیشتنێکی پەرلەمانی کوردستان

## رۆڵی ئۆپۆزسیۆن‌و ژمارە نارۆشنەکان

چڕبوونەوەی گفتوگۆکانی بودجەو لابردنی چەندپرۆژەیەک‌و گەڕانەوەی بڕێکی زۆری داهات‌و خەرجی، بەشێکی بەرچاوی بۆ بوونی ئۆپۆزسیۆن دەگەڕێنرێتەوە لەم خولەی پەرلەماندا.

کاردۆ محەمەد، ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان، لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە، ئاماژە بەوە دەکات، کە لە چەند دانیشتنی رابردوودا لەسەر مەسەلەی داهات‌و ئیراداتی هەرێمی کوردستان قسە کراوەو رۆشنایی خراوەتە سەر وردەکارییەکان‌و وتی: «لەهەموو ئەو کارانەدا کاریگەریی بەرچاوی هەبووە، بەتایبەت لە داهاتی سامانە سروشتییەکان‌و لابردنی پرۆژە دووبارەو حیزبییەکان کە زیاتر پەیوەندیی بەو بیروڕا جیاوازانەوە هەبووە کە ئۆپۆزسیۆن پێداگریی لەسەر کردوون».

ئەو، پێیوایە، لە چۆنێتیی خەرجکردنی داهاتدا کە دوو ئاستی تەشغیلی‌و ئیستیسماری دەگرێتەوە، ئۆپۆزسیۆن کاریگەریی زۆری هەبووە لەسەر پرۆژە بەردەوامەکان‌و وتی: «زۆر پرۆژە تەواو بوون‌و بودجەی دیکەیان بۆ سەرفکراوە، یا زۆر پرۆژە پەیوەندیدار بوو بە حیزب، زۆر پرۆژە کاتی دیار نییە، یان پرۆژە هەیە پەیوەندیی بە کەرتی تایبەتەوە هەبووە، هەموو ئەوانە بە بڕیاری پەرلەمان بڕدران».

ئەو پارانەی لە کاتی گفتوگۆکاندا گەڕاونەتەوەو پرۆژەکانیان دەنگی بۆ نەدراوە، هەوڵدراوە بە چەند شێوەیەک سوودیان لێببینرێت، کە بەشێکی تەرخانکراوە بۆ سندوقی کەمئەندامان‌و (٤٠)ملیاریش لە سندوقێک دادەنرێت بۆ ناوچە جێناکۆکەکان.

وتیشی: «بە بوونی ئۆرپۆزسیۆن‌و کاریگەرییەکانی، بودجەی ئەمساڵ جیاواز بوو لە ساڵانی رابردوو، چونکە ئۆپۆزسیۆن رۆڵی بەرچاوی بینیوەو گۆڕانکاریی زۆر کە لە بودجەدا کراوەو پارەی زۆر گەڕاوەتەوە، جگە لە رێگەنەدان بە دابەشکردن بە شێوەیەکی ناعەدالەتی».

سەمیر سەلیم، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامیی لە پەرلەمانی کوردستان، لە لێدوانێکیدا بۆ سایتی سبەی ئاماژەی بەوەکرد، کە ژمارەی نارۆشن لە بودجەکەدا هەیە وەک «(١٢٠) ملیار دیناری تواناسازیی، (١٥٠) ملیار دیناری دروستکردنی قوتابخانە نموونەییەکان، (٤٠) ملیار دیناری پێشمەرگە، (٩٠) ملیار دیناری هاوکاری حیزبەکان‌و (٣٥٠) ملیار دیناری سندوقی نیشتەجێبوون‌و (٥٠) ملیار دیناری کشتوکاڵ».

## نەبوونی تایبەتمەندیی‌و ناهاوسەنگیی

خاڵێک کە مایەی تێبینی ئۆپۆزسیۆنە، نەبوونی تایبەتمەندییە لە پرۆژەو کاری وەزارەتەکاندا، بەشێوەیەک کە وەزارەتی ناوخۆ پرۆژەی دروستکردنی قوتابخانەی هەبووە، هەروەها نەبوونی هاوسەنگیی لە دابەشکردنی بودجەو پرۆژەدا بەسەر سەرجەمی ناوچەکانی کوردستاندا بە گوندەکانیشەوە.

لەوبارەیەوە، کاردۆ دەڵێت «هەندێک پرۆژە هەبووە کە بەپێی تایبەتمەندیی وەزارەت نەکراوە، یان ناهاوسەنگیی هەیە لە رووی ناوچەییەوە کە زیاتر گرنگی بە مەرکەزەکان دراوە، لەکاتێکدا پێویستە هاوسەنگیی هەبێت لە شارو گوندو ناوچەکان‌و ئەوەش گرنگی گەورەی هەیە، جگە لەوە هاوکاریی ناوچە جێناکۆکەکان کە پێویستە لەسەر ئاستی هەرێم هاوکاری بکرێن».

## بەپێی پرۆژە بودجە دەدرێت بە رێکخراوەکان

زۆرینەی پەرلەمانتاران مادەی (١٩)یان پەسەندکرد، کە تەرخانکردنی بڕی (٩٠)ملیار دیناربوو بۆ بودجەی حیزب‌و رێکخراوەکان، بەمەرجێک رێکخراوەکان لەمەودوا بەپێی پرۆپۆزەڵ‌و پرۆژەکانیان پارەو مینحەیان بۆ خەرجبکرێت.

ئەندامەکەی لیژنەی دارایی، وتی: «رێکخراوی زۆر هەیە لە کوردستاندا کە پارەیان بۆ سەرف دەکرێت، کە ئەوەش جۆرێک گەندەڵیی دروستکردووە، بۆیە پێشنیازمان کرد بە پرۆپۆزەڵ‌و مەرجی پرۆژە پارە بۆ رێکخراوەکان خەرجبکرێت».

## سندوقی نیشتەجێبوون، قسەی لەسەرە

لە بودجەی ساڵی (٢٠١٠)دا لە مادەی(٢١) کە لە چوار بڕگە پێکهاتووە، (٣٥٠)ملیار دینار بۆ پرۆژەکانی سندوقی نیشتەجێبوون تەرخانکراوە، هەروەک (٣٠)ملیار دینار بۆ پرۆژەکانی بانکی پیشەسازیی‌و (٥٠) ملیار دینار بۆ پرۆژەکانی بانکی کشتوکاڵی دانراوە، بەڵام پێشنیازی ئەوەکرا کە پارەی سندوقی نیشتەجێبوون کەمبکرێتەوە بۆ (٢٥٠)ملیارو (٥٠)ملیار دینار بخرێتە سەر پێشینەی خانووبەرەو (٥٠)ملیاریش بخرێتە سەر پرۆژەکانی کەرتی کشتوکاڵ.

کاردۆ محەمەد، ئەوەی خستەڕوو، کە پارەی سندوقی نیشتەجێبوون بە زۆر دەزانن‌و وتیشی: «ئەو بەرنامەیەی لە وەبەرهێنان‌و سندوقەکە جێبەجێکراوە باش نییە، بەوەی کە زەوی دابەشکردنێکە لەسەر شێوەی ئاسۆیی‌و کوالێتی پرۆژەکانیش باش نین، جگە لەوە چەند کۆمپانیایەکی گەورە لە پشت ئەو پرۆژانەوەن‌و ئێمە پێمانوایە، قەیرانەکە وەک پێویست چارەسەر ناکات‌و خزمەتیش بە خەڵک ناکات، بەڵکو کۆمپانیاکان زیاتر سوودی لێوەردەگرن، نەک قەیرانەکە چارەسەر بکات». وتیشی: «بۆیە باشترە بڕێک لەو پارەیە بدرێتە یاسای ژمارە (٧) ی ساڵی(٢٠٠٨) کە حکومەت جێبەجێی دەکات‌و سوودەکانی زیاترەو کارئاسانی دەکات بۆ چارەسەری قەیرانەکەو خەڵکی هەژارو کەمدەرامەت لێی سوودمەند بن، جگە لەوەش پێشینەی خانووبەرە بۆ (١٥) ملیۆن دینار زیاد بکرێت‌و جیاوازی لە شارو لادێ نەمێنێت».

## کشتوکاڵ، پێویستی بە زیاترە

کاردۆ محەمەد، بە پێویستی دەزانێت کە بودجەی بانکی کشتوکاڵ‌و پیشەسازیی زیادبکرێت، «چونکە ئەو دووکەرتە کەموکورتی زۆریان هەیەو ئەو بودجەیەش کە دانراوە، کەمەو پێویستی بە زیادکردنە».

وتیشی: «خاڵی زۆریش ماوە کە لە پێشنیازی ئێمەدایە، حکومەت مولزەم بکەین بە داهاتی سامانە سرووشتییەکان، کە پەیوەندیی بە نەوتەوە هەیە، پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە چۆن ئەو پارەیەی حکومەت لە دەرەوە وەریدەگرێت، لە پەرلەمان بڕیاری بدرێت».

## چارەنووسی پرۆژەکە!

دوای تێپەڕبوونی (١٢) دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان، تایبەت لەسەر پرۆژە یاسای بودجەی هەرێم بۆ ساڵی (٢٠١٠)، زۆرێک لە مادەکانی ئەو پرۆژە یاسایە پەسەندکراوەو پێشبینی دەکرێت لە چەند رۆژی ئایندەدا پەسەندبکرێت.

هەرچەندە پێشتر فراکسیۆنی دەسەڵات دەنگی بەوەدا کە بودجە بۆ حکومەت نەگەڕێنرێتەوەو لە پەرلەمان گرفتەکانی چارەسەر بکرێن، بەڵام لیستەکانی ئۆپۆزسیۆن گەڕاندنەوەو چارەسەری لەلایەن حکومەتەوە بە کارێکی باش دەزانن‌و تا ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە لە ئێوارەی دوێنێ کە گفتوگۆکان بەردەوامبوون، ئۆپۆزسیۆن بەهۆی بەهەند وەرنەگرتنی پێشنیازەکانیانەوە ئەوەیان خستەڕوو کە دەنگ بۆ پرۆژەیاساکە نادەن.

کاردۆ محەمەد وتی: «پێمانوایە، سەرچاوەی داهاتەکان رۆشن نین‌و رەنگە بە حوکمی ئەوەی دەنگی پێویستمان نەهێناوە نەمانتوانیبێت رەفزی پرۆژە، یان بڕیارێک بکەینەوە، بەڵام هەوڵمانداوە بودجە لە رووناکیدا بێت، هەروەها ئێمە لەگەڵ ئەوەبووین ئەو کەلێن‌و کەموکورتییانەی هەن، بگەڕێنەوە بۆ حکومەت بۆ چارەسەری ئەو گرفتانە، یان ئەو پارانەی کە ماونەتەوەو رەتمانکردوونەتەوە، حکومەت خۆی لە بوارێکی پێویستدا چارەسەریان بکات‌و لەو پرۆژانەدا کە گرنگن بەکاریانبهێنێت، بەڵام ئەوە پەیوەستە بە بەدەستهێنانی دەنگەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر هەموو ئەو خاڵانەی باسمانکردوون‌و تێبینیمان هەیە لەسەریان، حکومەتی پێ مولزەم نەکرێت، یان راستییەکان دەرنەخرێن، ئێمە دەنگی پێنادەین».

سەمیر سەلیم، لەبارەی چارەنووسی پرۆژەیاساکەوە وتی: «هەندێک ژمارە لەناو پرۆژەیاساکەدایە کە نازانین سەرچاوەی ئەو بڕە پارانە لەکوێوە سەرچاوەیان گرتووە، هەروەها هەندێک لە ژمارەکان جیاوازییان تێدایەو هاوتا نین». وتیشی: «هەموو ئەو ژمارانە لە دەرەوەی بودجەدان‌و ئەگەر چارەنووسیان ئاشکرا نەکرێت‌و کەموکوڕییەکان چارەسەر نەکرێن، بە دڵنیاییەوە دەنگ بۆ پەسەندکردنی پرۆژەیاسای بودجە نادەین».

لەلایەکی دیکەشەوە ئارام قادر، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامیی لە پەرلەمانی کوردستان، لە لێدوانێکدا بۆ سایتی سبەی وتی: «لەبەرئەوەی کۆمەڵێک تێبینیمان لەسەر پرۆژەیاساکە هەبوو، ویستمان پرۆژەیاساکە بگەڕێتەوە بۆ حکومەت نەک دوابخرێت»، وتیشی: «بەداخەوە لەبەرئەوەی تائێستا پێشنیازەکانی ئێمەو لیستی گۆڕان‌و یەکگرتووی ئیسلامیی بە هەند وەرنەگیراون، بۆیە ئێمە وەک کۆمەڵی ئیسلامیی دەنگ بە پرۆژە یاساکە نادەین».

# خانەنشینان، داوای مووچە فەوتاوەکانی شەڕی ناوخۆ دەکەن

نووسینگەی هەولێر

لە یاداشتنامەیەکی تایبەتدا کە ئاڕاستەی سەرۆکایەتییەکانی هەرێمی کوردستان کراوە، ئەو خانەنشینانەی بەهۆی شەڕی ناوخۆوە لە نێوان سالآنی(١٩٩٤-١٩٩٦)دا مووچەی خانەنشینییەکەیان بڕدراوە، داوا دەکەن، پارە بڕاوەکەیان بۆ بگەڕێتەوە.

ژمارەیەک لەو خانەنشینانەی کە بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆوە لە نێوان سالآنی(١٩٩٤-١٩٩٦) لە پارێزگای هەولێر مووچەی خانەنشینییەکەیان بڕدرا، لە یاداشتنامەیەکی تایبەتدا کە ئاڕاستەی سەرۆکایەتیی هەرێمو سەرۆکایەتیی حکومەتو سەرۆکایەتیی پەرلەمانو پەرلەمانتارەکان کراوەو وێنەیەکی دەست ڕۆژنامە کەوتووە، ئاماژە بەوە دەکەن «ئێمە چەند هەزار خانەنشینێکینو لەکاتی شەڕی ناوخۆدا مووچەی خانەنشینیمان لێبڕدراوەو هەوڵی زۆرمانداوە بۆ گەڕاندنەوەی ئەو پارەیەی لێیانبڕین، بەڵام هەوڵەکانمان بێسودبوون». لەبەشێکی دیکەی یاداشتنامەکەدا هاتووە «ئێوە دەزانن، ئێمە گشتمان پیرو پەککەوتەینو پێویستیی زۆرمان بەو بڕە پارەیە هەیەو داواکارین، بەزووترین کات وەڵاممان بدەنەوەو بەفریامان بکەون، ئەگەرنا بەچاویلکەو گۆچانەکانمانەوە شەقامەکان دادەخەین».

عەزیز سابیر، یەکێک لەو خانەنشینانەی لە سالآنی شەڕی ناوخۆدا مووچەکەی بڕدراوە، بۆ ڕۆژنامە، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆوە، مووچەی خانەنشینیی خانەنشینەکانی سنووری پارێزگای هەولێر بڕدراوە، لەوکاتەوە تا ئێستا لە هەوڵی گێڕانەوەی پارە بڕاوەکەیانن کە مافێکی شەرعی خۆیانە، بەڵام هیچ سودێکی نەبووەو دەسەڵات وەڵامی نەداونەتەوە.

جەولەکانی شەڕی ناوخۆ لەنێوان یەکێتیو پارتیو هەندێکجاریش ئیسلامییەکانو پەکەکە لە سالآنی (١٩٩٣)ەوە دەستیپێکردو هەزاران پێشمەرگەو لایەنگری ئەو لایەنانە شەهیدبوونو ماڵو حاڵی بەشێکی زۆر لە خەڵکی کوردستانیش لەو شەڕانەدا دەستیانبەسەرداگیراو فەوتان، لە ئێستاشدا بەشێک لەو مافخوراوانە لە ڕێگەی یاساوە داوای مافەکانیان دەکەنەوە.

# ریکلامی بازرگانیی، بە کۆنترۆڵی جۆریی دەسپێردرێت

رۆژنامە

یەکێتیی هاوردەو ناردنکارانی هەرێمی کوردستان بە نووسراوێکی رەسمیی داوا لە (وەزارەتی پلاندانان/ دەستەی گشتیی پێوانەسازییو کۆنترۆڵی جۆریی) دەکات، بۆ خاوەن کاڵاکان بکرێت بە مەرج کە بۆیان نەبێت ریکلامی بازرگانیی لە راگەیاندنەکاندا بکەن، تا ئەوکاتەی پشتگیریی ئەو دەستەیە وەرنەگرن.

شێخ مستەفا عەبدولڕەحمان، سەرۆکی یەکێتیی هاوردەو ناردنکارانی کوردستان، رایگەیاند «مەبەست لەو پێشنیازە کە بە نووسراوێکی فەرمیی بە ژمارە (٢٣٦) لە بەرواری(٢٠١٠/٤/٦) ئاڕاستەی وەزارەتی پلاندانانو راگەیاندنەکان (بیستراو، بینراو، خوێندراو، میدیای ئەلیکترۆنی)و لایەنە پەیوەندیدارەکان کراوە، پاراستنی سەلامەتیی گیانی هاوڵاتییانو ئاسایشی خۆراکە، تاوەکو کاڵای باش لە کاڵای خراپ جیابکرێتەوە، چونکە زۆرجار لە رێگەی ریکلامەوە زیادەڕۆیی لە کاڵاکەدا دەکرێت، بێئەوەی بزانرێت رێگەپێدراوە لە دەستەی پێوانەسازییو کۆنترۆڵی جۆرییەوە».

سەرۆکی یەکێتیی هاوردەو ناردنکارانی کوردستان ئاماژەی بەوەشدا: «لە نووسراوەکەدا پێشنیازمانکردووە کە دەزگاکانی راگەیاندن بەهەموو جۆرەکانییەوە گرنگی بدەن بە رێگەپێدانی کۆنترۆڵی جۆرییو بەر لە بڵاوکردنەوەی ریکلامەکە، داوای پشتگیریی دەستەی پێوانەسازییو کۆنترۆڵی جۆریی بکرێت بۆ دڵنیایی لە تەندروستیو شیاویی بەکارهێنانی ئەو کەرەستەیەی ریکلامی بۆ دەکرێت».

نووسراوەکە جگەلە راگەیاندنەکان، وێنەیەکی ئاڕاستەی وەزارەتی پلاندانانو دەستەی پێوانەسازییو کۆنترۆڵی جۆرییو بەڕێوەبەرێتیی گشتیی راگەیاندن لە وەزارەتی رۆشنبیرییو لاوان کراوە.


Union of Iraqi Importers & Exporters Kurdistan Region

یەکێتی هاوردەو ناردن کارانی عێراقی
هەرێمی کوردستان
اتحاد المستوردين والمصدرين العراقيين
اقليم كوردستان

بۆ / وەزارەتی پلان دانان / دەستەی گشتی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری
ب / پێشنیار

ئێمە وەکو یەکێتی هاوردە و ناردنکارانی هەرێمی کوردستان پێشنیار دەکەین هەر خاوەن کاڵایەک کە ریکلام دەکات لە دەزگا راگەیاندنەکان بۆ کاڵاکەی بە پێویستی دەزانین بگەڕێتەوە بۆلای دەستەی گشتی پێوانە سازی و کۆنترۆڵی جۆری بۆ نوسراوی پشتگیری بە گوێرەی چۆنیەتی کۆنترۆڵی جۆری ریکلامی بۆ بکرێت لەبەر بەرژەوەندی گشتی ..

لەگەڵ رێزو سوپاسدا .....

شێخ مصطفى عبدالرحمن عبدالله
سەرۆکی یەکێتی هاوردە و ناردنکارانی هەرێمی کوردستان

Sulaimany-Kaniskan- near KaniAskan square
Quarter No 205-Lane No14-House No 6
Mob: 00964-7703646064
Tel.:0044704-3136350
www.iekn.org

# قووڵترین بیری نەوت لە کوردستان هەڵدەکەنرێت

رۆژنامە

کۆمپانیایەکی بەریتانیایی رایگەیاند، قوڵترین بیرەنەوتی عێراقیی لە هەرێمی کوردستاندا هەڵکەندووە، ئەمەش یەکێکە لەو (٢٠٠)گەورەترین بیرەنەوتەی لەسەرەتای ساڵی (٢٠٠٩)وە لە جیهاندا دۆزراونەتەوە.

کۆمپانیای (هیریتەیج ئۆیڵ) بڵاویکردەوە، دوای ئەوەی بیرە نەوتێکیان لە ناوچەی (میران، لە خۆرئاوای هەرێمی کوردستان) بە قوڵیی (٢٦٢٧)مەتر هەڵکەند، ئێستا سەرگەرمی هەڵکەندنی بیرێکی دیکەن لە هەمان ناوچە بە قوڵیی (٤٦٠٠)مەتر، کە لە پێنج مانگی ئایندەدا پرۆسەی هەڵکەندنەکەی تەواودەکرێت.

دۆجی یۆنسۆن، شیکاروان لە گرووپی ئەربۆسنوت لەوبارەیەوە وتی: بازاڕ گونجاوە بۆ زیادکردنی بەرهەمەکانی نەوت، سەبارەت بە بیری یەکەمیش، لەو بڕوایەدابوو کە بەشێوەیەکی نیسبی کەمبووەتەوە.

لەماوەی ساڵی رابردوودا زیاتر لە (٢٠٠)بیری نەوت لە وڵاتانی ئوستралیاو ئیسرائیلو ئێرانو بەرازیلو نەرویجو گاناو روسیاو عێراق دۆزراونەتەوە، کە گەورەترینیان لە هەرێمی کوردستانەو لەلایەن کۆمپانیایەکی بچووک بە ناوی هیریتەیج ئۆیڵ (Heritage Oil) لە کێڵگەی میران دۆزراوەتەوە.

لەلایەکی دیکەوە ماڵپەڕی ئیگزامینەری ئەمریکی لە بابەتێکدا بە ناونیشانی عێراق دەوڵەمەندترین خاک لەجیهاندا، ئاماژە بە دۆزینەوەی رێژەیەکی زۆری نەوتو گاز دەکات لەلایەن هیریتەیج ئۆیڵەوە لە هەرێمی کوردستان، ماڵپەڕەکە کە تایبەتە بە سیاسەتو ئابووریی، ئەوەش دەخاتەڕوو کە هەرێمی کوردستان لەسەر هێڵی خاکی جیۆلۆجییە کە دەوڵەمەندە بە نەوتو لە میرنشینی سعودییەوە دەستپێدەکات تا هەرێمی کوردستان درێژەی هەیە.

ئەو ماڵپەڕە رێژەی نەوتی یەدەگی کوردستان لە نێوان (٤٥- ١٠٠)ملیار بەرمیل نەوتی خاو مەزەندە دەکات کە بەشی هەرە زۆری لەدوو ساڵی رابردوودا دۆزراونەتەوە.

رۆژنامەی نیویۆرک تایمزیش ئەوەی خستووەتەڕوو، کە دۆزینەوەی ئەو بیرەنەوتانە لە کوردستان کێشەکانی نێوان هەولێرو بەغدا ئاڵۆزتر دەکات.

## نرخیان جیاوازە

# (٩٠٪)ی بوتڵی غازی ماڵان، مەترسیدارن

راپۆرتی: ئەحمەد باڵەکی

ساڵانە سەدان هاوڵاتی بەهۆی گڕگرتنو تەقینەوەی بوتڵی غازەوە بە رادەی جیاواز دەسووتێنو هەندێکیشیان دەمرنو بەڕێوەبەری کارگەی غازی هەولێریش، جەخت لەوە دەکاتەوە، کە (٩٠٪)ی بوتڵە غازەکانی عێراق لە حاڵەتی مەترسیداردانو پێویستە بەکارنەهێنرێن.

تەحسین برایم، هاوڵاتییەکی دانیشتووی رەواندوزەو ئەوە پشتڕاستدەکاتەوە کە چەندینجار بینیویەتی بەهۆی گڕگرتنی بوتڵی غازەوە، ماڵی خەڵک سووتاوە، هۆکاری ئەمەشی بۆ کۆنی بوتڵە غازەکان گێڕایەوەو بۆ رۆژنامە وتی: «نازانم هۆکار چییە کە حکومەت ئەم بوتڵانەمان بۆ ناگۆڕێت».

ئەو هاوڵاتییە نرخی غازیشی بە گران زانیو وتی: «نرخی غاز لەشارەکانی هەرێمی کوردستان زۆر گرانە، لەکاتێکدا خۆمان خاوەن نەوتو غازین، بۆ نموونە لە رەواندوز، نرخی بوتڵێک غاز بە(٧) هەزار دینارە، نازانین بۆ لێپێچنەوە ناکرێت».

وەک هەوڵێکی سەرەتایی بۆ کۆتاییهێنان بە بەکارهێنانی بوتڵە غازەکۆنەکان، وا بڕیارە وەزارەتی نەوتی عێراقی (١٠٠) هەزار بوتڵی غازی پلاستیکیی وەک قۆناغی یەکەم لە سەنتەری شاری بەغدادا دابەشبکات، کە تێکرای (٣٠٠)هەزار بوتڵی غازەو تازە هاوردەی کردوون.

بەختیار حەمەدەمین، بەڕێوەبەری کارگەی غازی هەولێر، نکوڵی لە کۆنیی بوتڵە غازەکانی هەرێمی کوردستان نەکردو بە رۆژنامەی راگەیاند «نەک هەر بوتڵی غازی کوردستان، بەڵکو (٩٠٪)ی بوتڵەکانی عێراق پێویستیان بەگۆڕینە، چونکە زۆر کۆننو رژێمی بەعس لەو ساڵانەی کە ئابڵوقەی لەسەر بووە، نەیتوانیوە بوتڵە غازەکان بگۆڕێت».

بەڕێوەبەری کارگەی غازی هەولێر باسی لەوەشکرد کە بوتڵەغازەکان تەمەنیان (٢١)ساڵەو دوای (٢١)ساڵ خەتی سووری لەسەر دادەنرێتو نابێت بەکاربهێنرێت، چونکە ئەو پلێتەی کە ئەم بوتڵە غازەی لێ دروستکراوە (٣ ملم)ەو بەتیژیی ئەم غازە، دەتوێتەوە.

هەر سەبارەت بە گۆڕینی بوتڵە غازی ماڵان، ساڵێک بەر لە ئێستا لایەنە پەیوەندارەکان لە هەرێمی کوردستان، بە کا ر هێنا نی بوتڵی غازی پلا ستیکیا ن تاووتوێکردووە، کە کێشەکەی تەنیا (٢,٥کگم)ە، بەڵام لەبەرئەوەی خۆی لەبەر (٦٠)پلەی گەرمیدا ناگرێتو پێیانوابووە بۆ کەشوهەوای کوردستان گونجاو نییە، بۆیە بەکارهێنانەکەیان رەتکردەوە.

سەبارەت بە نرخی غازیش، بەختیار حەمەدەمین وتی: «نرخی غاز لە ناو شاری هەولێرو دەوروبەری دیاریکراوەو دەبێت بە (٦٠٠٠)دینار بفرۆشرێت، بەڵام شوێنەکانی دیکە کە کرێ دەچێتە سەر غازی شل، بۆ نموونە دەبێت لەناو سۆران بە (٦٥٠٠)دینار بفرۆشرێت، ئەمە نرخی رەسمیی حکومەتە، ئەگەر بە گرانتر فرۆشرا، ئەوا بەرپرسی یەکە ئیدارییەکان لێی بەرپرسیارن».

فازڵ حوسێن، هاوڵاتییەکی دیکەی دانیشتووی قەزای سۆرانەو باس لەوە دەکات، کە گرانیی نرخی غاز، نیگەرانی کردوونو بۆ رۆژنامە دەڵێت: «غاز، بەنرخێکی گران دەفرۆشرێت بە هاوڵاتییانو کەسیش نییە چارەسەری بکات».





# (٤٨٪)ی مامۆستایانی ئاینیی، شارەزاییان لەئینتەرنێتدا نییە

ئارام شێخ وەسانی

بە ئامادەبوونی چەندین لایەنی پەیوەندیدار، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا ئەنجامی راپرسییەک راگەیەنرا، کە لەلایەن هەردوو رێکخراوی (مەسەلە)و( نیرۆژ) ئەنجامدراوە، راپرسییەکە لە شێوەی توێژینەوەیەکدایە کە لەماوەی (٦) مانگدا تەواوبووە، ئەم پرۆژەیە چەندین تەوەری تایبەت بە مامۆستایانی ئاینیی گرتووەتەوەو شاری هەولێر وەک نموونە وەرگیراوە، ژمارەی مامۆستایانی بەشداربوو (١٣٥) مامۆستایە، ئامانجی توێژینەوەکە بریتی بووە لە هەوڵدان بۆ یەکخستن‌و پاراستنی وتاری مامۆستایانی ئاینیی، هەروەها بڕیارە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە پێشکەشی لایەنە پەیوەندیدارەکان‌و پەرلەمان‌و وەزارەتی ئەوقاف‌و کاروباری ئاینیی بکرێت، بۆ ئەوەی وەک نەخشەرێگایەک بەکاربهێنرێت.

توێژینەوە زانستییەکە خۆی لە (٣٤) پرسیاردا دەبینێتەوەو هەر پرسیارێکیش چەند لقێک لەخۆی دەگرێت، پرسیارەکان بریتین لە کۆی ئەو بابەتانەی وابەستەن بە ژیان‌و پیشەو رێبازو بیروڕاو کێشەو



گرفت‌و شێوەی ژیانی مامۆستایانی ئاینیی، لە توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە، (٦٩٪)ی بیروباوەڕی مامۆستایانی ئاینیی کوردستان (ئەشعەریە) نائەکادیمییە، هەروەها (٣٧٪)ی مامۆستایانی ئاینیی دەرچووی زانکۆکانن، لەکاتێکدا (١٦٪)ی تەنیا دەرچووی حوجرەکانن.

سەبارەت بە شارەزایی مامۆستایان لە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر، (٣٤٪)ی مامۆستایان بەکەمیی شارەزان، (٣٢٪) زۆر شارەزان، سەبارەت بە بەکارهێنانی ئینتەرنێتیش (٤٨٪)ی مامۆستایان هیچ شارەزاییەکیان نییە لە بەکارهێنانی ئینتەرنێتدا.

هەروەها سەبارەت بە ماوەی وتاری ئاینیی کە بووە جێگەی سەرنجی لایەنە پەیوەندیدارەکان، کە (٤١٪)ی مامۆستایان داوادەکەن ماوەی وتاری ئاینیی لەنێوان (٢٦-٣٠) خولەک بێت، لەکاتێکدا (٣٤٪) داوا دەکەن لە (٢٥) خولەک زیاتر نەبێت.

سەبارەت بە یەکخستنی وتاری مامۆستایان (٣٤٪) داوادەکەن، کە هیچ کات وتاری ئاینیی یەک وتار نەبێت، لەکاتێکدا (٤٢٪) داوادەکەن هەندێکجار پێویستە وتارەکان یەکبخرێن، بەڵام (٢٢٪) داوادەکەن پێویستە وتارەکان بەردەوام یەکخراوبن.

لە بەشێکی دیکەدا هاتووە، (٧٥٪) بڕوایان وایە کە وتاری ئاینیی کاریگەریی زۆری لەسەر هاوڵاتییان هەیە، بابەتی باسکراو لەلایەن مامۆستایانی ئاینییەوە بریتی بێت لە گرفتە کۆمەڵایەتییەکان، کە رێژەی (٤١٪)ی لەخۆگرتووە.

سەبارەت بە بابەتی باسکراو لە وتاری ئاینیی‌و هەروەها پەیوەندیی نێوان حکومەت‌و مامۆستایانی ئاینیی، ئەوەی جێگەی سەرنجە لە توێژینەوەکەدا دەرخراوە، کە (١٩٪)ی مامۆستایان پێیانوایە بە زۆر دووردەخرێنەوە یان دەگوازرێنەوە، هەروەها (٣٤٪) پێیانوایە، کە ئەو کارە حیزب ئەنجامی دەدات، هەروەها (٣٥٪)ی مامۆستایان ئەندام نین لە یەکێتیی زانایان، ئەمانەو چەندان پرسیاری دیکە توێژینەوەکەیان فراوانتر کردووە.

---

# قایمقامی سۆران: دەبێت دەسەڵاتی جێگرایەتیی پارێزگای هەولێر بدرێت بە ئیدارەی سۆران

سازدانی: ئەحمەد باڵەکی

**کرمانج عیزەت، قایمقامی سۆران جەخت لە پێویستیی بوونی قەزای سۆران بە پارێزگا دەکاتەوەو لەم دیدارەی رۆژنامەدا باس لەوە دەکات، کە ئەگەر بەهۆی دەستووری عێراقیشەوە نەتوانرێت سۆران بکرێت بە پارێزگا، دەبێت دەسەڵاتی جێگرایەتیی پارێزگای هەولێری بدرێتێ.**

**رۆژنامە: قەزای سۆران لەدوای ساڵی (١٩٩١)ەوە فراوانبوونێکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، هۆکارەکەی بۆچی دەگێڕیتەوە؟**

* یەکێک لە هۆکارەکان ئەوەیە کە سۆران پێگەیەکی ستراتیژیی زۆر گرنگی هەیە، کە کەوتووەتە سەر سنووری ئێران‌و تورکیا، لەدوای راپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١)ەوەو لەکاتی کۆڕەوە مەزنەکەدا، خەڵکێکی زۆر بەسۆراندا تێپەڕین‌و بەشێکی زۆریان لەسۆران مانەوە کە بەهەزاران ماڵ مەزەندە دەکران، چونکە کاتێک کوردستان ئازادبوو، گەڕانەوەو دوای گەڕانەوەیان کەمترین خزمەتگوزاریی لەشوێنەکانی خۆیاندا نەبوو، بەتایبەت لەسنووری بارزان، بۆیە ئاسان نەبوو ئەوکەسانەی کە لە ئێران لەدایکبوون‌و بچنەوە گوندەکانیان بتوانن ژیان لەوێ بەسەربەرن.

هۆکارێکی ستراتیژیی‌و گرنگیش بۆ گەشەکردن‌و فراوانبوونی قەزای سۆران، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سۆران شوێنێکی گەشتیارییەو ئاوەدانە، هەروەها سۆران شارێک بووە کە جێگای هەموو کەلتوورەکانی تیادا دەبێتەوەو پێکهاتەی سۆران پێکهاتەیەکی جۆراو جۆرە.

**رۆژنامە: هەست ناکەیت، کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێم، گرنگییەکی جیاوازی لە قەزاکانی دیکە داوە بە قەزای سۆران؟**

* ئاسان نەبوو، حکومەت بەفراوانبوونی سۆران‌و خزمەتگوزاریی سۆران رابگات، پێشتریش ئەو پرۆژانەی کە کرابوون بەهاوکاری رێکخراوەکان بووە، بەڵام لەسەرەتای کابینەی پێنجەمەوە ئاوڕدانەوەیەکی جدیی لە سۆران درایەوە، بەمانای ئەوەی کە تەرکیز خرایە سەر ژێرخانی خزمەتگوزاریی لە سۆران، سۆران نزیکەی (٣٤)گەڕەکی هەیە کە پێشتر لە هیچ گەڕەکێک، هیچ پرۆژەیەکی خزمەتگوزاریی لەبواری کارەباو ئاوو رێگاوبان تیادانەبوو، لەبواری پەروەردەو ئاوو تەندروستی‌و کارەبا پێداویستی زۆری هەبوو، بۆیە لەماوەی پێنج ساڵی رابردوودا بەبڕی زیاتر لە (٦٠٠)ملیار دینار، پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ سەنتەری سۆران‌و ناحیەکانی دروستکراوە، تا وای لێهات، لەماوەی ئەم ساڵانەی رابردوودا (٢٧) گەڕەک خزمەتگوزاریی پێویستیان بۆچوو.

پێشتر تەنیا (٢٤) قوتابخانەمان هەبوو لەسنوورەکەدا، بەڵام ئێستا بەسنووری رواندزو مێرگەسوورو چۆمانەوە، نزیکەی (٦٠٠)قوتابخانەمان بۆ دروستکراوەو چەندین پرۆژەی ئاوو ئاوەڕۆمان جێبەجێکردووەو زۆربەی گوندەکانی سنوورەکەشمان کارەبای نیشتمانییان بۆ چووە، ئەوانەی کارەباشیان نەگەیشتووەتێ، بە مۆلیدە کێشەکانمان بۆ چارەسەر کردوون، هەروەها سۆران لەبواری مەعریفیشەوە زۆر گرنگی پێدراوە، وەکو کردنەوەی زاکۆو پەیمانگاکان‌و چەندین پرۆژەی دیکە، وەکو دروستکردنی چەندین نەخۆشخانەو دەتوانم بڵێم، لەکابینەی پێنجەم گرنگییەکی زۆر بە سۆران دراوە.

> **یاساو ڕێنمایی زۆر جوانمان هەن، بەڵام میکانیزمی جێبەجێکردنی ئەو ڕێنماییانە کە سیستەمە، هێشتا بە کارایی نەچەسپیوە**

**رۆژنامە: ئەگەرچی سۆران بەشوێنێکی گەشتیاریی ناسراوە، بەڵام بۆچی تا ئێستا ئوتێلێکی تێدا نییە؟**

* پێداویستییەکانی گەشتوگوزار لە سنووری ئێمەدا زۆر گرنگن، بەڵام پرۆژەکان ئەولەویەتیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا لەهەموو دونیادا دروستکردنی ئوتێل، راسپاردنی کەرتی تایبەتە لەگەڵ هەندێک شوێنی گەشتیاریی، بەڵام دەڵێم، بەداخەوە، کەرتی تایبەتی ئێمە زیاتر تەرکیزی خستووەتەسەر ناو شارە گەورەکان، نەک شارە بچووکەکان‌و ئەو سێ ساڵە، ئامادەباشیمان بۆ دروستکردنی ئوتێل لەگەڵ کۆمەڵێک کۆمپانیا دەربڕیوە، کە هەموو ئاسانکارییەکیشمان بۆ کردوون‌و زەویشمان بۆ دابینکردوون، بەڵام جێبەجێیان نەکردووە، ئەمساڵ لەگەڵ پێنج کۆمپانیا قسەمان لەسەر دروستکردنی ئوتێل کردووەتەوە، بەڵام تەنیا دوانیان رەزامەندییان وەرگرتووەو رەنگە بۆ ماوەیەکی دیکە گرفتی نەبوونی ئوتێل لە سۆران کۆتایی پێبێت، بەڵام سیمای گەشتیاریی تەنها لە بوونی ئوتێلدا نییە، بەڵکو شوێنەگەشتیارییەکانی سنووری سۆران لەسەر ئاستی عێراق، خۆشترین شوێنی گەشتیارین‌و دەکرێت لەزۆر رووی دیکەوە ئاوڕیان لێبدرێتەوە، وەکو چاککردنی رێگاوبان‌و چەندین پرۆژەی دیکە، دڵنیاشم کە سۆران لەماوەی ساڵانی داهاتوودا، دەبێتە یەکێک لە باشترین شوێنە گەشتیارییەکان لەسەر ئاستی عێراق، ئەمەش دەبێتە مایەی ئاوەدانکردنەوەو چاکبوونی باری ئابووریی لە سنوورەکەدا.

**رۆژنامە: بۆچی زۆربەی دانیشتووانی سۆران، بەتایبەت لەناو دامودەزگاکانی حکومەتدا بە زمانی فارسی قسە دەکەن؟**

* ئەگەر لێم بپرسی، ئایا زمانی فارسی لە سۆران، زمانی دووەمە؟ پێتان دەڵێم، بەڵێ ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە نزیکەی (٥٠-٦٠) هەزار کەسی دانیشتووی سۆران لە ئێران ژیاون، بەهۆی ئاوارەبوونەوە، ئەگەر هەر یەکێک لە ئێمە ماوەی (١٥ – ٢٠)ساڵ لە ئێران ژیابێت‌و منداڵەکانی لەئێران لەدایکبووبێتن‌و لەوێ چووبێتنە قوتابخانە، چۆن دەتوانین لەماوەیەکی کورتدا، وابکەین کە ئەمانە هەموو بە زمانی کوردی قسە بکەنەوە، پێشم وایە کە لەچەند ساڵی داهاتوودا، ئەو کەسانەش کە لە ئێرانەوە گەڕاونەتەوە فێری کەلتووری خۆیان ببنەوەو پێشم وایە، ئەو برادەرانە کەلتوورێکی رەسەنی جوانیان هێناوەتەوە لەگەڵ کەلتووری کوردی تێکەڵیان کردووەتەوە.

**رۆژنامە: ئەگەرچی سۆران چەندین نووسەرو خوێنەری تیادایە، بەڵام تا ئێستا حکومەتی هەرێم نەیتوانیوە کتێبخانەیەکی گشتیی لە سۆران دروست بکات؟**

* سۆران شارێکی نوێیە، نەک کتێبخانە، پێویستمان بە زۆر شتی دیکە هەیە، بەڵام ئێمە هانامان بردووە بۆ پرۆژە گرنگەکان. تەنیا لە سنووری سۆران زیاتر لە (٥٤) هەزار قوتابیمان هەیە، ئەگەر ئەمانە دابەش بکەین بەسەر قوتابخانەکاندا، ئەوا قوتابخانە هەیە سێ دەوامی تیادایە، ئێمەش ناچاربووین لەبەر ئەو ئەزمە زۆرەی کە لەسەر لایەنی پەروەردە هەبووە، ئەو بڕە بودجەیەی لەبەردەستدابوو، بۆ ئەم بوارە تەرخان بکەین، بەڵام لە بەرنامەی ئەمساڵماندا دروستکردنی کتێبخانەیەکی گشتیمان لەبەردەستدایە.

**رۆژنامە: چەند ساڵێکە لە بەرپرسانی هەرێم دەبیستین کە سۆران دەکەن بە پارێزگا، ئەم بڕیارە بەکوێ گەیشتووە؟**

* بەتێڕوانینی من‌و خەڵک‌و رۆشنبیرانی ناوچەکە، سۆران ئامادەیە بۆ بوون بە پارێزگا، لەگەڵ ئەوەشدا مەسەلەی بوونی بە پارێزگا لەوانەیە لەناو دەستووری عێراقی تۆزێک کێشەی هەبێت، لەوانەیە ئاسان نەبێت، ئێستاش ئاواتەخوازین کە سۆران ببێتە پارێزگا، چونکە ئێستا لەئیدارەی قەزایەکی ئاسایی تێپەڕیوەو وەک قەزایەکی ئاسایی نەماوە، ئەگەر نەشبێت بەپارێزگا، حەتمەن دەبێت ببێتە ئیدارەیەکی تایبەتی دەستەڵاتداری زیاتر، وەکو ئەوەی کە لە سیستمی ئێراندا هەیە، دەبێت حیسابێکی تایبەتی بۆ سۆران بکرێت، دەبێت ئیدارەی سۆران، دەسەڵاتی جێگرایەتیی پارێزگای هەولێری پێبدرێت، بۆ ئەوەی بتوانێت پشت بەخۆی ببەستێت.

**رۆژنامە: لە ئێستادا، کەموکورتییە ئیدارییەکانی سۆران لەچیدا دەبینیت؟**

*پێموایە، کەموکورتی ئیداریی لە سۆران، بەشێکە لەسەرتاسەری کوردستان، ئەویش کەمیی کارایی سیستمە لە کوردستان. یاساو رێنمایی زۆر جوانمان هەن، بەڵام میکانیزمی جێبەجێکردنی ئەو رێنماییانە کە سیستەمە، هێشتا بە کارایی نەچەسپیوە، بۆیە دەبێت کار لەسەر ئەوە بکەین کە بەڕێوەبردن بکەینە سیستماتیکی، بۆ ئەوەی بتوانین لەناو ئەو سیستەمەدا هەموو هاوڵاتی‌و تاکێک خۆی ببینێتەوە، هەموو هاوڵاتییەک لە رێگەی ئەو سیستەمەوە بزانێت ماف‌و ئەرکەکانی چەندە، ئەو کات دەتوانین، یەکسانی کۆمەڵایەتیی جێگیر بکەین، پێویستە یاساو بەڕێوەبردن ببەستینەوە بە هەموو خەڵکەوە، وەکو ئەوەی لە ئەوروپا هەیە کە هاوڵاتییەک لەماڵی خۆیەوەو لە رێگەی ئینتەرنێتەوە دەتوانێت بزانێت کە ئەو ئیشەی هەیەتی لە فەرمانگەیەک، بۆی جێبەجێدەکرێت یان نا، یان چەندی مەجال تیادا هەیە، نەوەک کەسێک بە تەنیاو بە ئارەزووی خۆی تەحەکومی تیادا بکات، ئێمە ئەوەمان پێویستە.



کرمانج عیزەت، قایمقامی سۆران

## پەرلەمانتار ئاشتی عەزیز:

# ناکرێت قۆرخکاریی حیزبیی بۆ رێکخراو و سەندیکاکان بەردەوام بێت

سازدانی: ئەلەند مەحوی

**ئەندامێکی لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنی لە پەرلەمانی کوردستان پێیوایە؛ ناکرێت قۆرخکاریی حیزبیی بۆ رێکخراو و سەندیکاکان بەردەوام بێت، بەتایبەت کە ئەو سەندیکایانە هەڵگری ناوی گشتین و لەژێر ناوی کوردستاندا تەواوی توێژە جیاوازەکانی کوردستانیان لە خۆگرتووە.**

**پەرلەمانتار ئاشتی عەزیز، کە ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕانە لەم دیدارەی رۆژنامەدا باس لەوە دەکات، کە ناوهاتنی رێکخراوەکان لە پرۆژە بودجەی (٢٠١٠)ی هەرێمدا، کە بودجەیان بۆ تەرخانبکرێت، تەنیا رێکخراوە حیزبییەکان دەگرێتەوە.**



**رۆژنامە: بۆچی تائێستا پرۆژەیاسای رێکخراوە ناحکومییەکان نەچووەتە ناو کارنامەی پەرلەمانەوەو خوێندنەوەی بۆ نەکراوە، لەکاتێکدا ئەو پرۆژەیە زیاتر لە جارێکو زیاتر لە لایەنێک پێشکەشی پەرلەمانی کوردستانی کردووە؟ ئایا ئەمە نیشانەیەک نییە لە هەوڵەکانی دەسەڵات بۆ پەراوێزخستنی رێکخراوە ناحکومییەکان؟**

* پرۆژەیاسای رێکخراوە ناحکومییەکان پرۆژەیەکی زۆر گرنگەو ماوەی چەندساڵێکە رێکخراوەکان لە چاوەڕوانیی یاسایەکی تایبەتدان لەپێناو ریکخستنی کاری رێکخراوە ناحکومییەکان‌و رزگاربوون لە کۆمەڵێک گرفت‌و بەربەست لەبەردەم گەشەکردنی سرووشتییانەی کۆمەڵگای مەدەنیدا.

یاسای رێکخراوە ناحکومییەکان دەبێتە یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی گەشەدان بە رۆڵی کۆمەڵی مەدەنی لە کوردستان‌و عێراقدا، بەوپێیەی یاسای کاری رێکخراوە ناحکومییەکان لە عێراقدا لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە لە رێکەوتی (٢٠١٠/١/٢٥) رەزامەندیی لەسەر دەربڕاوەو تەنیا رەزامەندیی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی مابوو تاوەکو بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەم هەوڵەش بە دەستکەوتێکی گرنگی دەزانم بۆ گەشەکردنی کۆمەڵی مەدەنی بەگشتیی لە عێراقدا.

سەبارەت بە پرۆژەیاسای رێکخراوە ناحکومییەکانی کوردستان، بڕواناکەم ئەمە هەوڵی پەکخستن بێت بۆ رێکخراوەکان، بەتایبەت لە خولی ئێستای پەرلەماندا، بەڵام مەسەلەیەکی وەها گرنگ پێویستی بە کاتی زیاترو لێکدانەوەی زیاتری پێویست بووە.

لەلایەکی دیکەشەوە، ئەم پرۆژەیاسایە پرۆژەیەکی کامڵ نەبووەو نەگەیشتووەتە قۆناغی کۆتایی، کاتێک لە خولی پێشوودا تەنیا گفتوگۆی زارەکیی لەسەرکراوە، بەڵام لەکۆی هەوڵو گفتوگۆکانی خولی ئێستای پەرلەمان لەلایەن لیژنەی کۆمەڵگەی مەدەنی بەردەوام هەوڵدەدرێت کاری لەسەر بکرێت، بەڵام تائێستا بەشێوەیەکی فەرمیی خوێندنەوەی سەرەتایی بۆ نەکراوە، جێگای ئاماژەیە کە لەماوەی دانیشتنەکانی پێشووی لیژنەدا تەنیا پرۆژەیاسای رێکخستنی خۆپیشاندان خوێندنەوەی سەرەتایی بۆ کراوەو گفتوگۆی چڕی لەسەرکراوە لەناو لیژنەکەدا، بەشێوەیەکی راشکاوانە کەمیی گفتوگۆ لەسەر پرۆژەکان دەگەڕێتەوە بۆ کەمیی دانیشتنەکانی پەرلەمان‌و چەند هۆکارێکی دیکە، لەوانە:

سەرقاڵبوونی پەرلەمان بە تەرخانکردنی دانیشتنەکانی مانگی (ئازار) بۆ تاووتوێی بودجە، هەروەها پشووی پەرلەمان، دواکەوتنی دانیشتنە ئاساییەکانی پەرلەمان لەدوای هەڵبژادنی (٢٠١٠/٣/٧)و تائێستا بێ هۆیەکی دیار.

بەبڕوای من لەماوەی کارکردنی (٧) مانگی رابردوودا، دەبووایە پەرلەمانی کوردستان کاراتر بووایەو دانیشتنی زیاتری بکردایە، تاوەکو ئەم پرۆژەیاسایەو چەندان پرۆژەی دیکە بخرایەتە بەر گفتوگۆ یاخود رەزامەندیی لەسەر وەربگیرایە.

**رۆژنامە: بەشێک لە رێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستاندا سواڵی فەندو بودجە دەکەن، بەشێکیان لەبەر نەبوونی بودجە ساڵی پرۆژەیەکیان نییە، لەبەرامبەردا رێکخراوە حیزبییەکانیش، کە وەک رێکخراوی مەدەنی خۆیان ناساندووە، بودجەیەکی خەیاڵییان لەلایەن حکومەتەوە بۆ تەرخانکراوە، ئێوە لە پەرلەمانی کوردستان چۆن ئەم هەڵەیە راستدەکەنەوە؟**

* لە گفتوگۆکردن‌و تاووتوێکردنی بودجەی (٢٠١٠)دا داوای روونکردنەوەمان کردووە سەبارەت بەو بڕە پارەیەی دانراوە، لە پرۆژەیاسای حکومەتدا لە بڕگەی (١٩)دا بەناوی پشتگیریی پارت‌و رێکخراوەکان، کە کۆی ئەو بڕە پارەیەی دانراوە (٩٠) ملیار دینارە، لەکاتێکدا هەروەک زۆر لە بڕگەکانی دیکەی پرۆژەیاسای حکومەت زاراوەو وشەکان پوخت نییە، کە بەشێوەیەکی مەتاتی راڤەی بۆ نەکرێت، هەر بۆیە روونەکراوەتەوە کە مەبەست لە رێکخراوە حیزبییەکانە یاخود رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، هەرچەندە بەپێی ئەو زانیارییە سەرەتاییانەی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کۆمکردەوە، بۆم دەرکەوت مەبەست لە رێکخراوە حیزبییەکانە، هەربۆیە بە پێویست زانرا لەبەر ناڕوونیی بڕگەکە، لە تەواوی گفتوگۆکاندا داوامانکردووە کە پێویستە بڕگە یاساییەکان روون‌و ئاشکراتربن، تا بواری شیکاری لاوەکی لەخۆنەگرێت، چونکە سرووشتی یاسا ئەوە دەخوازێت، هەروەها جەختمان لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە پێویستە ئەو پێوەرو پێودانگانە روونبکرێتەوە کە ئەو پارانەی پێ سەرفدەکرێت، ئایا هەر میکانیزمەکانی پێشوو دەگیرێتەبەر یاخود نا؟

لەلایەکەی دیکەوە ئەو بارودۆخەی رێکخراو و سەندیکاکانی تێدایە، پێویستی بە گۆڕانکاریی هەیە، دەکرێت هەر حیزب‌و قەوارەیەکی سیاسیی رێکخراوی تایبەت بە خۆی هەبێت کە نوێنەرایەتی ئەو بکات، بەڵام ناکرێت قۆرغکاریی حیزبیی بۆ رێکخراو و سەندیکاکان بەردەوام بێت، بەتایبەت کە ئەو سەندیکایانە هەڵگری ناوی گشتین‌و لەژێر ناوی کوردستاندا تەواوی توێژە جیاوازەکانی کوردستانیان لەخۆگرتووە، بەڵام لەهەمانکاتدا تەنیا خۆیان بە نوێنەری ئەوانە بزانن کە سەر بەو پارتە سیاسییانەن کە بە میراتگیریی سەندیکاکەیان یان رێکخراوەکەیانی دەزانن.

**رۆژنامە: ساڵانی رابردوو رێکخراوە ناحکومییەکان داوایان دەکرد (٣٪)ی بودجەی هەرێمیان بۆ تەرخانبکرێت، ئایا لە پرۆژەی بودجەی ئەمساڵی (٢٠١٠)ی هەرێمدا پشکی رێکخراوە ناحکومییەکان چەندە؟ ئایا لەسەر چ بنەمایەک بودجە دەدرێت بە رێکخراوە ناحکومییەکان؟**

* وەک لە پرسیاری پێشوودا روونم کردەوە کە تائێستا بەفەرمیی روونەکراوەتەوە کە مەبەست لەکێیە لەو بڕگەیەدا کە لە بودجەدا هاتووەو لەلایەکی دیکەوە لە رەشنووسی پرۆژەی یاسای رێکخراوەکاندا مەسەلەی بودجەی رێکخراوەکان‌و دیاریکردنی رێژەی (٣٪) نەخراوەتە ناو رەشنووسەکەوە، من وەک بڕوای خۆم زۆر بە گرنگی دەزانم کە رێژەیەک لە بودجەی هەرێم بۆ کاری رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی‌و پشتیوانیکردن لە کاری مرۆیی دابنرێت‌و لە دانیشتنە فەرمییەکانیشتدا جەختم زۆر لەسەر ئەو مەسەلەیە کردووەتەوە، کە دەبێت بڕێک لە بودجە تەرخانبکرێت بۆ رێکخراوەکان تاوەکو وادەی قبووڵکردنی یاسای رێکخراوەکان، پێویستە ئەو بڕە پارەیە لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتەوە سەرپەرشتی بکرێت، کە هەمان لیژنەبێت بۆ رێکخستنی کاری رێکخراوەکان، هەروەها بەخشینی ئەم پارەیە بە رێکخراوەکان پێویستە لەسەر بنەمای کێبڕکێ بێت لە رێگای پێشکەشکردنی پرۆژەوەو هەرکاتێک رێکخراوێک سەرکەوتوو بوو لە وەرگرتنی ئەو گرانتە لە حکومەت دەکرێت بڕێک لەو پارەیە تەرخان بکات بۆ کاروباری کارگێڕیی‌و بەڕێوەبردنی رێکخراوەکە. هەروەها گرنگە حکومەت بە یەکسانیی‌و بێ جیاوازیی‌و ئینتیمای سیاسیی مامەڵە لەگەڵ رێکخراوو سەندیکاکاندا بکات، ئەمەش جۆرێک لە متمانەو هێز دەگێڕێتەوە بۆ رێکخراوەکان‌و لەلایەکی دیکەوە فاکتەرێک دەبێت بۆ کاراکردنی ئەو رێکخراوانە تاوەکو پرۆژەی جدییان هەبێت‌و هەوڵی زیاتر بدەن بۆ گەشەدان بە چالاکییان، من ئەوە بە راست نازانم کە بەشێوەی مانگانەو بەبێ هیچ بنەمایەکی دیار پارە ببڕدرێتەوە بۆ رێکخراوێکی دیاریکراو.

**رۆژنامە: هەندێک لە رێکخراوەکان لە چەند ساڵی رابردوودا لە جۆرەکانی گەندەڵییەوە گلاون، بەشێکی زۆر کەمیان گەندەڵییەکانیان گەیشتووەتە لای دیوانی چاودێری دارایی، بەڵام هیچ ئیجرائاتێکیان لەگەڵدا نەکراوە، ئێوە وەک لیژنەی کاروباری کۆمەڵەی مەدەنی لە پەرلەمانی کوردستان، چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم کێشانەدا دەکەن‌و ئیجرائاتتان چییە؟**

*بەشێک لە یاساکە بۆ رێکخستنی کاروباری رێکخراوەکانەو بەوپێیەش دیوانی چاودێری دارایی دەبێت کاراتر کاربکات لەگەڵ ئەو رێکخراوانەدا، هەوڵی لیژنەکە لەئێستادا جەختکردنە لەسەر پتەوکردن‌و دارشتنی یاسایەک کە بتوانێت وەڵامی پێداویستی رێکخراوەکان بداتەوەو کەفیل بێت بە چارەسەرکردنی پرسی گەندەڵیی‌و خراپ بەکارهێنانی (بەد بەکاربردنی) رێکخراوەکان‌و زاڵبوونی بەرژەوەندیی تاکەکەسی.

هەرچەندە بەشێکی گەورەی ئەم کێشەیە لە رێکخراوەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونیی‌و لاوازیی چاودێری ناوخۆیی لەناو رێکخراوەکانداو دوورکەوتنەوەی ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر یاخود ئەنجومەنی رێکخراو لە چاودێریکردنی رێکخراوەکە، هەروەها بوونی پشتیوانیی حیزبیی بۆ بەشێک لەو کەسانەی کە بەشێوەیەکی تاکڕەوانە بوونەتە خاوەنی رێکخراوێک، یاخود بووەتە رێکخراوی یەک خێزان‌و زۆر شتی دیکە.

بەوپێیەش بەڵێ پرسی گەندەڵیی پێویستی بەکاری جدیی هەیەو ئومێدمان زۆرە کە لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی کوردستان جەخت بکاتەوە لەسەر بەدواداچوونی جدیتری دیوانی چاودێری بۆ کاری رێکخراوەکان لێپرسینەوە لە پرسی گەندەڵیی‌و لەلایەکی دیکەشەوە پرسی گەندەڵیی پێویستی بە کاری جدیترو بەرنامەی داڕێژراوتر هەیە لەسەرجەم کەرت‌و بوارەکانی حکومەت‌و کەرتی تایبەت‌و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیشدا لەپێناو گەیشتن‌و بنیادنانی سیستمێکی نەزاهەی نیشتمانی.

**رۆژنامە: حیزب لە کوردستان هیچ سێکتەرێکی کۆمەڵگەی مەدەنی نەماوە وەک رێکخراوە پیشەییەکان نەیخستبێتنە خزمەتی خۆیەوە، ئایا چۆن دەتوانرێت رێکخراوە پیشەییەکان لەژێر چنگی حیزب دەربهێنرێت؟ ئێوە لەم بارەیەوە رۆڵتان چییە؟**

* ئەم دابەشکردنە پێشینەیەکی هەیەو بەتایبەتیش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دابەشبوونی سیاسیی‌و شەڕی ناوخۆ، کۆتاییهێنان بەم بارودۆخە تەنیا بە بڕیار نابێت، پێموایە لەئێستادا گۆڕانکاریی بەگشتیی لە کوردستاندا روویداوەو ئومێدیش دەکرێت کە ئەم گۆڕانکارییەش لە رێکخراوەکانەوە ئاقارێکی نوێ وەربگرێت‌و رێکخراوو سەندیکاو کۆمەڵەکان هەوڵبدەن لەو پاشکۆ حیزبییە رزگاریان ببێت، هەرچەند وەک پێشتر ئاماژەم پێدا کە هەموو پارتێکی سیاسیی مافی خۆیەتی رێکخراوو سەندیکای تایبەت بە خۆی هەبێت، بەو مانایەی حیزبیش یەکێکە لە کایەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بەڵام ئەمە نابێت بچێتە چوارچێوەی قۆرغکاریی دەسەڵاتەوە بۆ رێکخراوەکان. بۆ ئەوەش هەوڵی جدیتر لەم بوارەدا بدرێت، پێویستە یاسای رێکخراوەکان‌و شەفافیەت لە بودجەی هەرێم‌و تەرخانکردنی بودجەیەک بەیەکسانی یاخود خستنەڕووی دەرفەتی یەکسان بۆ بەدەستهێنانی سەرچاوەی دارایی بۆ رێکخراوەکان کەفیل دەبن بە چارەسەرکردنی بەشێک لەم کێشەیەو هەروەها ئیرادەی کەس «ئەندام»و رێکخراوەکان رۆڵیان هەیە، بەشێوەیەکی گشتیش رەوتی گەشەکردنی کۆمەڵی مەدەنی لە کوردستانداو بوونی پشتیوانی نێودەوڵەتیی زیاتر بۆ رێکخراوەکان هاندەر دەبن لەسەر گەشەکردن‌و کاراکردنی رۆڵی ئەم رێکخراوانە.

هەروەها بەشێوەیەکی تایبەت‌و سەبارەت بە رۆڵی پەرلەمان لەم بوارەدا، پەرلەمان دەتوانێت بەدواداچوون بکات لەسەر جۆرێک لە قۆرغکاریی‌و خراپ بەکارهێنانی رێکخراوەکان‌و بەلاڕێدابردنی رێکخراوەکان لەلایەن کەس‌و لایەنەکانەوە لەو مەبەستەی بۆی دانراوە، کە خزمەت بە بەرژەوەندیی گشتیی بکات، بەوپێیەی پەرلەمان ئەرکی پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکان دەگرێتەئەستۆ، بەڵام ئەم بەدواچوونەش پێویستی بە بەرنامەڕێژیی‌و بوونی ویستێکی راستەقینە هەیە سەبارەت بە رزگارکردنی رێکخراوەکان لە دەستەمۆیی حیزبیی.

لەکۆتاییدا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی فاکتەرێکی سەرەکین بۆ گەشەکردن‌و بەرەوپێشچوونی هەر نەتەوەیەک لەلایەکو لەلایەکی دیکەوە رۆڵی زۆر گرنگیان هەیە لە چاودێریکردنی ئەدائی دامەزراوە حکومیی‌و دادوەریی‌و تەشریعییەکان، راگەیاندنی ئازادو رێکخراوە ناحکومییەکان‌و گرووپەکانی فشار دەتوانن داکۆکیکاری راستەقینەبن لە خستنەڕووی خواستەکانی میللەت‌و گەیاندنی بە پەرلەمان بۆئەوەی زیاتر داکۆکی جدیی لەسەر بکرێت، بەوپێیە من داواکارم لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی‌و سەندیکاو کۆمەڵەکان بەردەام ئەو رۆڵە گرنگەی خۆیان بزانن‌و نزیکتر بن لە پەرلەمانی کوردستان لەپێناو هێنانەدی ماف‌و خواستە رەواکانی چین‌و توێژە جیاجیاکانی جەماوەری کوردستان.

**له بودجەی ٢٠١٠ی هەرێمدا ناوهاتنی رێکخراوەکان بۆ بودجە، مەبەستی رێکخراوە حیزبییەکانە**

**پرسی گەندەڵیی پێویستی بەکاری جدیی هەیەو ئومێدمان زۆرە لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی کوردستان جەخت بکاتەوە لەسەر بەدواداچوونی جدیتری دیوانی چاودێری بۆ کاری رێکخراوەکان لێپرسینەوە لە پرسی گەندەڵیی**

# چیرۆکی ئەشکەنجەدانی پاسەوانی ئۆفیسی لیستی گۆڕان، لە دوکان

راپۆرتی: فاخیر تەلانی

هەر رۆژەو لە جێگەیەک لایەنگرێکی بزووتنەوەی گۆڕان لەسەر بیروڕای جیاواز دارکاریی دەکرێتو ئەشکەنجە دەدرێتو نانبڕاو دەکرێت، بەبێ ئەوەی ویژدانی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەت بجوولێت، هەروەکو هاوڵاتی ئەم هەرێمە نەبنو دەبێ مافیان لەلایەن دەسەڵاتەوە بەوشێوەیە پێشێل بکرێت، کە یەکێتیو لایەنگرەکانی دەیکەن.

باوەڕ جەمال عەبدوڵڵا، تەمەن (٢٠) ساڵ پاسەوانی ئۆفیسی لیستی گۆڕانە لە شارۆچکەی دوکانو هەر لەو شارۆچکەیەش نیشتەجێیە، یەکێکی دیکە لە قوربانیانی بیروڕای جیاواز، بەم هۆیەوە ئەشکەنجە دراوە.

باوەڕ تا پێش (٢٠١٠/٣/٢٥) هەروەک رۆژانی ئاسایی دەوامی خۆی دەکرد لە ئۆفیسی لیستی گۆڕان لە دوکان، وەک خۆی دەڵێت: لەگەڵ هیچ کەسێکیشدا کێشەی تایبەتی نەبووە، بەڵام شەوی دواتر لەلایەن کەسێکەوە بەناوی (م.ق)، ئاگادار دەکرێتەوە، کە دەیەوێت بچنە دەرەوەی کار.

(م)، پێشتر ئەوەندە لە باوەڕەوە نزیکبووە، کە باوەڕ وەک خۆی دەڵێت: بێ دوودڵیی بەناوی پیاسەوە چووەتە دەرەوە، (م)یش بۆ ئەم مەبەستە ئۆتۆمبێلە (ماکزیما)کەی خۆی هێناوەو لەبەردەم بارەگای لیستی گۆڕان رایگرتووە، تا باوەڕ چووەتە لای.


باوەڕ جەمال

دوای بەرێکەوتنیان پیلانێک بەناوی پیاسەوە لە دژی باوەڕ دەستپێکرد، باوەڕ دەڵێت: «کە نزیکبووینەوە لە خوێندنگەی دواناوەندیی سارا لە دوکان، بینیم سێ کەسی دیکە بە ئۆتۆمبێلێکی جۆری (سەنی)یەوە راوەستابوونو چاوەڕێی ئێمەیان دەکرد، لەو کاتەدا من گومانم کرد، کە ئەمانە دەیانەوێت شتێک لە من بکەن».

پاسەوانەکەی لیستی گۆڕان پاش ئەوەی گومانی لا دروست دەبێت، هەوڵدەدات لەدەستی (م)و پیلاندانەرەکانی دیکە رابکات، بەڵام (م)و هاوەڵەکانی بە هەر چواریان لەناو ئۆتۆمبێلەکەیاندا دەکەونە سەریو لێیدەدەن.

باوەڕ، لەم بارەیەوە دەڵێت: «لەناو ئۆتۆمبێلەکەیاندا بە هەر چواریان بەدەست کە دەمانچەو شەقو بۆکس زۆریان پیاکێشام، ئەوان زۆربوون من توانای دەستکردنەوەم نەبوو، کاتێکیش زانییان سەرم شکاوەو خوێنم لەبەر دەڕوات، بۆ ئەوەی ئۆتۆمبێلەکەیان پیس نەبێت، قاچیان گرتمو رایانکێشامە دەرەوە».

وەک باوەڕ، خۆی باسیدەکات، کە لە ئۆتۆمبێلەکەی (م) دەریدەهێنن لەجیاتی ئەوەی چارەسەرێکی برینداریی‌یەکەی بکەن، لەسەر زەوی دەکەونەوە لێدانی، باوەڕ، وتی: «(ر.ع)، کە باوکی ئامۆزای (م)ە میلی دەمانچەی لێ هێنامەوەو بە ئەوانی دیکەی وت دووربکەونەوە با لێرە بیتۆپێنمو دەمانچەکەی خستە سەر سەرم، بەڵام نەیانهێشت».

بەپێی وتەکانی باوەڕ، ئەو کەسەی کە نەیهێشتووە باوەڕ بکوژرێت، کەسێک بووە بەناوی (هـ.گ)، کە پیشەی مامۆستایەو لێپرسراوی ئیدارەی بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی دوکانەو ئامۆزای (م)ە، ئەوەیش لەبەرئەوەی پێیوابووە؛ کە ئەو شوێنە بەکەڵکی کوشتن نەدەهات.

باوەڕ وتی: «(هـ) بە (ر)ی وت: دەمانچەکەت لابدە، ئێرە شوێنی زەلام کوشتن نییەو بچن ئەو حەبلە بهێنن لە ناو ئۆتۆمبێلەکەدا دەستو قاچی دەبەستینەوەو لە شوێنێکی چۆڵ دەیکوژین».

ئەم داواکارییەی (هـ) لەلایەن (هـ ق) خاڵۆزای (م)، کە کارمەندی پۆلیسە لە بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی دوکان لەگەڵ (ر) جێبەجێدەکرێتو بە هەردووکیان حەبل دەهێنن بۆ بەستنەوەی باوەڕ، لەم کاتەدا باوەڕ رادەکات.

باوەڕ وتی: «(م) چوو سندووقەکەیان بۆ بکاتەوە، منیش دەستی چەپمو سنگم بەدەست (هـ)وە بوو، دوای ئەوەی زانیم مەشغوڵنو تەنیا یەکێکان لام ماوە، بەدەستی راستم کێشام بە سنگی (هـ)داو رامکرد، ماوەی (١٥) مەترێک دوورکەوتمەوە، (هـ) بە دەمانچە میلی هێنایەوە، وتی: یەک مەتری دیکە بڕۆیت وەک سەگ دەتکوژم».

بەڵام وەک خۆی دەڵێت؛ باوەڕ بەردەوام دەبێت لە راکردن، چونکە ئەو شوێنە نزیک بووە لە ئۆفیسی لیستی گۆڕانەوە، خۆی دەگەیەنێتە ئۆفیسو لەوێش بەپەلە دەگەیەنرێتە نەخۆشخانەی گشتیی دوکان بۆ چارەسەر، چونکە بریندار بووەو خوێنێکی زۆری لێ رۆیشتووە.

لە نەخۆشخانەی گشتیی دوکان، دوو جێگەی سەری باوەڕ دەدوورێتەوەو برینەکانی دیکەشی تیمار دەکرێت، ئەمە جگە لەوەی پەراسوویەکی لە لێداندا شکاوە، بەم هۆیەشەوە پزیشکی ئێشکگر لە نەخۆشخانەی گشتیی دوکان هەرهەمان شەو بە مەبەستی ئەشیعەو چارەسەر رەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی دەکات.

باوەڕ، رۆژی (٢٠١٠/٣/٢٦) داوای یاسایی لە بنکەی پۆلیسی دوکان لەسەر ئەو چوار کەسە تۆمار دەکاتو دوای (٢) رۆژ هەر چوار ناوبراو بەپێی مادەی (٤١٣) لە یاسایی سزادانی عێراقی دەستگیردەکرێن.

بەڵام دوای ئەم رووداوە کێشەکە تەواو نەبوو، بۆ پەردەپۆشکردنی ئەو رووداوە لێپرسراوی کۆمیتەی رێکخستنی دوکان بەناوی (م.گ)، کە برای یەکێک لە تۆمەتبارەکانە، بەبیانووی ئەوەی گوایە باوەڕ قسەی ناشیرینی پێوتووەو بەچەکەوە بەدوای کەوتووە لە بنکەی پۆلیسی دوکان سکاڵای یاسایی لەدژی باوەڕ تۆمارکرد.

بەم هۆیەشەوە دادگایی دوکان رۆژی (٢٠١٠/٣/٢٩) بڕیاری دەستگیرکردنی باوەڕی دەرکرد، تا دوای دووڕۆژ بە کەفالەت ئازاد کرا، هەروەها هەر چوار تاوانبارەکەش بە کەفالەت ئازادکراون.

باوەڕ داوا لە یاسا دەکات، کە ئەو تۆمەتبارانە بەسزای یاسایی خۆیان بگەیەنێت، لەهەمووشیان زیاتر (هـ ق)، باوەڕ لەم بارەیەوە دەڵێت: «لەبەرئەوەی (هـ) لە کارمەندانی پۆلیسەو ئەرکی پاراستنی سەرو سامانی هاوڵاتییانی لە ئەستۆیە، نەک دەستدرێژیکردنە سەر خەڵک.

هەرچوار تۆمەتبارەکە،کەدەستدرێژییان کردووەتە سەر باوەڕ، براو ئامۆزاو برازاو خاڵۆزای لێپرسراوی کۆمیتەی رێکخستنی دوکانن.

# کەس دێگەڵەی لەبیر نییە

ئاری سابیر- کۆیە

دوای تێپەڕبوونی (١٨)ساڵ بەسەر دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، تا ئێستا نەتوانراوە تەنیا یەک خانووی رووخاوی ناحیەی دێگەڵەی سەر بە قەزای کۆیە دروست بکرێتەوە، لەکاتێکدا پێویست بوو بۆ سڕینەوەی ئاسەوارەکانی شەڕی ناوخۆ، ئەو ناحیەیە نوێبکرایەتەوە کە رۆژانێک هێڵی تەماسی یەکێتیو پارتی بوو لە شەڕی ناوخۆدا.

هاشم حەسەن، هاوڵاتییەکی دانیشتووی ئەو ناحیەیەو باسی لەوەکرد،لەدوای راپەڕینەوە،نزیکەی سەد خێزان گەڕابوونەوە ناحیەکەو بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزارییەوە، دووبارە زۆربەیان کۆچیان کردەوەو وتی: «ناحیەی دێگەڵە چۆن لەساڵی (١٩٨٧) لەلایەن حکومەتی بەعسەوە رووخێنراو بوو بە سەربازگە، تا ئێستا ئەو خانووانەی رووخێنراون وەک خۆیان بەکەلاوەیی ماونەتەوەو ئاوەدان نەکراوەتەوە، کە پێویست بوو حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێک لەو خانووانەی دروستبکردایەتەوە بۆئەوەی خەڵکی ناحیەکە بێنەوە سەر زێدی خۆیان».

هاشم، دووکانێکی لەسەر رێگاکە هەیەو بۆ رۆژنامە وتی: «ئێمە ناتوانین بڵێین، هیچ نەکراوە لە دێگەڵە، بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە، نەکراوە، لەسەروو هەمووشیانەوە، دروستکردنی خانوو، دامەزراندنی خەڵکەکەی بۆ ئەوەی بتوانن سەرچاوەی ژیانیان دابین بکەن، ئەگەر حکومەت خەڵکەکەی دانەمەزرێنێت، دێگەڵە هیچ سەرچاوەیەکی داهاتی دیکەی نییە».

دێگەڵە ساڵی (١٩٧٤) بووەتە ناحیەو سەر بە قەزای کۆیەیەو لەساڵی(١٩٨٧) بە بڕیاری حکومەتی بەعس تێکدراو لەدوای راپەڕینەوە سەد خێزان گەڕابوونەوە ئەو ناحیەیەو ئێستا رێژەی دانیشتوانەکەی (٦٥)خێزانەو (٣٤٠) کەسە، جگە لە ناوەندی ناحیەکە، (٥١)گوند لەخۆ دەگرێت.

ئەحمەد مستەفا، هاوڵاتییەکی دیکەی ئەو ناحیەیە، رەخنەی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان گرت بەوەی کە وەک پێویست خزمەتی ناحیەکەی نەکردووەو وتی: «بەهۆی هێرشێکی هێزی پێشمەرگەوە لەساڵی(١٩٨٧)دا، بەعس ئەو ناحیەی رووخاند، بۆیە پێویست بوو دوای راپەڕین ئاوەدان بکرایەتەوە، بەڵام نەک ئاوەدان نەکراوەتەوە، بەڵکو بەهۆی شەڕی ناوخۆوە جارێکی دیکە ئەو ناحیەیە چۆڵ بوو و تەنیا چوار خێزانی تێدا مابوو، ئێمە بووینە قوربانیی شەڕی ناوخۆ».

ئەحمەد، وتی: «بەهۆی ئەو شەڕەوە، ماوەی (١٣)ساڵە کارەبای نیشتمانی ناحیەی دێگەڵە بڕدراوەو لەنێوان یەکێتیو پارتیدا هیچیان بۆ چاک نەکردینەوەو تازە خەریکن چاکیدەکەنەوەو تا ئێستاش ناحیەکە تاپۆی نییەو حکومەت یەک پارچە زەویشی نەداوە بە خەڵکی سنوورەکە، ئیتر چۆن ئاوەداندەبێتەوە کە حکومەت هاوکاریی خەڵک نەکات».

سەبارەت بەکێشەو گرفتەکانی ئەو ناحیەیەو نەگەڕانەوەی خەڵکەکەی، کامەران حەسەن بەڕێوەبەری ناحیەی دێگەڵە باسی لەوەکرد، بەپێی ئەو بودجەیەی بۆیان تەرخانکراوە، لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا توانیویانە چەند پرۆژەیەکی خزمەتگوزاریی لە دێگەڵە ئەنجام بدەنو وتی: «لەبواری خوێندندا، قوتابخانەو خوێندنگامان دروستکردووەو یاریگای وەرزشیو پرۆژەی ئاو کراوەو چەندین هاوڵاتیی ئەو ناحیەیەش دامەزراون، بەڵام هێشتا خەڵک هەیە کە کاری نییە، ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە کە دێگەڵە، نە ناوچەیەکی پیشەسازییەو نە کشتوکاڵی باشی هەیە».

بەڕێوەبەری ناحیەی دێگەڵە وتی «ئێستا تۆڕی کارەبامان چاککردووەتەوەو بەم نزیکانە کارەبای نیشتمانی دەدرێتەوە بەخەڵکی دێگەڵە، کێشەی سەرەکیی ئێمە، ئەوە بووە کە هیچ زەوییەکی ئیفرازکراومان نەبووە، بۆیە نەمانتوانیوە زەوی بدەینە خەڵکو ئێستا خەریکی ئیفرازینو لەوانەیە لەداهاتوودا زەوی دابەش بکەین بەسەر هاوڵاتییاندا».


گوندی دێگەڵە

# سەربڕینخانەی رانیە مەرجی تەندروستیی تێدا نییە



راپۆرتی: شاسوار مامە

سەربڕینخانەی ئاژەڵ لە رانیە، نزیکەی (٢٠) ساڵە لەلایەن شارەوانی رانیەو رێکخراوێکی بیانیی دروستکراوەو تائێستا نۆژەننەکراوەتەوە، بەهۆی دابیننەکردنی پێداویستییەکانیو بچووکیی بیناکەی، لەئێستادا کرێکارانو قەسابەکانی ئەو سەربڕینخانەیە نیگەرانیی خۆیان دەردەبڕنو ئاماژە بە نەبوونی مەرجی تەندروستیی لە سەربڕینخانەکەو نەبوونی شوێنی تایبەت بە حەوانەوەی ئاژەڵانو کەمیی ئاوو کارەباو خراپیی شوێنی سەربڕینخانەکە دەکەنو داوا لە حکومەتی هەرێمیش دەکەن سەربڕینخانەیەکی تازە بە سەرجەم پێداویستییەکانییەوە لە رانیە دروستبکات.

محەمەد حەسەن، کە قەسابی گۆشتە لە رانیە بە رۆژنامەی راگەیاند: «سەربڕینخانەکەمان زۆر پیسەو بچووکەو مەرجی تەندروستیی تێدانییەو ئاوو کارەبای کەمەو تائێستا حکومەت لە شاری رانیە سەربڕینخانەیەکی دروستنەکردووە».

ئەبوبەکر حەمەد، یەکێکی دیکەیە لە قەسابەکانی گۆشتو پێیوابوو؛ ئەو سەربڕینخانەیە تەنیا بەناو سەربڕینخانەیەو بۆ رۆژنامە وتی: «زۆر پیسەو مەرجی تەندروستیی تێدانییەو وەزارەتی تەندروستی سەردانی هەموو دوکانەکان دەکات، بەڵام جارێک نایەت پشکنین بۆ ئەو سەربڕینخانەیە بکات».

بە بڕیارێکی رەسمیی وەزارەتی تەندروستی سەربڕینی پەلەوەرو ئاژەڵ لە دەرەوەی سەربڕینخانەکان قەدەغەکراوەو حکومەتی هەرێمیش چەندین سەربڕینخانەی نوێی دروستکردووەو چەند سەربڕینخانەیەکیشی داخستووە، بەڵام ئەم بڕیارانە سەربڕینخانەی رانیەی نەگرتووەتەوە.

د.بەهرام عەبدوڵڵا، پزیشکی ڤێتێرنەری سەربڕینخانەی ئاژەڵیی رانیە، ئاماژە بەوەدەکات؛ هیچ مەرجێکی تەندروستیی لە سەربڕینخانەکەدا نییەو بۆ رۆژنامە وتی: «بیناکە کۆنەو نزیکەی (٢٠) ساڵە هەیەو جاران دەکەوتە دەرەوەی شار، بەڵام ئێستا لەناوەوەی شارەو تەنیا ئەوەی باشە ئاژەڵان لەناو بازاڕ سەرنابڕێنو خوێنو پیسی لە بازاڕ نییەو لەناو قەسابخانەیە».

ئەو پزیشکە وتیشی: «سەربڕینخانەی رانیە تەنیا بەناو سەربڕینخانەیە، بۆیە داوادەکەین لە دەرەوەی شار سەربڕینخانەیەک بەشێوەیەکی زانستیی دروستبکرێت».


سەربڕینخانەی رانیە لەلایەن لیژنەیەکی تایبەت بە سەرۆکایەتی شارەوانی رانیەوە دروستدەکرێتو پێشتر لە دەرەوەی شاری رانیەدا بووە، بەڵام ئێستا بەهۆی فراوانبوونی شارەکەوە کەوتووەتە ناوەڕاستی شارەوە.

بەختیار ئەحمەد حەمەد، سەرۆکی شارەوانیی رانیە بە وەکالەت، بۆ رۆژنامە وتی: «پرۆپۆزەڵمان ئامادەکردووە بۆ دروستکردنی سەربڕینخانەیەکی سەردەمیانە لە رانیەو شوێنێکمان بۆ دیاریکردووە، کە بۆ هەمیشە بە گونجاویی بمێنێتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش هەم لە رێگەی وەزارەتی شارەوانیو هەم لە رێگەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانییەوە داوامانکردووە بۆ ئەوەی لەلایەن یەکێک لەو دوو ناوەندەوە پرۆژەکە جێبەجێ بکرێت».

# پانۆرامای نانبڕین

# نانبڕین، شێوازێکی نوێ لە تیرۆر

راپۆرتی: هیوا جەمال



دەستی حیزب کراوەیە

لە شەرقولئەوسەت وەرگیراوە

## خنکاندنی دیموکراسی

یەکێتیو پارتی، لەماوەی دەسەڵاتیاندا بە چەندین شێوە مرۆڤی کوردیان کردووەتە ژێردەستەو رەفتارەکانیان دەچێتە خانەی تیرۆرەوە، هەر لە تیرۆری جەستەییەوە تێبینی کراوە، تا تیرۆری رۆح، تیرۆری قەڵەم، تیرۆری بیرکردنەوە، تیرۆری نان (قوت)، تیرۆری فیکر، تیرۆری خەیاڵ، تیرۆری وەزیفەو تیرۆری هاوڵاتییبوون.

خەسڵەتی تیرۆریست وایە، بێئەوەی خۆی ئاشکرا بکات، لەکاتو شوێنی جیاوازو بەشێوازی جیاواز کردەوە تیرۆریستییەکانی ئەنجام دەدات، لە دەسەڵاتی ئەو دوو حیزبەشدا بێئەوەی فەرمانبەرەکە پێی بزانێت، فەرمانێکی بۆ دێت لەپۆستەکەی دەرکراوە، یان گوازراوەتەوە، یاخود یەکێک لەسەری مانگەکانی ساڵدا کاتێک دەچێت مووچەکەی وەربگرێت، مووچەکەی براوە.

ئەو دوو حیزبە ماوەی (١٨)ساڵ دەسەڵاتیان لەسەر خۆیان تاپۆکردو لە هەڵبژاردنی (٧/٢٥)یشدا بە «ساختەکارییو هاوشێوەکانی» جارێکی دیکە دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرتەوە.

نانبڕین بەرچاوترین دیاردە بوو دژی ئەوانەی کە دەیانەوێت جیاواز لە دەسەڵاتدارەکان بیربکەنەوەو دەنگیان پێنەدەن.

بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە، لەگەڵ هەڵمەتی هەڵبژاردنی (٢٠١٠/٧/٢٥) تا ئامادەکردنی ئەم راپۆرتەش شەپۆلێکی بەردەوامی سزای سیاسیی (تیرۆری قوت) دەرهەق بە ئەفسەرو پلەدارو سەربازو مووچەخۆرانی وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی پێشمەرگە، فەرماندەیی گشتیی، س. ئەرکان، ئاسایشو پاسەوانی سنوور بەردەوامە. تا مانگی شوباتی (٢٠١٠) ژمارەی ئەو کەسانەی کە مووچەیان براوە، گەیشتووەتە (١٥٦٦) کەسو کۆی مووچەی براویان لە بودجەی گشتیی بە نزیکەی پێنج ملیارو چوار سەدو هەشتا ملیۆن دینار مەزەندە دەکرێت لە ماوەی زیاتر لە حەوت مانگدا.

## چراکانیان کوژاندەوە

دەسەڵاتی خۆماڵیی، بەبێ گوێدانە زیانەکانیو بەبێ بیرکردنەوە، دوای ئەوەی زانی کە ناتوانێت یان ناوێرێت تیرۆری جەستەیی بەکاربهێنێتو شەڕی ناوخۆ هەڵگیرسێنێت، شێوازێکی نوێی لە تیرۆر پەیڕەو کرد، ئەویش نانبڕینی سەدان کەس بوو لەوانەی کە ئاشکرابوون، یان خۆیان ئاشکراکرد وەک بەرپرسەکانیان بیرناکەنەوە.

تیرۆری قوت، کە ئێستا بزووتنەوەی گۆڕان ناوی (سزادانی سیاسیی) لێناوە، کە لەراستیدا ئەم «ناو»ە زۆر لە سەروو ئازاری تیرۆرکراوەکانەوە، هەموو چینو توێژەکانی گرتەوەو ئەوەی دەسەڵات توانای بەسەریدا هەبووبێت، لێی بێبەری نەبووە.

تیرۆری قوتی هاونیشتمانیان، لەگەڵ دەرکەوتنی لیستی گۆڕان دەرکەوتو پەرەیسەند، لە سەرەتاکانی ساڵی (٢٠٠٩)ەوە ئیدی نەتوانرا ئەو تیرۆرە بشارێتەوەو دەسەڵات کوێرانە کەوتە وێزەی ئەوانەی کە دەرکەوت وەک ئەو بیرناکەنەوە.

نانبڕین، لە نزمترین پلەی فەرمانبەرەوە دەستیپێکردو لە بەرزترین پلەشیدا خۆی بینییەوە، دەسەڵات بەبێ گوێدانە خزمەتو دڵسۆزییو بەتوانایی، وەک رەشبگیر، دەستی بە تیرۆرکردنی قوتی هاونیشتمانو هاوزمانەکانی کرد.

توێژە سەربازییەکانو مامۆستایان لەبەرچاوترین ئەو توێژانە بوون کە زۆرترین قوربانییان دا.

لە حوزەیرانو تەمموزی ساڵی (٢٠٠٩) دا نزیکەی (٥٠)بەڕێوەبەرو یاریدەدەرانی قوتابخانەو خوێندنگەکانی سنووری بەڕێوەبەرێتیی گشتیی پەروەردەی سلێمانی بەبیانووی پەیوەندییان بە لیستی گۆڕانەوە، لەسەر کار لابران. هەر لە سەرەتای ساڵی پارەوە دەست بە دەرکردنو نانبڕینی سەدان سەربازو پلەدار کراو بە جۆرەها شێواز کاریان لەسەر کردن، تەنانەت لەلایەن بەرزترین دەسەڵاتی سەربازییەوە، بە ناڕاستەوخۆ وەک «ناحەزو دوژمن» ناویان برا.

لەبارەی تیرۆری قوتی مرۆڤەکانەوە قسەی زۆر کراو رەخنەی زۆرتر گیراو بەرپرسانو چاودێران بەدەنگهاتن، ئەم بەدەنگهاتنە بۆ هەر کەسێک مانایەکی هەبوو، بەڵام بۆ تیرۆرکراوەکان جگە لە قسە تا ئێستا هیچی لێ سەوز نەبووە.

## چەک بەرامبەر مەدەنییەت

بۆ ئەوەی مافیان بۆ بگەڕێنرێتەوە، هاوڕێیانو هاوسۆزانی تیرۆرکراوەکان، خۆپیشاندانیان ئەنجامدا، لە مانگی ئابی (٢٠٠٩) دا نزیکەی (١٠٠٠)مامۆستا، خۆپیشاندانێکیان بۆ بەردەم بەڕێوەبەرێتیی گشتیی پەروەردەی سلێمانی رێکخست، بەڵام ئەو جووڵە مەدەنییە بە لولەی تفەنگەکانو هێزە ئەمنییە ئاشکراو شاراوەکان دەوری گیرابوو.

خۆپیشاندەران داوایانکرد، بڕیاری لابردنی بەڕێوەبەرو یاریدەدەرو مامۆستایانو گواستنەوەیان لەسەر بیروڕای جیاواز، هەڵبوەشێتەوە، دەستی حیزب لەپرۆسەی پەروەردەدا دووربخرێتەوە، رێکخراوەکەیان (یەکێتیی مامۆستایان)، لەدەستی حیزب دووربخرێتەوە، هەروەها کاربەدەستانی گەندەڵ لاببرێن.

## سەرۆک کاتی بەرێکرد

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، چەند جارێکو لە چەند بۆنەیەکدا ئیدانەی نانبڕینی هاوڵاتییانی هەرێمەکەی کرد، بەڵام تا ئێستا جگە لە بەرێکردنی کات، لەلایەن سەرۆکەوە کە دەسەڵاتی یەکەمە لە هەرێمدا، هیچی دیکە نەکراوە.

رۆژی(٨/٢٧) لەمیانەی کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ فراکسیۆنی گۆڕاندا، مەسەلەی دەرکردنو نانبڕاوکردنی زیاتر لە (١٥٠٠)کەس باسکرا، هەر لەکۆبوونەوەکەدا، مەسعود بارزانی نیگەرانیی خۆی لەحاڵەتەکە نیشانداو بەڵێنی بەدواداچوونی ئەو کێشەیەی دا.

لەدوای ئاگادارکردنەوەی سەرۆکی هەرێمیشەوە، لەماوەی چەند رۆژێکدا زیاتر لە (١٠٠)کەسی دیکە لەدامودەزگا حکومییەکاندا دەرکران.

لە کاردانەوەیەکی دیکەداو لە میانی سەردانێکیدا بۆ دەڤەری رانییە، سەرۆکی هەرێم بە پەرلەمانتارەکانی فراکسیۆنی گۆڕانی وت: نانبڕین دیاردەیەکی ناشرینەو نابێت بمێنێت.

سەرۆکی هەرێم، تەنیا وەک چاودێرێکی سیاسیی ئەم قسەیەی کردو بە کردەوە نانبڕاوەکانی نەگێڕایەوە شوێنەکانی خۆیان. ئەگەرچی رایگەیاند: «بەیەک چاو سەیری هەموو لایەنە سیاسییەکان دەکەم».

## فرمێسکی تیمساحیی

بەشێک لە دەسەڵاتداران، تیرۆکردنی قوتی هاوڵاتییانیان لەبەردڵ گرانبوو، بە لێپرسراوانی ئەو حیزبەشەوە کە دەستی لە تیرۆرکردنەکەدا هەبوو، بەڵام ئەوە جگە لە رشتنی فرمێسکی تیمساحییانە، هیچی دیکەی بۆ تیرۆرکراوان پێ نەبوو، بەپێچەوانەشەوە، بەشێک بە چارەسەریی گونجاویان دادەنا بۆ تەمێکردنی «لەرێلادەران».

ژمارەیەک لە سەرکردەکانی ئەو حیزبەی کە کارەکەی ئەنجامدابوو ئیدانەی کارەکەیان کرد، شاڵاو عەلی عەسکەری، ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی وتی: ئەگەر وەک ویژدان سەیری مەسەلەکە بکەین، من لەگەڵ ئەوەدانیم، نانی هیچ کەسێک ببڕدرێت.

مستەفا چاوڕەش، ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی، وتی: هەر کەسێک لەناو یەکێتیدا نەمێنێت، بەپێی ئەو سزا مادییەی کە دیاریکراوە، مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، وتی: ئەوەی ئیش بۆ یەکێتی نەکات، نانی دەبڕدرێتو ئەوەش شتێکی ئاساییە.

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی، وتی: ئەمە ناخۆشترین لایەنی مەسەلەکەیە، خۆزگە ئەم ئیجرائاتە ئەوەی تێنەکەوتایەو پێموایە، نەتوانراوە هاوسەنگییەک دروستبکرێت لەنێوان سزادانو نان نەبڕیندا.

## رێکخراو و چاودێران بەدەنگهاتن

جەبار ئەمین، ئەندامی پارتی ژینگەی سوید، وتی: «دەرکردنو نانبڕینی کادیران لەبەرئەوەی بۆچوونی جیاوازیان هەیە، دژ بە دیموکراسییەو کارێکی ناشارستانییە».

رێبوار حەسەن، چاودێری نێودەوڵەتیی، وتی: «دەنگ پەیداکردن لە رێی هەڕەشەو نانبڕینەوە، پێچەوانەی بەهادیموکراسییەکانەو لە وڵاتانی کۆنی کۆمۆنیزمو مۆسۆلینیو نازیدا پەیڕەوکراوە».

ناوەندی چاک رایگەیاند: شێوازەکانی نانبڕین بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی ئەم دوو زلحیزبە لەگەڵ رۆژگاردا گۆڕاون، سەردەمانی شەڕی ناوخۆ بە تۆمەتی پارتیبوونو یەکێتیبوون ماڵی هەزاران کەسیان وێرانکردو دەیان خێزانی هەولێریو سلێمانییان شاربەدەر کردو دەیانی دیکەیشیان بە کوشتنو برین دا، وا جارێکی دیکەو بە تایبەت لە ژێر دەسەڵاتی یەکێتیی نیشتمانیدا لەسەر رای جیاواز سەدان کەس تووشی نانبڕین هاتوون.

چاودێری کوردۆ ساید- چاک: نانبڕینو گواستنەوەی خەڵک بەهۆکاری ئەوەی دەنگیان بە لیستی دەسەڵات نەداوە، درێژەپێدانی ئەو میتۆدە دیکتاتۆرییانەی دەسەڵاتە کە (١٨)ساڵە پلەی ئیدارییو داهاتی ئەم خەڵکە بەموڵکی خۆی دەزانێتو دەیەوێت لەم رێگایەوە بیروڕا نارازییەکانی خۆی پێ کپ بکات.

هەر لەو بارەیەوە، رەوەندی کوردیی لە زۆربەی وڵاتان خۆپیشاندانیان سازکردو ئیمزایان بۆ بەرگرتن لە تیرۆرکردنی قوتی هاوڵاتییان کۆکردەوە.

## دواکارت

لە (١٧)ی ئازاری (٢٠١٠)دا وەفدێکی فراکسیۆنی گۆڕان، یاداشتێکیان دایە سەرۆکی کابینەی شەشەمی هەرێم، بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی نانبڕاوەکان، بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامەش لەگەڵ یاداشتەکەدا سەرجەم بەڵگەنامەکان بۆ ئەو مەسەلەیە هاوپێچ کرابوون.

لەویاداشتەدافراکسیۆنی گۆڕان چوار خاڵی سەرەکییان وەک زینجیرەیەک لە هەنگاونان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە خستبووەڕوو، بەڵام لەدوای پێدانی یاداشتەکەو گفتوگۆکان، سزاکانی سەر گۆڕانخوازان توندتر بوونەوە.

بەپێی یاداشتەکە دەبوو، سەرەتا حکومەت هەموو هەنگاوەکانی سزادانی سیاسیی رابگرێتو دواتر ئەو هەڵسوڕاوانەی گۆڕان ئازاد بکات کە بەو هۆیەوە زیندانیی کراون، خاڵی سێیەمیش هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم بڕیارە زارەکییو نووسراوەکان بوون سەبارەت بە نانبڕینو لە خاڵی چوارەمیشدا داواکرابوو، سەرجەم «پاساوە قانوونییەکان» کە لە راستیدا لەسەردەمی کێدابوو؟ نایاسایین، هەڵبوەشێنرێنەوە.

بزووتنەوەی گۆڕان، دوایین کارتی بەکارهێناو لە گەرمەی گفتوگۆکانی سەبارەت بە چۆنێتیی بەشداریکردنی لیستە سەرکەوتووەکان لە بەغدا، گەڕانەوەی تیرۆرکراوەکانیان کردە مەرج بۆ رازیبوونیان بە دەنگدان بە جەلال تاڵەبانی بۆ ئەوەی بۆ چوارساڵی دیکە ببێتەوە بەسەرۆک کۆمار.

پرسیار ئەوەیە، کاتێک تاڵەبانی جێی خۆی گرتو بۆ ماوەی چوارساڵ ئەو ولایەتەی گرتەوە دەست، لە هەرێمداو لە رێگەی دەسەڵاتەکانییەوە، دەست بە نانبڕینی هاوڵاتییان ناکاتەوە؟

لەلایەکی دیکەوە سەرچاوەیەک لە کۆبوونەوەی لیستە سەرکەوتووەکان لەگەڵ سەرۆکی هەرێم بە رۆژنامەی راگەیاند: گۆڕان ئەو خاڵەی وەک قسەی سەرەتایی وتوووەو دواتر خاڵەکە لابراوەو مەسعود بارزانی وتوویەتی: کێشەی نانبڕاوەکان خۆی چارەسەری دەکات. سەرچاوەکە وتیشی: مەسەلەی نانبڕاوەکان ئێستا لە ئەستۆی سەرۆکی هەرێمدایەو لە ئەجێندای سیاسیی دەرهێنراوە.

## تیرۆری قوت، لەسەردەمی کێدا بوو؟

لەبەهاری (٢٠٠٩)ەوە نانبڕین دەستیپێکرد، تیرۆرکردنی قوتی هاوڵاتییان لەکاتێکدابوو کە ئەمانەی لای خوارەوە لەدەسەڵاتدابوونو دەیانتوانی رۆڵیان هەبێت، لەوەدا کە ١. نەهێڵن قوتی هاوڵاتییان تیرۆربکرێت (نانبڕاوبکرێن). ٢. ئەوانەی نانیانبڕاوە، بیانگێڕنەوە سەر کارەکانیان.

جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتیی یەکێتیو سەرۆک کۆماری عێراق کە سەرۆکی هەموو عێراقییەکان بوو، دەیتوانی رۆڵی پۆزەتیڤ بگێڕێت.

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، چەند جارێک لەوبارەیەوە ئاگادارکرایەوەو بە عەمەلیی کاری بۆ نەکرد، جگە لەوەی کە بەڵێنی دا لیژنە بۆ ئەو مەسەلەیە پێکبهێنێت.

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێم، دەسەڵاتی هەبوو و دەیتوانی رۆڵی پۆزەتیڤی هەبێت، بەڵام لەوکاتەدا هیچ خۆی تێنەگەیاند.

عیماد ئەحمەد، جێگری سەرۆکی حکومەت کە وەک خۆی چەند جارێک ئاماژەی پێداوە، وەک سەرۆکی حکومەت رۆڵی بینیوە، بەتایبەت لە دەڤەری سلێمانی، بەڵام دەسەڵاتەکانی بۆ ئەو مەبەستە، سوود لێنەبینی.

بەرهەم ئەحمەد ساڵح، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، کە ئێستا سەرۆکی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمەو دەتوانێت ئەو کێشەیە کۆتایی پێبهێنێت.

ئازاد بەرواری، جێگری سەرۆکی حکومەت، بەهەمانشێوە دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە ئەو پێشێلکارییانە بەرەو نەمان ببات.

هەموو پەرلەمانتارەکانی خولی سێیەم، دەیانتوانی فشاری زیاتر بخەنە سەر حکومەت، بۆئەو مەسەلەیە.

هەرچەندە لیستی گۆڕان بەڵێنی بەخەڵکدا کە پەرلەمان بکاتە مەرجەعی سەرەکی بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکانو دەرچوواندنی بڕیارو یاسا، بەڵام ئەو لیستە بۆ یەکلاییکردنەوەی یەکەمین کێشە کە هاتە بەردەمیان، پەنایان بردە بەر سەرۆکی هەرێم.

رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، سەرجەم وەزیرەکان، ئەوانەی کە ئەوەندە دەسەڵاتیان هەیە، دەیانتوانی رۆڵیان هەبێت، بەڵام کەسمان نەبینی لەسەر ئەو مەسەلە گرنگە بۆ خۆیو بۆ مێژوو دەست لەکاربکێشێتەوە.

**نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێم، دەسەڵاتی هەبوو و دەیتوانی رۆڵی پۆزەتیڤی هەبێت، بەڵام لەبەر هەر هۆیەک بێت نەیکرد**

# برینی ئەنفال لەنێوان سارێژکردنو کوڵانەوەدا



لەتیف فاتیح فەرەج

کەس هێندەی ئەنفال زەدەکان، لە کاریگەریی ئازاری ئەنفال ناگات، بۆیە ئاساییە کەسانێک، کە بە خەیاڵی خۆیان هیچێکیان ئەنفال نەکراوە، بەلایانەوە شتێک نییە بەناوی ئەنفال، کۆستی نەتەوەیەک لێرەوە دەستپێدەکات لە تێگەیشتنی ئەوەوە، کە بوونی خۆی لەسەر بنەمای خوێنو بنەماڵە، نەک نەتەوەو مرۆڤ بونیاد نابێت، ئەوانەی کە دەیانەوێت بڵێن؛ ئێمە هیچ پەیوەندییەکمان بە ئەنفالەوە نییە لەبەرئەوەی براو بابو مامو خاڵو خوشکو پوورو کەسی نزیکیان ئەنفال نییە ئەوانە، هێشتا لەدەرەوەی بازنەی بوونو لەدەرەوەی بازنەی نەتەوەشدان، ناکرێت گەلێک بەوشێوەیە لە لەناوچوونی خەڵکەکەی خۆی بڕوانێت، دوای چەندین ساڵ لە ئەنفال ئێستا لە هەر کات زیاتر گوێی ئێمە بەو ئاوازە جاهیلییە پڕدەبێتو بەداخەوە هەندێکجار ئەوانەی ئاوا ئاوازەکە دەچڕن لە خەڵکانی زانکۆو پەیمانگەکانن، لەڕاستیدا دەبێت ئەمان پێشەنگی خۆبەخاوەنکردنی کۆستەکانی نەتەوە بن، نەک بەپێچەوانەوە، بە باوەڕی من ڕۆژبەڕۆژ پەرەسەندنی ئەم ئاوازە ناجۆرۆ ترسناکە، زیاتر لەنمایشکردنی فیلمێکی ترسناک دەچێت، فیلمێک کە تێیدا پاڵەوان کوردێکە هەرگیز نایەوێت بڕوا بەوە بهێنێت، کە دوێنێی پڕاوپڕە لەستەمو چەوسانەوەو سڕینەوە، ئەم کوردە لە بنەڕەتدا کوردێکی نەخۆشە، هەر ئەوەی کە د.فاروق رەفیق بەشێوەیەکی قووڵتر لە ماڵێکی لێکترازاوو ویژدانێکی بیماردا ویستی نیشانمان بدات، ئەم کارەکتەرە کوردەی نێو ئەو فیلمە ترسناکە، کە بەهیچ شێوەیەک نایەوێت بەشداریی کۆستو ئازاری نەتەوەکەی بکات، ڕۆژبەڕۆژ هی دیکە لەخۆی کۆدەکاتەوەو بەڕادەیەک، کە تادێت ژمارەی کارەکتەرەکان زیاد دەکات، من تووشی نیگەرانییەکی قووڵ دەبم، کە دەبینم کورد بەدرۆ سۆزێکی بێ ئەندازە دایپۆشیوەو لەنێوەڕۆکیشدا کەسێکە هیچ هەستێکی ئینسانیی تیا بەدی ناکرێت.

دەنا بۆ دەبێت لە تەواوی ڕۆژئاوا، ڕۆژئاوایەک لەنێو ئەو هەموو ستەمکارییو بەئامێرکردنی ئینسانەدا، ساڵانە لەشوێنی ڕووداوی کوشتنو کارەساتەکان گوڵ دابنرێت، نموونەی تەقینەوەکانی (١١)ی سێپتەمبەر، کەچی خوێندکارانی زانکۆو پەیمانگەکانی کوردستان لانی کەم ساڵانە لە (٤/١٤)دا چەپکەگوڵێ یادکردنەوە نەبەنە سەر مەزاری هەڵەبجە، یان گۆڕستانی هەر گوندێکی ئەنفالکراو، خۆدزینەوە لەزامێک، کە نەتەوەگەلی دیکە لەسایەیدا لەسەرپێی خۆیان دەوەستن نموونەی هۆلۆکۆستو کوشتو بڕی ئەرمەن، جگە لە گێلیی هیچی دیکە نییە، دیارە دەبێت دان بەوەدا بنێین، کە ئەوە هەر گێلەکانیشن ئەو ئاوازە جاهیلییە دەچڕن، کە دەڵێت: (ئەوە نییە خۆم زیندووم)، گەورەترین مەینەتی ئەم ئاوازچڕە ئەوەیە، کە زیندوویێتی لەخواردنو خواردنەوەو گەڕاندا دەبینێت، نەک لەوەدا کە ئەو لەکوێی مێژوودایە، جارێکیان بەکورتی لەنووسینێکدا وتم: دەکرێت ئەو بوونەوەرەی ناوی مرۆڤە بۆ سێ گرووپ دابەش بکەین، بەشێکیان ئەوانەن کە لەناوەوەی مێژوودان، ئەوانەی هەنو خزمەتیان بە مرۆڤایەتی کردووە، بەشی دووەم لە پەراوێزی مێژوودان، ئەمانە دەشێت بە بەردەوامییان بچنە مێژووەوەو دەشێت بکەونە دەرەوەی مێژوو، بەشی سێیەم ئەوانەن، کە لەدەرەوەی مێژوودان، هەموو سەردەمو زەمانێک بڕێک لەمانە بەتەواوەتی خۆیان خۆیان دەسڕنەوە، کورد سەدان ساڵە لەم بەشەدایە، ئاخر کورد بەر لەوەی هەر کەسێک جینۆسایدی بکات، بەردەوام سەرگەرمی خۆسڕینەوەیە، وتەی ئەو کارەکتەرەی نێو فیلمە ترسناکەکەش، کە پێیوایە؛ ئەو هیچی لەدەست نەداوەو هێشتا زیندووە، هەمان درێژەدانە بەو خۆ سڕینەوەیە، زۆرێک لە شاعیرانی دوێنێ کورد بەڕوونو ڕەوان ئەمەیان وتووە، دیارترینیان نالیو ئەحمەدی خانیو حاجی قادرن.

ئێستا دێرە شیعرێکی بێکەسی شاعیرم لەخەیاڵە، کە دەڵێت:

میللەتێکن بۆ نەمانی یەکتری هەر هەوڵ ئەدەن

داخەکەم وردو درشتی شێتو شەیدای ئانەیە

ئەم کارەکتەرە سەمەرەیە، کە بۆ یەک چرکە ئامادە نییە سەرزەنشتی خۆی بکات، هیچ جینۆسایدێکی ستەمکاران نییە کەخۆی کەمو زۆر ڕۆڵی تیا نەگێڕابێت، ئەمە جگە لەوەی خۆدزینەوەو خۆ لێ نەبانکردنو خۆ لێ لادانو لەیادکردن بەردەوام درێژە بە تەمەنی جینۆسایدکردنەکە دەدات، ئێستا ئەم کارەکتەرە کوردە هێندە سەیرە پێیوایە؛ ئەوە بەسە کە (٤/١٤) بۆ چەند چرکەیەک بەدیار یەکێک لە تەلەفزیۆنەکانەوە بووەستێت، کە بەرێکەوت سەرێکی کردووە بەشۆڕشو ڕزگاریداو ئیتر بڵێ بەسە، کەچی لێرەوە لەم دوورەوە دەیەوێت ڕەخنەی توند ئاراستەی سۆسیال دیموکراتەکانی سوید، یا خەڵکانی دیکە بکات، کە بۆچی کارەساتەکەی بەجینۆساید ناناسن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا لێرە لای خۆمان کۆدەنگییەک هەیە بۆ ئەو ناسینە، کۆدەنگییەک هەیە بۆ ئەوەی کە ئەنفالو هەڵەبجە ئەنفالو هەڵەبجەی هەموو کورد بن، یان هەموو ساڵێک هەر بەشێوەی ئەمساڵ یادەکە بەڕێدەکەین، ئەوەی لە(٣/١٦)دا ڕوویدا، کاتژمێر (١٠) چەند خولەکێک وەستانو کاتژمێر (٤)ی پاشنیوەڕۆش چوونە سەیرانگەکان بۆ کەیفو سەفا، ئێستا ئەم کارەکتەرە بێ یادەوەرییە بە چ مافێک ڕەخنە ئاراستەی ئەوی دیکە دەکات، لەکاتێکدا خۆی سەرگەرمی ئاوازی لەبیربردنەوەی دوێنێیە، لەبیربردنەوەی دوێنێ بەهەموو کارەساتو مەرگەساتەکانییەوە، من پێموایە؛ حکومەتی کوردی لە ناساندنی ئەو برینە بەکورد خۆی سەرکەوتوو نەبووە، نەک کوردی پارچەکانی دیکە تەنانەت کوردی باشووری کوردستان، ئێستا چۆن دەتوانێت برینەکە بەوانی دیکە ئاشنا بکات.

خوێندنەوەی وردی ئەنفال توێژینەوە لەهەموو چەمکو لایەنەکانی، ئاوڕدانەوە لە گەورەیی تاوانەکە وەکو خۆی دەبێتە سەرەتایەکی باش بۆ ئەوەی کارەکتەرە بێ خەیاڵەکەمان لانی کەم ئەنفال بەهی خۆی بزانێت، پێویستە ئەوە بزانین، کە تا کارەکتەرە بێ خەیاڵو یادەوەرییەکەمان ئەنفال بەکارەساتی خۆی نەزانێت، ئێمە بەردەوام لەدەرەوەی مێژوودا دەبین، من دوای دەیان ساڵ نووسین لەبارەی ئەنفالەوە، هێشتا لە گەرمەی نیگەرانییەکی عەقڵ پرۆکێندام، کە هەموو ساڵێک دەبینم کارەکتەرە بێ یادەوەرییەکانمان لەزیادبووندان، بەمە هەموو ساڵێک تێدەگەم کورد لە چ دۆخێکی خراپدایە، ئێستا لەسەر ئەم زەمینە پانو پۆڕە کەس هێندەی کورد لەدۆخێکی خراپدا نییە، کەس هێندەی کورد ئاسوودەو بێ ترس نییە، لەکاتێکدا ئەوە کوردە دەبێت بەردەوام نیگەرانو هەمیشە لەبەردەم ترسی دووبارەبوونەوەی ئەنفالدا بێت، بوونی ئەم ترسەش تێیدا تەنیا ڕێگەیە بۆ ئەوەی بەدووی سارێژکردنی برینی ئەنفالەوە بێت، ئەم کارەکتەرە بێ خەیاڵە زۆر جیاوازە لە کەسوکاری قوربانییەکان، لە ئەنفالزەدەکان، بەڵام ترسی من لەوەدایە، ئەم بێ خەیاڵییە بەرە بەرە ئەنفالزەدەکانیش دەگرێتەوە، لێرەدا بەردەوام بەکارهێنانی خەیاڵ بە مەبەستی ژیانە لەگەڵ دوێنێدا بۆ دۆزینەوەی سبەینێیەکی باشتر، نەک مانایەکی دیکە، من بە مەبەست خەیاڵو یادەوەریم گرێداوە بەیەکەوە، من دەمەوێت ئەنفال لە بۆنەیەکی یەک ڕۆژی (٤/١٤)ەوە بکەینە بۆنەیەکی هەمیشەیی نەتەوەیی، مەرج نییە تەنیا لە (٤/١٤)دا گوڵ بەرینە جەلەمۆردو گۆپتەپە، کردنە نەریتی ئەوەی هەرکات ڕێکەوت چەپکەگوڵ بەرینە سەر مەزارو مۆنۆمێنتەکانمان، وا دەکات کە بۆ هەمیشە ئەنفال بە زیندوویێتی لە یادەوەریی ئێستاو ئایندەی کوردا بمێنێتەوە، ئەمە یەکێکە لە سەرەتایترین ڕێگەکانی دەرچوون لە دەرەوەی مێژوو بۆ شوێنێکی هەڵکشاوتر...

# کورسیو سەرۆک



هۆشیار عەبدوڵڵا

لە سەروبەندی حەزی سەرکردە عێراقییەکاندا بۆ کورسی، بەتایبەت کورسی حکومەت، قسەو باس زۆرە. ڕاپۆرتێکی جوانی کەناڵی ئەلعەرەبییەم بینی کە لێکچواندنی لە نێوان کورسی سەرتاشخانەو کورسی دەسەڵات کردبوو، بەشێوەیەک کە کورسی دەسەڵاتیش وەک کورسی سەرتاشخانە تا سەر کەسێک لەسەری دانانیشێتو زووزوو خەڵک دەگۆڕێت، بەڵام سەرۆک تەنیا حەزی لە کورسی دەسەڵاتەو قەت ناچێتە سەر کورسی سەرتاشخانەکان، بۆی بکرێت هەر لەسەر کورسیەکەی دەسەڵات بە سەرتاشە تایبەتەکەی دەڵێت، قژم بۆ چاک بکەو دووریش نییە، ئەگەر نەنگی نەبووایە، وەسیەتیان بکردبایە کە کورسیەکانیان لەگەڵدا بنێژن.

دیموکراسییەت تاڕادەیەک بەرووەستی ئەو نەخۆشییەی سیاسییەکان هاتووە کە نەخۆشیی دڵدارییە لەگەڵ کورسی، هاوسەری ئەو سیاسییانە خۆزگە دەخوازن ئەوەندەی قاچێکی ئەو کورسیە نەفرەتیەی دەسەڵات، هاوسەرەکانیان خۆشیان بویستنایە، کورسی سیاسییەکان هەر بۆ میللەت نەگبەتی نییە، بۆ هاوسەرەکانیشیان وەک هەوێ وایە، ئەی ئەوە نییە دوای ئازادیی عیراق، لەگەڵ چوونە سەر کورسی (یاوەری یەکەم سەرۆک کۆمار)کردی بە چوارو زۆریش لە ئەندام پەرلەمانەکان بە کوردەکانیشەوە کردیان بە دوان، ئەگەر کورسی ئاوا لە حاڵی سیاسیی بکات، دواڕۆژی خێر نابێتو خۆ ئەگەر سبەی کاکی سیاسیی لێیقەوما، یان بۆ نموونە سەرۆک دەستگیرکرا، یان کودەتای بەسەردا کرا، یان فڕێنرا، میللەت بەو شێوەیە ڕزگاری دەکات، (دەگێڕنەوە لە یەکێک لە وڵاتە دیکتاتۆرییەکاندا، کەسێک لەسەر جادەکان وەستاوەو پرسیار لە شۆفێرەکان دەکات، شۆفێرێک پێیدەڵێت، فەرموو کاکە، چیت دەوێت؟ کابرا دەڵێت، نەتزانیوە سەرۆکمان فڕێنراوەو فڕێنەرەکان داوای پێنج ملیۆن دۆلار دەکەن، ئەگەر نا، دەڵێن، بەنزینی پێدا دەکەینو دەیسووتێنین، ئێستا ئێمە بەخشش(تەبەروعات)ی بۆ کۆ دەکەینەوە، شۆفێرەکە دەڵێت، لەناو ئەم قەرەباڵغیەدا کەی وەختی ئەوەیە، باشە پێویستە چەند بدەم؟! کابرا دەڵێت، لە (پێنج لیتر بەنزینەوە بۆ دە لیتر)، بیهێننە بەرچاوی خۆتان میللەت چەند لیتر بەنزین کۆدەکاتەوە بۆ سووتاندنی سەرۆکێکی دیکتاتۆر...

سەرۆکەکان نوکتەی زۆریان لەسەرەو ڕەنگە هیچیان هێندەی نادیموکراتەکان نەبووبنە شوێنی نوکتە، لەگەڵ داهێنانی مەسەلەی تاوانی سیاسییو نانبڕین لە کوردستان، هەموو جارێک وتەیەک دووبارە دەبووەوە، باشە گریمان(گۆڕانبوون)تاوانە! بەڵام خۆ ئەگەر تاوانیش بێت هی باوک یان برایە، نەک منداڵو خێزانەکە هەمووی!...، بۆیە کەم نەبوون ئەوانەی ترسان لە نانبڕینو دەنگیان نەداو بە زمانی حاڵ وتیان (ماڵو منداڵمان هەیەو دەمانەوێت بەخێویان بکەین)، دروست وەک ئەو نوکتە سیاسییە (بوشو بلێرو سەرۆکی وڵاتێکی دیکتاتۆری، بەیەکەوە لە نزیک دەریا یاریی تۆپی پێ دەکەن، تۆپەکەیان لێدەکەوێتە ناو ئاوەکەو ئاوەکەش پڕیەتی لە تیمساح، بوش بە مارینزێک دەڵێت، بڕۆ تۆپەکەمان بۆ بێنەرەوە، مارینزەکە دەڵێت، ناتوانم بڕۆم پڕە لە تیمساحو دەمخۆن ماڵو منداڵم هەیەو دەمەوێت بەخێویان بکەم، ئەو جارە بلێر بە یەکێک لە سەربازەکانی دەڵێت، تۆ بڕۆ، ئەویش دەڵێت، ناوێرمو ماڵو منداڵم هەیەو دەمەوێت بەخێویان بکەم، سەرۆکی وڵاتە دیکتاتۆرەکە بە سەربازێکی دەڵێت، تۆ بڕۆ، ئەویش بێ سێو دوو خۆی دەخاتە ئاوەکەو تۆپەکە دەهێنێتەوە، ڕۆژنامەنووسو خەڵکی ئەو دەوروبەرە بە پەلە دەچن بۆ لایو دەڵێن، چۆن نەترسایت، ئەو هەموو تیمساحەی تێدابوو، ئەویش بە هیلاکیو هەناسە بڕکێوە دەڵێت: ئاخر منیش ماڵو منداڵم هەیەو دەمەوێت بەخێویان بکەم).

ئەگەر تاوانی سیاسیی بووبێتە نەخشی ناوچاوانی هێزێکی سیاسییو مێژوو لە یەکێک لە لاپەڕە ڕەشەکاندا بۆی نووسیبێتیەوە، تەفسیرکردنی ئەو تاوانە یان پێناسەکەی بەربڵاوە، لە تیرۆری جەستەییەوە بۆ بریندارکردن، بۆ گواستنەوە، بۆ مووچەبڕین، بۆ بەنەخوێندەوارکردنو لەجیاتی ئەو دەنگدانو بۆ تەڵاق پێخواردنو زۆری تریش تاوانی سیاسین، هەڵبەتە لەسەر دوا جۆریان کە تەڵاق خواردنە بەوەی دەنگ بە گۆڕان نەدەیت باسێکی خۆش هەیەو لە بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆدا لە موفتییەکی سعودیەیان پرسی، مامۆستا، من تەڵاقم دەکەوێت کە ژنەکەم لە حاڵەتی تووڕەبوونا تەڵاق داوە، موفتییەکە لە وەڵامدا وتی، تەڵاقدان هەر لە کاتی تووڕەیدا دەبێت، ئەی کەست بینیوە چەرەس بخواتو ژنەکەی تەڵاق بدات، دیارە لای ئێمە مۆدێلی ئەوەش هەیە کە دەنگ بداتو تەڵاقیشی بە زۆر پێبخۆن، بەڵام ئاگاتان لەوە بێت کە تەڵاقی بە زۆر ناکەوێت، ئەمەیان وەک چەرەس خواردنەکە نییە، بڵێی چەند کەس تەڵاقی خواردبێتو دەنگیشی بە ئارەزووی خۆی دابێتو تەڵاقەکانیشی ساغو سەلیم بن.

# دەبێت بارودۆخەکە ئاسایی بکرێتەوە!

ئازاد چالاک



هەفتەی ڕابردوو، دوو کۆبوونەوەی گرنگی گرتەخۆ، کەهەردووکیان بەسەرپەرشتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوون.

ئامادەبووانی هەردوو کۆبوونەوەکە، نوێنەرانی لیستە براوەکانی کوردستان بوون بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە بەشداری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانو سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.

پاش ئەم کۆبوونەوانە، دەتوانین بڵێین، ئەزموونی دیموکراسیو بەڕێوەبردن لەهەرێمی کوردستان ڕوو لە ئاراستەیەکی نوێیە:

– نوێ لەوەی کە شەرعییەتی سیستمی فرەحیزبیو فرەلایەنی لەلایەن بەرزترین دەسەڵاتەوە سەلمێنراو دەنگو ڕەنگی جیاوازی لەگەڵ خۆی هێنا، بەجۆرێک کە شانیدا لەشانی سیستمی باو و جێگیر کە دوور نییە ئەم هەنگاوە نوێیە هەنگاوی دیکە بەدوای خۆیدا بهێنێتو ئەزموونی ژیانی دیموکراسی لەهەرێم لەقۆناغێکەوە بگوێزێتەوە بۆ قۆناغێکی دیکە.

– نوێ لەوەی کە مەرج نییە ئەمجارە لایەنە سیاسییە کوردییەکان بۆ هەموو پرسێک بگەڕێنەوە بۆ یەک سەرچاوەو ئەو سەرچاوەیەش بەئارەزووی خۆی چۆنی پێ باشبێتو چۆنی بۆ بلوێ بیکات بەپرەنسیپو بیسەپێنێت بەسەر هەموو لایەکدا، ئەمجارە دەنگی جیاوازو بیستراو دێتەکایەوەو دەتوانێت گوزارشت لە ڕاو بۆچوونی خۆی بکاتو بیخاتەڕوو، هاوڵاتییانیش خۆیان چاودێرو حەکەم بنو بپرسن، ئایا ئەو هەڵوێستو بۆچوونە جیاوازانە دژ بەخواستەکانی کوردن، یاخود بەپێچەوانەوە؟ دەکرێت ئەمجارە سەرچاوەی بڕیار، فشاری ڕای گشتییو کۆمەڵانی خەڵک بن، نەک سەرۆکو مەکتەبی سیاسیی حیزبەکان.

– نوێ لەوەی هاوپەیمانێتیی نوێو نوێتر دێنەپێش، کوردیش وەک هەموو گەلانی دنیا دەتوانێت بەچەندین ڕەنگ گوزارشت لەخۆی بکاتو ئەو نوێنەرایەتییەش قابیل بەگۆڕانو جێگۆڕکێیەو مافی پاوانکردنو سەپاندنو زۆرلێکردن ڕوو لە تەنکیەو بواری داوە.

سەرۆکی هەرێم لەگەڵ ئەوەی کە فشاری لایەنی هاوپەیمانیی لەسەرەو دوور نییە گۆڕانو نوێبوونەوە بەر دەرگای ماڵی ئەویش بگرێت، بۆ دواڕۆژ ئۆپۆزسیۆن مەترسی هەنگاوی گەورەترو سەرکەوتنی زیاتر بەدەستبهێنێت، پێگەو جێگەی دیکە بۆ خۆی بگرێتو ببێتە ڕکەبەری بەهێزی دەسەڵات لەکوردستانداو تەنانەت لە ڕووی نوێنەرایەتیو پۆستیشەوە چ لەکوردستانو چ لەبەغدا، لەگەڵ هەموو ئەم پێشبینییانە کە بەدڵنیاییەوە سەرۆک لێی غافڵ نییە، مەسعود بارزانی، ڕایگەیاند کە دەبێت بارودۆخەکە ئاسایی بکرێتەوە.

بە واتایەکی دیکە، بارودۆخ لەسلێمانیو لەناوچەکانی ژێردەسەڵاتی یەکێتی ئاسایی نییەو مەسەلەی سزادانی سیاسییو نانبڕین واقیعی حاڵەو سەلمێنراوە.

ئەم هەڵوێستەی سەرۆکی هەرێم بۆ بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان دەبێت بەهەند وەربگیرێتو بە وردیی لێکبدرێتەوە.

کوردستانی نوێو ڕاگەیاندنی یەکێتی لە وەڵامی لێدوانەکەی سەرۆکی هەرێمدا باس لەوە دەکەن، کە بارودۆخ ئاساییەو نانی کەس نەبڕدراوەو سزای سیاسیش وجودی نییە!

دوور نییە، کوردستانی نوێ کە ئاوڕی لەکارمەندەکانی خۆی داوەتەوەو سەیری لایەنگرانی یەکێتی کردووە، بەفیعلی بۆی دەرکەوتووە کە کەسیان سزا نەدراونو هەموو دەوامی خۆیان دەکەن، بۆیە دڵنیا بووە لەوەی کە کەس نانبڕاو نەکراوەو بارودۆخەکە لەجاران ئاساییترە!

دەبێت حیزبەکانی کوردستان ئەم مەسەلەیە وەک هەلو فرسەت لەدژی لایەنەکانی دیکە بۆ زیاتر لاوازکردنیان لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی حیزبییەوە بەکارنەهێنن، بەڵکو دەبێت هەموو ئەو حیزبو لایەنانە باوەڕی ڕەهایان بەسەرەتا دیموکراسییەکان هەبێتو هەر لەم ڕوانگەیەشەوە دژایەتیی ئەم کارە دزێوە بکەنو هەڵوێستی لێوەربگرن، جا چ خۆیان لەدەسەڵاتدا بن یان نا، نە خۆیان ئەم کارە ئەنجام بدەنو نە ڕێگەش بدەن هیچ کەسو لایەنێکی دیکە ئەم تاوانەی بۆ بچێتە سەر.

ڕاستیی قسەکەی سەرۆکی هەرێم بە نکوڵیکردنی لایەنێک ناشاردرێتەوەو بەردەوام بوون لەسەر کارو هەڵوێستی هەڵە نایگۆڕێت بە پێچەوانەکەیو ئێستا هەر بزووتنەوەی گۆڕان نییە کە باس لەکێشەی نانبڕاوەکانو تاوانی سیاسیی دەکات، بەڵکو هەموو ئۆپۆزسیۆنو لایەنی هاوپەیمانییو تەنانەت لایەنە عەرەبییەکانیش دەزانن کە لە هەرێمی کوردستان، چ باسە!.

## بۆ بەرژەوەندیی کۆمپانیای نۆکان،

# وەکالەت لە کۆمپانیایەکی گەشتوگوزارو فڕۆکەوانیی دەسەندرێتەوە

راپۆرتی: رۆژنامە

حکومەتی هەرێم وەکالەت لە نووسینگەی هاوار بۆ گەشتوگوزار دەسەنێتەوەو دەیداتە کۆمپانیای نۆکان، ئەمەش لەکاتێکدا کە وەزارەتی گواستنەوەی عێراقی جەخت لەسەر کارایی کۆمپانیاکەو کارکردنی بەپێی رێنماییەکان دەکاتەوەو ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی سەرۆکایەتی هەرێمیش ئەو راستییە دووپاتدەکەنەوە.

کۆمپانیای هاوار بۆ گەشتوگوزار زیاتر لە (٢٠) ساڵە وەکیلی هێڵی ئاسمانیی عێراقییەو لەدوای کردنەوەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانیش لەساڵی (٢٠٠٥) لە سلێمانی کاریکردووە، بەڵام هیچ پەیوەندییەکی بە فڕۆکەخانەوە نەبووە، چونکە لە رووی ئیداریی‌و داراییەوە بەستراوەتەوە بە وەزارەتی گواستنەوەی عێراقییەوە، بەڵام حکومەتی هەرێم لە (٢٠٠٧/١٢/٣٠) وەکالەتەکەی لێ سەندووەتەوە.

سالار رەئوف فەرەج، خاوەنی نووسینگەی هاوار بۆ گەشتوگوزار، لە نووسراوێکدا کە رەوانەی پەرلەمانی کوردستانی کردووە تا بەدواداچوون بۆ کێشەکەی بکەن هاتووە؛ بە زۆرەملێ‌و لەژێر گوشاری حیزبدا وەزارەتی گواستنەوەی هەرێم داوای لە وەزارەتی گواستنەوەی عێراقی کردووە تا لە (٢٠٠٧/١٢/٣٠) بریکارێتیی لە کۆمپانیای هاوار بسەندرێتەوەو بدرێتە کۆمپانیای نۆکان.

لەکاتێکدا وەزارەتی گواستنەوەی هەرێم‌و فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی سلێمانی ئەوە رەتدەکەنەوە کە دەستیان لە لێسەندنەوەی بریکارێتیی کۆمپانیای هاواردا هەبێت، وەک کامەران ئەحمەد، بەڕێوەبەری پێشووی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی سلێمانی دەڵێت: «ئەوان وەک فڕۆکەخانە هیچ پەیوەندییەکیان بە لێسەندنەوەی ئەو وەکالەتەی کۆمپانیای هاوارەوە نییە، کۆمپانیای گواستنەوەی ئاسمانیی عێراقی مافی خۆیانە وەکالەت بە کێ دەدەن‌و لە کێ دەسەننەوە، نە فڕۆکەخانەو نە حکومەتی هەرێم ناتوانن دەستیان لەوەدا هەبێت».

بەڕێوەبەری پێشووی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی سلێمانی باس لەوەشدەکات؛ کۆمپانیای گواستنەوەی ئاسمانیی عێراقی بە نووسراوێک کە بۆ فڕۆکەخانەیان ناردووە، داوایانکردووە لەماوەی چەند سەعاتی داهاتوودا پاکتاوی ژمێریاریی‌و هەموو مامەڵەیەکی دارایی لەگەڵ ئەو کۆمپانیایە بکەن‌و کارەکانی رادەگیرێت، فڕۆکەخانەش دەبێت ئەو بڕیارە جێبەجێبکات.

بەڵام سالار رەئوف، بەرپرسی کۆمپانیای هاوار، ئاشکرای دەکات، کە وەزارەتی گواستنەوەی عێراق جەختیان کردووەتەوە، کە ئەوان لەسەر داوای وەزارەتی گواستنەوەی حکومەتی هەرێم ئەو بڕیارەیان داوە، کە بە نووسراوی ژمارە (١٠٠) لە (٢٠٠٧/١٢/٣٠) داوای لە وەزارەتی گواستنەوەی عێراق کردووە وەکالەتەکەی نووسینگەی هاوار رەتبکاتەوەو بیداتە کۆمپانیای نۆکان.

دامەزراوەی گشتیی بۆ فڕۆکەوانیی نێودەوڵەتیی لە هەرێمی کوردستان بە ئیمزای عەبدولخالق محەمەد، سەرۆک بە وەکالەت، لە رۆژی (٢٠٠٦/٦/١)دا داوایەکی نهێنییان ئاراستەی کۆمپانیای گواستنەوەی ئاسمانیی عێراقیی کردووە، کە داوای لێسەندنەوەی وەکالەتەکە لە سالار رەئووف فەرەج خاوەنی کۆمپانیای هاوار دەکات‌و هیوا جەنگی بورهان کاندید دەکات بۆ وەرگرتنی وەکالەتەکە، کە ئەو داوایە وەڵامی نەبووە، ئینجا دامەزراوەی گشتیی بۆ فڕۆکەوانیی نێودەوڵەتیی لە هەرێم، نووسراوی ژمارە (١٣) لە (٢٠٠٦/٨/٦)یان ئاراستەی وەزارەتی گواستنەوەی عێراقی کردووەتەوەو ئەوانیش بە نووسراوێکی نووسینگەی راوێژکاری وەزیری گواستنەوە بۆ کاروباری فڕۆکەوانی‌و هێڵی گواستنەوەی ئاسمانیی عێراقیی، کە لە (٢٠٠٦/٨/١٤) ئاراستەی دامەزراوەی گشتیی بۆ فڕۆکەوانیی نێودەوڵەتیی لە هەرێمی کوردستانیان کردووە هاتووە؛ چەند لیژنەیەکمان پێکهێناوە بۆ لێکۆڵینەوە، بەڵام دەرکەوتووە کە کۆمپانیای هاوارو بریکارەکەمان لە سلێمانی هیچ کەموکوڕیی‌و کێشەیەکی وای نییە کە وەکالەتەکەی لێبسەنینەوە، ئەگەر کێشەیەکی هەبوایە، ئەوا حەزمان دەکرد هاوڕابین لەگەڵتان‌و وەکالەتەکەی لێبسەنینەوە.

لە هەمان نووسراودا ئاماژە بەوە کراوە، کە وەکیلەکەیان لە سلێمانی (کۆمپانیای هاوار) بە باشترین شێوە بە ئەرکەکانی خۆی هەڵدەسێت‌و نووسینگەکانی هەموو مەرجێکی پێویستیان تێدایە، ئەمە جگە لەوەی کە چەندین ساڵە کار لەگەڵ هێڵی ئاسمانیی عێراقیدا دەکات‌و ناکرێت بە ئاسانیی وەکالەتەکەی لێبسەندرێتەوە.

لە بەرامبەردا بە وتەی بەرپرسی کۆمپانیای هاوار، لە مانگی حوزەیرانی (٢٠٠٧)دا لەسەر بنەمای داواکاریی ژمارە (١٠٠)ی (٢٠٠٧/١٠/٣٠) بە ئیمزای بورهانی سەعید سۆفی، وەزیری گواستنەوەی حکومەتی هەرێم‌و نووسراوی ژمارە (١٧) ی (٢٠٠٧/٤/١٠) بە ئیمزای کامەران ئەحمەد، بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی سلێمانی، وەکالەتەکە لە نووسینگەی هاوار سەندرایەوە.

لەگەڵ ئەوەی وەزارەتی بازرگانیی عێراق ئامادە نییە وەکالەتەکە لە کۆمپانیای هاوار بسەنێتەوەو جەختدەکاتەوە کە هیچ هۆیەک نییە تا ئەو وەکالەتە وەربگیرێتەوە لێی‌و لەبەرامبەردا لە هەرێمی کوردستان بڕیاری لێسەندنەوەی وەکالەتەکەی دراوە، لەگەڵ ئەوەش کە چەندجارێک خاوەنی کۆمپانیای هاوار داوای رەسمیی ئاراستەی لایەنە بەرپرسەکان کردووەو لێکۆڵینەوەکانیش لە بەرژەوەندیی ئەو بوون، بەڵام کاریان پێنەکراوە، خاوەنی کۆمپانیاکەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە وەکالەتەکە بە بڕیاری سیاسیی لە کۆمپانیاکەی ئەو سەندراوەتەوەو دراوەتە کۆمپانیای نۆکان، کە دواتر دراوەتە کۆمپانیای زاگرۆس لە هەولێرو ئەزمڕ لە سلێمانی، کە یەکێتی‌و پارتی (٥٠ بە ٥٠) دابەشیان کردووە لەنێو خۆیاندا.

دوای ئەوەی ئەم کێشەیەش خرایە بەردەم دادگا، دادگا بڕیاری داوە کە ئەو بڕیارە پەیوەندیی بە وەزارەتی گواستنەوەو فڕۆکەخانەی سلێمانییەوە نییەو هێڵی گواستنەوەی ئاسمانیی عێراق لێی بەرپرسە.

دواتر وەک بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی سلێمانی ئاماژەی پێکرد؛ بەڕێوەبەری نووسینگەی هاوار بەردەوام بووە لە باسکردنی کێشەکەی‌و ناوهێنانی فڕۆکەخانەو تۆمەتبارکردنی بە لێسەندنەوەی بریکارێتییەکەی، هەر بۆیە لە دادگا سکاڵایان تۆمارکردووەو دواتر دادگا بڕیاری داوە بە (٣) مانگ زیندانیکردنی، لەگەڵ راگرتنی جێبەجێکردنی سزاکە.

جارێکی دیکەش بەرپرسی ئەو کۆمپانیایە لە دادگای تەمیزی هەولێر سکاڵای تۆمارکرد لە وەزارەتی گواستنەوە، بەڵام ئەو سکاڵایەشی رەتکراوەتەوە.

لەم ساڵیشداو دوای (٤) ساڵ لە بەردەوامبوونی کێشەکەی سالار رەئوف، خاوەنی کۆمپانیای هاوار بۆ گەشتوگوزار، سکاڵایەکی ئاراستەی سەرۆکایەتی هەرێم کردووە، سەرۆکی هەرێم بە سەرپەرشتی


Ministry Of Transport
Iraqi Airways Affairs
No.:
Date:
٢٠٠٦/٨/١٤

د.فوئاد حسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی لیژنەکە لە (٢٠١٠/١/١١) بە نووسراوی ژمارە (١٤)، کە ئاراستەی سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کردووەو تیایدا هاتووە؛ ئەو نووسراوانەی سەرەوە دوورن لە راستییەوەو داوایکردووە وەکالەتەکەی بۆ بگەڕێننەوە، بەڵام بێئەنجام بووە.

هەر بۆیە خاوەنی کۆمپانیای هاوار نووسراوێکی بە چەندین بەڵگەوە رەوانەی پەرلەمانی کوردستان کردووەو بە وتەی سالار رەئوف، خاوەنی کۆمپانیای هاوار، پێویستە پەرلەمان ئەم کێشەیە یەکلایی بکاتەوەو ماف بۆ خاوەنەکەی بگەڕێنێتەوەو داواش دەکات قەرەبووی ئەو زیانە مادیی‌و مەعنەوییانەشی بۆ بکرێتەوە، کە بەهۆی لێسەندنەوەی ئەو وەکالەتەوە لە چەند ساڵی رابردوودا تائێستا کردوویەتی.

# گوندەکانی ناحیەی سەروچاوە، داوای قەرەبوو دەکەن

هۆشەنگ سەروچاوەیی

دانیشتوانی هەردوو گوندی چێوەی خوارووو چێوەی سەروو، داوا لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن، قەرەبووی رەزو باخەکانیان بکاتەوە کە ساڵی رابردوو، بەهۆی ئاگرکەوتنەوەوە رەزو باخەکانیان لەناوچوون، بەڵام حکومەت قەرەبوویان ناکاتەوە.

محەمەد ئەنوەر عەبدوڵا، دانیشتوی گوندی چێوە، بە رۆژنامەی راگەیاند «ساڵی رابردوو، نزیکەی (٣٠)دۆنم باخ‌و باخاتی گوندەکەمان سوتاو بەرپرسانی حکومیش، بەڵێنی قەرەبووکردنەوەیان پێدان، کەچی تا ئێستاش هیچ قەرەبوو نەکراوینەتەوە، بۆیە داواکارین لەحکومەت، هیچ نەبێت نەمامان بۆ چاندنەوەیان بۆ دابین بکات».

هەردوو گوندی چێوە، سەر بە ناحیەی سەروچاوەن‌و زیاتر لە (٧٠) ماڵ دەبن‌و کشتوکاڵ‌و ئاژەڵداری دەکەن، بەڵام ساڵی رابردوو بەهۆی کەوتنەوەی ئاگرەوە لەگوندەکەیاندا، سەرجەم باخ‌و باخاتەکەیان سوتاو لەناوچوون، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی دانیشتوانی ئەم دوو گوندە بۆ چەند ساڵێکی تریش لەبەرهەمی باخ‌و باخاتەکەیان بێبەش بن.

عەلی حەمەد، قائیمقامی قەزای رانیە، سەبارەت قەرەبووکردنەوەی ئەو گوندانە، بە رۆژنامەی راگەیاند «ئەوانەی رەزو باخاتەکانیان سوتاوە، ئێمە بەڵێنمان پێ نەداون، بەڵکو پێمان وتون، ئێمە هەوڵتان بۆ دەدەین‌و لەهەوڵی بەردەوامداین بۆ ئەوەی داواکارییەکانیان بگەیەنینە سەرووی خۆمان».

لە دوو ساڵی رابردوودا، بەهۆی وشەکەساڵی‌و تۆپبارانەکانی ئێران‌و تورکیاو هەندێک ئاگرکەوتنەوەوە، دارستان‌و رەزو باخەکانی هەرێمی کوردستان زیانی گەورەیان پێگەیشت، بەتایبەت ناوچە سنوورییەکان، بەڵام تا ئێستا حکومەتی هەرێم نەیتوانیووە ئێران‌و تورکیا ناچاربکات ئەو زیانانە قەرەبوو بکەنەوە کە لە هەرێمیانداوە.

# حیزب کۆنگرەی مامۆستایانی دواخست

راپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان

هەڵبژاردنی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان بۆ پێنج مانگی تر دواخراو ئەندامانی دەرەوەی یەکێتی‌و پارتی لەو رێکخراوە، ئاماژە بە بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکە دەکەن ئەگەر ئەو مەرجانەی کە هەیانە جێبەجێ نەکرێن.

بەپێی بەیاننامەیەک کە (٤/٨) بڵاویانکردەوە، یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان دواخستنی هەڵبژاردنی یەکێتییەکەی بۆ (٢٠١٠/٩/٣٠) راگەیاندو ئەمەش لە کاتێکدایە کە بڕیاربوو (٣٠)ی ئەم مانگە ئەو کۆنگرەیە ئەنجامبدرێت، بەڵام وەک لەبەیاننامەکەدا هاتووە «بەهۆی ئەنجامدانی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق لەمانگی ئازاری ئەمساڵداو نەبوونی بودجەی پێویست لەبەردەستدا، هاوکات داواکاریی هەندێک لایەن بەپێداچوونەوە بە رێنمایی‌و بنەماکان»دا بڕیاری ئەو دواخستنە دراوە.

بەڵام بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی تەنفیزیی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان، دواخستنی کۆنگرەی یەکێتیی مامۆستایان هۆکاری سیاسی لەپشتەو بە رۆژنامەی وت «لیستی سەوزی یەکێتیی مامۆستایان لە مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، کۆبوونەوەیان لەگەڵ لێپرسراوی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکان ئەنجامداوەو رێککەوتون لەسەر ئەوەی کە ئەو کۆنگرەیە دوابخرێت، هاوکات داوای (١٠٠)ملیۆن دیناریشیان کردووە بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانیان، ئەمە جگە لەوەی کە لێپرسراوی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکان، پێی وتون، ئەگەر لیستی زەرد هەماهەنگیتان لەگەڵ دەکەن، ئەوا بە یەک لیست بەشداری بکەن، بەڵام ئەگەر مەرجیان هەبوو، لێیان قبوڵ نەکەن‌و بەجیا دابەزن».

یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان لە ساڵی(٢٠٠٢)ەوە هەڵبژاردنی ئەنجامنەداوەو ماوەی چوار ساڵە شەرعیەتی لەدەستداوەو تاکە رێکخراویشە لەدنیادا بەبێ خواستی ئەو چینەی نوێنەرایەتییان دەکات، ئەندام وەردەگرێت‌و هەر بەو هۆیەشەوە لەئێستادا زیاتر لە (١٠٠)هەزار ئەندامی (زۆرەملێی) هەیە.

سالار سادق، کارگێڕی رێکخراوی مامۆستایانی کۆمەڵی ئیسلامیی، بە رۆژنامەی راگەیاند «یەکێتیی نیشتمانیی، لە هەڵبژاردنی یەکێتیی زانایانی ئایینییەوە ترسی لەهەڵبژاردن لێنیشتووە، چونکە لەو هەڵبژاردنەدا سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا، بۆیە بە بڕوای من، دواخستنی هەڵبژاردنی مامۆستایانیش بۆ ئەو هۆکارە دەگەڕێتەوە».


لە دواکۆبوونەوەی ئەنجومەنی تەنفیزی یەکێتیی مامۆستایاندا کە (٤/٨) بەسترا، بڕیاردرا کە هەڵبژاردنەکە لە رێگەی (١٢)بازنەوە ئەنجامبدرێت‌و سەرجەم ئەندامانی لقەکان ئەندامی کۆنگرەبن، هاوکات هەر ئەندامێکی کۆنگرە (٥٠٠)دەنگ بهێنێت ئینجا دەبێتە نوێنەری مامۆستایان.

بەڵام سالار سادق، ئاماژەی بەوەکرد کە ئەوان بەو مەرجانە رازی نابن‌و وتی «ساڵانی رابردوو ژمارەیەک ئەندامامان لەلقەکاندا هەبوو، بەڵام بە هۆکاری سیاسی هەموویان دەرکران‌و لەئێستادا سەرجەم ئەندامی لقەکان لە هەولێرو دهۆک پارتی‌و لە سلێمانی یەکێتین، لەبەرئەوە نوێنەری یەکگرتوو، کۆمەڵ، زەحمەتکێشان، شیوعی، وتومانە بەو شێوەیەبێت بایکۆتی هەڵبژاردنەکە دەکەین، ئەمە جگە لەوەی دەمانەوێت کە هەڵبژاردنەکە بە یەک بازنە بڕوات بەڕێوە».

بەو هۆیەشەوە، کارگێڕەکەی رێکخراوی مامۆستایانی ئیسلامیی تەئکیدی لەسەر ئەوەکردەوە کە دواخستنی هەڵبژاردنی یەکێتیی مامۆستایان «هۆکارەکەی سیاسییە»، هەروەک وتی «گومان لەوەدانییە، ئەم رێکخراوە لەژێر باڵی دوو حیزبدایە، بەڵام هەرچۆنێک بێت، دەبێت بەهەموو لایەک هەوڵبدەین کە ئەو هەڵبژاردنە بکەین‌و هەیمەنەی حیزب بەسەر رێکخراوەکەوە لابەین».



# گۆڕان‌و هه‌ڵبژاردنی(٣/٧)، هه‌نگاوێک بۆ پێشه‌وه‌، دوو هه‌نگاو بۆ دواوه‌



ئاری ئه‌بوبه‌کر

١–٢

### سه‌ره‌تا

ئێمه‌و به‌شێکی زۆر له‌و که‌سانه‌ی که‌ له‌ حالی حازردا پشتیوانی له‌ بزووتنه‌وه‌ی گـۆڕان ده‌کـه‌یـن که‌ کـه‌م تا زۆر پێش بزووتنه‌وه‌ی گۆڕان، هیچ سه‌رکرده‌یه‌کیان به‌ موقه‌ده‌س نه‌زانیوه‌و ده‌هۆلیشیان بۆ هیچ هێزێک لێنه‌داوه‌و لانیکه‌میش زیاتر له‌ (١٥)ساله‌ ئه‌ندامی هیچ حیزبێکی کوردی نه‌بوون‌و به‌ شان‌و بالی ئه‌م‌و ئه‌ودا هه‌ڵپان نه‌داوه‌، که‌سیشیان به‌ تابووری پێنج له‌قه‌له‌م نه‌داوه‌و که‌سانێکیش بووین که‌ زۆر پێش بزووتنه‌وه‌ی گۆڕان داوای گۆڕانکارییمان کردووه‌و ویستی گۆڕانخوازییمان هه‌بووه‌، به‌ هه‌رحاڵ ئه‌و کۆمه‌ڵه‌ که‌سه‌ وا خۆمان پـه‌روه‌رده‌ کردووه‌ که‌ نه‌ له‌ ئێستاو نه‌ له‌ داهاتوودا به‌ هیچ جۆرێک نه‌بینه‌ ده‌روێشی هیچ حیزب‌و سه‌رکرده‌یه‌ک، هیچ که‌س‌و لایه‌نێک به‌ موقه‌ده‌س‌و بڤه‌ سه‌یر نه‌که‌ین، ئه‌گه‌ر له‌ ئێستاشدا پشتگیریی بزووتنه‌وه‌ی گۆڕانمان کردبێت، وا سه‌یری خۆمان ده‌که‌ین، وه‌ک ئۆپۆزسیۆنی ناو خودی بـزووتـنـه‌وه‌ی گـۆڕان، نـه‌ک به‌ راسـت‌و چه‌پدا پشتگیریی له‌ سه‌رانی گۆڕان بکه‌ین له‌سه‌ر هه‌موو کردارێکیان، ئه‌مه‌ش به‌ واتا، نه‌ به‌ هیچ کارێکی هه‌ڵه‌ی بزووتنه‌وه‌ی گۆڕان ده‌ڵێین باش، نه‌ په‌رده‌پۆشی هیچ کارێکی ناشایسته‌ی بزووتنه‌وه‌ی گۆڕان‌و سه‌رکرده‌کانیان ده‌که‌ین، به‌ راست ده‌ڵێین راست‌و به‌ هه‌ڵه‌ ده‌ڵێین هه‌ڵه‌، تا ئه‌ندازه‌ی توانای خۆمان پێشنیازی به‌ره‌و باشبوون بۆ ئه‌م بزووتنه‌وه‌یه‌ ده‌که‌ین، پێویستیشه‌ له‌سه‌ر سه‌رکردایه‌تیی بزووتنه‌وه‌ی گۆڕان که‌ گوێمان لێبگرن، ئه‌گه‌ر ئه‌م بزووتنه‌وه‌یه‌ ئه‌و کۆمه‌ڵه‌ خه‌ڵکه‌ی ئاوه‌ها قبووڵ بوو که‌ وه‌ک ئۆپۆزسیۆن له‌ ناو گۆڕاندا کار بکه‌ن‌و له‌ هیچ هه‌ڵه‌و که‌موکورتییه‌ک چاوپۆشی نه‌که‌ن، ئه‌وا ئه‌و کۆمه‌ڵه‌ خه‌ڵکه‌ش پشتگیریی بزووتنه‌وه‌که‌ ده‌که‌ن وه‌ک وه‌سیله‌یه‌ک بۆ گه‌یاندنی په‌یامی خۆشبه‌ختی میلله‌ته‌که‌مان شانی ده‌خه‌نه‌ به‌ر، ئه‌گه‌ر ئه‌م بزووتنه‌وه‌یه‌ قبووڵی نه‌کردن، ئه‌وا ئێمه‌ش‌و ئه‌و کۆمه‌ڵه‌ خه‌ڵکه‌ داده‌نیشین‌و بێلایه‌نانه‌ له‌ ڕێگه‌ی وتارو کارو چالاکییه‌کانی خۆمانه‌وه‌ به‌رده‌وام ده‌بین، وه‌ک چۆن له‌ پێش دروستبوونی بزووتنه‌وه‌ی گۆڕاندا به‌رده‌وامبووین.

به‌واتایه‌کی دیکه‌، ده‌مه‌وێت ئه‌وه‌ بڵێم، که‌ ئه‌وه‌ی به‌ باشی بزانین ده‌یڵێین به‌بێ سڵکردنه‌وه‌ له‌ هیچ کاریزمایه‌کی ناو بزووتنه‌وه‌ی گـۆڕان‌و ده‌ره‌وه‌ی گۆڕان، قسه‌ی خۆمان ده‌که‌ین به‌ ئاشکرا، به‌ باش ده‌ڵێین بـاش‌و به‌ خـراپ ده‌ڵێین خراپ، جـا لـه‌سـه‌ر هـه‌رکـه‌س‌و پله‌وپایه‌یه‌کی ناو بزووتنه‌وه‌ی گـۆڕان بێت، به‌ خودی نه‌وشیروان مسته‌فاشه‌وه‌، ئه‌مه‌ش له‌و روانگه‌یه‌وه‌ ده‌که‌ین، که‌ نه‌وشیروان مسته‌فا، که‌سی یه‌که‌می ناو گۆڕان، وه‌ک مرۆڤێکی ئاسایی سه‌یرده‌که‌ین که‌ ده‌شێت هه‌ڵه‌بکات‌و راستیش بکات، واتا هیچ که‌سێک له‌سه‌روو ره‌خنه‌وه‌ نییه‌و به‌دڵنیاییه‌وه‌ هه‌م بزووتنه‌وه‌ی گۆڕان‌و هه‌م خودی نه‌وشیروان مسته‌فا، وه‌ک هه‌موو هێزه‌ سیاسییه‌کانی دیکه‌و هه‌موو سه‌رکرده‌کانی دیکه‌، خاوه‌نی کاری باشه‌و خراپه‌ن، له‌ ئێستادا ره‌نگ هه‌یه‌ ئه‌مان خاوه‌نی که‌مترین هه‌ڵه‌بن له‌ چاو هێزه‌ سیاسییه‌کانی دیکه‌وه‌، ده‌نا نه‌ هیچ که‌س فریشته‌یه‌و نه‌هیچ که‌سیش شه‌یتان.

لـه‌م روانگه‌یه‌ی سـه‌ره‌وه‌، پێم باشه‌ وه‌ک شرۆڤه‌کردنێک بۆ هه‌ڵبژاردنه‌که‌ی (٣/٧) بکه‌م، به‌تایبه‌تیش ئه‌و کارانه‌ی که‌ له‌ڕوانگه‌ی منه‌وه‌ هه‌ڵه‌بوون‌و نه‌ده‌بووایه‌ گۆڕان بیکردنایه‌، ئه‌م خوێندنه‌وه‌یه‌ ته‌نیا بۆ ئه‌وه‌ نییه‌ که‌ باسی هه‌ڵه‌کان بکه‌ین، به‌قه‌د ئه‌وه‌ی بۆ ئه‌وه‌یه‌ که‌ بزووتنه‌وه‌ی گۆڕان کاری له‌سه‌ر بکات بۆ هه‌ڵبژاردنی داهاتوو هه‌وڵی که‌مکردنه‌وه‌ی ئه‌م جۆره‌ هه‌ڵانه‌ بدات، چونکه‌ مادام خه‌ڵک بووه‌ته‌ پێوه‌ر بۆ کورسییه‌کانی ده‌سه‌ڵات‌و چوونه‌ ناو کایه‌ی سیاسییه‌وه‌، که‌واته‌ پێویسته‌ بزووتنه‌وه‌ی گـۆڕان کار بکات له‌نێوان هه‌ڵبژاردنی رابردوو و داهاتوودا، بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌و هه‌ڵانه‌ دووباره‌ نه‌کاته‌وه‌ که‌ کردوونی.

### چ پێوه‌رێک بۆ هه‌ڵبژاردنه‌کانی (٣/٧)

ئـه‌و هـه‌ڵانـه‌ی ئێمه‌ باسی ده‌که‌ین‌و پێمانوایه‌ که‌ گۆڕان کردنی‌و نه‌ده‌بووایه‌ بیکردنایه‌، پێمان وایه‌، هۆی ئه‌و هه‌ڵانه‌ بوو، که‌ گۆڕان کورسییه‌کانی په‌رله‌مانی عێراقی له‌ چاو ویستی خه‌ڵکیدا نه‌بوو، هه‌روه‌ها وه‌ک پێویست نه‌بوو، چونکه‌ خه‌ڵک چاوه‌ڕوانی زۆرتـری له‌ گۆڕان هه‌بوو، ئه‌مه‌ش وه‌ک وتم، له‌ روانگه‌ی پێوه‌ری کورسییه‌کانه‌وه‌، به‌ڵام خۆ کورسییه‌کان ته‌نیا پێوه‌ر نین، بۆ هه‌ڵبژاردنێکی ئاڵۆزی وه‌ک هه‌ڵبژاردنی (٣/٧)ی ئه‌نجومه‌نی نوێنه‌رانی عێراق به‌ گشتیی‌و بۆ بزووتنه‌وه‌یه‌کی تازه‌ سه‌رده‌رهاتووی وه‌ک گۆڕان به‌تایبه‌تی، چونکه‌ شێوه‌و میکانیزمی هه‌ڵبژاردنه‌که‌ی(٣/٧) زۆر جیاوازتر بوو له‌ هه‌موو هه‌ڵبژاردنه‌کانی دیکه‌ی عێراق، که‌واته‌ پێوه‌ری چه‌ندێتیی ده‌نگبه‌ده‌ستهێنان، ناوچه‌یی‌و به‌تایبه‌تی تریش ناوچه‌دابڕاوه‌کان، ئه‌مانه‌ هه‌موو پێوه‌رن. وه‌ک وتم، ئه‌گه‌ر به‌ پێوه‌ری کورسی راده‌ی سه‌رکه‌وتن‌و دۆڕان هه‌رژماربکه‌ین، ئه‌وا ده‌توانین بڵێین که‌ گۆڕان له‌ هه‌ڵبژاردنی(٣/٧)دا دۆڕا، چونکه‌ کورسییه‌کانی له‌چاو پێشبینییه‌کان‌و راده‌ی ده‌نگه‌کانی ناوچه‌دابڕاوه‌کاندا نه‌بوو، به‌ڵام ئه‌گه‌ر بێت‌و راده‌ی سه‌رکه‌وتن به‌ ده‌نگی ده‌نگده‌ر پێوه‌ربێت، ئه‌وا بزووتنه‌وه‌ی گۆڕان تا راده‌یه‌کی باش توانیویه‌تی ئه‌و ئه‌نجامه‌ به‌ده‌ستبهێنێته‌وه‌ که‌ له‌ هه‌ڵبژاردنه‌کانی رابـــردوودا لـــه‌ هـــه‌ر ســێ شـاره‌کـه‌ به‌ده‌ستیهێناون، به‌ پێوه‌ری ناوچه‌ییش، ئه‌وا که‌رکوک‌و ناوچه‌ دابڕاوه‌کان توانی یه‌کێتی هه‌ڵبستێنێته‌وه‌و بتوانێت شکستی یه‌کێتی کۆتایی بهێنێت، هه‌روه‌ها به‌ پێی هه‌مان پێوه‌ر ده‌توانین بڵێین، دیسانه‌وه‌ ناوچه‌کانی سلێمانی‌و گه‌رمیان بوونه‌ جێگه‌ی شکستی پارتی‌و نه‌یتوانی له‌و ناوچانه‌ جێپه‌نجه‌ی خۆی بنه‌خشێنێت.

ئێمه‌ لێره‌دا ته‌نیا قسه‌ له‌سه‌ر گۆڕان ده‌که‌ین‌و به‌پێی پێوه‌ری کورسی باسی گۆڕان ده‌که‌ین، که‌ بۆچی گۆڕان شکستی هێناو کورسییه‌کانی له‌چاو پێشبینی خه‌ڵکدا نه‌بوو، به‌تایبه‌تی له‌ناوچه‌ دابڕاوه‌کاندا.

### چه‌قبه‌ستن‌و غروری سیاسیی گۆڕان

له‌دوای هه‌ڵبژاردنه‌کانی(٧/٢٥)ی ساڵی رابـــردووه‌وه‌، گـۆڕان رۆژانـه‌ به‌ خۆیدا هه‌ڵده‌دات، رۆژانـه‌ باسی خۆی ده‌کات‌و گوتاری سیاسیی گۆڕان له‌وه‌دا ده‌خولێته‌وه‌ که‌ سه‌رکه‌وتنه‌کانی گۆڕان له‌ هه‌ڵبژاردنه‌کانی مانگی ته‌مموزدا ئه‌مه‌ی کردو ئه‌وه‌ی کرد. هه‌ڵبه‌ت گۆڕان مافی خۆیه‌تی که‌ تا چه‌ندو چۆن باسی سه‌رکه‌وتنه‌کانی رابـردووی ده‌کات‌و ئه‌وه‌ راستییه‌کی حاشا هه‌ڵنه‌گره‌ که‌ گۆڕان گۆڕانیکرد له‌ هه‌ڵبژاردنه‌کانی ته‌مموزدا، گۆڕانکارییه‌ک که‌ ده‌توانین به‌ وه‌رچـه‌رخـانـدنـی مـێـژووی سیاسی دابنرێت، به‌ڵام ده‌بوایه‌ گۆڕان له‌و قوناغه‌ ده‌ربچووایه‌و بگه‌یشتایه‌ته‌ ئه‌و پرسیاره‌ی «دوای ئه‌مه‌ چی؟»، به‌داخه‌وه‌ گۆڕان که‌وته‌ غرورێکی سیاسی ئه‌وتۆوه‌ که‌ نه‌یتوانی ئه‌و پرسیاره‌ له‌خۆی بکات‌و بگاته‌ ئه‌و ئاسته‌ی که‌ بپرسێت ئه‌ی دوای ئه‌مه‌ چی، ئایا چییمان پێیه‌ بۆ هه‌ڵبژاردنه‌کانی(٣/٧)، چۆن بتوانین کار بۆ ئه‌و هه‌ڵبژاردنه‌ بکه‌ین. به‌بێ پێچ‌و په‌نا، ده‌بێت ئه‌وه‌ بڵێین که‌ گۆڕان تووشی چه‌قبه‌ستن له‌ ئه‌نجامی هه‌ڵبژاردنه‌کانی ته‌مموزو غروری سیاسی بوو، بۆیه‌ نه‌یتوانی بگاته‌ ئه‌و قۆناغه‌ی که‌ ده‌توانین ناوی بنێین، قۆناغی دوای ته‌مموز.

### که‌وتنه‌ داوی یه‌کێتییه‌وه‌

له‌ هه‌ڵبژاردنه‌که‌ی(٣/٧)دا، یه‌کێک له‌و هه‌ڵه‌ زه‌قانه‌ی که‌ گۆڕان تێیکه‌وت، چوونه‌ ناو ئه‌و داوه‌ی یه‌کێتیبوو که‌ بۆ گۆڕانی نابووه‌وه‌ له‌ناو بانگه‌شه‌ی هه‌ڵبژاردنه‌که‌دا، گۆڕان به‌ هه‌مان میکانیزم کاریکرد، به‌هه‌مان عه‌قلییه‌ت بانگه‌شه‌که‌ی به‌ڕێوه‌برد، به‌ هه‌مان میتۆد چووه‌ ناو کێبه‌رکێکه‌وه‌ که‌ لایه‌نی به‌رامبه‌ر ده‌یویست‌و خوازیاری بوو، ئه‌مه‌ش خه‌ڵکێکی زۆری تووشی بێئومێدیی کـرد، چونکه‌ ئه‌وه‌ی خه‌ڵک له‌ گۆڕانی چاوه‌ڕێده‌کرد، بوونی شێوازێکی مه‌ده‌نییانه‌ی هه‌ڵبژاردن بوو، باسکردنی خه‌له‌لی سیستمی سیاسی بوو، نیشاندانی که‌موکورتییه‌کانی تیمی کوردی بوو له‌ به‌غداو نیشاندان‌و بوونی ئه‌لته‌رناتیف بوو له‌لایه‌ن گۆڕانه‌وه‌، به‌ڵام به‌داخه‌وه‌ گۆڕان نه‌ک نه‌هات ئه‌مه‌ بکات، به‌ڵکو که‌وته‌ داوێکه‌وه‌، که‌ ره‌نگه‌ له‌لایه‌ن گۆڕانه‌وه‌ خوازراویش نه‌بووبێت، به‌ڵام کردیان‌و که‌وتنه‌ داوی موهاته‌رات‌و قسه‌و قسه‌ڵۆک‌و جوینه‌وه‌ی ئه‌و شه‌ڕه‌ ئیعلامییه‌ی که‌ لایه‌نی به‌رامبه‌ر ده‌ستی دابوویه‌.

سه‌یرکردنی کێشه‌کانی به‌غدا وه‌ک کێشه‌ی شه‌خسی‌و که‌سایه‌تیی تاکه‌کان‌و خودی سه‌رۆک کۆمار، وایکرد که‌ گۆڕان بکه‌وێته‌ داوی ئه‌و شـه‌ڕه‌ شه‌خسه‌وه‌ که‌ لایه‌نی رکابه‌ر به‌رامبه‌ر به‌ خودی نه‌وشیروان مسته‌فا کـردی‌و نه‌ک هه‌ر ئه‌مه‌، به‌ڵکو گۆڕان تا ئه‌و ئه‌ندازه‌یه‌ که‌وته‌ ناو بازنه‌ی رکابه‌رایه‌تی تاکلایه‌نه‌وه‌ که‌ نه‌یده‌په‌رژایه‌ سه‌ر لایه‌نه‌کانی دیکه‌، له‌ ناویاندا پارتی. ئه‌مه‌ش گۆڕانی خسته‌ گێژاوێکه‌وه‌ که‌ ده‌رچوون لێی زه‌حمه‌ت بوو.

### گوتاری دینی

له‌سه‌روبه‌ندی بانگه‌شه‌ی هه‌ڵبژاردنه‌کاندا، له‌ که‌ناڵی KNNه‌وه‌، مامۆستایه‌کی ئاینیان هێنابوو، وه‌ک کاری هه‌میشه‌یی یه‌کێتی‌و پارتی که‌ ده‌نگدان بـه‌ده‌ره‌وه‌ی خۆیان به‌ نانه‌ته‌وه‌یی ده‌ژمـارد، هێنانی ئه‌و مه‌لا به‌ڕێزه‌ که‌ ده‌نگدان به‌ یه‌کێتی‌و پارتی به‌ گوناه‌ سه‌یربکات، ئه‌و هه‌ڵه‌یه‌بوو که‌ ده‌یه‌وێت به‌ هه‌مان عه‌قلیه‌تی یه‌کێتی‌و پارتی کاری حیزبایه‌تی‌و کایه‌ی دیموکراسی پێ به‌ڕێته‌وه‌و وێنه‌ی فریشته‌ بۆ خۆی‌و ئه‌هریمه‌ن بۆ ئه‌وانی دیکه‌ وێنا بکات. ئه‌مه‌ش به‌ بڕوای من یه‌کێکی دیکه‌ بوو له‌ هه‌ڵه‌کان، چونکه‌ گۆڕان له‌ هه‌ڵبژاردنه‌کانی(٧/٢٥)دا، له‌گه‌ڵ زۆری فشار له‌سه‌ری، نه‌بوونی ئه‌زموون‌و نه‌ناسینی له‌لایه‌ن خه‌ڵکه‌وه‌، که‌چی به‌ هیچ جۆرێک باسی ئه‌وه‌ نه‌کرا که‌ ده‌نگدان به‌ یه‌کێتی‌و پارتی وه‌ک گوناه‌ سه‌یر بکرێت، که‌چی بۆ هه‌ڵبژاردنه‌کانی(٣/٧) که‌وتنه‌ وێناکردنی حه‌رام‌و حه‌ڵاڵی ده‌نگدان، که‌ ئه‌مه‌ دروست له‌وه‌ ده‌چێت که‌ خه‌ڵک به‌ ئاگری جه‌هه‌ننه‌م بترسێنێت‌و خواو دین بۆ مه‌رامی سیاسی به‌کاربهێنێت، له‌کاتێکدا له‌ کوردستاندا هیچ هێزێک نییه‌ له‌سه‌دا سه‌د ئه‌هریمه‌ن بێت‌و هیچ هێزێکیش نییه‌ که‌ له‌سه‌دا سه‌د فریشته‌ بێت، به‌ڵکو باش‌و خراپی لیست‌و حیزبه‌کان رێژه‌یییه‌. پێموایه‌، ئه‌م کاره‌ی گۆڕان بووه‌ جێگه‌ی پرسیار لای خه‌ڵک که‌ نه‌ده‌بووایه‌ هه‌ستێت به‌کارێکی له‌وجۆره‌.

### کاندیده‌ یه‌کێتییه‌کانی ناو گۆڕان

یه‌کێکی دیکه‌ له‌و هه‌ڵانه‌ی گـۆڕان که‌ ئێستاشی له‌سه‌ر بێت، گـۆڕان‌و هه‌ندێک هه‌ڵسوڕاوی گۆڕان له‌سه‌ری به‌رده‌وامن، ئه‌وه‌یه‌ که‌ یه‌کێتیی نیشتمانی وه‌ک ته‌نیا هێزی رکابه‌ر سه‌یرده‌که‌ن. ئه‌م هه‌ڵوێسته‌ به‌ روونی به‌ دانانی کاندیده‌کانه‌وه‌ دیاربوو، چونکه‌ هه‌ندێک له‌و کاندیدانه‌ی گۆڕان نه‌ک هه‌ر یه‌کێتی بوون، تا ماوه‌یه‌کی نزیک له‌ هه‌ڵبژاردنه‌که‌ی (٣/٧)وه‌، به‌ڵکو هه‌ندێک له‌و کاندیدانه‌ (له‌گه‌ڵ رێزی زۆرم بۆ ئه‌و کاندیدانه‌، ئه‌مه‌ی که‌ باسیش ده‌کرێت خوانه‌خواسته‌ وه‌ک لـه‌کـه‌دارکـردنـی که‌سایه‌تیی ئه‌و به‌ڕێزانه‌ نییه‌، به‌قه‌د ئه‌وه‌ی خوێندنه‌وه‌یه‌که‌ بۆ هه‌ڵه‌کانی گۆڕان وه‌ک بزووتنه‌وه‌یه‌کی سیاسیی ئومێد له‌سه‌ر هه‌ڵچنراو) تا چه‌ند هه‌فته‌یه‌ک پێش بانگه‌شه‌ی هه‌ڵبژاردن یه‌کێتی بـوون، له‌ ده‌زگـا ئیعلامییه‌کانی یه‌کێتی کاریانکردووه‌، ئه‌مه‌ کاره‌ساته‌ کاره‌سات (له‌گه‌ڵ رێزی بێپایانم بۆ هه‌موو کاندیده‌کان)، که‌ تۆ له‌ناو ئه‌و هه‌موو خه‌ڵکه‌ بێلایه‌ن‌و رۆشبیرو ناسراوانه‌ی ناو گۆڕان، بێیت که‌سانێک دابنێیت که‌ تا دواساته‌کان له‌گه‌ڵ لایه‌نێکی دیکه‌دا بووبن، یان که‌سانێک که‌ تا ئێستاش له‌سه‌ر لایه‌ن‌و حیزبی دیکه‌ ئه‌ندامی ئه‌نجومه‌نی پارێزگان.

ئه‌مه‌ هه‌ڵه‌یه‌ک بـوو، سه‌رکردایه‌تی‌و ده‌زگـای هـه‌ڵـبـژاردن گـۆڕان به‌خۆیان زانیبێت یان نا، به‌سه‌ریاندا تێپه‌ڕی، چونکه‌ له‌دواجاردا به‌شێکی زۆری ئه‌و خه‌ڵکه‌ی که‌ ده‌نگده‌دات به‌ گۆڕان له‌و ده‌موچاوانه‌ بێزارن که‌ له‌ هه‌موو کات‌و ساتێکدا هه‌ر ئه‌وانن له‌ پێشی پێشه‌وه‌ن‌و له‌ کوێوه‌ با هات، ئه‌وان شه‌ن ده‌که‌ن.

Arei1976@hotmail.com

**پارێزگای سلێمانی**
**بانگه‌وازی ژماره‌ ( ١٩٣ – R٣) ساڵی ٢٠١٠**

که‌مکردنه‌وه‌ی پرۆژه‌ی {دروستکردنی به‌نداوی خۆرنه‌وه‌زان له‌ گه‌رمیان}

پارێزگای سلێمانی بانگهێشتنی گشت کۆمپانیا و نوسینگه‌ ئه‌ندازیاریه‌کان و به‌ڵێنده‌رانی ناوخۆ و بیانی ده‌کات که‌ ئاره‌زووی به‌شداری کردنیان هه‌یه‌ بۆ ئه‌م که‌مکردنه‌وه‌ نهێنییه‌ی که‌ بۆ پرۆژه‌ی { دروستکردنی به‌نداوی خۆرنه‌وه‌زان له‌ گه‌رمیان} ده‌کرێت. جا هه‌ر کۆمپانیایه‌ک ئاره‌زوی به‌شداریکردنی ئه‌م که‌مکردنه‌وه‌یه‌ی هه‌یه‌ باسه‌ردانی پارێزگای سلێمانی (کارگێری خۆجێ یه‌تی) له‌ ته‌لاری جه‌مالی حاجی عه‌لی نهۆمی ١ له‌سه‌ر شه‌قامی سه‌ره‌کی سالم بکات له‌گه‌ڵ پیشاندانی ناسنامه‌ی تایبه‌ت به‌ کۆمپانیا به‌مه‌به‌ستی وه‌رگرتنی ته‌نده‌ر به‌رامبه‌ر (٣,٠٠٠,٠٠٠) سێ ملیۆن دیناری عێراقی که‌ ناگه‌ڕێته‌وه‌ بۆ خاوه‌نه‌که‌ی و کرێی بڵاوکردنه‌وه‌ی ئه‌م ئاگاداری یه‌ ده‌که‌وێته‌ ئه‌ستۆی ئه‌و کۆمپانیایه‌ی که‌ ته‌نده‌ره‌که‌ی بۆ ده‌رده‌چێت.

١. وه‌رگرتنی ته‌نده‌ر له‌ رۆژی (٢٠١٠/٠٤/٠٨) ده‌ست پێ ده‌کات تا رۆژی (٢٠١٠/٠٤/١٥) کاتژمێر (٩)ی سه‌رله‌به‌یانی تا (١٢)ی نیوه‌رۆ.
٢. دوا رۆژی گه‌راندنه‌وه‌ی ته‌نده‌ر (٢٠١٠/٠٥/١٦) کاتژمێر (١٢) دوانزه‌ی نیوه‌رۆ دوا کاته‌ بۆ کارگێری خۆجێ یه‌تی.
٣. رۆژی کردنه‌وه‌ و ئاشکراکردنی ته‌نده‌ر رۆژی (٢٠١٠/٠٥/١٦) کاتژمێر (١٢,٣٠) نیوه‌رۆ ده‌بێت.

((مه‌رجه‌کانی به‌شداری کردن))

١. پێویسته‌ ئه‌و کۆمپانیا و به‌ڵێنده‌رانه‌ی که‌ به‌شداری ده‌که‌ن پله‌ی پۆلێنکردنیان له‌ (پله‌١) که‌متر نه‌بێت که‌ له‌وه‌زاره‌تی پلاندانانه‌وه‌ ده‌رچوبێت و به‌رواری به‌سه‌رنه‌چوبێت. و پسپۆری هه‌بێت له‌ بواری دیزاین و جێبه‌جێ کردنی به‌نداوه‌کان.
٢. ده‌بێت کۆمپانیا یاخود به‌ڵێنده‌ر له‌ لایه‌ن وه‌زاره‌تی بازرگانی تۆمارکرابێت و پسپۆری هه‌بێت و تایبه‌تمه‌ندبن له‌ بواری دیزاین و جێبه‌جێکردنی به‌نداوه‌کان یاخود (Join Venture) بکات له‌گه‌ڵ کۆمپانیایه‌کی بیانی که‌ پسپۆرن له‌ بواری دیزاین و جێبه‌جێ کردنی به‌نداوه‌کان، وه‌ لیستێک به‌ ناوی پرۆژه‌ هاوشێوه‌ که‌ کۆمپانیاکه‌ جێبه‌جێی کردبێت پێشکه‌ش بکات.
٣. ئه‌ستۆ پاکی باجی ده‌رامه‌ت بهێنن که‌ ئاراسته‌ی پارێزگای سلێمانی کرابێت.
٤. ئه‌و کۆمپانیا و به‌ڵێنده‌رانه‌ی که‌ له‌ ده‌ره‌وه‌ی هه‌رێمن پێویسته‌ پشتگیری تۆمارکردنیان هه‌بێت له‌ لایه‌ن به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی گشتی بازرگانی.
٥. هیچ ته‌نده‌رێک له‌دوای کاتی دیاریکراو وه‌رناگیرێت و صندوقی ته‌نده‌ر داده‌خرێت.
٦. بری بارمته‌ی یاسایی (٢٪ نرخی پێشکه‌شکراو) به‌ دینار به‌ چه‌کی په‌سه‌ند کراو یان (خگاب چمان) به‌ بری پاره‌ی دیاری کراووه‌رده‌گیرێت ده‌بێت له‌ کاتی گه‌راندنه‌وه‌ی ته‌نده‌ر ئاماده‌بێت.
٧. پێویسته‌ به‌ڵێنده‌ر یان کۆمپانیا ئاماده‌ی کردنه‌وه‌ی ته‌نده‌ر بێـ یان نوێنه‌ریان دیاری بکه‌ن بۆ ئه‌م مه‌به‌سته‌.
٨. پێویسته‌ به‌ڵێنده‌ر زانیاریه‌کانی ناو ته‌نده‌ر به‌ ته‌واوی پڕبکاته‌وه‌ و نرخ به‌ ژماره‌ و به‌ نووسین پێشکه‌ش بکات.
٩. پارێزگای سلێمانی پابه‌ند نی یه‌ به‌ که‌مترین نرخ.
١٠. ئه‌م به‌ڵگه‌نامانه‌ی سه‌ره‌وه‌ هه‌ریه‌که‌یان ئه‌وی تر ته‌واو ده‌کات به‌ نه‌بوونی هه‌ریه‌کێکیان ته‌نده‌ره‌که‌ پشت گوێ ده‌خرێت.
١١. ماوه‌ی به‌سه‌رچونی ته‌نده‌ر (٣) مانگه‌ له‌ دوای به‌رواری داخستنی ته‌نده‌ر.
١٢. پێشکه‌شکردنی ته‌نده‌ر بۆ سکرتێری لیژنه‌ی کردنه‌وه‌ی ته‌نده‌ره‌کان ده‌بێـت له‌ناو زه‌رفێکی داخراو ده‌بێت و پێویسته‌ مۆری کۆمپانیا و ناوی کۆمپانیا و ناوی پرۆژه‌که‌ی له‌سه‌ر بێـت.
١٣. به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی گشتی به‌نداو و کۆگاکانی ئاو ئاماده‌یه‌ بۆ وه‌ڵامدانه‌وه‌ی هه‌ر پرسیار و تێبینیه‌کی ته‌کنیکی به‌شداربووانی که‌م کردنه‌وه‌که‌.

**ئه‌ندازیار/ به‌هرۆز محه‌مه‌د صالح فقی رشید**
**پارێزگاری سلێمانی به‌ وه‌کاله‌ت**

**ونبوون**

وه‌سڵێکی وه‌رگرتن که‌ له‌ شاره‌وانی چه‌مچه‌ماڵ به‌ ژماره‌ (٥١٩٥٧٧) له‌ (٢٠٠٨/١٠/٢٠) به‌ ناوی (هه‌ردی به‌همه‌ن محمد علی) که‌ به‌بڕی (١٠٠٠٠٠) سه‌د هه‌زار دینار ده‌رچووه‌، وونبووه‌ هه‌رکه‌س دۆزیویه‌تیه‌وه‌ په‌یوه‌ندی بکات به‌ ژماره‌ مۆبایلی (٠٧٧٠٢٢٢٣٦٠٤).

**خاوه‌نی ئیمتیاز:**
**کۆمپانیای وشه‌**

**سه‌رنووسه‌ر:**
**ئازاد چالاک**

به‌ڕێوه‌به‌ری نووسین
**سیروان ره‌شید – هیوا جه‌مال**
٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com


کارگێڕی‌و ریکلام‌و ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ – ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابه‌شکردن:**
کۆمپانیای نێوه‌ند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ – ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سه‌ره‌کیی:**
سلێمانی – زه‌رگه‌ته‌ – گردی زه‌رگه‌ته‌ – کۆمپانیای وشه‌

**ئۆفیسی هه‌ولێر:**
شه‌قامی ئیسکان – ته‌نیشت سارده‌مه‌نی من و تۆ
٠٧٥٠٤٥٦٦٢٧٦

# دەسەڵاتو سامانی مرۆیی



د.محەمەد ئەمین عەلی عومەر *

١-٢

سەروەریی یاساو عەدالەتی کۆمەڵایەتیی لە کۆمەڵگەدا کاتێک بەرقەرار دەبێت، کە دەسەڵاتی سیاسی سامانی مرۆیی بەرزو گرانو پیرۆز بنرخێنێتو پێش سامانە سروشتییەکانی دیکەی بخات بە نەوتیشەوە، نابێت دەسەڵاتی سیاسی ئەو سامانە مرۆییە تێکبشکێنێتو کۆیلەی بکاتو لەسەر ئەو بنەمایە مامەڵەی لەگەڵ بکاتو شەرعیەت بدات بەخۆی، کە ئەو سامانە مرۆییە لە خزمەتیدا بێت.

لە راستیدا ناوەڕۆکی کاری دەسەڵاتی سیاسی بریتییە لە:

١-دروستکردنی سامانێکی مرۆیی دروست (تەندروست)و ئازاد، دوابەدوای ئەوە گەشەو پەرەپێدانو پرۆفیشنالکردنی.

٢- پاراستنی ژیانو کەرامەتی سامانە مرۆییەکە، ئەوەش بە دابینکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی (social security) لە ڕێگای چەسپاندنی یاساو دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە.

٣- بەرزکردنەوەی ئاستی تەمەنی هاوڵاتی (سامانە مرۆییەکە) لە ڕێگای پاراستنی ئاسایشی خۆراکو دەرمان، پاراستنی ژینگە، کە هچی کەمتر نییە لە ئاسایشی نەتەوەیی.

٤- دابینکردنی عەدالەتێکی سیاسیی، ئابووریی، کۆمەڵایەتیی بۆ تاکی ئەو کۆمەڵگەیە لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوون.

٥- پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی.

نەک سەقەتکردنی ئەو سامانە مرۆییەو بەهەدەردانی سامانە سروشتییەکانی دیکە بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی دەسەڵاتی سیاسیو حیزبیو تاکەکەس، کە ئەمەش بەستراوەتەوە بە هزرو فیکری ئەو دەسەڵاتە سیاسییەی کە کۆمەڵگە بەڕێوەدەبات، لەم باسەدا چەند پرسیارێکی گرنگ دێتە پێشەوە سەبارەت بە پەیوەندیی دەسەڵاتو سامانی مرۆیی، لەوانەش:

١- کەی مرۆڤ دەبێتە سامان؟!.

٢- بۆ لە زۆر شوێنی جیهان مرۆڤ سامانێکی بە نرخو گرانبەهایەو لە زۆر شوێنی دیکە ئەوەی ڕێزو نرخە بۆی دانەنراوە؟!

٣- ئایا مرۆڤی کورد سامانە یان نا؟!

٤- ئەگەر سامان نییە، بەڕای هەندێک بۆچوونی ڕەشبینو نەزان، چۆن دەکرێت بە سامان؟

٥- کەی سامانی مرۆیی دەبێتە بەشێک لە ئاسایشی نەتەوەیی؟

ئەگەر بەشێوەیەکی زانستیی باس لە بابەتەکە بکەین، وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە ئەوەندە قورس نین کە نەتوانین بگەینە ئەنجام، مەرج نییە وەڵامی دەسەڵاتی سیاسیو ڕۆشنبیرو هاوڵاتی ئاسایی لەیەک بچن، بەتایبەتی لە وڵاتانی جیهانی سێیەمو دواکەوتوو، چونکە دەسەڵاتی سیاسی کاتێک دەسەڵات دەگرێتەدەست، کە ئەم سامانە مرۆییە لە تێگەیشتنو گەشە دوابخاتو تاک بێبەرهەم بکات، نامۆی بکات لە ژیانێکی پڕ خۆشیو سوودبەخش، واتە دەسەڵات هزرو فیکری هاوڵاتی بەند دەکات بە هەندێک بابەتی مەوزوعیو لاوەکییەوە، کە بەهیچ شێوەیەک کارناکاتە سەر ڕەوتی ژیانی ئەو کۆمەڵگەیە، بە واتایەکی دیکە سەلبی کەرامەتی تاک دەکاتو کۆیلەی دەکات، لە قازانجی دەسەڵات نییە مرۆڤ ببێتە سامان!، بەڵکو سامانە سروشتییەکان نرخیان زۆرتر دەبێتو ڕێزیان زیاتر لێدەگیرێتو دەبنە ناوەڕۆکی ڕووداوە گرنگەکانی کۆمەڵگەکەو سامانە مرۆییەکە دەبێتە قوربانی سامانە سروشتییەکانی ئەو کۆمەڵگەیە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی مرۆڤ، بۆمان دەردەکەوێت دروستبوونی سامانی مرۆیی شارەزاو کارامە پابەند نییە بە کاتو شوێنی دیاریکراوەوە (جوگرافیا)، تەنانەت کەمێک لە شارەزایانی پێشووش درکیان بەو ڕاستییە کردووەو پێیانوابووە شوێن (جوگرافیا)و کات لە بنەما سەرەکییەکانی دروستبوونی شارستانی مرۆڤایەتی نین، بەڵکو مرۆڤ خۆی بنەما سەرەکییەکەیەتیو شارستانی دروستدەکات، باشترین نموونەش فیرعەونەکانن (بە بۆچوونی زۆربەی شارەزا کۆنەکان، کە لەو بڕوایەدابوون کاتو شوێن لە بنەما سەرەکییەکەی دروستبوونی شارستانی فیرعەونەکانن، هۆی دروستبوونی شارستانی فیرعەونەکانیان بۆ ڕووباری نیل دەگەڕاندەوە، نەک خودی فیرعەونەکانو سیستمی سیاسی بەڕێوەبردنیان، کە سامانە مرۆییەکە دەکات، بەڵام ئەگەر بە (مەنتیق) لۆجیک لێکیبدەینەوە ڕووباری نیل بە هەشت وڵاتدا تێدەپەڕێت، ئەی بۆ تەنیا لە میسر ئەم شارستانییە پێشکەوتووە دروستبوو بەدەر لەو وڵاتانەی نیلیان پێدادەڕوات، کەواتە مرۆڤ خۆی بنەما سەرەکییەکەیەو ناوەڕۆکی ڕووداوەکانە، ئەوەش بە دەسەڵاتی سیاسی ڕێکدەخرێت، واتە هزرو فیکری دەسەڵاتی سیاسی مرۆڤ دەکات بە سامانی مرۆیی بە نرخ، نەک سامانی سروشتیو کاتو شوێنی دیاریکراو).

کاتێک مرۆڤ دەبێتە سامان، کە هزرو فیکری ئازاد بێتو بتوانێت تازەگەرییو زیادەگەریی بۆ ژیان بکات، تاک بەرهەمهێنەر بکاتو بیکاتە ئەندامێکی سوودبەخش بۆ کۆمەڵگەکەی، نەک نامۆ ببێت بە ژیان و ببێت بە بار بەسەر کۆمەڵگەکەیەوە، ئەرکە پیرۆزەکەش لە ئەستۆی دەسەڵاتدایە (بەڵام کام دەسەڵات؟!، دەسەڵاتی کاراو پرۆفیشناڵ، کە بەرژەوەندیی وڵات پێش بەرژەوەندیی حیزبو تاکە نزیکەکانی خۆی بخات)، ئەوەش بە پەروەردەکردنو پرۆفیشنالکردنی نەوەکانی ئێستاو داهاتوو، بە پەرەپێدانو پێشخستنی زانستو تواناو توانستی سامانە مرۆییەکان لە ڕێگەی کاراکردنی هەرسێ لە کەرتەکانی (پەروەردەو تەندروستیو ئاسایش)، کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هەردوو کەرتی تەندروستیو پەروەردە پشتگوێخراوە، ئەگەر تەندروستی سامانە مرۆییەکە باش نەبێت، فیکرو هزریشی لاواز دەبێتو کاردەکاتە دروستکردنو پەروەردەکردنیو پرۆفیشنالکردنی سامانە مرۆییەکە، تەنانەت هاوڵاتیش تەندروستیی خۆی پیشتگوێخستووە، کاتێک بیری دەکەوێتەوە کە تووشی نەهامەتییەکی گەورە دەبێتەوەو زەرەرمەندی گەورەش سامانە مرۆییەکەیە، دوای ئەوە دەسەڵاتی سیاسی.

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا بۆ لە زۆر شوێنی جیهان مرۆڤ سامانێکی بە نرخو گرانبەهایەو ڕێزی لێدەگیرێتو لە زۆر شوێنی دیکەش بێنرخو بێڕێزە؟، بگرە نەک ڕێزی لێناگیرێت، بەڵکو سووکایەتیشی پێدەکرێت، ئایا کێ بەرپرسە لەم دیاردەیە؟، ئایا مرۆڤ هەر مرۆڤ نییە لە هەر کاتێکو شوێنێک بێت؟!. مرۆڤ بەمانای هاوڵاتی دێت، دەسەڵاتی سیاسی پەیوەندیی تاکو حکومەت ڕێکدەخات، دەستناخاتە کاروباری حکومەتەوە، لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوونو ئەندامێتییەکی تەواو یەکسان لە مافو ئەرکدا دوور لە جیاوازی دینو ڕەگەزو هەڵوێستی فیکریو سیاسیو باری ئابووریی مامەڵە لەگەڵ تاکدا دەکات، کە سامانی مرۆیی دەگرێتەوە، ئەگەر بێتو هەر مرۆڤێک بگوێزیتەوە لە کۆمەڵگەیەک کە ڕێزی لێناگیرێت بۆ کۆمەڵگەیەک، کە ڕێز لە مرۆڤو مافەکانی دەگرێتو عەدالەتێکی سیاسی کۆمەڵایەتی ئابووریی بۆ تاک دابیندەکات، لە ماوەیەکی کەمدا ئەویش لەڕێی پابەندبوون بە یاساو ڕێنماییەکانو مافەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگە تازەکەیدا ڕێزی لێدەگیرێتو بەرامبەر ئەو ڕێزو ئیمتیازاتە (مافو ئەرکە) دەبێتە ئەندامێکی سوودبەخش لە ڕێگەی پابەندبوون بە یاساو ڕێساکانی ئەو کۆمەڵگەیە، واتە هەر ئەو مرۆڤە بە گۆڕینی چۆنێتی دەسەڵاتی سیاسی گۆڕا، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە هاوڵاتی ئاسایی بەرپرس نییە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەرامبەر بە دواکەوتوویی کۆمەڵگەکەی، بەڵکو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەوەش بە تەسلیمکردنی جڵەوی خۆیو هاوڵاتییان بەگشتیی بە دەسەڵاتێکی نەزان یان دەسەڵاتێکی زۆر شارەزاو لێزان، کە لە بەرژەوەندیی خۆیو چەند لایەنێکی حیزبیدا کۆمەڵگاکەی بەرەو هەڵدێر ببات، لە ڕاستیدا ئەگەر دوور نەڕۆین، نەبوونی زمانێکی هاوبەش لەنێوان دەسەڵاتی سیاسیو هاوڵاتی وەک مەسەلە عەرەبییەکە دەڵێت (فی کل واد یهیمون) یەکێکە لە هۆ سەرەکییەکانی لاوازبوونی پێگەی هاوڵاتیو دروستبوونی ناعەدالەتی ئیجتماعی وەک لەم کۆمەڵگەیەی خۆمان دەیبینین، لە ڕێگەی بە حیزبیبوونی کۆمەڵگەوە کەرامەتی تاکی کورد دەشکێنرێتو سووکو ڕیسوادەکرێت، وەک سامانی مرۆیی سەیرناکرێتو مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت، بەڵکو وەک ڕەعیەت، هەموو هەوڵەکانی دەسەڵات بۆ دەستبەسەراگرتنی سامانە سروشتییەکانە لەپێناو بەرژەوەندیی حیزبو بەتایبەتیش بەناو سەرکردەکانیەتی، هەر ئەم هۆیە سەرەکییەشە ڕێگرە لە نەبوونی بەرنامەی تایبەت بە گەشەپێدانی سامانی مرۆییو دابینکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی.

لەوانەیە زۆر کەس لە بەرپرسان بڵێن ئێمە سامانی مرۆییمان نییە تا گەشەی پێبدەین!، دەتوانم لە وەڵامدا بڵێم ئێمە خاوەنی سامانی مرۆییەکی مامناوەندین، بەڵام دەسەڵاتی سیاسی خۆی بە خودی خۆی ئەو سامانە مرۆییەی سەقەتکردووەو فێری تەمەڵیی کردووە، ئەوەش بە جیاوازینەکردنی کاری باشو خراپ، مرۆڤی ئەکتیڤو تەمەڵ، ئەگەر بە لۆجیکیش بێت، هەر کارێک بکەیت دەچێتە دوو بابەوە، یان ئەو کارە باشە یان خراپە، کارێک نییە نەباش بێت نە خراپ، واتە کاری نیوتراڵ نییە، هەربۆیە هەموو ئایینە ئاسمانییەکانو شەرائیعە ئەرزییەکانیش زاراوەی پاداشتو سزایان بەکارهێناوە بەرامبەر هەر کارێک مرۆڤ دەیکات، لەڕێی ئەم پاداشتو سزایەوە دەتوانرێت گەشە بە سامانە مرۆییەکە بدرێت، ئەگەر بە یاسایەکی شەفافو دادپەروەرانە ڕێکبخرێت، هەموو سامانە مرۆییەکە بگرێتەوە بەبێ جیاوازیو دەستێوەردانی حیزبیو کەسایەتییە دەسترۆیشتووەکان، واتە بە سەروەریی یاسا ئەم سامانە مرۆییە پرۆفیشناڵ دەبێت، ئەگەر کاردانەوە نەبوو بۆ جۆری کاری باشو خراپ، یان یاسایەک نەبوو بۆ هەڵسەنگاندنی کارەکان، کە ئەمەش لەڕێی پێناسەی کارەوە دەکرێت، کە بەڕای من هیچ جۆرە پێناسەیەکی کارمان نییە لەگەڵ باری پێشکەوتوویی ئەمڕۆی دنیادا بگونجێت، تازەترین پێناسەی کار لە عێراق لە ساڵی (١٩٧٥) کراوە، بەهۆی لاوازیی کارگێڕییو داراییو یاسایی حکومەتەوە ئەو پێناسەی کارانەش جێبەجێنەکراون، کە بۆ ڕۆژی ئەمڕۆ دەستنادەن، کەواتە دەتوانم بڵێم پێناسەی کارمان نییە، باشە ئەگەر پێناسەی کار نەبێت، چۆن بتوانین سامانە مرۆییەکە هەڵبسەنگێنین، کە پێویستی بە فۆرمێکی هەڵسەنگاندنە، لەسەر بنەمای پێناسەی کار دوور لە ئیمتیازاتی سیاسیو حیزبایەتی، کە ئەمەش ڕێکدەخرێت بە زانستێکی تازە، کە پێیدەگوترێت(Human Resourc Management) گەشەپێدانی مرۆیی (بەپێی ئەم زانستە مرۆڤ بەنرخترین سامانە)، ئەمەش لە ئەستۆی دەسەڵاتی سیاسیدایە، لەمەش سەیرو سەمەرەتر سەرەڕای پابەندنەبوونی دەسەڵاتی سیاسی بە ئیشوکارەکانی، ڕێگە بەخۆی دەدات میللەت تاوانبار بکات بە نەزانیو هەڵپەرست، هەموو شکستو هەڵدێرە سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووریو زانستییەکان دەخاتە ئەستۆی میللەتو هاوڵاتی ئاسایی، کە سامانە مرۆییەکەیە!، تا دەگاتە ئەو ئاستەی هەندێک لە سەرانی دەسەڵاتو بەناو ڕۆشنبیرو نووسەرەکانیان بە ڕاشکاوانە بڵێن بەڕاستی میللەتێکی خراپو تەمەڵو نەزانمان هەیە بە هیچ ڕازی نابن، وەک ئەوەی خۆیان سوپەرمان بنو لە هەموو ڕوویەکەوە تەواو کامڵ بن، بێئەوەی بپرسن ئەگەر سامانە مرۆییەکانمان پێناسەی کاریان نەبێت، چۆن دەتوانن کارەکانیان سەد لەسەد جێبەجێبکەن، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین ئێمەی هاوڵاتی (سامانی مرۆیی) بەرپرسیارین لەوەی بێدەنگیی باڵی کێشاوە بەسەرمانداو هیچ کاردانەوەیەکمان نەبووە بەرامبەر ئەو دەسەڵاتە سیاسییە نەزانە، یان ئەو دەسەڵاتە زۆرزانەی کە کۆمەڵگەکە دەبات بەرەو هەڵدێر، سەرەڕای ئەوەش میللەت تاوانبار دەکات بە نەزانو تەمەڵو زۆر ناوو ناتۆرەی جیاواز!. واتە بارخراپیی کۆمەڵگە لە ئەستۆی دەسەڵاتی سیاسیدایە نەک میللەت، وەک زۆر لە بەرپرسەکان ئۆباڵەکەی دەخەنە ملی میللەت، سەرەڕای زوڵملێکردنیشی تاوانباری دەکەن.

هەرچەند بە بۆچوونی زۆر لە شارەزایانی کۆمەڵناسیو ڕێکخراوەکانی پاراستنی مافی مرۆڤی جیهانی زۆر لە وڵاتانی جیهانی سێیەم، بە بیانووی بەرگریکردنو پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییو قەڵاچۆکردنی تیرۆر، کەوتوونەتە دژایەتیکردنی ڕای بەرامبەرو پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانو بە هەموو جۆرێک لەپێناو قۆرغکردنی دەسەڵاتی سیاسیدان، هەر بۆیە تائێستا کۆمەڵگە مەدەنییە جیهانییەکان نەگەیشتوونەتە پێناسەیەکی یەکگرتووی ئەوتۆ کە دەسەڵاتی سیاسی نەتوانێت لەژێر ناوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییو مافی هاوڵاتی بە دژەتیرۆر نەیارەکانی بسڕێتەوە، قەڵاچۆیان بکاتو دەنگی جیای بەرامبەر کپ بکات، واتە هەر هاوڵاتییەک بەدوای ڕاستییەکاندا بگەڕێتو داوای مافی هاوڵاتیبوونی بکاتو ڕەخنە لە دەسەڵات بگرێت، تاوانباردەکرێت بە دوژمنو تیرۆریست، تا دەگاتە ئاستی تەخوینکردن بەرامبەر بە میللەتو بەرژەوەندییەکانی، بێئەوەی بیر بکەنەوە کە ئەم هاوڵاتییە ئەگەر هیچ نەبێت سامانێکی مرۆییەو چەندین ساڵە بە بودجەی ئەم وڵاتە گەورەبووەو دەکرێت لە جیاتی دژایەتیکردنو دەربەدەرکردنو لەناوبردنی، سوودی زیاتر بێت، ئەگەر وەک مرۆڤ و سامانی مرۆیی سەیربکرێتو مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

* پزیشکی پسپۆڕی نەشتەرگەریی

**پارێزگای سلێمانی**
**بانگەوازی ژمارە ( ١٩٨ – R٣) ساڵی ٢٠١٠**

کەمکردنەوەی پرۆژەی { دروستکردنی بەنداوی دێوانە لە گەرمیان}

پارێزگای سلێمانی بانگهێشتنی گشت کۆمپانیا و نوسینگە ئەندازیاریەکان و بەڵێندەرانی ناوخۆ و بینای دەکات کە ئارەزووی بەشداری کردنیان هەیە بۆ ئەم کەمکردنەوە نهێنیەی کە بۆ پرۆژەی{ دروستکردنی بەنداوی دێوانە لە گەرمیان} دەکرێت. جا هەر کۆمپانیایەک ئارەزوی بەشداریکردنی ئەم کەمکردنەوەیەی هەیە باسەردانی پارێزگای سلێمانی (کارگێری خۆجێ یەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی ١ لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات لەگەڵ پیشاندانی ناسنامەی تایبەت بە کۆمپانیا بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٣,٠٠٠,٠٠٠) سێ ملیۆن دیناری عێراقی کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی و کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداری یە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.

١. وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی (٢٠١٠/٠٤/٠٨) دەست پێ دەکات تا ڕۆژی (٢٠١٠/٠٤/١٥) کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی تا (١٢)ی نیوەڕۆ.
٢. دوا ڕۆژی گەڕاندنەوەی تەندەر (٢٠١٠/٠٥/١٦) کاتژمێر (١٢) دوانزەی نیوەڕۆ دوا کاتە بۆ کارگێری خۆجێ یەتی.
٣. ڕۆژی کردنەوە و ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی (٢٠١٠/٠٥/١٦) کاتژمێر (١٢,٣٠) نیوەڕۆ دەبێت.

((مەرجەکانی بەشداری کردن))

١. پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێنکردنیان لە (پلە١) کەمتر نەبێت کە لەوەزارەتی پلاندانانەوە دەرچوبێت و بەرواری بەسەرنەچوبێت. و پسپۆری هەبێت لە بواری دیزاین و جێبەجێ کردنی بەنداوەکان.
٢. دەبێت کۆمپانیا یاخود بەڵێندەر لە لایەن وەزارەتی بازرگانی تۆمارکرابێت و پسپۆری هەبێت و تایبەتمەندبن لە بواری دیزاین و جێبەجێکردنی بەنداوەکان یاخود (Join Venture) بکات لەگەڵ کۆمپانیایەکی بیانی کە پسپۆرن لە بواری دیزاین و جێبەجێ کردتی بەنداوەکان، وە لیستێک بە ناوی پرۆژە هاوشێوە کە کۆمپانیاکە جێبەجێی کردبێت پێشکەش بکات.
٣. ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت بهێنن کە ئاراستەی پارێزگای سلێمانی کرابێت.
٤. ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە لە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنیان هەبێت لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی.
٥. هیچ تەندەرێک لەدوای کاتی دیاریکراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت.
٦. بری بارمتەی یاسایی (٢٪ نرخی پێشکەشکراو) بە دینار بە چەکی پەسەند کراو یان (خکاب چمان) بە بری پارەی دیاری کراووەردەگیرێت دەبێت لە کاتی گەڕاندنەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٧. پێویستە بەڵێندەر یان کۆمپانیا ئامادەی کردنەوەی تەندەر بێـ یان نوێنەریان دیاری بکەن بۆ ئەم مەبەستە.
٨. پێویستە بەڵێندەر زانیاریەکانی ناو تەندەر بە تەواوی پڕبکاتەوە و نرخ بە ژمارە و بە نووسین پێشکەش بکات.
٩. پارێزگای سلێمانی پابەند نی یە بە کەمترین نرخ.
١٠. ئەم بەڵگەنامانەی سەرەوە هەریەکەیان ئەوی تر تەواو دەکات بە نەبوونی هەریەکێکیان تەندەرەکە پشت گوێ دەخرێت.
١١. ماوەی بەسەرچونی تەندەر (٣) مانگە لە دوای بەرواری داخستنی تەندەر.
١٢. پێشکەشکردنی تەندەر بۆ سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان دەبێت لەناو زەرفێکی داخراو دەبێت و پێویستە مۆری کۆمپانیا و ناوی کۆمپانیا و ناوی پرۆژەکەی لەسەر بێت.
١٣. بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەنداو و کۆگاکانی ئاو ئامادەیە بۆ وەڵامدانەوەی هەر پرسیار و تێبینیەکی تەکنیکی بەشداربووانی کەم کردنەوەکە.

**ئەندازیار/ بەهرۆز محەمەد صالح فقی رشید**
**پارێزگاری سلێمانی بە وەکالەت**

**پارێزگای سلێمانی**
**بانگەوازی ژمارە ( ١٩٣ – R٣) ساڵی ٢٠١٠**

کەمکردنەوەی پرۆژەی { تەواوکاری هۆڵی وەرزشی داخراو لە دەروازەی سلێمانی}

پارێزگای سلێمانی بانگهێشتنی گشت کۆمپانیا و نوسینگە ئەندازیاریەکان و بەڵێندەرانی ناوخۆ و بینای دەکات کە ئارەزووی بەشداری کردنیان هەیە بۆ ئەم کەمکردنەوە نهێنیەی کە بۆ پرۆژەی{ تەواوکاری هۆڵی وەرزشی داخراو لە دەروازەی سلێمانی} دەکرێت. جا هەر کۆمپانیایەک ئارەزوی بەشداریکردنی ئەم کەمکردنەوەیەی هەیە باسەردانی پارێزگای سلێمانی (کارگێری خۆجێ یەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی ١ لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات لەگەڵ پیشاندانی ناسنامەی تایبەت بە کۆمپانیا بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٤٥٠,٠٠٠) چوار سەد و پەنجا هەزار دیناری عێراقی کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی و کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداری یە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.

١. وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی (٢٠١٠/٠٤/١١) دەست پێ دەکات تا ڕۆژی (٢٠١٠/٠٤/١٥) کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی تا (١٢)ی نیوەڕۆ.
٢. دوا ڕۆژی گەڕاندنەوەی تەندەر (٢٠١٠/٠٥/٢) کاتژمێر (١٢) دوانزەی نیوەڕۆ دوا کاتە بۆ کارگێری خۆجێ یەتی.
٣. ڕۆژی کردنەوە و ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی (٢٠١٠/٠٥/١٦) کاتژمێر (١٢,٣٠) نیوەڕۆ دەبێت.

((مەرجەکانی بەشداری کردن))

١. پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێنکردنیان لە (پلە ١ تا ٢) کەمتر نەبێت کە لەوەزارەتی پلاندانانەوە دەرچوبێت و بەرواری بەسەرنەچوبێت. و پسپۆری هەبێت لە بواری دیزاین و جێبەجێ کردنی (پرۆژەی وەرزشی).
٢. دەبێت کۆمپانیا یاخود بەڵێندەر لە لایەن وەزارەتی بازرگانی تۆمارکرابێت و پسپۆری هەبێت و تایبەتمەندبن لە بواری دیزاین و جێبەجێکردنی (پرۆژەی وەرزشی) یاخود (Join Venture) بکات لەگەڵ کۆمپانیایەکی بیانی کە پسپۆرن لە بواری دیزاین و جێبەجێ کردتی (پرۆژەی وەرزشی)، وە لیستێک بە ناوی پرۆژە هاوشێوە کە کۆمپانیاکە جێبەجێی کردبێت پێشکەش بکات.
٣. ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت بهێنن کە ئاراستەی پارێزگای سلێمانی کرابێت.
٤. ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە لە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنیان هەبێت لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی.
٥. هیچ تەندەرێک لەدوای کاتی دیاریکراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت.
٦. بری بارمتەی یاسایی (٨٠,٠٠٠,٠٠٠) هەشتا ملیۆن دینار بە دینار بە چەکی پەسەند کراو یان (خکاب چمان) بە بری پارەی دیاری کراووەردەگیرێت بۆ (٣٠) ڕۆژ دەبێـ لە کاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٧. پێویستە بەڵێندەر یان کۆمپانیا ئامادەی کردنەوەی تەندەر بێـ یان نوێنەریان دیاری بکەن بۆ ئەم مەبەستە.
٨. پێویستە بەڵێندەر زانیاریەکانی ناو تەندەر بە تەواوی پڕبکاتەوە و نرخ بە ژمارە و بە نووسین پێشکەش بکات.
٩. پارێزگای سلێمانی پابەند نی یە بە کەمترین نرخ.
١٠. ئەم بەڵگەنامانەی سەرەوە هەریەکەیان ئەوی تر تەواو دەکات بە نەبوونی هەریەکێکیان تەندەرەکە پشت گوێ دەخرێت.
١١. ماوەی بەسەرچونی تەندەر (٣) مانگە لە دوای بەرواری داخستنی تەندەر.
١٢. پێشکەشکردنی تەندەر بۆ سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان دەبێت لەناو زەرفێکی داخراو دەبێت و پێویستە مۆری کۆمپانیا و ناوی کۆمپانیا و ناوی پرۆژەکەی لەسەر بێت.
١٣. پارێزگای سلێمانی-پرۆژەکان ئامادەیە بۆ وەڵامدانەوەی هەر پرسیار و تێبینیەکی تەکنیکی بەشداربووانی کەم کردنەوەکە.

**ئەندازیار/ بەهرۆز محەمەد صالح فقی رشید**
**پارێزگاری سلێمانی بە وەکالەت**

سەرپەرشتیار: بەهادین یوسف

# ئەنفال

**پاشکۆیەکی تایبەتە بە ساڵیادی کارەساتی ئەنفال**

سێشەممە 2010/4/13



چەمچەماڵ/ ژمارەیەک گۆڕی ئامادەکراو بۆ رووفاتی ئەو (١٠٦) قوربانییەی ئەنفال، کە ئەمڕۆ دەهێنرێنەوەو لە مەراسیمێکدا بە خاک دەسپێردرێن

فۆتۆ: ئاری لوقمان

# هێشتا دەیان هەزار رووفاتی ئەنفالکراوەکان نەهێنراونەتەوە کوردستان

**پشتیوان سەعدوڵڵا**

لەماوەی ساڵی (٢٠٠٣)وە لە عێراقدا نزیکەی (٣٥٠ ـ ٤٠٠) گۆڕی بە کۆمەڵ دۆزراونەتەوە،کەلەسەردەستی رژێمی رووخاوی بەعسو لەماوەی دەسەڵاتیدا چەندین هاوڵاتیی عێراقو کوردستانی تێدا زیندەبەچاڵکردووە، لەماوەی چەند ساڵی رابردووشدا تەنیا ( ١٠١٧) رووفاتی قوربانییانی ئەنفال هێنراونەتەوە بۆ کوردستان.

ئەنوەر عومەر، بەڕێوەبەری گۆڕەبەکۆمەڵەکان لە وەزارەتی کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوەکان، بە رۆژنامەی راگەیاند: لە عێراقدا (٥٩) شوێنو ناوچەی گۆڕەبەکۆمەڵەکان هەن، هەرچەند تائێستا ئامارێکی وردمان لانییە، بەڵام نزیکەی (٣٥٠ ـ٤٠٠) گۆڕی بەکۆمەڵ لە عێراقدا دۆزراونەتەوە، نزیکەی (١٠) گۆڕیان هەڵدراونەتەوەو لەو گۆڕانەدا (١٠١٧) رووفاتی قوربانییانی ئەنفال لە گۆڕەبەکۆمەڵەکانی (سەماوە، نەجەف، حەزەر) هێنراونەتەوە بۆ کوردستان.

ئەو رێژەیەش لە هێنانەوەی رووفاتەکان دەکاتە (٠,٥٪)ی کۆی رووفاتی گۆرە بەکۆمەڵەکانو قوربانیانی کورد، لەکاتێکدا بەپێی ئامارە نافەرمییەکان نزیکەی (٢٠٠)هەزار هاوڵاتی کوردستان لە پرۆسەکانی ئەنفالو ئەنفالی بارزانییەکانو تاوانەکانی دیکەی رژێمی بەعسدا بێ سەروشوێنو زیندەبەچاڵ کراون.

بڕیاریشەئەمڕۆسێشەممە(٤/١٣) و رۆژێک بەر لە ساڵیادی کارەساتی ئەنفال رووفاتی (١٠٦) منداڵو ژنی نێو گۆڕەبەکۆمەڵەکان بهێنرێنەوە چەمچەماڵو لە مەراسیمێکدا لەو شوێنەی بۆ مۆنۆمێنتی ئەنفال لە بناری مەقان دیاریکراوە، بەخاک بسپێردرێن، ئەو تەرمانە لە (١٠٤) منداڵو (٢) ژنی دووگیان پێکهاتووەو لە (٣) گۆڕی بەکۆمەڵ لە ناوچەی دوبز دۆزراونەتەوە، رۆژی (٢٠١٠/٢/١٩) لەلایەن وەزارەتی کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوەکانەوە دەستکراوە بە دەرهێنانیان، تەمەنی ئەو منداڵانە لەنێوان (٦ ـ١٠) ساڵدایەو لە ساڵی (١٩٨٨)و لە شاڵاوەکانی ئەنفال لە زیندانەکاندا گیانیان لەدەستداوەو لەو ناوچەیە نێژراون.

## (٤/١٤)

هەڵواسینی دروشمەکانی خۆپیشاندانی خوێندکارە گەرمیانییەکان (بە سەرەوخواریی)، جوانترین گوزارشتی کەسوکاری ئەنفالکراوەکانە بەوەی، بەهەر شێوەیەک داواکانیان بخەنەڕوو و داوای مافی خۆیان بکەن، چونکە بەرپرسەکانی ئەم وڵاتە گوێیان لێناگرن.

ساڵانە لە یادی کارەساتی ئەنفال(٤/١٤)دا جگە لە کولاندنەوەی برینی قوربانییانی ئەنفالو چەندین بەڵێنو دروشمی گەورە، چی لە هەگبەی دەسەڵاتو بەرپرسانی ئەم وڵاتەدایە، دەکرێت بپرسین، دوای (٢٢)ساڵ، دەسەڵاتی کوردی چی کردووە بۆ قەرەبووکردنەوەی مادییو مەعنەویی کەسوکارو قوربانییانی ئەنفال؟ ئەوەی لەماوەی رابردوودا کراوە، بڕینەوەی مووچەیەکی زۆر کەمە بۆیان، کە خۆیان وتەنی (بەردەوام لویان دەبڕنو لەهەموو هەڵبژاردنێکدا دەچنە سەریانو هەڕەشەی ئەوەیان لێدەکەن، ئەگەر دەنگ بە دەسەڵات نەدەن، ئەوا مووچەکەیان دەبڕن)، وەک ئەوەی خێرێک بێتو دەسەڵات پێی کردبن، نەک مافێکی رەوای خۆیان.

دروستکردنی چەند سەد خانوویەک بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوەکان، کە (حکومەتەکەی خۆیان) لەدەیان بۆنەو یاددا دەیداتەوە بەچاویاندا، لەکاتێکدا دروستکردنی ئەو خانووانە لەسەر (٢٠٠) ملیۆن دۆلاری کۆمپانیاکانی نەوتو لەخاکو زەویی خۆیان دەردەهێنرێتو وەک هەر هاوڵاتییەکی دیکە مافی خۆیانە سوودمەندبن لەخێرو بێری وڵاتەکەی خۆیان.

لەماوەی رابردوودا، جگە لەو مووچە کەمەو ئەو چەند سەد خانووە، دەسەڵاتی کوردی چی کردووە بۆ بووژاندنەوەی گەرمیانی روخاوو سووتاو، چەند بنکەو سەنتەرو ناوەندی گەشەپێدانی بۆ کردونەتەوە، چی کردووە بۆ بووژاندنەوەی کشتوکاڵو ئاوەدانکردنەوەی دێهاتەکانو چەند کارگەی گەورەی کشتوکاڵیو پیشەسازییو کاری دەستیو رستنو چنینی بۆ ژنانی پاشماوەی ئەنفال کردووەتەوە؟ تا سەربەرزانە بژێویی خۆیانو منداڵە بێنازەکانیانی پێ دابینبکەن؟

لە سەر ئاستی ئێقلیمیو جیهانییش، دەسەڵاتی هەرێم چی کردووە بۆ بەجینۆسایدناساندنی ئەنفالو قەرەبووکردنەوەی ئەنفال، لەلایەن حکومەتی عێراقەوە (لەکاتێکدا دادگای باڵای تاوانەکان بە بڕیار ئەوەی سەلماندووە)، چی کردووە بۆ باشترکردنی ژیانو گوزارنی کەسوکاری ئەنفالکراوەکانو کەمکردنەوەی ئازارەکانیانو سارێژکردنی برینەکانیان؟، بۆیە گەرمیانییەکان هەقی خۆیانە بە دەسەڵات بڵێن «ساڵانە لەبری یادکردنەوەی بێسوودو خەرجکردنی پارە بۆ ئەو یادەو رشتنی فرمێسکی تیمساحی، تکایە خزمەتمان بکەنو لە ئازارەکانمان کەمبکەنەوە».

# گەرمیانییەکان: لەبری یادکردنەوەی بێسوود، خزمەتی قوربانییانی ئەنفال بکەن

**رۆژنامە**

رۆژی یەکشەممە، خوێندکارانی گەرمیان (چەمچەماڵ، کەلار، کفری) لە زانکۆی سلێمانی، خۆپیشاندانێکیان بۆ بەردەم نووسینگەی سلێمانیی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامداو بۆ گەیاندنی داواکارییو داخوازییەکانیانو لەلایەن پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی گۆڕانەوە پێشوازییان لێکراو یاداشتێکیان ئاڕاستەی پەرلەمانی کوردستان کرد.

لە یاداشتنامەکەیاندا هاتووە: «لەبری یادکردنەوەی بێسوودو ئامادەبوونی بەرپرسان لەیادەکەداو رشتنی فرمێسکی تیمساحی تێیداو خەرجکردنی ملیۆنەها دینار لەیادی ئەنفالو خواردنی پارە بەسەر یادەکەوە، داواتان لێدەکەین، کار بۆ خزمەتکردنی گەرمیانییەکانو باشترکردنی ژیانو گوزەرانی کەسوکاری شەهیدانو ئەنفالکراوەکان بکەن».

لەبەشێکی دیکەی یاداشتەکەدا داوادەکەن، کار بکرێت لەسەر بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکان، کە ئەنفالی بەجینۆساید ناساندو قەرەبووکردنەوەی لەلایەن حکومەتی عێراقەوەو دادگاییکردنی ئەو کۆنەجاشو موستەشارانەی دەستیان هەبووە لە تاوانی ئەنفالداو لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە داواکراونو هەوڵبدرێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش کارەساتەکە بەجینۆساید بناسێنرێتو ساڵانە یادی ئەنفال لە بەغدا بە گەورەترین شێواز بکرێتەوەو بۆ ئەو مەبەستە سەرۆکی وڵاتانو سەفیرو کەسایەتییە نێودەوڵەتییەکان بانگهێشت بکرێن.

هەر لە یاداشتەکەدا کە ئاڕاستەی سەرۆکایەتیی حکومەتو هەرێمو پەرلەمانو لایەنە پەیوەندیدارەکانو رای گشتیی کراوە، چەندین داواکاریی دیکەی گەرمیانییەکان خراوەتەڕوو بۆ گرنگیدان بەناوچەکەیانو بووژاندنەوەیو باشترکردنی بارو گوزەرانی کەسوکاری شەهیدانو ئەنفالکراوەکان.









چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ – ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ – ٣١٩٠٥١٩

# عەزیمە نەجمەدین، نوێنەری چەمچەماڵ لە پەرلەمانی کوردستان:

# سێ لەسەر چواری ژنانی ئەنفال حاڵەتی دەروونییان ناجێگیرە

سازدانی: شارا عەبدولڕەحمان

**عەزیمە نەجمەدین حەسەن، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان و نوێنەری چەمچەماڵ لە پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە: بەهۆی پشتگوێخستنی کەسوکارو ژنانی ئەنفالەوە لەلایەن حکومەتی هەرێم و خراپیی باروگوزەرانی کەسوکاری ئەنفالەکانەوە چەندین حاڵەتی نەخۆشی دەروونیی دروستبووە، کارەکانی حکومەت و دەسەڵاتی کوردی لەو ئاستەدا نەبووە، کە باری سەرشانیان سووک بکات و لە مەینەتییەکانیان کەمبکاتەوە**



**رۆژنامە: ژنانی ئەنفال چۆن ژیان دەگوزەرێنن؟**

* بەپێی پـرۆژەی ئەرشیفکردنی جینۆسایدی گەلی کـورد، کە وەزارەتـی شەهیدانی حکومەتی هەرێم کردوویەتی، بەگشتیی رەگەزی نێر زیاتر بووەتە قوربانیی لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا، بەشێوەیەک کە لە نیوە زیاتری قوربانیانی ئەنفال پیاوانی گەنج و منداڵان بـوون و لە رێـژەی ئـەوان کەمتر ژنان و بەتەمەنەکان بوون، بەو هۆیەشەوە دەردەکەوێت، کە ژنان ئەو کەسانەبوون کە ئەنفالی ژیانیان کراوەو مێردو منداڵ و براو باوکەکانیان لێسەندرا، بەڵام بەداخەوە لەدوای راپەڕینەوە حکومەتی کوردی نەیتوانی وەکو پێویست قەرەبووی ژیانی ئەو ژنانە بکاتەوە، حکومەتی هەرێم تا (١٠) ساڵ دوای پێکهاتنی هیچ ئاوڕێکی لێ نەدابوونەوە، نە یارمەتی مادیی و نە مەعنەویی بۆیان نەبوو، ئەگەر حکومەت ئەو کەسانەی کە مابوونەوەو فڕێدرابوونە ئۆردوگا زۆرەملێکانەوە بیبردنایەتەوە لادێکانی خۆیان و بۆی ئاوەدانبکردنایەتەوە، دەیتوانی کەمێک لە ئازارەکانیان سارێژبکات و دڵنەواییەکیان بکات، بەڵام پشتگوێخستنی ئەو قوربانیانە لەلایەن حکومەتەکەی خۆیانەوە کاریگەریی زۆر گەورەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی و سایکۆلۆژیی هەبوو لەسەریان، چونکە لەڕووی مادییەوە ژیان زۆر زەحمەت بوو بۆ ئەوان، کە خاوەنی ماڵ و حاڵ و هیچ شتێکی خۆیان نەبوون، لە ئۆردوگا زۆرەملێکاندا لەچوار دیواردا بەبێ هیچ خزمەتگوزارییەک و بوونی سەرچاوەیەکی دارایی و مەعنەویی ژیانیان دەگوزراند، تووشی چەندەها حاڵەت و نەخۆشیی دەروونیی زۆر خـراپ بـوون، ئەمانەش هەمووی وایکرد، کە تائێستاش لە چوار ژنی ئەنفالدا سیانیان حاڵەتی دەروونییان ناجێگیرە، لەئێستاشدا کە مووچەکانیان زیادیکردووەو ژمارەیەکی کەمیان خانوویان بۆ دروستکراوە، بڕوام نییە هیچ دڵخۆشبن، چونکە ئەو ژیانەی کە بردوویانەتەسەر بووەتە گرێیەکی دەروونیی و هەرچییان بۆ بکرێت تازە کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێت.

**رۆژنـامـە: نەبوونی نەخۆشخانەی دەروونیی و خەڵوەتگەی پیریی لەو ناحیانەی کە پێشتر ئۆردوگای زۆرەملێ بوون و کاریگەریی حاڵەتەکانی زیاتر نەکردووە؟**

* هـەردوو ناحیەی شـۆڕش و رزگاری دوو شوێن بوون لەو شوێنانەی، کە زۆرترینی خەڵکەکەی پیرو پەککەوتەبوون و نەیاندەتوانی خزمەتی خۆیان بکەن، حکومەت دەبوایە لەبری ئەو پڕۆژە گەورەو زەبەلاحانەی کە لە هەندێک ناوچە کردوویەتییەوە بۆ ژیانی تەرفیهیی خاوەن سەرمایەکان، خەڵوەتگەی پیریی لەو ناحیە خاوەن ئەنفالانە بکردایەتەوە، هاوکات هیچ نەخۆشخانەیەکی دەروونیش لەو ناحیانەدا نییە، لەکاتێکدا کە چەندین حاڵەتی دەروونیی لەناو ژنانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکاندا هەیە.

**رۆژنـامـە: دەکـرا حـکـومـەت بۆ بەرەوپێشبردنی ژیانیان چی بکردایە؟**

* هیچ تایبەتمەندییەک نەدراوە بە ناحیەی شۆڕش و رزگاری، کە کەسوکاری ئەنفالەکانی لێیە، ئەگەر حکومەت کۆمەڵێک پڕۆژەی وەک کارگەو پڕۆژەی کشتوکاڵیی و چەند شتێکی دیکەی جێبەجێکردایە، کە ژنان بیانتوانیایە هەلی کاری تێدا بدۆزنەوە، ئەوا بەو دەردە نەدەچوون، ئەمە جگەلەوەی کە زۆر بەزەحمەت کەسوکاری ئەنفالکراوەکان دادەمەزرێن.

**رۆژنـامـە: دەنـگـۆی زیـادکـردنـی مووچەکانیان لەئارادایە، ئەوە چۆنە؟**

* تەنیا مووچەیەک، کە پێیاندرا لەدوای (١٠-١١) ساڵی حکومەتی هەرێم بڕی (١٥٠) هەزار دیناربوو، ئیتر ئەگەر یەک کەست لێ ئەنفال بێت یان (١٠) کەس هەر ئەو (١٥٠) هەزارە بوو، دواتر ئەو پارەیە زیادکرا بۆ (٣٠٠) هەزار، ئێستاش لە پڕۆژەی بودجەی هەرێمدا هاتووە: کە (٥٠٪)ی مووچەکانیان زیادبکرێت، ئێمە وەک فراکسیۆنی گۆڕان پێداگریمان کرد لەسەر ئەوەی، کە (١٠٠٪) مووچەکانیان زیادبکرێت، بـەڵام وەزیـری دارایـی پێی راگەیاندین کە لەمساڵدا هەرئەوەندە لەتوانایاندایە، بۆیە بڕیاردرا، کە (٥٠٪) مووچەکانیان زیادبکرێت و رێژەی کەمی مووچەکان (٤٠٠) هەزار دیناربێت، هەرچەندە من پێموایە: بەو گرانییەی بازاڕ ئەو مووچەیەش کەمە، لەکاتێکدا ئەوان منداڵەکانیان گەورەبووەو چوونەتە زانکۆکان و خەرجییان زیـادیـکـردووە، باشتێکیشمان بیرنەچێت، کە تەنیا دوو پـرۆژە بۆ ناحیەی شۆڕش و رزگاری لە پڕۆژە پێشنیازکراوەکانی حکومەتی هەرێمدا هاتووە، کە بەلای ئێمەوە زۆرکەمەو دەبوو حکومەتی هەرێم زۆرترین پڕۆژەی بۆ ئەنجامبدانایە.

---

# سالار مەحمود، سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان:

# هەموومان کەمتەرخەمبووین بەرامبەر بە گەورەیی ئەنفال و کارەساتەکان

سازدانی: پشتیوان سەعدوڵڵا

**سالار مەحمود، سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە، حکومەتی هەرێم و خەڵکی کوردستان کەمتەرخەمبوون لە ئاست گەورەیی کارەساتی ئەنفال و هەروەک بە ئەرکی سەرەکیی حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستانی دەزانێت کاربکەن بۆ بەجینۆسایدناساندنی ئەنفال لە ئاستی نێودەوڵەتیدا.**

**رۆژنامە: تاچەند ئەرکی حکومەتی هەرێمە کاربکات بۆ بەجینۆسایدناساندنی ئەنفال؟**

* بە جینۆسایدناساندنی کەیسی ئەنفال لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە زەمینەی پێشکەوتن و گۆڕانێکی بنچینەیی لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا هێناکایەوە، ئەم بڕیارە بۆ خەڵکی کوردستان و بۆ دۆزی نەتەوەییمان دەستکەوتێکی گەورەبوو، گرنگ ئەوەیە ئەم بەجینۆسایدناساندنە لە چوارچێوەیەکی ناوخۆییەوە ئاراستە بکرێت بۆ چوارچێوەیەکی نێودەوڵەتی، بە پلەی یەکەم ئەرکی حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستانە کاربکات بۆ بەجینۆسایدناساندنی ئەنفال لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، هەروەها بەرپرسیارێتی هێزە سیاسییەکان و هەموومانە کاربکەین بۆئەوەی ئەنفال ببێتە ناسنامەی گەلەکەمان، پێویستە ساڵانە ئەم کەیسە بە بەڵگەو شایەدحاڵەکانەوە بگوازرێتەوە بۆ مەحفەلی نێودەوڵەتی، بەڵام ئێمە لە ئاست گەورەیی کارەساتەکاندا نەمانتوانیوە وەکو پێویست بەرپرسیارێتی خۆمان ئەدابکەین و هەموومان کەمتەرخەمبووین بەرامبەر بە گەورەیی ئەنفال و کارەساتەکانی هاوشێوەی ئەنفال.



**رۆژنـامـە: دوای بـڕیـاری بە جینۆسایدناساندنی ئەنفال، پێویستە چی بکرێت؟**

* دەبێت ئەنفال و کارلێکەوتەکانی بکەینە چەکێک بۆ گەشەپێدانی ئێستای ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی و فەرهەنگی هەرێم و ئایندەی هەرێم، حکومەتی عێراق میراتگری حکومەتی رابردووی عێراقە، کە مومارەسەی جینۆسایدی خەڵکی کوردستانی کردووە، دەبێت بە رەسمیی داوای لێبووردن لە گەلی کـورد بکات، پێویستە حکومەتی فیدراڵی بیر لە هەنگاوی قەرەبووکردنەوەی مادیی و مەعنەویی قوربانییانی ئەنفال بکاتەوە، جگەلەوەش دەبـێـت پرۆسەی گێڕانەوەی رووفاتی قوربانییان یەکێک بێت لە ئەرکەکانی حکومەت، چونکە تائێستا دەیـان هـەزار قوربانی کـورد لەژێر لمی سەحرای بیابانەکانی عێراقدان، ئەرکەکانی خۆشمان گەورەترو قورسترن، واتە ئیلتیزامی ئەخلاقیی و نیشتمانیش لەسەرخۆمان کەم نین، باهەر دەممان روو لەخەڵکی دیکە نەبێت.

**رۆژنامە: تاچەند پێویستە لەم قۆناغەدا کەیسی جینۆسایدی کورد یەکێک بێت لە مەسەلە سەرەکییەکانی نوێنەرانی کورد لە بەغدا؟**

* پێویستە حکومەتی هەرێم لە ئاستی ناوخۆیی و عێراقی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی کار لەسەر ئەم مەلەفە بکات، دەبێت سەرۆک جاشەکان و ئەو کەس و لایەنانەی بەشداریی ئەنفالیان کـردووە بدرێنە دادگـا، لە ئاستی عێراقیدا قسەکردن لەسەر ئەم مەسەلەیە پەیوەستە بەو پەیوەندییانەی کە هەرێم و عێراق پێکەوە دەبەستێتەوە، لەم قۆناغەدا کە حکومەتێکی نوێ پێکدەهێنرێت، پێویستە مەسەلەی (سزادانی تاوانبارانی ئەنفال، قەرەبووکردنەوەی خەڵکی کوردستان، داوای لێبووردن لە خەڵکی کوردستان، خێراکردنی هەنگاوەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق) لە بەرنامەی لیستە کوردستانییەکاندا بێت و یەکێک بێت لە داواکارییە سەرەکییەکان، پێویستە کوتلە کوردستانییەکان لەم قۆناغەدا کار بۆ قەرەبووکردنەوەی گەلی کورد بکەن و فشاربخەنە سەر حکومەتی عێراق بۆئەوەی داوای لێبووردن لە گەلی کـورد بکات و هەروەها هەنگاوەکانی دیکەی دادگای باڵای تاوانەکان.

**رۆژنـامـە: کـورد مـەتـرسـیـی دووبارەبوونەوەی جینۆسایدی لەسەر ماوە؟**

* پێموانییە بە هەمان بەرنامەو شێواز مەترسیی دووبـارەبـوونـەوەی جینۆساید لەسەر گەلی کورد هەبێت، بەڵام پێویستدەکات خەڵکی کوردستان کۆمەڵێک پێشبینیی بکات بۆ ئـەوەی بەربەستی کۆنکرێتیی لەبەردەم هەر ئەگەرێکی ترسناک دابنێت، ئەویش بەهەندگرتنی ئەو کارەساتانە وەکو بەشێک لە مەزلومییەتی ئێمە لە پرۆگرامی خوێندن و ساڵیادەکان و بەسەرکردنەوەی کەسوکاری قوربانییان و دروستکردنی مۆنۆمێنت، گرنگە چەند یاسایەک و بڕیاری تایبەت دەربچێت بۆ کەسوکاری قوربانییان، بۆئەوەی تەقدیری زیاتریان بگیرێت و بە چاوی رێزەوە سەیربکرێن، چونکە بەرهەمی ئەم ئازادیی و حکومڕانییەی کورد دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قوربانییانە، ئەوان بوون بە قوربانیی بۆئەوەی ئەوانی دیکە بمێننەوە، چونکە تائێستاش لەعێراقدا گرووپە شۆڤێنییەکان و ئەوانی بەهەوای بەعسیزمەوە بیردەکەنەوە، هەوڵدەدەن وێنەی کورد لە مەزلومییەتەوە بگۆڕن بۆ زاڵـم، هێشتا عەقڵیەتێک لەناو دامـەزراوەکـانـی حکومەتی عێراقدا هەیە چاوی بەرایی نایەت بەهیچ دەستکەوتێکی کـوردو پێشکەوتنێکی کوردستان، هێشتا عەقڵیەتێک لە عێراقدا هەیە، ئەگەر بۆی بکرێت دوورنییە ئەنفال و جینۆسایدی کورد بکاتەوە، بۆیە مەترسییەکانی دووربارەبوونەوەی جینۆساید، ئەگەر لە فۆرمی دیکەو جوگرافیای دیکەی کوردستان و بازنەیەکی بچووکیشدا بێت ئەگەرێکی زیندووەو ئامادەیی هەیە، کورد لە عێراقی ئێستادا پێگەیەکی هەیە، دەبێت ئەو پێگەیە بەکاربهێنن بۆ بەربەستدانان لە ئەگەری دووبارەبوونەوەی کارەکاساتەکان.

**رۆژنامە: ئەو ناوچانەی زۆرترین قوربانییان لە ئەنفالدا بەرکەوتووە، کەمترین خزمەتیان کراوە، ئەمە بۆچی؟**

* تائێستا نـەمـانـتـوانـیـوە بەپیر داخوازییەکانی کەسوکاری قوربانییانی ئەنفالەوە بچین، پێمانوایە، دەبێت زیاترو باشتر ئاوڕ بدرێتەوە لەو ناوچانە، حکومەتی هەرێم لەماوەی رابردوودا بەپێی ئیمکانیەتی مادیی خۆی خزمەتی کەسوکاری قوربانییانی کـردووە، بـەڵام هێشتا نەیتوانیوە وەکو پێویست ئاوڕ لە پێداویستییەکانیان بەجۆرێک بداتەوە، کە جێی تموحی خۆشیان بێت، ئەوەی تۆ دەیڵێیت راستە، گرنگە لێرەوە هەوڵبدرێت ئیمکانییەتەکان بە ئاراستەی خزمەتی زیاترو شایستەتری کەسوکاری قوربانییانی ئەنفال و جینۆسایددا سەرفبکرێت.

---

## رۆژێک بەر لە (٤/١٤)

بێستون فایەق

لـە نـاوەڕاسـتـی مانگی چـواری هەموو ساڵێکدا لـە بـیـرەوەری یەکێک لە ناخۆشترین و تـاڵـتـریـن تـاوانـەکـانـی مرۆڤایەتیدا، لە بیرەوەری زیـنـدەبـەچـاڵـکـردن و سەرنوگمکردنی خەڵکی بێتاوانی کوردستاندا، لە بـیـرەوەری سڕینەوەی ئـاسـەواری میللەتێکدا، لـە هەرێمی کوردستان هەندێکمان ماتەم دەگێڕین و سەرتاپا جەستەو هزرمان دەگەڕێتەوە ئەو رۆژانەی ساڵی (٨٨)، کە کتومت لە رۆژی حەشر دەچوو، هەندێکیشمان ئەنفالمان خەریکە بیردەچێتەوە. لە ناوەڕاستی مانگی چواری هـەمـوو سـاڵـێـکـدا چەند نـاوچـەیـەک تـازیـەبـارو رەشپۆشن و هەندێکیش بێئاگا، لە ناوەڕاستی مانگی چـواری هەموو ساڵێکدا نەوەیەک دەگرین و فرمێسک دەڕێژن، نەوەیەکیش بێئاگا لـە خەمی ئـەو نـەوەیـەی دی، لـەم وڵاتـەدا ساڵانە یەک رۆژو ئـەویش لـە (٤/١٤)دا باسی ئەنفال دەکرێت، هەر لەو رۆژەدا کەناڵەکانی راگەیاندن مـۆسـیـقـای خـەمـنـاک و شرۆڤەی جیاجیا بۆ ئەنفال دەکـەن و لاوانـەوەی چەند پیرێژنێکی گەرمیان و وێـنـەی چەند لادێیەکی وێرانمان نیشاندەدەن، هەر لە (٤/١٤)دا مەراسیمی جیاجیا رێکدەخرێت و وتار دەخوێنرێتەوەو بەڵێنی جـۆراوجـۆر دەدرێـت و بـەردی بـنـاغـەی چەند پـرۆژەیـەک دادەنـرێـت. دوای تێپەڕبوونی (٢٢) ساڵ لە ئێستادا کاتی ئەوە هاتووە بە دووركەوتنەوە لـەو شـێـوە تەقلیدییەی سـاڵانـی رابـردوو، کە جگە لە کولانەوەی برینی کەسوکاریان سوودێکی ئـەوتـۆیـان نـەبـووە، بـەشـێـوەی جـیـاوازتـرو لەکاتی جۆراوجۆریشدا بـە پـلان کـار لـەسـەر ئەنفال و زیندوڕاگرتنی نەوەکانی ئەنفال بکرێت، دەبا بەس هەموو ساڵێک ئـەوە دووبارەبکرێتەوە کـە هـەوڵـدەدرێـت بۆ هێنانەوەی رووفاتەکان، هەوڵدەدرێت بۆ وەرگرتنی قەرەبوو، هەوڵدەدەرێت و هەوڵدەدرێت و... ئاخر ئەم هـەوڵـە کـەی دەدرێـت؟، کاتێک پاشماوەکانی ئەنفال تەمەنێک لە چاوەڕوانیی و نەهامەتیدا بەسەر دەبەن؟، یان ئەوکاتەی کە ئەو دایکە جگەرسووتاوەی ناحیەی رزگـاری لە سەرەمەرگدا داوای هـێـنـانـەوەی رووفـاتـی منداڵەکانی و دەسـتـگـیـرکـردنـی ئـەو تـاوانـبـارانـە دەکـات، کە تائێستاش بە ئـازادیـی دەسوڕێنەوە؟.

# سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان: قوربانیانی ئەنفال شایانی لەوە زیاترن بە خانوویەک یان بە مووچەیەک قەرەبوویان بکەینەوە

**سازدانی: هێرش سەنگەری**



**سەعید ئەحمەد، سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان، پێیوایە؛ تەنیا بەپێدانی مووچەیەک یان دروستکردنی خانوو ناتوانن قەرەبووی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بکەنەوە، ئاماژە بەوەشدەکات؛ چەند پرۆژەیەک لەبەرنامەیاندایە بۆ سنووری گەرمیان و ئەو ناوچانەی کە کەسوکارو قوربانیانی ئەنفالی تێدا نیشتەجێن.**

**رۆژنامە: لە سنووری گەرمیان چەند خێزانی ئەنفال هەیە، بارو گوزەرانیان چۆنە، بەتایبەتی باس لەوەدەکرێت پەراوێزخراون، لە رووی خزمەتگوزارییەوە؟**

* رەنگە ژمارەکە بە وردیی لام نەبێت، بەڵام نزیکەی (٤) هەزار خێزان دەبێت، ئەگەر بەشێوەیەکی گشتیی قسەبکەین من لەگەڵ ئەوەدا نیم، کە بڵێین ناحیەی رزگاریی پەراوێزخرابێت یان ناحیەی شۆڕش، دیارە حکومەت بەپێی ئەو توانایەی کە لە بەردەستیدا بووە، توانیویەتی زۆر لە خزمەتگوزارییەکان بەرێتە ئەو دوو شوێنە، ئێستا ئەگەر تەماشای رزگاریی یان شۆڕش بکەیت و بەراوردی بکەیت لەگەڵ ساڵانی رابردوودا، ئێمە هەوڵی ئەوەمانداوە تا رادەیەکی باش کێشەی ئاو چارەسەربکەین، لە زۆربەی شوێنەکان کێشەی ئاوەڕۆشمان چارەسەرکردووە، ئەمە وەکو خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان بۆ تێکڕای خەڵکەکە، نەک تەنیا بۆ کەسوکاری سەربەرزی ئەنفالکراوەکان، دیارە باس لە مووچە ناکەم، کە ئێستا تاڕادەیەک زیادبوونی بەخۆیەوە بینیوە، رەنگە هێشتا هەر مابێتی زیاتر خزمەتیان بکەین، بەڵام لەو ئیمکانیەتەی کە هەیە حکومەت فەرامۆشی نەکردوون، جگە لەوەش ئێمە لەم دووساڵەی رابردوودا توانیمان ژمارەیەکی باش خانوو بۆ کەسوکاری سەربەرزی ئەنفالکراوەکان لە شۆڕش و رزگاریی دروستبکەین، لەناو کەلاریشدا دروستی بکەین، هەروەها لە قەزای دەربەندیخانیش لە (٢٠٠) ملیۆن دۆلارەکەش ئێمە توانیمان نزیکەی (١٥٠٠) خانوو داخڵبکەین جگە لەوەی حکومەت بۆخۆی پێشووتر (١٢٠٠) خانووی بۆ دروستکردبوون.

**رۆژنامە: جگەلە (٢٠٠) ملیۆن، حکومەت خۆی چی کردووە بۆ ئەو سنوورە؟**

* ئەو پارانەش حکومەت پەیدایکردووە رێکخراوێک نەهاتووە خێر بکات، لە سەردەمی ئابڵوقەی ئابووریی سەر عێراق ئەوجۆرە رێکخراوانە دەهاتن و خانووشیان لەم سنوورە دروستکردووە، من ئەوەش وەک چالاکییەکی حکومەت دەژمێرم، چونکە لەکۆتاییدا خزمەتکردنە بە کەسوکاری سەربەرزی ئەنفالکراوەکان، ئیتر ئەو پارەیە لەلایەن هەرکەسێکەوە دابینبکرێت یان چۆن دابینبکرێت، بۆیە ئومێدمان وایە ئێمە بتوانین ئەو رێژەیەی خانووش کە ماوەتەوە لە ئەمساڵدا یان لەساڵی ئایندەدا بتوانین ئەو رێژەیەش تەواوبکرێت، بۆ ئەوەی شتێک نەمێنێتەوە کێشەی خانووی کەسوکاری ئەنفال بێت، چونکە ئەوان شایەنی زۆر لەوە زیاترن ئێمە بتوانین بە خانوویەک یان بە مووچەیەک قەرەبوویان بکەینەوە.

**رۆژنامە: سنووری قادرکەرەم، کە رێژەیەکی زۆر ئەنفالی هەبووە لە ئێستاشدا لەو ناوچەیە نەوتی رەش دەردەهێنرێت، بەڵام دانیشتووانەکەی گلەیی ئەوەدەکەن خزمەتی خۆیانی پێناکرێت؟**

* ئێستا لە بەرنامەماندا هەیە بۆ ئاوڕدانەوە لە قادرکەرەم رێگای قادرکەرەم ـ چەمچەماڵ نۆژەن دەکەینەوە، رەنگە لە ئایندەیەکی نزیکدا دەست بە کارکردن بکەین، ئێستا بەربەستێک دروستدەکەین وا دەزانم یەکێک لە چەمەکانی قادرکەرەمە رەنگە بەشێک لە کێشەی کەمئاویی لە قادرکەرەم چارەسەربکرێت، جگە لەوەش بڕی (٢) ملیۆن دۆلارمان تەرخانکردووە بۆ ئەوەی بتوانین گرفتی کارەبای نیشتمانیی چارەسەربکەین، ئێمە کە بمانەوێت قادرکەرەم بە تەواویی ئاوەدان بکەینەوە، پێویستدەکات هەم رێگاوبانی باشی بۆ بەرین هەم لە رووی ئاو و کارەباشەوە ئەو دوو کێشەیە چارەسەربکەین.

**رۆژنامە: چ پرۆژەو پلانێک هەیە بۆ چارەسەری گرفتی بێکاریی کەسوکاری ئەنفال، یاخود بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان، کە رێژەیەکی بەرچاویان چۆڵبوون؟**

* چەند پرۆژەیەک بۆ ئەو مەبەستە لە بەردەستدایە، بۆ گوندەکانیش رەنگە نەتوانین هەموویان بگەڕێنینەوە، بۆ ئەو مەبەستە کارمان لەسەر سنووری دێهاتەکان کردووەو لە بەرنامەکانی خۆماندا چەندین پرۆژەی ئاودێریمان خستووەتە دێهاتەکانەوە، ئەوە جگە لەوەی نزیکەی (٥-٦) بەربەستمان لە قووڵایی گەرمیان داناوەو یەکێک لەو بەربەستانە ئێستا لە کارکردندایە، بۆ مەسەلەی رێگاوبانیش، کە زۆر گرنگە رێگای سەرقەڵا بۆ ناحیەی سەنگاو بە قووڵای گەرمیان، کە زیاتر لە (١٢٠) کیلۆمەترە، ئومێدمان وایە ئەوەش بۆ خۆی ببێتە پرۆژەیەک بۆ ئەوەی ئاسانکاریی بکات لە بەرنامەی گەڕانەوەی گوندنشینەکان بۆ شوێنەکانی خۆیان.

لە زۆربەی گوندەکان نزیکەی (٥٠) بیری ئیرتیوازیمان لێداوەو بەنیازین زیاتریشی بکەین، بەو بیرانە دەتوانین لە کاریگەریی وشکەساڵیی کەمبکەینەوە، کە هۆکارێک بوو بۆ چۆڵبوونی گوندەکان لە پاڵ هۆکارەکانی دیکەدا.

**رۆژنامە: لە ساڵیادی کارەساتی ئەنفالدا، بۆ ئەمساڵ چ پلانێکتان بە دەستەوەیە بۆ هێنانەوەی رووفاتی ئەنفالکراوەکان، ئایا ئەمساڵ رووفاتی ئەنفال دەهێنرێتەوە بۆ کوردستان؟**

* مەسەلەی هێنانەوەی رووفاتی ئەنفالکراوەکان و هەمووئەوگۆڕە بەکۆمەڵانە لە سنووری دەسەڵاتی مەرکەزیدان، دەسەڵاتی عێراقیش قانوونێکیان هەیە کە تایبەتە بە گۆڕە بە کۆمەڵەکان، لەبەرئەوە لایەنی کوردیی بە تەنیا ناتوانێت ئەو گۆڕانە هەڵبداتەوە، دەبێت هەماهەنگی بکەین لەگەڵ حکومەتی فیدراڵدا بۆ هێنانەوەی تەرمی ئەو ئازیزانەی کە مردنەکەشیان بە غەریبیی و دوور لە کەسو کاریان بووە.

ئەمساڵیش ئامادەباشی کراوەو کۆبوونەوە کراوە، بڕیار وایە لە (١٣)ی مانگ رووفاتی منداڵەکانی تۆپزاوا، کە ژمارەیان لەگەڵ دوو دایکدا (١٠٦) رووفاتە، دێنەوە بۆ چەمچەماڵ، لە (١٤ و١٥)ی مانگیش یادەکە لە گەرمیان و کەلار دەکەینەوە، جگە لەو چالاکیانەی کە لە قەزاو ناوچەکانی دیکە دەکرێن.

**رۆژنامە: ساڵی پار لەکاتی ناشتنی رووفاتی ئەنفالکراوەکان لە رزگاریی بەڵێنی چەند پرۆژیەک دران بۆ گۆڕستانی (دێ بنە) تائێستا هیچیان تەواونەکراون، هۆکارەکەی چییە؟**

* رێگای گۆڕستانەکە هەنگاوی باشی بڕیوە، هەندێکجار لەلایەن خاوەن زەوییەکانەوە تووشی گرفت دەبین و داوای قەرەبوو دەکەن، ئێستاش لەلایەن ئیدارەی گشتییەوە گۆڕەکان خەریکی هەڵگرتنین، لە بەرنامەماندایە دوو بیری ئیرتیوازی بکەین و وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکانیش سیاج و واجیهەیەکی باشی بۆ دەکەن.

---

# عەبدوڵڵا مەلانوری، نوێنەری گەرمیان لە پەرلەمانی کوردستان: هێشتا کەسوکاری ئەنفال لە هەژارترین و مەینەتبارترین خەڵکی هەرێمن

**سازدانی، بەهادین یوسف**



**نوێنەری گەرمیان لە فراکسیۆنی گۆڕانی پەرلەمانی کوردستان پێیوایە، تائێستا لەسەر بنەمایەکی زانستی و بەشێوەی لێتوێژینەوەیەک کار بۆ دەستنیشانکردنی دەرئەنجام و جێکەوتە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی ئەنفال نەکراوەو کارکردن بۆ سڕینەوەی ئەم کێشەیە هێندە ئاسان نییە حکومەتی هەرێم پێیوابێت بە پێدانی مووچەیەکی کەم، یاخود بەپێدانی پارچە زەوییەک دەتوانێت ئەم برینە قووڵە سارێژبکات.**

**رۆژنامە: لەماوەی رابردوودا دەسەڵاتی کوردی تاچەند کاری کردووە بۆ سڕینەوەی ئاسەواری ئەنفال لەسەر کەسوکاریان؟**

* بەشێوەیەکی گشتیی تائێستا نەتوانراوە لە چوارچێوەیەکی زانستیداو لەسەر بنەمای لێتوێژینەوەیەکی فرەلایەن کار بۆ دەستنیشانکردنی دەرئەنجام و جێکەوتە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی بکرێت، بە تایبەت رژێمی بەعس لەو پرۆسەیەدا، جگە لەوەی ئامانجی سیاسیی و سەربازیی تێکدانی ژێرخانی ئابووریی کوردستان هەبوو، ئامانجێکی دیکەی سەرەکیی پشتەوەی ئەو پرۆسەیە، لێسەندنەوەی متمانە بەخۆبوونی تاکی کوردی بوو و ئەمەش کاریگەریی خۆی بەجێهێشت بە تایبەت لەناو پاشماوەی ئەو خێزانانەی، کە بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن، واتە ئەم پرۆسەیە جگەلەوەی لەڕووی مادییەوە جێکەوتەی مەترسیداری جیهێشت لە پاڵ ئەوەشدا گورزێکی کاریگەر بوو لە کۆڵەکەی مەعنەویی کەسایەتی تاکی کورد درا، بۆیە کارکردن بۆ سڕینەوەی ئەم کێشەیە هێندە ئاسان نییە حکومەتی هەرێم پێیوابێت بە پێدانی مووچەیەکی کەم، یاخود بەپێدانی پارچە زەوییەک دەتوانێت ئەم برینە قووڵە سارێژ بکات، بەڵکو پێویستە بەشێوەیەکی جدیی و ئەکادیمی کار بۆ سڕینەوەی یەکجاریی جێکەوتەکانی پرۆسەی ئەنفال بکرێت.

**رۆژنامە: هەست ناکەیت ئەوەندەی ساڵانە لەیادی ئەنفالدا برینەکانیان دەکولێتەوە، ئەوەندە سارێژ ناکرێت، بە خزمەتکردنیان و ئاوڕدانەوە لە ژیانیان؟**

* بەڵێ راستە، ئەمە تەنیا بۆ یادی شەهیدانی ئەنفال وا نەبووە، بەڵکو لە بۆنەی دیکەشدا هەستپێکراوە، دووبارەبوونەوەی ئەم حاڵەتە کاردانەوەی نەخوازراوی لێ کەوتەوە، هەموو دەزانین ئەوەی لە هەڵەبجە روویدا لە سووتاندنی مۆنۆمێنتی شەهیدان لە سەر ئەوە نەبوو، کە خەڵکی شارەکە بێوەفابن بەرامبەر بە خوێنی شەهیدەکانیان، یاخود لە گەورەیی کارەساتەکە نەگەیشتبن، بەڵکو بۆیان دەرکەوت لە هەگبەی دەسەڵاتدا شتێکی هەستپێکراو نییە بۆ خزمەتی زیندووەکانیان، جگە لە بەڵێنی گەورەو ناڕاست.

ئەمە بۆ کەسوکاری ئەنفالەکانیش هەر وایە، رەنگە ناوەڕۆکی ئەو بەیاننامە توندەی، کە لە سەروبەندی هەڵبژاردنی (٧/٢٥) لەلایەن کۆمەڵێک چالاکوان و کەسوکاری ئەنفالکراوەکانەوە بڵاوکرایەوە، ئەو راستییە بسەلمێنێت، کە تیایدا داوایان کرد هیچ کەس و لایەنێک سەردانی مەزاری ئەنفالکراوەکان نەکات لە ناحیەی رزگاریی و چیتر لەسەر مەزاری خۆشەویستانیان بەڵێنی ناڕاستیان پێ نەدرێت بۆ مەرامی سیاسیی.

بۆیە دەتوانین بڵێین؛ شوێن دەستی حکومەت لە ئاست خزمەتکردنی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان دڵخۆشکەر نییە، لەدوای زیاتر لە (٢٠) ساڵ هێشتا کەسوکاری ئەنفال لە هەژارترین و مەینەتبارترین خەڵکی ئەم هەرێمەن، تائێستاش بەشێکی زۆری گوندەکانی گەرمیان، کە لە سەروبەندی ئەنفالدا وێرانکراوان رەنگو بۆنی ئەو کاتەیان بەر نەداوە.

**رۆژنامە: پەرلەمانی کوردستان چی کردووە لەماوەی رابردوودا بۆ بەجیهان ناساندنی تاوانی ئەنفال وەک جینۆسایدو بە یاساییکردنی قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان؟**

* هێندەی ئاگاداربم پەرلەمان شتێکی راستەوخۆو بەرچاوی نەکردووە بۆ بە جیهان ناساندنی ئەو کەیسە وەکو تاوانی جینۆساید، رەنگە ئەمە لەبەر ئەوە بێت ئەرکی پەرلەمان زیاتر تەشریعکردنە، لەم رووەوە یاسای وەزارەتی شەهیدو ئەنفالکراوەکان هەیە، کە پێشتر لەلایەن پەرلەمانەوە دەرکراوە، کە دەسەڵات و ئەرکی بەدواداچوونی کەیسی ئەنفالی خستووەتە ئەستۆی وەزارەتەکە لەسەر ئاستی هەرێم و عێراق و جیهان، واتە حکومەتی لەو کەیسە بەرپرسیارکردووە، هەروەها یاسای ماف و ئیمتیازی کەسوکاری ئەنفال و شەهیدانی دەرکردووە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت پەرلەمان لە ئاست ئەو کێشەیە بەرپرسیارنییە، بەڵکو پێویستە دەسەڵاتی یاسایی خۆی بخاتەگەڕ بۆ ناساندنی کەیسی ئەنفال وەک جینۆسایدو قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی.

**رۆژنامە: کەواتە حکومەت چی بکات باشە بۆ ناساندنی کەیسی ئەنفال بە هەموو جیهان؟**

* وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان لەم بوارەدا کاری کردووە، هاوکات چەندین گروپ و دەستەی جیاواز بۆ ئەوە مەبەستە دامەزراون، بەڵام هەموو ئەمانە لە ئاستی گەورەیی کارەساتەکەدا نین، هەروەها ئەوەی جێی داخە لەچەند روویەکەوە ئەم کەیسەش حیزبێنراوە، لە کاتێکدا وا دەخوازێت بە هەستێکی نیشتمانییەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ کەیسی ئەنفال بکرێت، بۆیە پێویستە بەچڕیی کار بۆ ئەو بابەتە بکرێت و هەموو بەڵگەنامەو زانیارییەکان کۆبکرێنەوەو تواناکان یەکبخرێن و کەسانی پسپۆڕ و شارەزا بۆ ئەم مەبەستە دەسنیشان بکرێن و میکانیزمی گونجاو بگیرێتە بەر، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ریکخراوەیی کاری لەسەر بکرێت لەسەر ئاستی هەموو جیهان.

**رۆژنامە: ئەی ئەرکی نوێنەرانی کورد لە بەغدا چییە بۆ داکۆکیکردن لەو کەیسەو بە تایبەت قەربووکردنەوەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان؟**


* بە بڕیارێک لە پەرلەمانی عێراقدا خۆشبەختانە ئەم کەیسە بە جینۆساید ناسێنراوە، ئەمە هەنگاوێکی باشە، بەڵام دەرفەتی کاری باشتر هەبووە، کە نوێنەرانی کورد لە بەغدا نەیانتوانیوە وەکو پێویست کاری لەسەر بکەن، بە تایبەت ئێمە دەزانین حکومەتی عێراق بەرپرسیارێتی یاسایی و ئەخلاقی راستەوخۆی ئەم تاوانەی دەکەوێتە ئەستۆ، هاوکات حکومەتی هەرێم نەیتوانیوە گوشار لەسەر حکومەتی ناوەند دروست بکات، بۆ قەربووکردنەوەی زیانەکانی ئەنفال، لەم رووەوە پێویستە نوێنەرانی کورد لە بەغدا بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێم کار بکەن، بۆ ئەوەی هەرچی زووە قەرەبووی یاسایی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بکرێتەوە.

# ڕای گشتی

پاشکۆیەکی مانگانەیە پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن (KIE)
بەهاوکاری ڕێکخراوی (NED)و لەگەڵ [illegible]دا بڵاودەکرێتەوە.

K.I.E
Kurdish Institute for Elections
پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن

ساڵی سێیەم ژمـارە (٣) سێشەممە ٢٠١٠/٤/١٣

## مێزگردێک لەسەر یاسای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستاندا

ل ٢-٣



## خوێندنەوەیەک بۆ مافەکانی بەکاربەر...

ل ٤

# «ئێستا کاتێکی گونجاوە پرۆژەی دەستور بگەڕێنرێتەوە بۆ پەرلەمانی کوردستانو چاکسازی تێدا بکرێت»

ئا: KIE



لەکاتی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانو سەرۆکایەتی هەرێمدا گفتوگۆی جدیی لەسەر پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان لەلایەن ڕاگەیاندنەکانو پارتەسیاسییەکانو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنییەوە لەئارادابوو، بەڵام دوای پرۆسەی هەڵبژاردنەکە ئەو دەنگۆیە نەماو چاودێرانی سیاسیی لەو بڕوایەدان ئەو کاتە بۆ مەرامی سیاسییو بانگەشەی هەڵبژاردن ویستراوە دەستورەکە تێپەڕێنرێتو شارەزایانی بواری ڕاگەیاندنیش بڕوایانوایە ڕاگەیاندنەکان پلانو ستراتیژیان نییە بۆئەوەی فەراغی دەستوری بکەنە پرسێکی سیاسیی بەهێز لەهەرێمی کوردستاندا.

یوسف محمد صادق پسپۆری زانستە سیاسییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە «ئەو کاتەی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان لە خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستاندا خرایە بەرباسو دەنگی لەسەردرا ئەوە نیازێکی هەردوو هێزە دەسەڵاتدارەکەی ئەو کاتەبوو ویستیان پرۆژەی دەستورەکە لەگەڵ هەڵبژاردنی خولی سێهەمی پەرلەماندا تێپەڕێنن، بەڵام ئەمە ڕووبەڕوی بەرەنگاری زۆرێک لەهێزە سیاسییەکانی کوردستان بۆوە جگە لەوەی کۆمەڵێک نوسەرو ڕۆژنامەنووسو مامۆستایانی زانکۆو ڕێکخراوە ناحکومییەکان نارەزایەتییان دەربری.

هەرچەندە پرۆژەکە لەخولی دووەمی پەرلەمانی کوردستاندا پەسەندکرا بەڵام تێپەڕاندنی دەستورەکە لەبەرئەوە سەری نەگرت چونکە پرسیار لەسەر شەرعییەتی ئەو کاتەی پەرلەمان هەبوو کەپرۆژەیاساکەی تێدا پەسەندکرد کە لەڕووی یاساییەوە پەرلەمانی کوردستان شەرعییەتی نەمابوو».


هاوکات ئەرسەلان ڕەحمان مامۆستای پەیمانگەی تەکنیکی هەولێر بەشی ڕاگەیاندن هۆکاری کپبوونی ڕاگەیاندنی کوردی لەسەر بابەتێکی گرنگی وەک دەستوری بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە ڕاگەیاندنی کوردی نەیتوانیوە پلانی ستراتیژی هەبێتو بەدواداچوون بۆ بابەتە چارەنوسسازەکان بکاتو وتی «لەکاتی بوونی کێشەیەکی سیاسیدا ڕاگەیاندنەکان تەنها ئێش لەسەر سۆزو کەفوکوڵی جەماوەردەکەنو دوای کپبوونەوەی کێشەکە ڕاگەیاندنەکانیش بێدەنگ دەبن».

ئەرسەلان ڕەحمان ئاماژەی بەوەدا کە «جگەلەوەی ڕاگەیاندنی کوردی نەیتوانیوە گوتاری عەقڵانی ئاراستەی جەماوەرەکەی بکاتو پلانو ستراتیژی نییە بەهەمان شێوەش ڕۆژنامەنوسان نەیانتوانیوە بەدواداچوونی جدی لەسەر ئەم بابەتە گرنگە بکەنو ڕای شەقامی کوردی لەسەر بجوڵێنن بەتایبەت لەسەر بابەتی گەڕاندنەوەی دەستورەکە بۆ پەرلەمان».

بەبڕوای ئەو پسپۆرەی زانستە سیاسییەکان ئێستا ئاسان نییە ئەم مەسەلەیە چارەسەربکرێت چونکە هەندێک هێز هەن دەیانەوێت ئەم پرۆژەیە بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمانی کوردستانو چاکسازی تێدابکرێت هاوکات هەندێک هێزیش هەن پێیانوایە لەپەرلەمان پەسەندکراوەو پێویست ناکات بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان، بۆیە ڕەنگە ئەم کێشەیە زیاتر درێژە بکێشێت.

سەبارەت بەوەی دەستورەکە بگەڕێنرێتەوە بۆ پەرلەمان یوسف محەمەد وتی « دەستور بریتییە لەگرێبەستی کۆمەڵایەتی هەر کیانێکی سیاسیی ئیتر ئەو کیانە سیاسییە دەوڵەتە یان هەرێمێکی فیدراڵی یان کۆنفیدراڵییە، دەستور هۆکارێک دەبێت بۆ لێکنزیکبوونەوەو لێکتێگەیشتنی زیاتری کۆمەڵگە بۆیە بەپێی ئەم پرەنسیپە دەبێت دەستور بگەڕێنرێتەوە بۆ پەرلەمان بەمەبەستی چاکسازیکردن لەو برگانەی کە ناکۆکی لەسەرە» هەروەها بڕوای خۆی پیشاندا بەوەی کە ئێستا کاتێکی گونجاوە بۆئەوەی دەستورەکە بگەڕێنرێتەوە بۆ پەرلەمانی کوردستانو گفتوگۆی لەسەر بکرێتو چاکسازی تێدا بکرێت بۆئەوەی ئامادەکاری تەواوی تێدا بکرێتو لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا، کە بڕیارە لەمانگی ١٠ی ئەمساڵدا ئەنجامبدرێت، دەستورەکەش بخرێتە بەردەم هاوڵاتیانو دەنگی لەسەر بدرێتو چیتر هەرێمی کوردستان لەفەراغی دەستوریدا نەمێنێتو ڕزگاری ببێت.

سەبارەت بەوەی کە بەردەوام لە غیابی دەستوردا لەپەرلەماندا یاسا دەردەچێتو پرۆژە یاسا پەسەند دەکرێت یوسف محەمەد وتی « هەندێک یاسای دەستوری هەن ئەوانە پەیوەندی نێوان دەسەڵاتەکان ڕێکدەخەن، ئێمە ئەو یاسایانەمان هەیە وەک یاسای سەرۆکایەتی هەرێمو یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو ئەنجومەنی وەزیران، بەڵام بەڕاستی پێویست دەکات پەیوەندی نێوان دەسەڵاتەکانو پەیوەندییان لەگەڵ هاوڵاتی بە وەسیقەیەک ڕێکبخرێت کە قوەتی زیاتربێت لە یاساو بەئاسانی گۆڕانکاری تێدا نەکرێتو ئەو وەسیقەیەش بریتییە لەدەستوور».



# زەڕەبین

## ڕۆڵی یاسای ڕێکخراوەکان لەتۆخکردنەوەی سەرمایەی کۆمەڵایەتیدا

ئارام جەمال*

ڕۆبەرت پۆتنامی زانای سیاسی ئەمریکایی لەکتێبی «خستنەگەری دیموکراسی»دا باس لەچەمکێکی سۆسیۆلۆژی زۆر گرنگ دەکات ئەویش «سەرمایەی کۆمەڵایەتی»یە وەک گوزارشتێکی مەعریفی بۆ دۆزینەوەی پەیوەندییەکی بەراوردکارانەی نێوان ژمارەو چەشنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی ناوچەیەک لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانەکەیدا. ئەگەر ئەم چەمکە لەپۆتنام بخوازین بۆ دۆزینەوەی ئەو پەیوەندییە بەراوردکارییە لەکۆمەڵگەی کوردستاندا وێنەکە پێماندەڵێت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەهەردوو ڕووی ژمارەو جۆرەوە لەهەژارییەکی کوشندەدا دەژین لەچاو کۆی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان. چۆن؟؟

ئەگەر کۆی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بەپێی ئاماری ساڵی ٢٠٠٩ی وەزارەتی بازرگانی عێراق ٤٣٦٧٢٤٣ کەس بێتو کۆی ژمارەی ڕێکخراوی ناحکومیو کۆمەڵەو سەنتەرو یەکێتیو سەندیکاکانیش، بەپێی یەکێک لەئامارەکان، ٦٠٠ ڕێکخراو بێت ئەوا سەرمایەی کۆمەڵایەتی وەک ئەنجام لەم هەرێمەدا پێماندەڵێت بۆ هەر ٧٢٧٨ کەس تەنها یەک ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە!!

لەکاتێکدا کام لەم ڕێکخراوانە ئەو ژمارەیەی لەئەندام لەڕووی چەندێتیو چۆنایەتییەوە دەستەبەرکردووە؟! بێگومان وەڵامەکە ئاشکرایەو ئەزموونی چەند ساڵەی ژیانی ڕێکخراوەیی پێماندەڵێت کەهیچ ڕێکخراوێک نییە لەڕووی ژمارەو پەرەپێدانی مرۆییەوە ئەو ژمارەیەی دەستەبەرکردبێت! خۆ ئەگەر چەند پیرە سەندیکاو یەکێتییەکی پیشەیی حیزبی یان بەرەیی وەک یەکێتی مامۆستایان، فەرمانبەران یان سەندیکای کرێکارانو پیشەوەرانیش هەبن ئەو ژمارەیەیان لەئەندام هەبێت زیاتر ئەندامگەلێکی ئیجبارین لەوەی بەئارەزووی خۆیانو بۆ داکۆکیکردن لەتوێژەکانی خۆیان پەیوەندییان بەو دەزگایانەوە کردبێت، بەواتایەکی تر ئەم ڕێکخراوانە لەڕووی تەنمییەی مرۆییو ژیانی دیموکراسییەوە زۆر هەژارنو ژینگەیەکی لەبار نین بۆ پەروەردەکردنی مەدەنیانەی ئەندامەکانیان... بەشەکەی تریشی ئەو سەدان ڕێکخراوە ناحکومیانەن کەهەر لەبنەڕەتەوە ئەندامگیریی ناکەنو کار لەسەر پرسە گشتییەکان دەکەن، ئەمانیش جگە لەچەند ڕێکخراوێکی چالاک، کەبەپەنجەکانی دەست دەژمێردرێن، ئیتر ئەوانەی تریان یان ئەوەتا وەهمینو لەئەساسدا هەربۆ مینحەو نەسریەی بەلاشی حکومەت دروستکراونو هەرناون، یان ئەوەندە بێچالاکین وەختە هەندێکجار خۆشیان نەزانن بۆ دروستبوونو تەنها سەری مانگان خۆیانیان وەک ڕێکخراو بیربکەوێتەوە!! ئەمانە بەگشتی زادەی سەردەمی شەڕی ناوخۆو دەرهاویشتەی قۆناغی دوو ئیدارەیی سلێمانیو هەولێرنو بەپێی یاسای ژمارە ١٥ یان بڕیاری ٢٩٧ دامەزراون.

ئەم وێنە تراژیدییە دەریدەخات کەسەرمایەی کۆمەڵایەتی لەهەرێمدا چەند هەژارەو چۆن بەخواری باڵای کردووە کەڕاستکردنەوەی کارێکی هەروا ئاسان نییەو ئیرادەیەکی بەهێزی دەوێت تا بتوانێت سەرلەنوێ هەموو کارەکتەرەکانی ناو دنیای کۆمەڵگەی مەدەنی پێناسەبکاتەوەو بیانخاتەوە شوێنی خۆیان، کەدیارە بەردی بناغەی ئەم خواستو ئیرادەیەش لەپەسەندکردنی یاسایەکدا بەرجەستە دەبێت کەبەر لەهەر شتێک پەیوەندییەکی تەندروستو یاسایی لەنێوان ڕێکخراوەکانو هەموو دەسەڵاتەکانی دەوڵەتدا ڕێکبخاتو زەمینەخۆشکەر بێت بۆ هاندانی هاوڵاتیانو چینو توێژە جیاوازەکان کەخۆیان لەناو فۆرمی مەدەنیانەی جۆراوجۆردا فۆرمەڵەبکەنو ڕۆڵی یاساش کارئاسانی بێت بۆ دروستبوونی ڕێکخراوی ئازادو سەربەخۆ بەئامانجی تۆخکردنەوەی ڕەنگی ئاڵو واڵای ئەو سەرمایە کۆمەڵایەتیەی لەهەرێمدا بەتەواوی کاڵبۆتەوە.

* بەڕێوەبەری پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن- KIE

## ئاگاداری

بۆ ناردنی هەر بابەتێک بۆ ئەم پاشکۆیە لەسەر هەمووارکردنی هەر یاساو پرۆژە یاسایەک یان پێشنیازکردنی پرۆژە یاسایەکی نوێ، تکایە وتارو شیکردنەوەو بابەتەکانتان بنێرن بۆ ئەم ئەدرەسانە:
پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن- سلێمانی- گەڕەکی بەختیاری، شەقامی هەکاری، کۆڵانی ژمارە ١١٣، خانووی ژمارە ٤٤ (نزیک سەنتەری گەنجان).
aram.jamal@kie-ngo.org
dana.jamil@kie-ngo.org
یاخود ژمارە تەلەفونەکانی: ٣١٨٧١١١، ٠٧٧٠١٥٧٣٢١٠

# حکومەت هەزاران کەسوکاری ئەنفالکراوی کۆیەی لەبیرکردووە

**کۆیە: ڕێبین فەتاح**



ژمارەیەک ژنی قوربانی ئەنفال لە مەراسیمی هاتنەوەی رووفاتەکاندا فۆتۆ: رۆژنامە

هەزاران کەس لە دانیشتووانی گوندەکانی سەر بە شارۆچکەی کۆیە لە قۆناغی چوارەمی ئەنفالدا، لەلایەن حکومەتی پێشووی عێراقەوە ئەنفالو بێسەروشوێنکراون، بەپێی ئامارەکان، (٦٧٠) خێزانی ئەنفالکراو لە شارۆچکەی کۆیەدا هەیە، بەڵام وەک کەسوکاری ئەنفالکراوەکان رایدەگەیەنن، تائێستا حکومەت جگە لە بەڵێنی بەتاڵ، هیچ شتێکی بۆ نەکردوون.

ئەحمەد رەمەزان، یەکێک لە کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی گوندی (قەسر)ی سەر بە ناحیەی ئاشتی لە سنووری شارۆچکەی کۆیە، وتی: «تائێستا وەک کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی دەشتی کۆیە، هیچ شتێکمان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆ نەکراوە».

هەریەک لە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان حیکایەتێکی کارەساتباریان هەیە، ئەحمەد رەمەزان، کە سێ لە براکانی شەهیدکراونو یەکێکی دیکەش لە براکانی ئەنفالکراوە، ساڵی (١٩٨٧)یش لەلایەن جاشەکانەوە باوکی ئازاردراوەو قاچێکی شکێنراوە، دایکیشی لە راپەڕینی (١٩٩١)دا گوللەیەک بەر سنگی کەوتووەو تائێستا بەهۆی کەمدەرامەتییەوە چارەسەری بۆ نەکراوە.

ئەحمەد وتی: «جگە لەو مووچە کەمەی بە خانەوادەی ئەنفالکراوەکان دەدرێت، شتێک نەکراوە لە ئاست پێویستییەکانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بێت».

هــەزاران لە دانیشتووانی گوندەکانی سەر بە شارۆچکەی کۆیە لە میانەی قۆناغی ئەنفالی چــواردا‌و ساڵی (١٩٨٨) لەلایەن حکومەتی پێشووی عێراقەوە ئەنفالو بێسەروشوێنکران، لەو شــاڵاوەدا، (٨٠) لە گوندەکانی سەر بە شارۆچکەی کۆیە بەر ئەنفال کەوتوون.

پاش راپەڕینی (١٩٩١) ژمارەیەک لە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان لە شارەکانەوە جارێکی دیکە بۆ گوندە وێرانکراوەکانیان گــەڕانــەوەو دووبــارە دەستیانکردەوە بە بنیادنانی گوندو خانووە قوڕینەکانیان، ئەگەرچی وەک ئەحمەد وتی: «حکومەت نەک هەر لە بەرامبەر وێرانکردنی گوندەکانمان قەرەبووی نەکردینەوە، بەڵکو خەڵک لەسەر گیرفانی خۆیان چەند خانوویەکی قوڕینەیان بۆ خۆیانو منداڵەکانیان دروستکردووە».

تالب حەمەد تەها، دانیشتووی گوندی (قزلو)، وەک یەکێک لە کوڕە ئەنفالکراوەکان وتی: «نازانین لەکوێوە باس لە خەمەکانی خۆمان بکەین، کام مەغدوریەتمان هەڵدەینەوە، ئێمە وەک کــوڕە ئەنفالکراو کە منداڵی بەرپرسەکان دەبینین بەزەییمان بەخۆماندا دێتەوە، خێزانێکی ئەنفالکراو مانگانەکەی (٣٠٠) هەزار دینارە».

لە سەردەمی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمدا، لەلایەن حکومەتەوە بڕیاردرا هەر خێزانێکی ئەنفال پارچەیەک زەوی لە شارۆچکەی کۆیە پێبدرێت، پارچە زەوییەکان دابەشکران، بەڵام وەک تالب حەمەد، وتی: «سەرەتا هەر خێزانێک پارچە زەوییەکیان لە بناری هەیبەت سوڵتان پێدابن، بەڵام ئێستا لەسەر ئەو زەوییانەی بڕیاربوو بە کەسوکاری ئەنفال بدرێت، شوقە بۆ مامۆستاکانی زانکۆی کۆیە دروستکراوە، گوایە لە شوێنێکی دیکە زەوییان بۆ تەرخانکردووین».

ئەحمەد رەزامــەن، وتی: «زانییان ئەو زەوییانەی بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوەکان تەرخانکراوە، شوێنێکی باشی هەیە، لەبەرئەوە پاشگەزبوونەوەو لێیان سەندینەوە، ئێستا لە شوێنێکی دیکە زەوییان تەرخانکردووە، بەڵام زۆرێک لە ئێمە تەنیا ژمارەیەکمان هەیەو نازانین پارچە زەوییەکانمان لە کوێن».

کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی دەشتی کۆیە، کێشەی ئەوەشیان هەیە، کە بەهۆی نەبوونی خوێندنگەوە منداڵەکانیان ناتوانن درێژە بە خوێندن بدەن، بەو هۆیەوە کە لە گوندەکان تەنیا خوێندنگەی بنەڕەتی هەیەو پاش تەواوکردنی خوێندنی بنەڕەتی بۆ ئەوەی درێژە بە خوێندنەکەیان بدەن، دەبێت یان لە ناحیە، یان لە ناوەندی قەزای کۆیەدا بژین، بەڵام وەک تالب باسی کرد: «هەموو خێزانەکان ئەو توانا ئابوورییەیان نییە خانوو بۆ منداڵەکانیان لە ناحیە، یان لە کۆیە بگرن، یان هاتووچۆیان پێبکەن، لەبەرئەوە دەبێت واز لە خوێندن بهێنن».

بە وتــەی نــاوبــراو زیاتر لە (١٥) لە خوێندکارەکانی گوندەکەی (قزلو) پاش تەواوکردنی خوێندنی بنەڕەتی بەهۆی لاوازیی باری ئابووریی‌و نەبوونی خوێندنگەوە لە خوێندن دابڕاون.

ئەو ژنانەی هاوسەرەکانیان بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتووە، نیگەرانییەکانیان زیاترە، ئەوان هەست بەوە دەکەن تا دێت تەمەنیان هەڵدەکشێت‌و حکومەتیش پێویستییەکانیان بۆ دابین ناکات.

بــەدریــە عــومــەر، خێزانی یەکێک لە ئەنفالکراوەکان، کە ئێستا لە خانوویەکی کرێدا لە کۆیە دەژی، وتی: «ئەو ژنانەی پیاوەکانیان ئەنفالکراوە، ژمارەیەکیان بەئاواتی گەڕانەوەی پیاوەکانیانو هاوکاریکردنیان لەلایەن حکومەتەوە سەریاننایەوە، ئێمەش هەر بەو چاوەڕوانیی‌و ئاواتەوە پیر دەبین‌و دەمرین، پێناچێت حکومەتیش کۆمەکمان بکات‌و هەر لە کرێچێتی‌و بێ ماڵیدا سەردەنێینەوە».

تائێستا ئامارێکی وردو تەواو لەبارەی ژمــارەی ئەنفالکراوەکانی سنووری شارۆچکەی کۆیەوە نییە، بــەڵام بەپێی ئامارە سەرەتاییەکان دەرکــەوتــووە، کە زیاتر لە (٦٧٠) خانەوادەی ئەنفالکراو لە کۆیە هەیە، بەڵام ژمارەی ئەنفالکراوەکان دیارنییە، چونکە هەر خێزانێک‌و چەند کەسێکی ئەنفالکراوە، بەڵام تائێستا (١٦٠٠) لە ئەنفالکراوەکانی سنوورەکە ناوەکانیان لە بەڕێوەبەرێتی کاروباری شەهیدان‌و ئەنفالکراوەکانی کۆیە تۆمارکراوە.

ڕێــبــوار حەمەد، کــوڕە ئەنفالکراوو بەرپرسی سەنتەری رۆشنبیری نەوەکانی ئەنفال لە کۆیە، وتی: «رەخنەو گازندەکانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان لە جێگەی خۆیدان، چونکە تائێستا مۆنۆمێنتێکیشیان بــۆ ئەنفالکراوەکانی ســنــووری کۆیە دروســتــنــەکــردووە»، وتیشی: «ئــەوەی لــە رابـــردوودا چەندجارێک هەندێک پێویستییەکانی نــاومــاڵو ئــازووقــە بە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان دراوە، لەلایەن حکومەتەوە نەبووە، بەڵکو لەلایەن ڕێکخراوە خێرخوازییەکانەوە بووەو حکومەت کاری بۆ نەکردوون».

بە وتەی کرمانج ئیسماعیل، بەرپرسی بەشی ئەنفال لە بەڕێوەبەرێتی کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوەکانی کۆیە، ئەنجومەنی وەزیران لە (٢٠٠٨/١١/١١) بە بڕیاری ژمارە (١٢٢٨٣) فەرمانی داوە بە دروستکردنی (٦١٠) خانوو بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی سنووری شارۆچکەی کۆیە، بەڵام بڕیارەکە جێبەجێنەکراوە. کرمانج وتیشی: «وەزارەتی شەهیدانو ئەنفالکراوەکانو سەرۆکی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمان لەو بڕیارە ئــاگــادارکــردووەتــەوە، بەڵام تائێستا دەست بە دروستکردنی خانووەکان نەکراوە».


کـــاروان شەفیق، خەڵکی گوندی (سورەقەڵا)ی دەشتی کۆیەو کوڕی یەکێک لە ئەنفالکراوەکانی سنوورەکەو چالاک لە بــواری مافەکانی کەسوکاری ئەنفال، وتی: «جگە لەو مووچەیەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان وەریدەگرن، هیچ شتێکیان بۆ نەکراوە، بەڵام داواکاریی لە پێشینەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان دروستکردنی خانووە، لەلایەن حکومەتیشەوە بەڵێنیان پێدرا خانوویان بۆ دروستبکرێت، بەڵام بەڵێنەکەیان جێبەجێنەکرد».

بەرپرسی بەشی ئەنفال لە بەڕێوەبەرێتی شەهیدانو ئەنفالکراوەکانی کۆیە، کە یەکێکە لە بەڕێوەبەرێتییەکانی سەر بە وەزارەتی شەهیدانو کاروبارەکانی ئەنفالکراوەکان، ســەبــارەت بــە زیــادکــردنــی مــووچــەی ئەنفالکراوەکانی سنوورەکە، وتی: «هەموو خانەوادەی ئەنفالکراوەکانی کوردستان یەک مووچەی دیاریکراو وەردەگرن، ئەگەر مووچەش زیادبکرێت، مووچەی هەموویان بەیەکەوە زیاد دەکرێت».

ئەگەرچی لەساڵانی پاش رووخانی رژێمی پێشووی عێراقەوە، وردە وردە گۆڕە بەکۆمەڵەکان هەڵدەدرێنەوەو رووفاتی ئەنفالکراوەکان دەگەڕێنرێنەوە، بەڵام تائێستا رووفاتی هیچ کام لە ئەنفالکراوەکانی سنووری کۆیە نــەدۆزراونــەتــەوە، ئێستا کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی شارۆچکەی کۆیە لە چاوەڕوانیی گەڕانەوەی رووفاتی قوربانییەکانیان، قــەرەبــووکــردنــەوە، ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانیان، باشتکردنی بژێویی ژیانیاندا... هتد، دەژین.

---

# دوای (٢٢) ساڵ چاوەڕوانیی، هێشتا لە بارێکی دەروونیی خراپدا دەژین



ساڵانە لە ٤/١٤ دا برینی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان دەکولێنرێتەوە

**چەمچەماڵ: ئاری لوقمان**

ساڵانە لە (٤/١٤)دا یادی ئەنفال دەکــرێــتــەوە، بــەڵام کەسوکاری ئەنفالکراوان نیگەرانن لــەوەی ئەو رۆژە جگە لە یادکردنەوەو نوێبوونەوەی زامەکانیان هیچی دیکە نییە تا لە ئاستی پێویستدا خزمەت بە کەسوکاری ئــەو قوربانییانە بگەیەنێت.

کەسوکاری ئەنفاکراوان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، پێدانی پارچەیەک زەوی یان دروستکردنی خانوو، پاداشتێکی ئەوتۆ نییە بۆ ئەوان. عەلی محەمەدی تەمەن (٢٨)ساڵی دانیشتووی ناحیەی شــۆڕش، کە خاوەنی سێ ئەندامی ئەنفالکراوی خێزانەکەیانە بە رۆژنامەی راگەیاند: «دەبوایە مووچەی ئەنفال لەو ئاستەدا بوایە کە بتوانرایە ژیانێکی سادەی پێ دروستبکرایە، لەلایەکی دیکەوە هاوکاریی تەواوی ئەو خوێندکارانە بکرایە، کە کەسوکاریان ئەنفالکراوە تا بتوانن خوێندن بە سەرکەوتوویی تەواوبکەنو لەگەڵ چەندان ئازارو بیرەوەری تاڵدا خەمی تەواوکردنی خوێندنیشیان بۆ زیاد نەبوایە».

سەبارەت بە باری تەندروستیو دەروونیی کەسوکاری ئەنفالکراوان، رەعنا محەمەد، کە دایکی دوو کوڕی ئەنفالکراوە، ئاماژەی بەوەکرد؛ لــەدوای (٢٢)ســاڵ چاوەڕوانیی، هێشتا لە بارێکی دەروونیی خراپدا ژیان دەگوزەرێنین: «خەڵک هەیە لــە دوای لــەدەســتــدانــی تــەواوی ئەندامانی خێزانەکەی، ئێستا کەسێک نییە لە نزیکەوە خزمەتی بکاتو ئاگاداری ژیانو باری تەندروستی بــێــت، هــەمــوو ســاتــێــک لــەگــەڵ بیرەوەریو ئازاری سارێژنەبوومان بــەدەســت چەندین نەخۆشییەوە دەناڵێنین، دەبــوایــە حکومەتی هەرێم هەلی کاری بۆ پاشماوەی قوربانییانی ئەنفال بڕەخساندایەو چەند نەخۆشخانەیەکی تایبەت دروستبکرایە بۆ ئەو سنوورانەی زۆرترین کەسوکاری ئەنفالکراوی لێیە تا چــارەســەری نەخۆشییە جیاوازەکانمان بکرایە».

ئاریان فازڵ، سکرتێری ڕێکخراوی هەڵوێست، کە بۆ داکۆکیکردن لە کەسوکاری ئەنفالکراوان دامەزراوە بە رۆژنامەی راگەیاند: «هەردوو ڕێکخراوی هەڵوێستو کارا بوون بە پردی پەیوەندیی لەنێوان کەسوکاری قوربانییانو حکومەتدا لە گەیاندنی داواو خستنەڕووی پێداویستییەکانی کەسوکاری ئەنفالو لە هەمانکاتدا تەنیا قــەرەبــووکــردنــەوەی مادیی پــاداشــت نییە بــۆ کــەســوکــاری ئەنفالو دەبــوایــە بەرنامەڕێژیی بکرایە بــۆ قــەرەبــووکــردنــەوەی مــادیــیو مەعنەویی کەسوکاری ئەنفالکراوان».

هەر لەو بارەیەوە خالید عەلی، سکرتێری ڕێــکــخــراوی کــارا، بە رۆژنامەی رایگەیاند: «سنووری کارکردنی ڕێکخراوەکەمان دەکەوێتە گەرمیانو کەرکوکو سلێمانییەوەو لە هەمانکاتدا چەندجارێک نووسراومان بەرزکردووەتەوە بۆ پێدانی مۆڵەتی فەرمیی بە ڕێکخراوەکەمان، بەڵام تا ئێستا هیچ وەڵامێک نییە».

ناوبراو جەختی لەوەکردەوە: «تائێستا زیاتر لە (٤٠٠) وارسی ئەنفالکراوان زەوییان وەرنەگرتووەو بەشێکیشیان خــانــوویــان بۆ دروستنەکراوە، لەگەڵ بوونی ئەم هەموو کەموکوڕییانەدا، زۆر کاری گرنگ ماوە لە خزمەتی کارەساتەکەو پاشماوەکەیدا، لەهەمانکاتدا پێویستە کار لــەســەر بەجینۆسایدناساندنی کەیسی ئەنفال بکرێت لە جیهاندا».

## فازیل عومەر، ڕاوێژکاری سەرۆکی حکومەت بۆ کاروباری گەنجان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی:



# «نە یاسایەک گونجاوە حکومەت لەدەرەوەی ڕێکخراوەکان بەبێ وەرگرتنی پرسوڕای ڕێکخراوەکان دایبنێت، نە یاسایەکیش پەسەندو تەندروستە کەڕێکخراوەکان بەبەری خۆیان بیدورن»

دەکرێت، هەروەها مەسەلەی تەمویلی ڕێکخراو دەبێت لەسەر بنەمای پرۆژە بێت نەک تاهەتایە حکومەت پارەی مانگانە بدات بە ڕێکخراوەکان، هەروەها دەبـێـت دادگـا نێوەند بێت لەنێوان ڕێکخراوەکان‌و حکومەتدا، دەبێت ڕێکخراوەکان حیمایە بکرێن، یەکێکیتر لەو پرەنسیپانەی زۆر جەختی لەسەر دەکەین ئەوەیە کە دەبێت تابتوانرێت ئاسانکاری بۆ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بکرێت، ئەمانە کۆمەڵێک بنەمان ئێمە پاڵپشتی دەکەین، هەریاسایەک لەلایەن هەرکەس‌و لایەنێکەوە بنوسرێتەوەو ئەم پرەنسیپانەی تێدابێت پاڵپشتی دەکەین کەدەربچێت، تەنانەت هەر یاسایەک کە خۆشمان پێشتر نوسیبێتمانەوە بەڵام ئیجرائاتی ئەمنی تێدادەکرا، کە ڕەنگە بۆ ئەو ساتەی کە ئەو یاسایانەی تێدا نـوسـراوە لەبەر بـارودۆخـی ئەمنی پێویست بوبێت، بەنیەتی ئـەوەی کە ڕێکخراوێک دروست نەبێت دواجار بـۆ مـەرامـی غـەیـری مەهامەکەی خۆی کاربکات. ئێمە ئەم قۆناغەمان تێپەڕاندووەو بەرچاومان روونـەو چەند کەسێک کە مەهام‌و ئامانجێک کۆیان بکاتەوە دەتوانن ڕێکخراوێک دروستبکەن.

لەلایەکی ترەوە مەسەلەی مینحەی ڕێکخراو من لەسەرۆکی کابینەی پێنجەمی حکومەتم بیستووە کەدەڵێت نییەتی ئێمە لەمینحە بەرێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی نییەتی قۆرغکردنی ماف داوای ئەوەمان کرد کە کۆمسیۆنێکی باڵا هەبێت سەربەخۆ بێت‌و بتوانێت ئیدارەی کاری ڕێکخراوەیی لەهەرێمی کـوردسـتـانـدا بـکـات، بـەڵام ئـەوەی لەرەشنوسی یاسا نوێکەدا هەیە ئەم دەستەیە سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە، کە ئەمە قابیلی موناقەشەکردنە چونکە هەندێک ڕێکخراو بڕوایان وایە ئەم دەستەیە سەر بە پەرلەمان بێت.

**ڕای گشتی: بەڵام لەپرۆژە یاساکەدا وەزیفەی ئەو دەستەیە دیارینەکراوە؟**

فازیل عومەر: ئەو دەستەیە ئەرکی تۆمارکردنی «جا نازانم دواتـر هەر بە تۆمارکردن دەمێنێتەوە یان دەبێتە مۆڵەتدان» ڕێکخراو دەگرێتە ئەستۆ، پێشتر بۆ دامەزراندنی ڕێکخراو یان کۆمەڵەکان داوا لەوەزارەتی ناوخۆ دەکرا بەڵام ئەوە نامێنێت‌و داوا لەو دەستەیە دەکرێت. هەروەها ئەم دەستەیە دەبێتە چاودێرێکی گشتی‌و دەبێتە ڕێکخەری پەیوەندیی نـێـوان ڕێکخراوەکان‌و حـکـومـەت هـەروەهـا ئـاگـاداری گۆڕانکارییەکانی ناو ڕێکخراوەکان دەبێت لەمەسەلەی هەڵوەشاندنەوەو بڕیاری گۆڕینی پەیڕەوی ناوخۆ. من بڕوامولیە ئەرکی دەستەکە فـراوان دەبێت‌و ڕەنگە ئەم دەستەیە لەئایندەدا ئەرکی چۆنێتی بڕیاردان لەسەرئەو پرۆژانە بگرێتە ئەستۆ کە لەلایەن ڕێکخراوەکانەوە پێشکەشدەکرێن.

**ڕای گشتی: هەستدەکرێت ڕێکخراوەکان بــوون بە دوو بــەشــەوە، بەشێکیان داوادەکــەن کە پـرۆسـەی مۆڵەتدان نەمێنێت‌و بکرێتە تۆمارکردن‌و مینحەی مانگانەش نەهێڵرێت، بەڵام بەشەکەی تریان داوای ئەوەدەکەن کە مینحەی مانگانە بمێنێت، تۆ خوێندنەوەت بۆ ئەم دۆخە چییە؟**

هـوشـیـار مـالـۆ: بـا جـاریٚ پێش ڕوداوەکـــان نـەکـەویـن، مـن نایەمە سەرئەوەی کە باسی فڵان پرۆژە بکەم‌و فڵانە پرۆژە نەکەم، من لێرە تەمسیلی جیهەتێکی نێودەوڵەتی دەکـەم کە لە INCLو جامیعەی جۆرج واشنتۆن‌و نەتەوەیەکگرتووەکان پێکهاتووەو ڕاستەوخۆ وەک پارتنەری سەرەکی لەگەڵ حکومەت‌و پەرلەماندا کاردەکەین بۆ دەرچواندنی یاساکە، بەڵام ئێستا موفاجەئەیەکی تر هەیە، نازانم کاک فازیل ئاگادارە یان نا، لەناو حکومەتدا جگە لەو پرۆژەیەی لیژنەکەی وەزارەتی پلاندانان کە کاک فازیل باسی دەکات پرۆژەیەکیتر هەیەو وێنەیەکیمان بەدەستگەیشتووە، بەڕاستی ئەمە ئێمەی توشی سەرسوڕمانکردووە، ئێمە چەندینجار داوامانکردووە کە ئەو پرۆژە ڕەسمییەی حکومەت ئیشی لەسەردەکات بگات بەدەستمان بەڵام پرۆژەیەکی تر گەیشتووە بەدەستمان کە نزیکە لەوەی بەغدا، من باسی ئەوە ناکەم کام پرۆژە باشەو کام پـرۆژە باش نییە، بەڵام بەئەنجام دەبینین سەرلێشێواوییەک هەیەو زیاد لەخەڵکانێک هەن خۆیان بەخاوەنی کێشەکە دەزانن.

**ڕایگشتی: ICNL ئیش لەسەرئەوە دەکـــات کـە هـەمـوو پـرۆژەیـاسـاکـان کۆبکاتەوەو بیانکات بە یەک پرۆژەیاسای یەکگرتوو بۆئەوەی کارکردن لەسەری ئاسان بێت، کاک فازیل ئێوە ئامادەن ئەو پرۆژەیەی کە ئامادەتان کردووە بیخەنە بەردەم ئەم تۆڕە بۆئەوەی ئیشی لەسەربکات؟**

فازیل عومەر: بۆ نا، من تەسەور دەکەم ئامانجی ئەوان بۆ دارشتنەوەی پرۆژەیەکە کە لەگەڵ ئەسڵی کاری ڕێکخراوەیی‌و لەگەڵ گەشەکردنی ئەم قۆناغەی ئێستای کاری ڕێکخراوەیی لەکوردستاندا بگونجێت. من بڕوامولیە ئـەوەی کە ئێستا لەبەردەستدایەو حکومەت مامەڵەی لەگەڵ دەکات دەبێت یەک درافت بێت نازانم ئەوەی کەدراوە بەکاک هۆشار چۆنە؟! چونکە ڕاستە ئەو لیژنەیە تایبەتە بەنوسینەوەی ئەو یاسایە بەڵام لەکابینەی پێنجەمدا ڕاسپێردراون بۆیە من وەکو یاریدەدەری سەرۆکی حکومەت بۆ کاروباری ڕێکخراوەکان مامەڵەمان لەگەڵ ئـەوەدا کـردووە چونکە ئـەوە وەزارەتـی پلاندانان‌و وەزارەتی ناوخۆو وەزارەتی دارایی‌و وەزارەتـــی کـاروبـاری کۆمەڵایەتی بۆ دانانی کۆمەڵێک بەندی جیاجیا بەشدارییان تێداکردووەو دانیشتن‌و کۆبونەوەیان لەسەر کردووەو ئێستا گەیشتوون بە ڕەشنوسێک من هیوادارم هەمان ئـەم ڕەشنوسە گەیشتبێتە دەست کاک هوشیارو INCL بۆئەوەی کـەوا دەوڵـەمـەنـدتـری بکەن یاخود دایبڕێژنەوە. لەهەوو حاڵەتێکدا بەبڕوای من بەشداریکردنی لایەنی نێودەوڵەتی لـەبـەرژەوەنـدی ڕێـکـخـراوەکـانـەو لەپێشکەشکردنی یاسایەکدایە کەبەڕاستی دەتوانێت گەشەی زیاتر بەرەوتی کـاری ڕێکخراوەیی بدات

**فازیل عومەر:**

**ئەوەی ئێمە لەرابردوودا وەک تۆمارکردن ئەزموونمان کردووە شێوەیەکی عەسکەرییانەی هەبووەو بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێک دەیان ئیجرائاتی ئەمنی دەویست**

لەهەرێمی کوردستاندا. ئەوە نیەتی شەخسی منەو بڕواشموایە حکومەتیش لەپێشوازیکردنی بۆ ئـەوان جەختی لەسەر هەماهەنگی بۆ بەشداری ئەمان لەو پرۆسەیەدا کردۆتەوە.

**ڕای گـشـتـی: سـەبـارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی ڕێکخراو لەگەڵ دەسەڵاتی جێبەجێکردندا کێ دەبێتە نێوەند؟ ئایا هەر بەم شێوەیەی ئێستا دەمێنێتەوە کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن چارەسەری کێشەی ڕێکخراو دەکات یاخود دادگا دەبێتە نێوەندگیر؟**

فازیل عومەر: ئەوەی لەپرۆژەکەدا بـاسـی لـێـوەکـراوە دادگـا دەبێتە نێوەندگیر، بەهیچ شێوەیەک دەسەڵاتی جێبەجێکردن ئـەو ئەرکە لەئەستۆ ناگرێت، ئەوە دادگایە بڕیار لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی ڕێکخراوەکانی کـۆمـەڵـگـەی مـەدەنـی دەدات. ئەو دەستەیەی سەرپەرشتی ڕێکخراوەکان دەکات‌و سەر بەئەنجومەنی وەزیرانە لەڕاستیدا دەسەڵاتی چارەسەرکردنی کێشەی ڕێکخراوەکانی نابێت بە ئـەنـدازەی ئـەوەی هـەمـوو شتێک دەگەڕێتەوە بۆ دادگا.

**ڕای گشتی: ئـەو دەستەیە لەکێ پێکدێت، حکومەت دەستنیشانیان دەکات یاخود نوێنەری ڕێکخراوەکانن؟**

فازیل عومەر: لەئێستادا لەڕەشنوسی یاساکەدا تەنها ئاماژە بە دەستەکە کراوە، بەبڕوای من دوای ئەوەی ئەو دەستەیە دەبێتە خاوەنی هەیکەلیەت‌و دەکـەوێـتـە سـەر ڕێــڕەوی خۆی بەدڵنیاییەوە خەڵکانێک دیاریدەکرێن‌و ئەوکاتە حکومەت بڕیاردەری سەرەکییە لەوەی کێ بۆ ئەم مەسەلەیە دەستنیشان دەکات، هیوادارم بەشێک لەوانەی لەناو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا جێپەنجەیان دیـارەو کـاری جدییان کردووە بەشداربن تێیدا.

**ڕای گشتی: دانانی ئەندامانی ئەو دەستەیە بە بڕوای ئێوە چۆن دەبێت، بەدامەزراندنە لەلایەن حکومەتەوە یاخود لەڕێگەی پێشکەشکرنی CV یەوەیە؟**

هوشیار مالۆ: سەرەتا کە باس لەو دەستەیە کرا وترا کە کۆمسیۆنێکی سەربەخۆ بێت‌و سەر بە هیچ لایەنێکی ڕەسمی نە پەرلەمان‌و نە حکومەت نەبێت بەڵکو کۆمسیۆنێکی سەربەخۆ بێت وەک کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، بەڵام دواتر بوو بەو جەدەلەی کە ئەم کۆمسیۆنە چەندەی یەکێتی بێت‌و چەندەی پارتی بێت! ئەمە واقیعەو ناتوانین درۆ لەگەڵ خۆمان بکەین. ئێستە نەزعەیەک هەیە لەسەر کابینەی شەشەم کە حکومەتێکی بێباڵ درووسـتـبـووەو کێشەی ناوخۆیی زۆرە لەبەرئەوە من تەسەوری ئەوە ناکەم کە کێشەی یاسای ڕێکخراوەکان زۆر بـەو خـێـراییـە لـە پـەرلـەمـان دەربچێت. لەپەرلەمانیش هێشتا یاسای وەزارەتەکان دەرنەچووە، ژمارەیەکیش لـەپـرۆژە یـاسـاکـان خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوەو جاریٚ وەک خۆیان ماونەتەوە. لەبەرئەوە من تەسەور ناکەم وا بەزوویی پرۆژە یاساکە تێپەڕێت، چونکە ئەم دۆخەی ئێرە جیاوازە لەوەی عێراق، لەهەرێمی کوردستان خیبرە تەنها لـەلای ڕێکخراوەکان دروست نەبووە بەڵکو دەسەڵاتیش خیبرەی پەیداکردووە کەچۆن مامەڵە لەگەڵ ڕێکخراوەکان بکات‌و چۆن ڕێگەیان لێبگرێت.



فۆتۆ: ڕای گشتی

یەکێک لەو پرەنسیپانەی تێدا نەبێت ئەوا هەوڵدەدەین بگۆڕدرێت.

**ڕایگشتی: ئـەو پـرۆژە یاسایەی لەحکومەتدا ئامادەتانکردووە تاچەند ئەو پرەنسیپانەی تێدایە کەکاک هۆشیار باسی کرد؟**

فازیل عومەر: ئەو پرۆژەیاسایەی ئێستا لەبەردەستدایە بـەبـەراورد بەیاساکانی پێشتر مەنتیقی ترەو دەستی ڕێکخراوەکان والاتردەکات کە باشترو ئاسانتر بتوانن کاربکەن، هەروەها بوونی ئەو پرەنسیپانەش وادەکات کە هەرێمی کوردستان ببێت بەخاوەنی یاسایەکی نـاوازەو گرنگی خـۆی، چونکە بەبڕوای من ئـەرک‌و مەهامی ڕێکخراوەکان تەواوکاری کارەکانی حکومەتەو دەتوانن بەشداری کارابن لەبوژاندنەوەی سەرخانی کۆمەڵایەتی‌و پردی پەیوەندی بن لەنێوان دەسەڵات‌و خەڵکدا هەروەها چاودێربن بەسەر بەڵێنەکانی چ پەرلەمان چ حکومەت، ئەگەر ئەم پرەنسیپانە لەخۆ بگرێت بۆ نمونە تۆمارکردنی ڕێکخراو ئەوەی ئێمە لەرابردوودا ئەزموونمان کردووە شێوەیەکی عەسکەرییانەی هەبووەو بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێک دەیان

دەسەڵاتی ئەوان نییە بەقەدەرئەوەی ویستوومانە بەشدارییان پێبکەین لەبوژاندنەوەی سەرخانی کۆمەڵایەتی. من بڕوامولیە دەبێت ئەم قۆناغەش تێپەڕێت چونکە ئەگەر زەمانەتی دارایی بۆ ڕێکخراوەکان دەستەبەرکرا ئـەوە دەبێتەهۆی سـاردبـوونـەوەی ڕێکخراوەکان‌و نەمانی جموجۆڵیان‌و پەیوەستبن بـەوەی کەداهاتێکی مانگانەیان بدرێتیٚ، هەروەها پاراستنی ڕێکخراوەکان‌و ئەو پرەنسیپانەی کە کاک هوشیار باسی کرد دڵنیام لەوەی کە لەم پرۆژەیاسایەدا بوونیان هەیە، هەروەها ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆڵـی جدیتر بگێڕن لەوەی کە بتوانن شـەن‌و کـەوی ئـەو بڕگە یاساییانە بەشێوەیەک بکەن کەبتوانن ئەو پرەنسیپانە لەپرۆژەیاساکەدا دابنێن کە لەبەرژەوەندی ڕێکخراوەکاندایەو بەزیانی حکومەتیش ناشکێتەوە.

**ڕای گشتی: زۆر باس لەدروستکردنی لیژنەیەک دەکرێت بۆ سەرپەرشتیکردنی کاروباری ڕێکخراوەکان، لەو پرۆژەیەدا باسی ئەو لیژنەیە کراوە؟**

فازیل عومەر: لەڕەشنوسی پرۆژە یاساکەدا هاتووەو کاتی خۆیشی لەتۆڕی

## هوشیار مالۆ، ڕێکخەری بەرنامەی ICNL:

# دەبێت ڕێکخراو تۆماربکرێت نەک ئیجازەی پێبدرێت، لەکاتێکدا تۆمارکردن بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەیە، نەک ئیجازەپێدان



سازدانی: ڕای گشتی

**لەم دیمانەیەدا فازیل عومەر ڕاوێژکاری سەرۆکی حکومەت بۆ کاروباری گەنجان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی باس لەو پرۆژەیاسایە دەکات کە لەلایەن وەزارەتی پلاندانانەوە بۆ ڕێکخستنی کاروباری ڕێکخراوەکان ئامادەکراوەو هەوڵەکانی حکومەت لەو پێناوەدا دەخاتەڕوو، هەروەها هۆشیار مالۆ ڕێکخەری سەنتەری نێودەوڵەتی یاسا قازانجنەویستەکان INCL باس لەو لەمپەرانە دەکات کە تا ئێستا لەبەردەم یاسای ڕێکخراوەکاندا دروستبوون.**

**ڕای گشتی: لەساڵی ٢٠٠٦ەوە ڕێکخراوەکان کار بۆ دەرکردنی یاسایەکی نوێ دەکەن بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بە بڕوای تۆ هۆکاری دەرنەکردنی ئەو یاسایە چییە؟**

هوشیار مالۆ: لەساڵی ٢٠٠٥ەوە کار لەسەر یاسای ڕێکخراوەکان دەکرێت، من و کاک فازیلیش هەردووکمان بەشداربووین لەنوسینەوەی چەند ڕەشنوسێک. بەشێک لەگرفتەکە ئەوەیە وەک لیژنەی کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی پەرلەمان باسی دەکەن زیاتر لەچەند پرۆژەیاسایەک هەیەو نازانن ئیش لەسەر کامەیان بکەن. بەشێکی دیکەی هۆکارەکەی دەگەڕێننەوە بۆ دوو پارتە دەسەڵاتدارەکە بەوەی کەیاسای ڕێکخراوەکان بەیەکێک لەئەولەویەتی ئەجێنداکانی خۆیان نازانن، بەڵام ئێمە وەک ڕێکخراوە مەدەنییەکان بە ئەولەویەتی خۆمانی دەزانین و ئەمەش مافێکی خۆمانە کە کاری ڕێکخراوەکان بەپێی یاسایەکی هاوچەرخ ڕێکبخرێت.

**ڕایگشتی: بۆ باس لەحیزبە دەسەڵاتدارەکان دەکەیت لەکاتێکدا حکومەت و پەرلەمان بوونیان هەیە؟**

هوشیار مالۆ: لەکۆمەڵگەی ئێمەدا هەموو کەسێک دەزانێت کەهەموو کاری پێکهاتە سەرەکییەکان بە پاڵپشتی دوو حیزبە سەرەکییەکە دەکرێت، ئەمە عەیب نییە، زۆر جاری واهەیە باشە بەڵام زۆر جاریش دەبێتە تەدەخول، ئیتر پێکهاتەی کۆمەڵگەی مەدەنییە، میدیایە کەرتی تایبەتە ..هتد، بەڵام بەشێکی هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕێکخراوەکان نەیانتوانیوە قەناعەت بەهەردوو حیزبەکە بکەن کە ئەمە بە بابەتێکی ئەساسیی و ئەولەویەت بزانن.

**ڕایگشتی: کاک هوشیار باس لەوەدەکات یاسای ڕێکخراوەکان نەبۆتە ئەولەویەتی کارەکانی دەسەڵات لەماوەی ڕابردوودا، ئایا بەهەمان شێوە ئەم یاسایە لەکابینەی شەشەمیشدا نەبۆتە ئەولەویەت؟**

فازیل عومەر: لەبیرمان نەچێت کاتێک قسە لەسەر یاسای ڕێکخراوەکان دەکەین لەبارەی ڕیفۆرمی یاسایەکەوە قسە دەکەین کەپێشتر هەبووە، هەر لەگەڵ هاتنە ئارای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کرانەوە بەڕووی دەرەوەدا حکومەتی هەرێم دوو یاسای تایبەت بەڕێکخراوەکان و سەنتەرە ڕۆشنبیرییەکانی دەرکرد، یاساکانی ژمارە ١٥و ژمارە ١٨ لەهەولێرو بڕیاری ژمارە ٢٩٧ لەسلێمانی.

لەگەڵ گەشەکرنی ڕەوتی کاری ڕێکخراوەکان لەهەرێمی کوردستاندا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی خوازیاری ئەوەن کە ئەو یاسایە ریفۆرم بکرێن و گۆڕانکارییان تێدا بکرێت و یاسایەکی نوێ دەربکرێت و دەستی ڕێکخراوەکان فراوانتر بکرێت. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی تۆڕی ماف لەساڵی ٢٠٠٥ەوە کاری جدی لەسەر بکات و چەند هەوڵێکی دیکەشی بەسەرداهات و وایکرد لەکابینەی پێنجەمی حکومەتدا لەیەکێک لەڤیستیڤاڵەکانی خەڵاتی شارستانیدا زۆر تەئکید لەسەر بوونی یاسایەکی مۆدرێن بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکرێتەوەو هاوکات بڕیاری دانانی لیژنەیەکیش درا کە یاسایەک بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەەنی دابڕێژێت.

**ڕایگشتی: لەگەڵ هەموو ئەمانەی باسیاندەکەیت، بەڵام ڕێکخراوەکان بڕوایانوایە کە هەتا ئەم ساتەش هێشتا یاسای ڕێکخراوەکان نەبۆتە ئەولەویەتی کارەکانی حکومەت؟**

فازیل عومەر: لەڕاستیدا من دەمەوێت ئەو بڵێم کە هەنگاوەکانی ساڵی ٢٠٠٥ تاوەکو ئێستا بەردەوامی هەیە، حکومەتیش بۆخۆی کارەکانی فرە ڕەهەندە، ڕەنگە مەسەلە ناوخۆییەکان و هەندێک جاریش مەسەلە دەرەکییەکان ئەولەویەتی زیاتریان لەیاسای

**هوشیار مالۆ:**

**لە کوردستان دەسەڵات خیبرەی پەیداکردووە کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ڕێکخراوەکاندا بکات و ڕێگریان بۆ دروست بکات**

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەەنی وەرگرتبێت، هەربۆخۆی ئامادەکردنی لیژنەیەک بۆ ئامادەکردن و پێداچونەوەی یاسایەکی نوێ لەهەوڵەکانی کابینەی پێنجەم بوو، هەروەها یەکەمین کاری ئێمەو پێشنیاری من وەک کەسێک کە ئەو مەهامەی وەرگرتووە، جەختکردنەوە بووە لەسەرئەوەی کە ناکرێت ئێمە ئیش لەسەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکەین تا نەبنە خاوەنی ئەو یاسا نوێیە. بەڵام لەهەموو حاڵەتێکدا منیش تەئکید لەوە دەکەمەوە کە یاساکە نەبۆتە ئەولەویەتی کاری حکومەت، ڕەنگە پەیوەندی بەوەوە هەبێت کە ئەرک و مەهامی جدی تر لەئەرکی حکومەتدا لەپێشە بەبەراورد بەیاسای ڕێکخراوەکان، بەشێکیشی پەیوەندی بەساردبوونەوەی خودی ڕێکخراوەکانەوە هەیە کە لۆبییەکی جدییان دروست نەکردووە تا دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی یاسادانان ناچار بکەن بۆ پەسەندکردنی ئەو یاسا نوێیەی کە ڕێکخراوەکان پێیان باشە.

من دەمەوێت ئەوە بڵێم کەحکومەت هەندێکجار هەستیارانەتر مامەڵە لەگەڵ ئەو یاسایانەدا دەکات کە لەلایەن چین و توێژەکانی کۆمەڵگەوە دادەنرێن، بەواتایەکی تر ڕەنگە حکومەت زۆر بەئاسانی خۆی نەداتە دەست ئەو یاسایەی کە ڕێکخراوەکان خۆیان پێشنیاری دەکەن، لەبەرئەوە حکومەتیش لەڕێگەی خۆیەوە لیژنە ئامادەدەکات یاخود کەسانێک ڕادەسپێرێت بۆ کارکردن لەسەر ئەو یاسایە. لەحاڵی ئێستادا ڕەشنوسی یاسایەک هەیە ئەویش بەسوودوەرگرتن لەپرۆژەیاسای تۆڕی ماف و یاساکانی ژمارە ١٥و١٨و بڕیاری ٢٩٧و ڕاوێژکردن بەچەند کەسایەتییەکی دەرەوەو بەسود وەرگرتن لەو یاسایەی کە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پەسەندی کردووە. بڕوامایە لەئایندەیەکی نزیکتردا ئیشی جدیتر لەسەر ئەم ڕەشنووسی یاسایە بکرێت بەئامانجی چونە پێشەوەی و خستنە بەردەم پەرلەمان بۆ مناقەشەکردن و پەسەندکردنی.

**ڕایگشتی: لەکاتێکدا ڕێکخراوەکان ئەرکیان چاودێریکردنی ئەدای حکومەتە، ئایا دانانی یاسایەک لەلایەن حکومەتەوە کاری ڕێکخراوەکان تەسک ناکاتەوە؟**

فازیل عومەر: ئێمە بۆ خۆمان لەڕێکخراوەکاندا کارمان کردووە، ئەمڕۆش من لەحکومەتدا ئەو مەهامەم وەرگرتووە، پێموایە نە یاسایەک گونجاوە کە حکومەت لەدەرەوەی ڕێکخراوەکان بەبێ وەرگرتنی پرسوڕای ڕێکخراوەکان دایبنێت ، نە یاسایەکیش پەسەندو تەندروستە کە ڕێکخراوەکان بەبەری خۆیان بیدورن، لەهەردوو حاڵەتەکەدا من بڕوامایە باڵانس تێکدەچێت، ئەوەی من بەگرنگی دەزانم و لەڕەشنوسی ئەم یاسا نوێیەدا هەیە ئەوەیە کە جۆرێک لەتەنسیق لەنێوان بیرکردنەوەی ڕێکخراوەکان لەنوسینەوەی یاساکەو هەروەها حکومەتیشدا هەیە لەڕووی بەشدارییپێکردنی لیژنەیەکی یاسایی و دروستکردنی جۆرێک لەهەماهەنگی و تەنسیق لەنێوانیاندا.

ئەگەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی خۆیان یاسایەک بۆ خۆیان دابنێن ڕەنگە لەتەواوی مەوقیفەکاندا حەقی تەواو بدەن بە خۆیان و ڕەنگە زۆرجار داوای شتێک بکەن کە قابیلی جێبەجێبوون نییە. من بڕوام وایە ئەگەر حکومەت یاسا بۆ هەر توێژێک دابنێت و ئەو توێژە بەشداری تێدا نەکرد دواجار ئەو توێژە نارەزایی دەردەبڕێت، بۆیە باشترین شت ئەوەیە کە بە هەمەئاهەنگی لەنێوان حکومەت و ڕێکخراوەکاندا بیر لەدانانی یاسایەک بکرێتەوە کە لەگەڵ قۆناغەکەدا بگونجێت.

**ڕای گشتی: کاک فازیل باس لەوەدەکات کە ڕێکخراوەکان نەیانتوانیوە فشاردروستبکەن بۆ دەرچوونی یاساکە، هۆکار چییە کە نەیانتوانیوە ئەو فشارە دروستبکەن لەکاتێکدا ژمارەیەکی زۆر ڕێکخراومان هەیە؟**



دیمەنێک لە مێزگردەکە

هوشیار مالۆ: با نەڵێین نەیانتوانیوە، چونکە ئەگەر ڕێکخراوەکان کاریان لەسەر ئەو بابەتە نەکردایەو فشاریان دروستنەکردایەو پرۆژە یاسایان پێشکەش بە پەرلەمان نەکردایە ئێستا یاسای ڕێکخراوەکانیان هیچ لا گرنگ نەدەبوو لەبەرئەوەی یاسای ژمارە ١٥و یاسای ژمارە ١٨مان هەیە.

ئەم دۆخەی ئێرە جیاوازە لەوەی بەغدا، لەماوەی پێشوودا بە هاوکاری ICNLو UNOPS یاسایەک لەبەغدا دەرچوو جیاوازییەکەی ئەوەبوو لەبەغدا فەراغی یاسایی هەبوو، یاسایەک نەبوو کە کاری ڕێکخراوەکان ڕێکبخات بەڵکو بڕیاری ژمارە ٤٥ هەبوو کە بڕیارێکی ئێکسپایەربوو هی کاتی دەسەڵاتی بریمەر بوو دواتر دەستوور دەرچوو دەبوایە بەپێی دەستور یاسایەک بۆ ڕێکخراوەکان دەربچوایە. بەڵام لەبەرئەوەی لەهەرێمی کوردستاندا فەراغی یاسایی نییە لەبەرئەوە مەسەلەکە ئاسان نییەو شتی لەپێشتر هەیە، ئەگەرچی ئەو فشارە دروستکراوە کە لیژنە بۆ ئەم مەبەستە دروستبکرێت و لەپەرلەمان و حکومەتدا قسەی لەسەر بکرێت، تەنانەت لەپێش هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان حکومەت ئامادەیی خۆی دەربڕی بەوەی کەپشتیوانی لەیاسای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکات. بۆ نمونە بەبەشداری نەتەوەیەکگرتووەکان و چەندین ڕێکخراوی نێودەوڵەتی لەکۆنفرانسێکدا کەساڵی ٢٠٠٨ سازکرا کۆمەڵێک بڕیار دەرکرا کەنابێت هیچ یاسایەکی تایبەت بە ڕێکخراوەکان دەربکرێت بەبێ بەشداری ڕێکخراوەکان.

**ڕای گشتی: بەڵام دەبینرێت ڕێکخراوەکان دابەشبوون، هەرچەند ڕێکخراوێک بۆخۆی بەجیا کار لەسەر یاسای ڕێکخراوەکان دەکەن، ئەمە نەبۆتە هۆی ئەوەی کە ڕێکخراوەکان نەتوانن فشارێکی گەورە دروستبکەن؟**

هوشیار مالۆ: ئەوە حاڵەتێکی ئاسایییەو تا زیاتر پرۆژە یاسا هەبێت زیان بە مەسەلەکە ناگەیەنێت، ڕاستە ئێستا لەپەرلەمان دەڵێن ئێمە ٥ پرۆژەیاسامان لەبەردەستە، بۆ نمونە ICNL لەسەر یاسای میسرو ئەردەن کاردەکات ئەم گرفتە لەهەموو وڵاتێکدا هەیە، لەم دۆخەی هەرێمی کوردستان زۆر خراپتریش هەیە، بەڵام ئێمە وەک ICNL گەیشتینە چەند پرەنسیپێک کە ئێمە پشتگیری دەکەین.

**ڕای گشتی: ئەو پرەنسیپانە چین؟**

هوشیار مالۆ: یەکەمیان ئەوەیە کەدەبێت ڕێکخراو تۆماربکرێت نەک ئیجازەی پێبدرێت، لەکاتێکدا تۆمارکردن بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەیە، نەک ئیجازەپێدان. جاری واهەیە پرۆسەکە ناوی تۆمارکردنە بەڵام لەواقیعدا ئیجازەپێدانە، هەروەها پرەنسیپی دووەم دەبێت ئیجرائاتی تۆمارکردن ئاسانبێت، بۆنمونە لەوڵاتی مەغریب تەنها فۆرمێک پڕدەکرێتەوەو ڕێکخراو تۆماردەکرێت. لەوڵاتی یەمەندا پرۆسەکە هەر تۆمارکردنە بەڵام ئیجرائاتی تۆمارکردنەکە بەچەند مانگێک تەواو

# خوێندنەوەیەک بۆ مافەکانی بەکاربەر لەپرۆژەیاسای پاراستنی بەکاربەر لەهەرێمی کوردستاندا

پارێزەر:عبداللە محمدأمین



-١-

خوێندنەوەی پرۆژەیاسا یان خودی یاسایەک بۆ خۆی کارێکی وردە. دۆزینەوەی بابەتی کێشەیەک لەنێو پرۆژەیەکداو لەتەنیشت ئەوەشدا دۆزینەوەو خستنەرووی دیوێکی تری بابەتێکو جۆرێکی تر لەبینین سەرەتایترین داواکاری ئەم جۆرە کارانەن.

بەکاربەر وەک چەمکێکی ئاڵۆز مانای زۆر هەڵدەگرێت ئێمە لێرەدا روانگە ئابورییەکەی لەچوارچێوەی قانوندا خوێندنەوەی بۆ دەکەین ئەمەش لەسەر دوو ئاست یەکەم: خوێندنەوەی ناوەرۆکی دەقەکەو کێشەکانی نێو دەقەکە. دووەم: قسەکردن لەسەر ئەگەرەکانی بەرەنجامی بوونو نەبوونی ئەم تێکستانە لەچوارچێوەی قانونێکدا، بەواتەیەکی تر ئەگەر ئەم پرۆژەقانونە ببێتە قانونو پەسەندبکرێت لەدوایدا جێبەجێ بکرێت چیمان دەستدەکەوێتو ئەگەریش تەنیا مەرەکەبی سەر کاغەزبێت «لەهەردوو باری وەک پرۆژەقانون بێت یان قانون» چ بەرەنجامێکی دەبێت، ئەگەر تەرکیز بخەینە سەر حاڵەتی دووەمیان واتە نەبوونی قانونێک وەک واقعی ئەمرۆی کوردستان کەهیچ قانونێکمان نیە لەو بارەیەوە، بۆیە دەبینرێت کە بازار بۆتە شوێنێک بۆ ساغکردنەوەی هەموو ئەو شمەکانەی کەشیاوی ئەوە نین ساغبکرێنەوە، بەڵام لەبەرنەبوونی فیلتەرێکی رێکوپێکو سیاسەتێکی ئابوری تۆکمەو زانستی، بۆیە هەرێمی کوردستان بۆتە روبەرێکی فراوان کەوڵاتانی دراوسێو کۆمپانیاکانی وڵاتی چین ئیستغلالی ئەو بارودۆخەیان کردوەو چ کاڵاو خزمەتگوزارییەک بۆ مرۆڤ ناشێت پێشکەشی مرۆڤی کورد دەکرێتو پێی ساغدەکرێتەوە هەربۆیە مرۆڤی کوردیش لەروی ئابوریو تەندروستیەوە رۆژ بۆ رۆژ خراپتر دەبێت.

رەگو ریشەی ئەم کێشانە لەناو وڵاتی خۆماندایەو بریتین لە یەکەم: نەبوونی قانونو لاوازی پەرلەمان کەناتوانێت رەفتارەکانی تاک لەکۆمەڵگەدا بخاتە نێو چوارچێوەیەکی قانونیەوەو بۆ هەریەکێک لەو بابەتە گرنگانە قانونێک دەربکات « لەکاتێکدا بوونی ئەم پرۆژەیاسایە بابەتی پێزانینە» ئەگەر کێشەی سەرەکی ئەم فەوزایە نەبوونی قانونو نەبوونی سەروەری قانون بێت کەواتە یەکەم چارەسەریش بوونی قانونو سەروەری قانونە بۆیە دەڵێم سەروەری قانون چونکە زۆرجار ئەوانەی کێشەکان دروستدەکەن ئەوانەن کە لەواقعدا دەبێت کێشەکان چارەسەربکەن واتە دەسەڵاتدارن بۆیە مەترسی نەبوونی سەروەری قانون گەورەترە لەمەترسی نەبوونی قانون. دووەم: بوونی دەسەڵاتێکی جێبەجێکردنی لاواز، ئەمەش بەرەنجامی ئیرادەیەکی لاوازو ستراتیژێکی نارۆشنو ژینگەیەکی سیاسی سەقەت دروستیکردوە، واتە ئەگەر تۆرێک لەدەزگای گرنگی جێبەجێکردنی وەک کوالیتی کۆنترۆڵو دەزگای پاراستنی بەکاربەرو چاودێری تەندروستیو چاودێری بازرگانی..هتد کە چالاکبنو ئامادەکرابن بەکادیری هونەری باشو ئامێری پێشکەوتوو دەتوانن سنورێک بۆ ئەم فەوزایە دابنێن. سێیەم پەیرەوی نەکردن لەسیستمی پاداشتو سزا لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە بۆ هاندانی بازرگانو بەرهەمهێنەکان لەکاری باشدا لەلایەکو بۆ ترساندنیان لەبەرامبەر کارە خراپەکانیان لەلایەکی ترەوە. چوارەم: لاوازیی هۆشیاریی بەکاربەرو بێ ویژدانی بەشێک لەبازرگانان کە ئەم دوو ئەگەرە لەبازارێکی وەک کوردستاندا، کەبۆشایی قانونیو دەسەڵاتی کارا هەیە، هەمیشە ئەوە بەرهەمدێت کە بازرگانەکان ئیستغلالی بەکاربەر بکەنو بەمەش هاوکێشەیەکی لاسەنگ دروست دەبێت.

-٢-

لەماددەی دەیەمی پرۆژەی قانونەکەدا ئاماژە بەم مافانەی بەکاربەر کراوە :

«أ/ مافی دروستیو سەلامەتی لەکاتی بەکارهێنانی کاڵاو خزمەتگوزاری...، ب/ مافی فەراهەمکردنی بەکاربەر بۆ هەڵبژاردنی رێگەپێدراوی کاڵاو خزمەتگوزاری...، ج/ مافی چنگکەوتنی زانیاریو بەیاننامەی تەندروستی تەواو...، د/ مافی چنگکەوتنی مامەڵەی بەدادی دوور لەهیچ جیاوازییەک...، ە/ مافی گۆرینی کاڵا، خزمەتگوزاریی، چاککردنەوەی یان گەراندنەوەی...، و/ مافی قەرەبوویەکی دادپەروەرانە لەهەر زیانێک...، ز/ مافی دامەزراندنی کۆمەڵە بۆ پارێزگاریکردن لەبەکاربەران...، ح/مافی بەکاربەرانو کۆمەڵەکانی پاراستنی بەکاربەران لەبەرزکردنەوەی داواکاری...»».

**خوێندنەوەی ناوەرۆکی دەقەکە:**

یەکێک لەگرنگترین رەگەزەکانی قانون بوونی رەگەزی ناچارێتیە بۆئەوەی تاکەکان ناچاربن گوێرایەڵی بن، قەرەبووکردنەوەی کەسێک بەهۆی زیان بەرکەوتنیەوەو سزادانی کەسێکی تر بەهۆی کارە زیانبەخشەکەیەوە بەتەواوی هێزی بوونی قانون دەردەخات. لەمافەکانی بەکاربەردا قەرەبوو یەکێکە لەمافەکان لەکاتێکدا قەرەبوو تەنیا ماف نییە بەڵکو بەرەنجامی بوونی مافێکە. هەروەها دانانی پاراستنی سەلامەتی مرۆڤ وەک یەکەمین ماف گرنگە چونکە بەهۆی کاڵای خراپەوە سەلامەتی تاکەکانی کۆمەڵگە لەخراپترین رەوشدا دەبێتو ئەم بارودۆخە خراپەش دەبێتەهۆی دروستکردنی قورسایی ئابوری لەسەر تاکەکان. لەلایەکی ترەوە لەماددەی سییەمدا جەخت لەسەر پێوەری ساغیو دروستی دەکاتەوەو ئەوە هاتووە کە» دەشێت وەزیر لەرێگەی لائیحەی رێکخستنەوە پێوەر بۆ ساغیو دروستی پەیوەندار دابنێت بۆ: هەر کاڵا یان پۆلی کاڵاکە. هەر خزمەتگوزاری یان پۆلی خزمەتگوزارییەکە».

> **بەهۆی نەبوونی قانونێک بۆ داکۆکیکردن لەبەکاربەر، بازار بۆتە شوێنێک بۆ ساغکردنەوەی هەموو ئەو شمەکانەی کەشیاوی ئەوە نین ساغبکرێنەوە**

واتە یەکێک لەو هۆکارانەی ئەم پرۆژەیاسایە لەئامادەکردنیدا پشتی پێدەبەستێت بابەتی سەلامەتی بەکاربەرە هەروەها راسپاردەکانی نەتەوەیەکگرتوەکانەو لەیەکەم خاڵیدا جەخت لەسەر سەلامەتی بەکاربەر دەکاتەوە، هەڵبەتە ئەمەش لەبەرئەوەیە کەسەلامەتی بابەتێکی جیهانییە بۆیە مەترسیەکانی دەشێت کاریگەری لەسەر هەموو جیهان جێبهێڵێت، هەروەها ئەگەر زیانی ئابوری تەنها جارێک زیانی بۆ مرۆڤ هەبێت ئەوا زیانی سەلامەتی دووجار زیانی هەیە بۆ سەر جەستەی مرۆڤو ئابوریش پێکەوە.

**دیاریکردنی کێشەکانی ئەم بەشە:**

١- قەرەبوو وەک بەشێکی گرنگی ئەم بەشەو وەک چەکێک بۆ بەرگری لەبەکاربەر بەشێوەیەکی زۆر گشتی باسی لێوەکراوە، ئەم گشتێتیە لەکاتی جێبەجێکردنی قانونەکەدا چەند کۆسپێک دروستدەکات لەوانەش وەک تەقدیرکردنی قەرەبوو، جۆری قەرەبوو نەقدی دەبێت یان عەینی، ئایا ئەم قەرەبووە یەکجار دەبێت یان بەردەوام، مەبەستم لەقەرەبووی بەردەوام بۆ ئەو کەسانەیە کە توشی زیانێک دەبن بەدرێژایی تەمەنیان.

٢- نیەتی یاسادانەر»مشرع» لێرەدا ئاراستەکەی بەرەو پاراستنی چارەسەرکردنە»الحمایە العلاجیە» نەک بەرەو پاراستنی خۆپارێزیی «الحمایە الوقائیە».

بەسەرنجدانی زاراوەکانی ئەم رستانە ئەم راستیانەمان بۆ دەردەکەون « گەراندنەوەی نرخەکەیان لەکاتێک کە ملکەچ نەبوون بۆ ئەم یاسایە...، لەهەر زیانێک کە بەهۆی یان لەئەنجامی لەکارکەوتنی کاڵا یان خزمەتگوزارییەک کەتووشی دەبێت...، بەرزکردنەوەی داواکاری دادوەری بۆ دادگا...، مافی گەراندنەوەی کاڵاو وەرگرتنەوەی نرخەکەی».

**پێویستی بوونی قانونی پاراستنی بەکاربەر:**

ئەگەر گریمانەی مرۆڤ بکەین بەوەی هەڵگری هێزی شەرو هێزی خێرە، پرسیاری ئەوەمان بۆ دروستدەبێت کە ئەگەری کام لەم دوو هێزانە بەهێزترە بۆ ئەوەی ببێتە شوناسی مرۆڤەکان. بەدڵنیاییەوە دەڵێین ژینگەو دەوروبەر رۆڵی گرنگیان هەیە لەبونیادی شوناسی مرۆڤدا، واتە ئەگەر قانون هەبێتو رەفتاری مرۆڤەکان رێکبخاتو سنور بۆ زیادەرەوییەکان دابنێت ئەوکاتە مرۆڤەکان هەوڵدەدەن بەجۆرێک رەفتاربکەن هاوتا بێت لەگەڵ خواستو چوارچێوەکانی قانونەکەدا بەڵام بەپێچەوانەوە ئەگەر قانونێک نەبێت چوارچێوەیەکی شیاو بۆ رەفتارەکانی تاک دابنێت واتە ئەگەر ژینگەی خراپە گونجاو بوو ئەوکاتە هێزی شەر خۆی فەرز دەکاتو مرۆڤ دەبێتە کۆیلەی ویستە خراپەکانی، بۆیە بوونی قانون بۆ هەر لایەنێکی ژیان واتە بوونی چوارچێوەو سنورێک بۆ رێگری لەخراپەکاریو بەرەڵایی.



وێنەی یەکێک لە سوپەرمارکێتەکانی ناو شاری سلێمانی

## فەرهەنگۆک

ئا: سەرکەوت حەمە حسێن

# شەفافیەت لەژماردنی دەنگەکاندا

ژماردنی پاکو بێگەردی دەنگەکان بەردێکی بناغەی هەر هەڵبژاردنێکی دیموکراسییە کەتێیدا دەبێت دەنگەکان بەبێ فێڵو گزی بژمێردرێنو بڵاوبکرێنەوەو ئەنجامە رەسمییەکان بەجەماوەر رابگەیەنرێت کە بەهۆیەوە دەستنیشانی قەوارە سەرکەوتوەکان دەکرێت.

پێویستە پرۆسەی ژماردنی دەنگەکانو پەسەنکردنی (تەسدیقکردنی) بەتەواویو لەهەموو رویەکەوە شەفاف بێت، بەتایبەت لەرووی سیستمی یاساییو پیادەکردنو جێبەجێکردنی بنەما یاساییەکانی وەک رێپێدان بەچاودێریکردنی پرۆسەکەو رێگەدان بەئامادەبوونی چاودێرانی ناوخۆییو بیانیو نوێنەرانی پاڵێوراوی پارتو لایەنە سیاسییە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنو نوێنەرانی میدیاکان، لەسەرجەم ئەو شوێنانەی پرۆسەی جیاکردنەوەی دەنگەکانی لەسەرجەم قۆناغەکانی پرۆسەکەدا تێدا ئەنجامدەدرێت.

**بنەماو قۆناغەکانی ژماردنی دەنگەکان بەشێوەیەکی شەفافانە:**

**ژماردنو جیاکردنەوەی دەنگەکان:**

بێ گوێدانە ئەوەی پرۆسەی ژماردنی دەنگەکان لە چ ئاستێکدایەو لەکوێ دەکرێت، وەک بنکەی دەنگدان یاخود لەئۆفیسی لاوەکیو سەنتەرەکانی ژماردنی دەنگدانی لاوەکی یاخود گشتیو نیشتمانیدا، پێویستە پرۆسەکە بەشێوەیەکی شەفافو بەئامادەبوونی چاودێران ئەنجامبدرێت. لەگەڵ ئەوەشدا کە سیستمی یاسایی مافی چاودێران مسۆگەردەکات، بەڵام دەشبێت شەفافیەتو بەرچاوروونی لەبارەی بەکارهێنانی سیستمو ئامێرە تەکنەلۆژییەکاندا هەبێت بۆ ژماردنو جیاکردنەوەی دەنگەکانو خستنەرووی ئەنجامەکان.

پێویستە لەیاسای هەڵبژاردندا ئەوە دیارییبکرێت کە چ جۆرە سیستمێکو بەچ رێگەیەک دەنگەکانی هەڵبژاردن دەژمێردرێنو جیادەکرێنەوە، بەرێگەی دەستی یاخود میکانیکیو ئەلکترۆنی. هەروەها دەبێت یاسای هەڵبژاردن بەوردی ئەوە رونبکاتەوە کە لەکاتی رودانی هەڵە یاخود هەر گرفتێکی ئەلکترۆنیدا ئەو رێگەچارەو هەنگاوەکانی دیارییبکات، کەدیارە ئەمەش رێوشوێنی وردو پێویستن بۆ مسۆگەرکردنی وردییو وردبینیو پێدانی متمانەو راستگۆییو دڵنیایی بەپرۆسەی ژماردنو جیاکردنەوەی دەنگەکانو ئەو ئەنجامانەش کەلێیدەکەوێتەوە.

**خشتەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن:**

دەبێت سیستمو یاسای هەڵبژاردنەکان بەروونی ئەو خشتەو رێگایە دیارییبکات کە ئەنجامی ژماردنو جیاکردنەوەی دەنگەکانو ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکانی پێدەخرێتە روو کەپێویستە شێوازو زمانێکی روونو سادەو بابەتیانە بێت.

دەبێت ئەوەش رەچاوبکرێت کە خشتەو فۆرمەکانی ژماردنو جیاکردنەوەی دەنگەکان لەکاتێکی دیاریکراوداو بەرێگایەکی روونی پێشوەختو دیاریکراو بخرێنەروو، هەروەها زانیاری وردو روونی تێدابێت لەبارەی دەنگەکان کە لەهەر بنکەیەکدا چەند دەنگ دراوەو چەندیان دروست بووەو چەندیان نادروستو چەند کارتی دەنگدانی بەتاڵو چەند کارتی دەنگدانی سوتاوو کارتی بەکارهاتوو یان بەکارنەهاتوو هەیەو هەر لایەنێک لەهەر بنکەیەکدا چەند دەنگی بەدەستهێناوە. ئەم وردی زانیاریانەش پێویستە بۆ بەدواداچوونی ئەنجامەکانو بەراوردکردنیو رێگرتن لەساختەکاریو دڵنیابوونی هەموو لایەک لە راستیو دروستی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن.

**سکاڵاکردن لەسەر ژماردنو جیاکردنەوەی دەنگەکان:**

دەبێت یاسای هەڵبژاردنەکان چەند میکانیزمو چارەسەرێکی گونجاو بگرێتەخۆ بۆ گرتنەبەری لەکاتی هەبوونی کێشەو سکاڵا لەسەر ژماردنو جیاکردنەوەی دەنگەکان، کە لەرێیەوە مافی لایەنەکانی بەشداربووی هەڵبژاردن دەپارێزرێت. مافەکانیش بریتین لە، مافی شکاتو سکاڵا، مافی هێنانی بەڵگە بۆ پشتگیری سکاڵا، مافی بەدواداچونی روونی سکاڵاکە، مافی پەنابردنە بەر دادگا بۆ یەکلاییکردنەوەی سکاڵاکە. هەروەک پێویستە یاسای هەڵبژاردنەکان بەروونی باس لەوەبکات کە لە چ بارودۆخێکدا ژماردنەوەو جیاکردنەوەی دەنگەکان دووبارەدەکرێتەوەو چ رێوشوێنێکیش پێویستەو کێش دەسەڵاتی بریاردانی لەو بارەیەوە هەیە.

**وادەو ماوەی دیاریکراو بۆ پەسەنکردنی ئەنجامەکان:**

دەبێت یاسای هەڵبژاردنەکان بەروونی چۆنێتیو کاتی راگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنو پەسەنکردنیو ئەولایەنەش دیارییبکات کە دەسەڵاتی ئەو پەسەنکردنەی دەبێت. پەسەنکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن قۆناغێکی گرنگی پرۆسەی هەڵبژاردنە چونکە بەیاساییبوونی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنو کارکردن پێی بەندە بەو پەسەنکردنەوەی لایەنە یاساییەکەوە، کەدواتر قۆناغێکی یاساییو سیاسی دیکە دێتە ئاراوە کەئەویش قۆناغی دروستکردن یاخود دەستبەکاربوونی پێکهاتەی نوێی دەسەڵاتە سیاسییە نوێکانی یاسادانان (پەرلەمان)و جێبەجێکردنو گواستنەوەی ئاشتیانەو دیموکراسیانەی دەسەڵاتە کە بەقۆناغی کۆتایی پرۆسەی هەڵبژاردن دەژمێردرێت.

* ئەندامی دەستەی بەرێوەبردنی پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن– KIE